١ حوزەیرانی ٢٠١٥

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکرییە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

جەنگی داعش، داعش و ڕاسیزمی کوردی، جەنگی ناشێلگیرانە، داعش تارماییەکی ڕەش ، جەنگ وتیوەری"تیوەری جەنگ"، کرێکاران و شۆڕش، مارکس و تیۆری قەیرانی ئابوری، لەبارەی کارل مارکسەوە، مەسەلەی ژنان و نەریتە جیاوازەکان ، بەڵگەنامەکان

عوسمانی حاجی مارف،
ڕێبوار ئەحمەد،
موحسن کەریم،
دەشتی جەمال،
خەسرەو سایە،
مەنسور حکمەت
فریردیك ئەنگلس

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە ١ / ساڵی یەکەم / حوزەیرانی ٢٠١٥

سەرنوسەر:

**جەمال موحسن**

دەستیاری سەرنوسەر بۆئەم ژمارەیە:

**خەسرەو سایە**

نوسەرانی ژمارە:

**عوسمانی حاجی مارف، ڕێبوار ئەحمەد، موحسن کەریم، دەشتی جەمال، خەسرەو سایە**

پەیوەندی:

0047 47276028

jamal_muhsin@yahoo.com

**hkkurdistan.org**

## ناوەڕۆك:

★ **سەبارەت دیدگای سۆشیالیستی**
جەمال موحسن................................................... ١

★ **جەنگی داعش، جەنگی ناوچەیی وجیهانی،**
**ئاكامی چ سیاسەتێك!**
گفتوگۆ لەگەڵ عوسمان حاجی مارف ........................ ٥

★ **داعش و ڕاسیزمی كوردی**
محسن كەریم.................................................... ١٦

★ **جەنگی ناشێلگیرانە**
ڕێبوار ئەحمەد.................................................. ٣٤

★ **داعش تارماییەكی ڕەش**
دەشتی جەمال................................................... ٤٢

★ **جەنگ، تێوەری و"تێوەری جەنگ"**
مەنسور حكمەت.................................................. ٥٢

★ **تیۆری قەیرانی ئابووری لەلای ماركس**
خەسرەو سایە .................................................. ٦٣

★ **كارل ماركس**
فریدریك ئەنگلس ............................................... ٧٩

★ **كرێكاران و شۆڕش**
مەنسور حكمەت.................................................. ٩٠

★ **مەسەلەی ژنان و نەریتە جیاوازەكان**
ڕێبوار ئەحمەد ................................................ ٩٥

## بەڵگەنامەكان:

★ **ئاڵوگۆڕە سیاسیەكانی ئەم دواییانەی**
**عێراقو كوردستان و ..................................... ١٠٤**

★ **بنەماكان و شێوەكانی ڕابەری كۆمۆنیستی.............. ١١٠**

★ **مافە گەردونیەكانی ئینسان................................. ١١٥**



**جەمال موحسن**
jamal_muhsin@yahoo.com

# سەبارەت بە دیدگای سۆشیالیستی

کۆمەڵگای کوردستان وەک هەر کۆمەڵگایەکی تر لەسەر بنەمای دابەشبوونی چینایەتی، واتە چینی سەرمایەدار و دارا لە لایەک و چینی کرێکار و دەستەنگ لە لایەکی ترەوە، پێکهاتووە. ئەم دابەشبوونە چینایەتیە و ململانێیی نێوان چینەکان چوارچێوەی بەڕێوەچوونی کۆمەڵگا و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان مرۆڤەکان ئەنەخشێنێ. هەربەم پێیەش، مێژووی تا ئێستای ئەم کۆمەڵگایە، هەروەک مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستی کۆمۆنیستتدا ئەڵێن، مێژووی ململانێیی چینەکانە. سەروسیمای ئەم کێشمەکێش و ململانێ چینایەتیە بەدیاریکراوی لە کاتی دەسەڵاتگرتنی ناسیۆنالیزمی کوردەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ڕۆشن بۆتەوە.

بۆ بینینی ئەم ڕاستیە کۆمەڵایەتیە بەڵگەهێنانەوەی زۆری ناوێت؛ تەنها چاوخشاندنێک بەسەر ژیانی گەڕەکە هەژارنشیەکان و فیرعەونئاواکانی شارەکاندا پێمان ئەڵێت کۆمەڵگای کوردستان لە چ تەنگانەیەکدایە: لەلایەک زیادبوونی ملیاردێرەکانی شاری پێکهاتوو لە بەرپرسانی باڵا دەست و خاوەنانی کۆمپانیا زەبەلاحەکان، ڤێللا و باڵەخانەی زۆر و زەوەندی بەرپرسان و ژیانی های لایفی ئەوان، وە لە لایەکی تریشەوە هەزارەها خێزان کە سەرپەنایەک بۆ پاراستنی خۆیان و منداڵەکانیان شک نابەن، سەدان هەزار کە ڕۆژ تا ئێوارە زەحمەت ئەکێشن و ڕەنج ئەدەن، ڕاکەڕاکی دوای کاریانە و گەر کارێکیشیان هەبێ، چ لە کەرتی حکومی و چ لە کەرتی تایبەتیدا، یان کرێ و موچەیان بە هەزار منەت پێ ئەدرێ یان گەر پێشیان بدرێ هەر بەشی ئەوە ئەکات بە زیندوێتی بیانهێڵێتەوە، تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای کوردستانن. پێچەوانەیی بوونی ئەم کۆمەڵگایە لەوەدایە کە کەمینەیەک کە بە ژیانەوەماندوو نابن خاوەنی هەموو شتێکن؛ هەموو پێداویستیەکانی ژیان و ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان و دەوڵەت و حکومەت و یاسا. زۆرینەی ماندووش، خاوەنی هیچ نین جگە لە هێزی کاریان کە ناچارن ڕۆژانە تازەی بکەنەوە و لە ژیاندا بمێننەوە تاکو بەردەوامی بە

## سەبارەت بە دیدگای سۆشیالسیستی

پرۆسەی دەوڵەمەندکردنی بۆرژوازی بدەن و نەوەی وەک خۆشیان بخەنەوە.
ئەمە جگە لەو گێژاوە سیاسی و جەنگ و شەڕە یەک لە دوای یەکانەی کە، لە ژێر سایەی دەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد و بەستنەوەی ژیانی خەڵکی کوردستان بە عێراقێکی فیدراڵی دابەشبوو لەسەر بنەمای ئەتنیکیدا، ساڵەهایە کراوە بە بەشی کۆمەڵگا و بارودۆخی ژیانی خەڵکی زەحمەتکێش و دەستەنگی هێندەی تر سەخت کردووە. ئاڵوگۆڕێک کە پێویستە بیری لێ بکرێتەوە، ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی و شۆڕشگێڕانەیە، ئاڵوگۆڕێک کە ئەم کۆمەڵگا و ژیانە پێچەوانەیە هەڵبگێڕێتەوە و دووبارە بە قازانجی تەواوی کۆمەڵگا و هەموو دانیشتووانەکەی دایبڕێژێتەوە. ئەو ئاڵوگۆڕەش تەنها و تەنها بە بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی دەستەبەر ئەبێت. بەڵام ئەمە پرۆسە و خەباتێکە کە لە ژیانی ڕۆژانەوە، لە کۆشش بۆ وەرگرتن و زیادبوونی کرێ و باشبوونی هەلومەرجی ژیان و کارەوە، لە تێکۆشان بۆ یەکسانی و خۆشگوزەرانیەوە... دەست پێئەکات تاکو بەرپاکردنی شۆڕش و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کورد و ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕیشەیی. کۆتایی هێنان بە تەواوی ئەم هەلومەرج و ژیانە ئەرکی دەستبەجێیی شۆڕشی کرێکاری و بەمپێیەش کۆمۆنیزمی کرێکاریە. کردنەوەی ئەم گرێکوێرەیە لە دەستی ئەم خەباتە چینایەتیەدایە چ بۆ کۆتاییهێنان بە هەلومەرجەکە و چ بۆ بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی کە ئازادی و یەکسانی بۆ هەمووان دەستەبەر ئەکات. دیارە ئەمەش بیرکرنەوەی تەنها کۆمۆنیستەکان نییە و ئەو تایبەتمەندێتییە چینایەتیەی کۆمەڵگای کوردستان، نقوم بوونی کەمینە لە سەروەت و سامان و نغرۆبوونی زۆرینە لە هەژاری و نەداریدا، پێداویستی و زەمینە کۆمەڵایەتیەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی ئاوهای لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە.
بۆرژوازی بۆ هێشتنەوەی ئەو جیاوازیە چینایەتیە و درێژەدان بە کۆمەڵگایەک کە زەمانەتی کەڵەکەبوونی هەرچی زیاتری سەرمایە لە دەستی ئەو کەمینەیەدا کە دەسەڵاتیان بە دەستە ناوەستێت، بە واتایەکی تر تەنها لە باری ئابوری و سیاسیەوە ئەم باڵادەستیە ڕاناگرێت. لەم پێناوەدا جگە لە حزبە سیاسیە ڕەنگاوڕەنگەکانی لە قەومی و ئیسلامی و هەتا جۆرێک بە ناو لیبراڵی، لە سوپا و میلیشیا و زیندان و سیستمی دادگا تا فەرهەنگ و ئەدەب، هزر و بیرکردنەوە و ئەندێشەی مرۆڤەکان سەراپا داگیر ئەکات و ئامادەیان ئەکات بۆ پیرۆزڕاگرتنی ئەم کۆمەڵگایە و هاوکاتیش گێژکردنیان لە ئاست نایەکسانی و بێمافیەکاندا. واتە شەڕی هزری و ئەندێشەییشی لە دژی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بەرێخستووە، لەوانەش قوتکردنەوە و زیندووکردنەوەی بیروڕای کۆنەپەرستانەی نەتەوەپەرستی، جیاکاری نێوان ژن و پیاو و زیندووڕاگرتنی بیروڕا ئاینیەکان. لە هونەر و ئەدەب و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانەوە بگرە هەتا پەروەردەکردنی مناڵان لە خێزان و دایەنگا و باخچەکانی ساوایان و قوتابخانەکاندا لە پێناوی خزمەتکردن بە برەودان و پیرۆزڕاگرتنی ئەم بیروڕایانە و بەم پێیەش هێشتنەوە و درێژەکێشانی ئەم کۆمەڵگا سەروبنەدایە.
بێگومان ئەمە لە ئاستی هوشیاری گشتی و هوشیاری چینایەتیدا سایە ئەکات بەسەر جەماوەری بەرینی کرێکار و زەحمەتکێشدا و هۆکارێکیش ئەبێ بۆ پەرت پەرت کردن و پەرشوبڵاو ڕاگرتنی

ئەم چینە. پێویستە هوشیاری چینایەتی تەریب لەگەڵ زیندوومانەوەی چینی کرێکاردا بڕواتە پێشەوە. هوشیاری و خودئاگایی کرێکاران کە ئەوان تاک نین و چینێکی کۆمەڵایەتین کە تەواوی کۆمەڵگا لەسەر دەستی ئەوان و بە بەگەڕخستنی هێزی کاری ئەوان ئەڕوات بەڕێوە و بەمپێیەش ئەتوانن خاوەنی هێزێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و بەرین بن، مەسەلەیەکی زۆر جدی و حەیاتیە بۆ کرێکارانی کوردستان. تێگەیشتن لەوەی کە سەرچاوەی نەهامەتیەکان ئەو ناکۆکیەیە کە خاوەندارێتی تایبەتی کۆمەڵگا ئەبات بەڕێوە، ڕێگای بیرکردنەوە لە دۆزینەی چارەسەرێک بۆ ئاڵوگۆڕپێکردنی ئەو جۆرە لە خاوەندارێتی بۆ خاوەندارێتی گشتی و هەمووان (سۆسیالیستی) ئاسانتر ئەکات. بە واتایەکی تر بوونی هوشیاریەکی سۆسیالیستیانە پێویستیەکە کە ئەبێ کرێکاران بۆ خەباتی خۆیان بەدەەستیبهێنن. کاتێک کرێکار لە هۆکاری سەرەکی چەوسانەوەکەی بە ئاگابۆوە، ئەو کات ئەزانێ چ شتێک ئەبێ بگۆڕدرێت و چ شتێک هەڵبوەشێنرێتەوە: لە ڕوانگەی سۆسیالیستیەوە ئەوە ئەو سیستمەیە کە کاری زۆر بە کرێکاران ئەکات و تەنها بەشی زیندوو مانەوەیان پێئەدات و باقیەکەی ئەکرێتە سەرمایەی کەڵەکەکراو بۆ گیرفانی چینی دارا و دەسەڵاتدار، کە ئەبێ هەڵبوەشێنرێتەوە. خەباتێک کە بتوانێ ئەم سیستمە هەڵتەکێنێ تەنها ئەبێت ڕۆبچێتە شەپۆلی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانەوە و زەریای شۆڕش، شۆڕشی کۆمۆنیستی چینی کرێکار، هەڵبستێنێ. نیشانەی جیاکەرەوەی مەیلی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی لە دەرونی ئەم چینەدا، بردنی خەبات و تێکۆشانی کرێکاران و جەماوەری بێبەشە بە ئاڕاستەی ئەو شۆڕشەدا. ئەم مەیلە هەرچەندە کارکردن بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەران و کاری کرێکاران و تەواوی کۆمەڵگا بە هی خۆی ئەزانێ، بەڵام تەنها بەوەوە ناوەستێ و شۆڕش وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی وا کە کۆمەڵگا لە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بەهرەمەند بکات، ئەخاتە بەردەمی ئەم چینە و هێزەکەی بۆ کۆئەکاتەوە وڕێکیئەخات و ڕابەری ئەکات. لە هەوڵی ڕێکختسنیدا ئەبێت لە ئاستی جەماوەری لە ڕێکخراو و شورا و سەندیکا و یەکێتی و کۆمەڵە کرێکاریەکانەوە بگرە تا تەحەزوبی کۆمۆنیستی لە دەرونی چینی کرێکاردا. ئەمە کارێکە کە مەیل و بۆچوون و ڕەوتەکانی تری ناو ئەم چینە وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی چینایەتی بۆ خۆیان دانەناوە. بەهێزکردنی ئەم مەیلە سۆسیالیستیە یەکێکە لەو کارانەی کە لەبەردەم خەباتی کۆمۆنیستیماندایە.

دیدگای سۆشیالیستی گۆڤارێکە کە تەقەلا ئەکات بۆ ڕۆڵ گێران لە پرۆسەی هوشیاری چینایەتی سۆسیالیستیدا و هەوڵ ئەدات بنەماکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری کوردستان بداتە بەر ڕەخنە. تێئەکۆشێت بۆ بەدەستەوەدانی تێگەیشتن و شیکردنەوە و دانە بەرباسی مەسەلە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، فەرهەنگی و هزریەکانی کۆمەڵگای کوردستان و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ تێگەیشت لەو مەسەلە جیاوازانە و چۆنێتی هەوڵدان بۆ بەدەستەوەدانی ئەڵتەرناتیڤ لەبەرامبەریاندا. بەرجەستەکردنەوەی خەباتی کرێکاران بۆ داواکاریە ئابوریەکان بۆ باشبوونی ژیانیان، پتەوکردنی ڕەوتی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی، ڕێکخستنی کرێکاران، ڕەخنە لە ڕەوت و بیروڕا بۆرژوازیە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکان و... هەر مەسەلەیەکی تری لەم بابەتانە جێی بایەخی دیـــــــدگای

## سەبارەت بە سۆشیالسیستی

سۆشیالیستی ئەبن. ئەم گۆڤارە بە هۆی بڵاوکردنەوەی بابەتە مارکسیستیەکان، وەرگێڕانی دەقە بناغەییەکانی مارکسیزم، ووتار و بابەتی شیکاری و گفتوگۆ و چاوپێکەوتنی سیاسی و فیکری و سیاسەتە سۆسیالیستەکانەوە هەوڵ ئەدات بۆشاییەک کە لە کۆمەڵگادا لەم ڕووەوە هەیە پڕ بکاتەوە.
بەو هیوایەی ئەم گۆڤارە بتوانێ بە هیمەتی ڕابەرانی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی و هەڵسوڕاوانی کرێکاریی سۆسیالیست لەو ئامانجەدا کە بۆ خۆی داناوە سەرکەوتوو بێت.

سەرنووسەر
سەرەتای حوزەیرانی ٢٠١٥




**عوسمانی حاجی مارف**

osman_maruf@yahoo.com


# جەنگی داعش، جەنگی ناوچەیی وجیهانی، ئاكامی چ سیاسەتێك!

گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتە ناوەندی حزب

دیدگای سۆشیالیستی: هاوڕێ عوسمان، بەڕێکردنی ژیانی ئەم نەوەیە هاوکاتە لەگەڵ شەڕێکی دڕندانە کە ڕووکەشی مەسەلەکە وا دەریئەخات جەنگە لەگەڵ داعش. بەڵام ئەم مەسەلەیە زۆر فاکتۆری جیهانی و ناوچەیی هەیە. پێش ئەوەی بێینە سەر خودی داعش و کردەوەکانی با کەمێک لە بنەما جیهانیەکانی ئەم مەسەلەیە بکۆڵینەوە. ئێستا ئەم ناوچەیە دەرگیری جەنگێکە کە زۆر کەس هەن ناوی ئەنێن جەنگی جیهانی سێهەم بەوهۆیەوە کە بەشێکی زۆر لە وولاتانی جیهانی تێوەگلاوە. بە بڕوای ئێوە جێگاوڕێگای زلهێزەکانی دنیا کە خاوەنی هێزی سەربازی گەورە، ئابوری ئێجگار قەبە و پیشەسازی سەربازی و چەک و تەقەمەنی بێشومارن ڕۆڵیان چییە لەم هاوکێشە نوێیەی جیهاندا؟

عوسمان حاجی مارف: مەسەلەیەک کە پێویستە لە پێشەکیدا باسی بکەین و پێش ئەوەی بچینە ناو وەڵامی پرسیارەکەوە، باکەمێک بگەڕێینەوە بۆ مێژووی نەوەکانی پێش ئێستا کە شەڕ لەدوای شەڕ کارەسات لە دوای کارەساتی نا ئینسانی ڕویانداوەو بەرەورووی بونەتەوە، بۆیە باشتر وایە ئەو پرسیارەبکەین ئەم شەڕو کارەساتە بەردەوامانە لەکوێوە سەرچاوەیان گرتووەو سەرهەڵدەدەن و دوبارەدەبنەوە. چونکە هەر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەربارەی جەنگەکان چەندین دیدگاو لێکدانەوەی جیاواز دەبیستین و دەخوێنینەوە. بۆ نمونە بۆچونەکان بە شێوەی جیاواز تەعبیر لە خۆیان دەکەن، هەندێک پێیان وایە ئەم شەڕو کارەساتانە لە ئەستۆو تاوانی دیکتاتۆرەکان و زاڵمەکان و ئینسانە دڕندەکانە، بەڵام ناپرسن و لێک نادەنەوە کە ئەم دیکتاتۆرو

## جەنگی داعش، جەنگی ناوچەیی وجیهانی، ئاكامی چ سیاسەتێك!

زاڵمانە لەكوێوە هاتون و بۆچی وادەكەن. یاخود هەن ئەم شەرو كارەساتانە دەگەڕێننەوە بۆ كاركردی ئایدۆلۆژیایەكی دیاریكراو، نمونەی ئاینی ئیسلام بەڵام ناچنەوە سەر ئەوەی كە دوای هەزارو پێنچ سەد ساڵ بۆچی بەناوی دەوری دینەوە ئەم كارەساتانە دەخوڵقێنرێت و لە یەخەی بەشەریەت نابنەوە و نائاسودەیی بەردەوام دەخاتە ژیانی مرۆڤایەتیەوە. یاخود هەندێ كەس ئەم شەڕو كارەساتە تەنها دەگەڕێننەوە بۆ ناكۆكی و كێشەو شەڕی پارتە سیاسیەكان، بەڵام ئەوەیان لا ڕۆشن نیە كە ئەم پارتە سیاسیانە بۆ بەرژەوەندی كام چینی كۆمەڵایەتی ئەم ئاشوب و شەڕو گێژاوە دەگێڕن هەندێكیش، پێیان وایە كە ئەم شەڕو كارەساتانە لە ئاكامی كێشەو ڕێك نەكەوتنی نێوان نەتەوە جیاوازەكان و دینە جیاوازەكان و طائیفە جیاوازەكانەوەیە، بەڵام بەدوادا چون ناكەن كە بزانن ئەم شەرە طائفی و قەومی و دینیە بۆ پێك دێت. لەلایەكی تر دەبینین لەشەڕی نێوان وولاتەكاندا مەسەلەیەكی زۆر سادە و ڕوكەش دەكەنە هۆكاری ئەو شەڕە ئەویش گوایە بەرگریە لە سنوور و نیشتمان. لە پێناوی بەرگری لە خاك و نیشتمان هەزاران كەس دەكەنە قوربانی بەڵام ناپرسن ئەم شەرە بۆ لەسەر خاك و سنور دەكەن و چ گرنگیەكی بۆ بەشەریەت هەیە، بۆیە لەم جۆرە بیركردنەوانە نامان گەیەنێت بە ئاكامێك كە واقعیەتی جەنگەكان رۆشن كاتەوە. بەڵام گەرلە دیدگای ماركسیەوە بچینە ناو ئەم باسەوە، هەر ئەوەی كە جەنگ درێژەدانە بە سیاسەتێكی دیاری كراو ناكرێت بچێتە دەرەوەی لێكدانەوەو تێگەیشتن لە كێشمەكێشی بزوتنەوە كۆمەڵایەتیەكان و بەرژەوەندی جیاوازی چینەكانەوە، گەر بچینە سەر ئەو ڕاستیە زانستیەی كە پێكهاتەی كۆمەڵگا ئاوێتەی چینەكانە لەسەر بنەمای خاوەنداریەتی تایبەتی بۆ هۆكانی بەرهەمهێنان و لەبەرامبەریدا مل كەچ كردنی چینێكی ژێردەستە بۆ كاركردن و بەدەستهێنانی قازانج بۆ چینە داراكان، واتە دابەشكردنی كۆمەڵگا بە چەوساوەو چەوسێنەر، چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسان، كە كۆمەڵگای خستۆتە ناو چوارچێوەی كێشمەكێش و شەڕێك لەسەر بنەمای جیاوازی چینایەتی، ئەو كات دەتوانین لە تەواوی لێكدانەوە ڕووكەشیەكان خۆمان بپارێزین، چونكە بیرو بۆچون و دەوری خودی ئینسانەكان زادەی واقعیەتی جیاوازی چینایەتی و كێشەمەكێشی نێوان چینە كۆمەڵایەتیەكانە، چینەكانیش زادەی پەیوەندی نێوان هێزی بەرهەم هێنان و پەیوەندیەكانی بەرهەم هێنانن، گەر لە واقعیەتی ئێستای كۆمەڵگای جیهانی كە بنەما ئابوری و كۆمەڵایەتیەكەی پێكهاتوە لە پەیوەندی كارو سەرمایە، كرێكاران و سەرمایەداران، واتە گەر پەیوەندی بەرهەم هێنان لە خاوەنداریەتی بۆ هۆكانی بەرهەم هێنان لەلایەك و هێزی كاری بەكرێ لەلایەكی ترەوە بناسین و پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان هەر لەم چورچێوەیەدا بخوێنینەوە، ئەو كات ناتوانین هیچ دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی سیاسی لە چوارچێوەی كێشمەكێشی چینی كرێكارو سەرمایەدار و بزوتنەوە كۆمەڵایەتیەكان بەدوور بگرین. تەواوی جەنگەكان لەو شوێنەوە سەر دەردەهێنێت و لێدەدرێتەوە كە خاوەندریەتی بۆ هۆكانی بەرهەم هێنان لەبەین نەچێت و هەرەس نەهینیت، كە كێشمەكێش و شەڕی خودی بزوتنەوە كۆمەڵایەتیەكانی بۆرجوازی بۆ ڕاگرتن و بەدەستەوە گرتن و بەردەوامیە بە پاراستنی خاوەندریەتی بۆ هۆكانی بەرهەم هێنان، شەری نێوان كۆمپانیە مۆنۆپۆلیەكانە، باڵادەستی كۆنترۆل كردنی بازارە.

بۆ ئەوەی ووردتر و ڕونتر بچینە ناو بابەتەکەوە بەتایبەتی جۆری پرسیارەکە کە باس لە ژیانی ئەم نەوەیە دەکات کە کەوتۆتە بەرامبەر شەڕی داعش و هەلومەرجی سیاسی ئێستاوە و گەر بمانەوویت لێکدانەوەیەکی سادەو ڕووکەش نەدەین بەدەستەوە تا نەکەوینە ژێر کارکردی ڕووکەشی ئەو لێکدانەوەیە کە خودی بونی ئەو هێزە سەربازیانەی وولاتانی ناوچەکەو جیهان لە ناو جەرگەی ئەم شەڕەدان و گەمەی سیاسی دەکەن، تەنها ئەم شەڕە بەوە دەناسێنن کە ئەو هێزانە هاتون لەبەر ئەوەی دوژمنێکی دڕندەو مەترسیدار بەرەو ڕوی جیهان بۆتەوەو ئەو هێزانە فریادرەسی ئەم خەڵکەن و دەبێت هەموان پشتیوانیان لێبکەین و لەبەرامبەر داعشدا بوەستینەوە. لە باری واقعیەوە ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین کە داعش هیزێکی دڕندەو مەترسیدارەو پێویستە کۆتایی پێبهێنرێت، بەڵام شەڕێکی بەرفراوان کە تەواوی ناوچەکەی گرتۆتەوە زۆر لەوە واوەترە کە تەنها بە سەرهەڵدان و مەترسیەکانی داعش وێنا بکرێت، بە تایبەتی کە گەمەو مامەڵەی لایەنەکان لەم شەڕەدا ئاشکراو بەرچاوە. هەروەها بەر لە دەرکەوتنی داعشیش بارگرژی و ناجێگیری سیاسی و شەڕی بەردەوام ئەم ناوچەیەی داگیرکردوە. شەڕی ئێران و عێراق، جەنگی کەنداو و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، دواتر لەدوای شۆڕشەکانی تونس و مسر تێکڕمانی لیبیاو سوریا، نمونەیەکن کە نائارامی و نائاسودەییان بۆ ئەم نەوەیە خوڵقاندووە، کە خودی داعش بەدوای ئەم هەموو شەڕو کارەساتانەدا دێتە ئاراوە. ئەوەش ئەو پرسیارەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەم هەل ومەرجە جەنجاڵ و نالەبارو سەختە لەکوێوە سەرچاوەیان گرتووە. گەر بچینەوە سەر ئەو واقعیەتەی کە ئەم هەلومەرجە لە ئاکامی ناکۆکیەکانی سیستمی سەرمایەداری و پاراستنی سەرمایەداریەو شەڕی نێوان بەرژەوەندیە جیاوازیەکانی سەرمایەدارانە، کە لەمێژووی سەدەی بیستەمدا دوو جەنگی جیهانی بەخۆوە دیوە. ئەم هەل و مەرجەی ئێستاش درێژەی هەمان شەڕی بەرژەوەندی و کێشمەکێشی وولاتانی سەرمایەداریە، کە بە موشەخەسی بەدوای دارمانی یەکێتی شورەویی و بلۆکی ڕۆژهەلات، لە ئێستادا هەوڵ دانی دەوڵەتی ئەمریکایە بۆ درێژەدان بە باڵا دەستی خۆی بەسەر جیهاندا. کە هەوڵدانی ئەمەریکا بۆ باڵادەستی بەسەر جیهاندا، تێکچونی هەل و مەرجی سیاسی ئەم ناوچەیەو زۆر ناوچەی تریشی لێکەوتۆتەوە.

هەموان دەزانین لە دوای ١١ی سێپتەمبەر ستراتیجیەتی ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی ئەم باڵادەستیەی بەسەر جیهاندا ئەوەی ڕاگەیاند کە هێرش دەکاتە سەر ئەفغانستان، عیراق، کۆریا، ئیران و سوریا، بەڵام دیمان نەیتوانی لە دوای هێرشەکانی بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق سەرکەوتنی تر بەدەست بهێنێ، بەمانای شکست و پاشەکشە بوو بۆ جێبەکردنی ستراتیجیەکەی. لەهەمان کاتدا کەوتە بەرامبەر شکستی بەردەوام لە جێبەجێکردنی ستراتیجیەتی باڵادەستیەکەی بەسەر جیهاندا، بەتایبەتی کە نەیتوانی درێژە بە شەڕەکەی لەگەڵ ئێران و کۆریادا بدات، هەر وەها لەلایەکی ترەوە لە نێو وولاتانی سەرمایەداری گەورەی جیهانیەوە لە بەرامبەریدا ڕەقیبەکانی وەک جەمسەرێکی تر کەوتنە بەرامبەر دەوڵەتی ئەمریکاوە، وەک ڕوسیاو چین. دەتوانم بڵێم شکستەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئیران و ناوچەکەدا و هەستانەوەی جەمسەرەکانی تر لە بەرامبەر ئەمەریکادا ڕەوەندی روداوەکان و هەلومەرجی سیاسی جیهان بە گشتی و ناوچەی

## جەنگی داعش، جەنگی ناوچەیی وجیهانی، ئاکامی چ سیاسەتێك!

ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیان گۆڕی.

مەسەلەیەکی تر کە گرنگی پێیدەین شۆڕشەکانی تونس و میسر مەترسیەکی تری گەورەی بەردەم وڵاتانی سەرمایەداری جیهان و نەخشەکان وستراتیجیەتی ئەمریکا بون، بۆیە بەتەواوی تواناوە هەوڵیاندا بۆ بەرگری و پاراستن لە سیستمی سەرمایەداری، بەر بە گەشەو بەربڵاوی ئەو شۆڕشانە بگرن، پێویستی کرد هەلومەرجێکی وەک سوریا و لیبیا بخوڵقێنن و سەرمایەداری و سەرمایەداران لە مەترسی شۆڕش بپارێزن، ئاکامەکەشی بەشەڕو کارەسات بەسەر ژیانی خەڵکەکەدا بشکێتەوە.

دەمەوێت بڵێم واقعیەتی ئەم هەلومەرجەی ئێستا بە دەرکەوتن و دەوری داعشیشەوە ئاکامی نە خشەو سیاسەتی ئیمپریالیستیانەی دەوڵەتی ئەمریکا و کێشمەکێش و ڕکابەری لەبەرامبەر جەمسەرەکانی ڕوسیاو چیندایە. واقعیەتی نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکاو رکابەری لە بەرامبەر وڵاتانی گەورەی سەرمایەداریدا و شکستی نەخشەو سیاسەتەکانی، خوڵقێنەری ئەم هەموو شەڕوکارەسات و گەورەبونەوەی هێزی تیرۆرستی و شەڕی قەومی و طائیفیە، واتە ئەم شەرانەی نێوان وولاتەکان و شەری نێوان رەوتە کۆمەڵایەتیەکانی بۆرجوازی بە ناوی دین و نەتەوەو سنورەوە ئاکامی شەڕی نێوان بەرژەوەندی و رکابەری وولاتانی زلهێزی سەرمەیاداریە بۆ پاراستنی سەرمایەو دابەشکردن و دوبارە دابەشکردنەوەی جیهان لە نێوان خۆیاندا. بۆیە هەرئەم بارگرژی و شەڕەی کەلە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدایە ئەتوانین وێنای بکەین بە شەڕێکی جیهانی. دڕندەیی داعشیش لە ناو ئەم هەلومەرجە جەنجاڵ و جەنگەی نێوان وولاتانی سەرمایەداری دنیاو قەیرانی ئابوری سەرمایەو کێشمەکێش و شەڕی نێوان زلهێزەکانی جیهاندا سەردەردەهێنێت، بوەتە دیاردەیەکی تایبەت و مەترسیدارو بەڵا بەسەر ژیانی خەڵکەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی: باشە تۆ باست لەوە کرد کە لە چوارچێوەی ململانێ و ڕکابەرێتی زلهێزەکانی جیهان بۆ بردنی سەرمایەی زیاتر بۆ خۆیان، ئەم جەنگانە ئەخولقێنن، بەڵام ئەوان ئەو هەموو پارە و پول و چەکە لەم شەڕانەدا خەرج ئەکەن، جگە لەوەی هەزارەها خەڵک تیا ئەچن چەندین سەربازی خۆشیان لەناو ئەچن، چ شتێک وا لەمان ئەکات کە چاوپۆشی لەبەرامبەر ئەم شتانەدا بکەن بۆ ئەوەی ئەو بەرژەوەندیە بە دەست بهێنن، بە واتایەکی تر ئایا ئەو بەرژەوەندیە ئەوەندە گەورەیە؟**

**عوسمان حاجی مارف:** مەسەلەکە لە سەر گەوەرەیی و بچوکی یان زۆرو کەمی بەرژەوەندیەکان و خەرجیەکان نیە، مەسەلەکە واقعیەتی سیستمێکی ئابوری و کۆمەلایەتیە کە دنیای سەرمەیەداری رایگرتووەو تەحەکومی پێدەکات، واقعیەتی پەیوەندی کارو سەرمایە، سەرمایەدارو کرێکارە، پاراستنی جۆری پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانە کە ئینسان دەکاتە کۆیلە و ئامراز بۆ بەرهەم هێنان و بۆ بەدەست هێنانی قازانج ، جا لەم پەیوەندیەدا چەند قازانج بەدەست دێت بۆ سەرمایەداران و داهاتی وولاتەکان چەند زیاد دەکات، یا چەند خەسارەت دەکەن یاسایەک بەسەریدا زالە، ئەویش دەرهێنانی زێدەباییە لە کاری بەکرێ لە بواری بەرهەمێناندا، کاری ئینسانەکان دەبنە کاڵا و لە

بازاردا مامەڵەی پێ دەکرێت، کارکردن لەسیستمی سەرمایەداریدا بۆ بەدەستهێنانی قازانج و کەڵکەی سەرمایەیە، سەرمایەداران لەتەواوی دنیادا بەدوای کۆنترۆل کردنی بازاری هێزی کارەوەن، سەرمایەداری بەبێ کاری بەکرێ و زێدەبایی لەبەین دەچێت و مانای نامێنێت، وە هەمیشە لە سروشتی ناکۆکی پێکهاتەی ئەم سیستمەدا بە جیا لەقەیرانە ئابوریەکانی لە هەمان کاتدا قابیلی داڕمان و هەڵوەشانەوەیە، قابیلی ڕودانی ناڕەزایەتی و زەرورەتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکارە، کە مەترسیە بۆ سەر پاراستنی سەرمایەداری، سەرمایەدارن و دەسەڵاتی بۆرجوازی ناتوانن بە ئارامی و بە ئاسودەیی پێکهاتەی ژیانی دژایەتی دوو چینی دوژمن بەیەک لەبەرامەبەر یەکدا بە ئاسانی بگوزەرێنن و بەردەوامی پێبدەن و بیپارێزن، بەرگری بۆ پاراستنی ئەم سیستمە ناکۆکە بەهای ئینسانی وەها دەباتە لاوە، جەنگ و کوشتار کارەسات و خەرجکردن بۆی سنوری نامێنێت، بە مانایەک ڕکابەری و کێشمەکێشی نێوان خودی سەرمایەداران و وولاتەکانیان، لە ناو جەرگەی ناکۆکیەکانی خودی سیستمی سەرمایەداریەوە سەرچاوە دەگرێت، هەوڵدان بۆ کۆنترۆلکردنی بازاری کار و وەبەرهێنان و ڕکابەری نێوان سەرمایەدارن بە هیچ ڕێژەیەک لە خەرجی و کوشتار ناناسێ و بە هەند وەرناگێری، خودی ئەو سەربازانەی دەبنە قوربانی جەنگی نێوان سەرمایەدارن بۆ خۆیان بەشێکی بەرینن لە هێزی کار و دەبرێن بۆ بەرەکانی جەنگ و بەکوشت دەدرێن بۆ پاراستنی پەیوەندی نێوان کارو سەرمایەدار بۆ بالادەستی بەسەر جیهاندا، واتە چوارچێوەی ململانێ و ڕکابەرییتی زلهێزەکانی جیهان بە تەنها بۆ بردنی قازانجی زیاتر نیە بۆ خۆیان، بەڵکو بۆ بالادەستیە بەسەر جیهاندا بۆ کۆنترۆلکردن و مۆنۆپۆلکردنی زۆرترین و فراوانترین ناوچەکانی بازاری کارە لە جیهاندا، شەر بۆ دابەشکردندەوەی جیهان کە سەرمایەی زیاتر لە ڕێگەی هێزی کارەوە کەڵەکە پێ بکەن، سەرمایەدران بۆ وەبەرهێنان و زیاترکردنی کەڵەکەی سەرمایە بەدوای داگیرکردنی شوینی کاری هەرزانەوەن.

**دیدگای سۆشیالیستی: دەتوانم بڵێم هەموو ئەو بۆچونانەی بە ڕوکەشی دەچنە سەر لێکدانەوەی ئەم شەڕو کارەساتانە بۆ خۆیان بەگشتی لێکدانەوەیەکی هاوبەشن بەو مانایەی ناچنەسەر کێشمە کێش و شەڕی نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکان واتا بەدور لە مەسەلەی بنەڕەتی کەبەرژەوەندی ئابوری چینەکۆمەڵایەتیەکانە دەکەونە نێو گێژاوی لێکدانەوەکانیان لەهەمان کاتدا دەبێتە بەشێک لە چەواشەکاری و پاساو هێنانەوە بۆ شەرعیەت دان و حەقدان بە شەڕەکەیان. کەوایە گەشەی زیاتری ئیمپریالیزمە، چ وەک ئەم قۆناغە بالایەی سەرمایەداری کە لەم کاتەدا جیهانی کردۆتە بازاڕێکی گەورە بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکەی وە چ وەک هێزێکی کۆلۆنیالیستی (داگیرکەر)، کە یاریکەری ئەسڵی یە لەم مەیدانەدا؟!**

**عوسمانی حاجی مارف :** ئەگەر لە واقعیەتی پێکهاتەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریەوە بچینە سەر لێکدانەوەی دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و کێشمەکێشی نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکان و شەڕێک لە نێوان وولاتانی سەرمایەداری و هێزە سیاسیەکان دایە، پێویستە دوو مەسەلە بە بنەما وەربگرین، لایەنێکیان کە لە پێکهاتەی ناکۆکی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدایە کێشمەکێش وشەڕی

## جەنگی داعش، جەنگی ناوچەیی وجیهانی، ئاکامی چ سیاسەتێك!

بەردەوامی کرێکاران و سەرمایەداران کە کۆتاییەکەی شۆڕشی کرێکاری و هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەداری و دامەزراندنی سۆشیالیزمە. لایەنێکی تر ڕکابەری خودی کۆمپانیای سەرمایەدارەکان و وولاتانی زلهێزی سەرمایەداری و مۆنۆپۆڵەکانە لە ناو "بازاڕی ئازاددا"، وە دوبارە دابەشکردنەوەی جیهان و گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی بەقازانجی سیاسەت و ستراتیجی وڵاتانێکی زلهێز بۆ ناردنی سەرمایەو وەبەرهێنان و داگیرکردن و پاراستنی هەلەمەرجی کاری هەرزان، کە دەبنە مایەی جەنگ و نائارامی سیاسی و کارەساتی بەردەوام لە جیهاندا. کە کۆتایی ئەمەش هەر لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەو کۆتایی هێنانە بە کۆمەڵگەی سەرمایەداری. ئەم هەل ومەرجە نالەبارەی ئێستا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێ، شەڕی نێوان بەرژەوەندی سیاسەت وستراتیجی وڵاتانی ئیمپریالیستی و وڵاتانی ناوچەکەیە، بەڵام ئەم شەڕە لە ڕواڵەتدا تەنها خۆی بەشەڕ لەبەرامبەر داعشدا پێناسەدەکات. ئەگەر لەهەلومەرجی ئێستای جیهاندا لەوە تێبگەین کە بەدوای بنبەست و شکستێک کە دەوڵەتی ئەمریکا بەرەو ڕوی بۆتەوە لە پەیرەوکردنی سیاسەتی وەک هێزێکی تاک جەمسەر و هەوڵدانی بۆ باڵادەستی بەسەر جیهاندا، وە لەلایەکی ترەوە سەرهەڵدانەوەی ڕەقیبەکانی لە بەرامبەریدا نمونەی ڕووسیا وچین، کە وەک جەمسەری رکابەر لە بەرامبەر دەوڵەتی ئەمریکا گەشەیان کرد، جگە لەوەی رەوتی کۆتایی هێنانە بە دەوری تاک جەمسەری ئەمریکا وەک تاکە زل هێزی دنیای سەرمایەداری، لەهەمان کاتدا دەتوانین بڵێین ئەم هەل و مەرجەی ئێستای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست شەڕێکی جیهانیە کە خۆی دەنوێنێ لە دوو بەرەی بەرامبەر بە یەکدا. کە بەرەیەکیان ئەمریکاو ڕۆژئاواو تورکیا دەوری تێدا دەگێڕن بەرەکەی تریش ڕوسیاو چین و ئێرانە، کە تەواوی هیزە سیاسیەکانی ئەم ناوچەیەش کەوتونەتە نێوان ململانێی و شەڕی ئەم دووبەرەیەوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەوەی هێزێکی وەک داعش چۆن هاتە ناو ئەم هاوکێشەیەوە، بە بۆچونی من دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە مەوقعیەتی ئیسلامی سیاسی بەوە چوە سەرەوە کەبەدوای ئەوەی کە دەوڵەتی ئەمریکا بە دارمانی بلۆکی ڕۆژهەلات دەورانێکی یەک جەمسەری تێپەڕاند، لە لایەنێکی تریشەوە بن بەست و شکستی دەوری ناسیۆنالیستی عەرەبی، فرسەتی زیاتری ڕەخساند بۆ گەورەبونەوەی ئیسلامی سیاسی، کە وەک هێزێک هاتە ناو هاوکێشەی سیاسی و کێشمەکێشەکانەوە و بە شەڕ لەبەرامبەر ئەمەریکادا خۆی پێناسە کرد. لە هەمان کاتدا بنبەست و شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا زیاتر ئیسلامی سیاسی هێنایە ناو شانۆی سیاسی ناوچەکەوە، تا ئەو ئاستەی کە هێزێکی وەک داعش توانی سود لە گێژاوی سیاسی و هەل و مەرجی کوردستان و عێراق بەسود وەرگرتن لە پشتیوانی ڕەوتی ناسیۆنالیستی عەرەب و لەناوچە سوننەکان وەک هێزێکی سەرەکی بکەوێتە بەرامبەر حکومەتی ناوەندی عێراق وهەرێمی کوردستانەوە. لەلایەکی تریشەوە ئاشکرا و ڕۆشن بوو ئەم هێزە دڕندەیە لەلایەن سعودیە و قەتەر و تورکیا و ئیماراتەوە پشتیوانی لێدەکرا، ئەوەش بۆ لێدان بوو لە مەوقعیەت و دەوری جمهوری ئیسلامی لە ناوچەکەدا، بەمانایەکی تر هەوڵ دان بۆ لێدان و لاواز کردنی دەورو مەوقعیەتی رووسیا و چین لە هاوکێشە سیاسیە جیهانیەکاندا. لە هەمان کاتدا کێشەکانی نێوان بارزانی و حکومەتی ناوەندی عێراق دەروازە

و فرسەتێک بو بۆ داعش هێرشەکانی بۆ سەر شارەکانی عێراق بەسەرکەوتن بگەیەنێت.
بە جیا لەوەی کە ئەم شەڕە لەسەرەتادا ئەوەی نیشاندا کەهاوسەنگی هێزەکانی گۆڕی و هەلومەرجێکی تازەی هێنایە پێشەوە کە بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم هەلومەرجە بقۆزنەوە بەقازانج بۆ پتەو کردنی مەوقعیەتی سیاسی خۆیان و چونە پێشەوەی ستراتیجی تورکیا بەکاری بهێنن، بۆ فشار هێنانە سەر حکومەتی مەرکەزی، بە تایبەتی بە دوای داگیرکردنی شاری موسڵ بە شێوەیەکی ئابروبەرانە سوپای عێراق تێک شکا و ئەو ناوچانەی بەجێ هێشت. گەر سەرنج بدەن هەر بەدوای ئەو شکستە گەورەیەی سوپای عێراقی کە خەڵکانێکی زۆر بونە قوربانی و کوشتارو ئاوارەیی گەورەی لێکەوتەوە، بارزانی ڕایگەیاند ئەمە فرسەتە بۆ کورد، دروشمی دەوڵەتی کوردی بەرزکردەوە، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان جۆرێکی تر هاوکێشە سیاسیەکەی ئاڵوگۆر پێ کردو دۆخێکی تری هێنایە پێشەوە، ئەویش دەورو دەخەڵاتی جمهوری ئیسلامیە لە دەوڵەتی مەرکەزی عێراق و پێشرەویەکانی لە شەڕ لە بەرامبەر بە داعش توانی هاوکێشە سیاسیەکان بە قازانجی ئێران و بەخودی حکومەتی مەرکەزی عێراق بگۆڕێت. ئەم حاڵەتەش تارادەیەک مەوقعیەتی بارزانی و پارتی دیموکراتی بردە دواوە، هەروەها گورزێکیش بوو بۆ لێدان لە ستراتجیەتی تورکیا لە ناوچەکە، لە هەمان کاتدا دەوڵەتی ئەمریکا ناچار بوو ڕێکەوتن لە گەڵ ئێراندا واژۆ بکات، بارزانیش لە دروشمەکانی پاشگەز بوەوە و بێدەنگی لێکرد.
ئەتوانم بڵێم کە واقعییەتی کێشمەکێش و شەری هێزەکان کە لە واقعیەتی کێشمەکێشی بەرژەوەندی چینەکان و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانەوە شەڕەکانیان دیاری دەکرێت، بۆیە تەواوی لێکدانەوانەوەکنیان و ئەو هۆیانەی دەیکەنە پاساو بۆ شەڕەکانیان دەبێتە بەشێک لە سیاسەتی فریوکاری و چەواشەکاری بەکاری دەهێنن بۆ شەرعیەتدان بە شەرەکانیان، هەرلایەنێکیان لەهەولی سەلماندنی هەقانیەتی ئەو شەڕەیە لە تەرەفی خۆیەوە، بەناوی پاراستنی سنور و خاک و بەرگری لە نیشتمان و تا بەرگری سەرسەختانە لە هەقانیەتی مەزهەب و ئایدۆلۆژیەکەیان..هتد. بروانە ووشەی "شەهید" چەندە مامەڵەی پێ دەکرێت، بەکار هێنانی ووشەی شەهید لە گەڵ کلیلی بەهشتی چاخەکانی سەدەی ناوەراستی کلێسەی مەسیحیەکاندا جیاوازی نیە، لەم شەرانەدا کە بەهەزاران و سەدان هەزار ئینسان دەبنە قوربانی هەموو لایەنەکان دوژمنی یەکترن و هەقیان بەلای یەکترەوەیەو دەبێت وەریگرنەوە، هەموو لایەنکانیش دەیسەلمێنن کە قوربانیەکانیان "شەهیدە"، ئەم بانگەوازی هەق و هەقانیەتە و کوشتار لەپێناویدا کۆتایی نایەت، کە جگە لە ئاڵوگۆڕێک لە هاوکێشەی سیاسی و هاوسەنگی هێزەکان کە بە دەورانی جیاوازدا تێ پەردەبێت، نەک هیچ قازانجێکی بۆ ژیانی کرێکارو زەحمەتکێش نیە، مایەی سەرگەردانی و بەڵاو موسیبەتکانیشە.

**دیدگای سۆشیالیستی: زۆر باشە، کەواتە بەم لێکدانەوەیەوە با بگەڕێینەوە بۆ ڕۆڵی داعش لە خزمەتکردن بەم سیاسەتەی ئیمپریالیزم و لەسەرووشیانەوە ئەمریکا و ڕۆژئاوا. لەمبارەیەوە تۆ چی ئەڵێیت؟**
**عوسمانی حاجی مارف:** وڵاتانی سەرمایەداریە کە مەبەستیانە هێژمونی خۆیان بەسەر بازاڕی

## جەنگی داعش، جەنگی ناوچەیی وجیهانی، ئاکامی چ سیاسەتێك!

جیهاندا بسەپێنن و مۆنۆپۆلی کەن، ئەمەش دەیان خاتە بەرامبەر یەک لە ڕکابەریەکی بەردەوامدا، کەبە گوێرەی واقعیەتی کێشمەکێشی ناکۆکیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە قەیران و تێک شکان و هەستانەوەدان، هەروەها لە بارزبونی جەمسەرەکاندا دەکەونە بەرامبەر یەکتر بۆ دابەشبوونەوەی جیهان بە گوێرەی باڵادەستی هەر بەرەیەک لە جەمسەرەکان، لە ناوچە جیاجیا کانی جیهاندا، ئەمەش بە گوێرەی توانایی جێبەجێ کردنی ستراتیجیەتیان دەکەونە بەردەم واقعیەتی جەنگەوە، هەر وەک پێشتر گفتوگۆمان لەسەر کرد ئەم هەل ومەرجە نالەبارەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوە دەبرێت شەڕی بەرژەوەندیە جیا جیاکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوایە لەلایەکەوە، روسیاو چین لەلایەکی ترەوە.

لێرەوە دەمەوێت سەرنج بۆ مەسەلەیەک ڕابکێشم ئەویش ئەو شەڕە بوو کەلە ئۆکرانیا هەڵ گیرسا و هەواڵەکانی تەواوی جیهانی داگرت، بەڵام دواتر هێرشەکانی داعش بۆ سەر شارەکانی عێراق ڕەوتی ڕوداوەکان و شەڕەکەی لە ئاستی جیهاندا لە ئۆکرانیاوە گۆڕی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی میدیاکان و چاودێرانی سیاسی چاویان چوە سەر ئەم شەڕەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تا ڕادەیەک بە جەنگی جیهانی ناو دەبرێت، هەروەها گەر پێش ئەم شەڕانەش بۆ چەند ساڵێک بگەڕێینەوە دواوە لەسروشتی شەڕی کەنداوو شەڕەکانی دوای ١١سێبتەمبەر کە شەڕی باڵادەستی ئەمریکا بوون بەسەر جیهاندا، ئەویش بەدوای داڕمانی جەمسەری یەکێتی شورەویی و بەرەی ڕۆژهەڵات ، کە ڕکابەری ئەمریکاو ڕۆژئاوا بوو، بۆیە سروشتی جەنگی کەنداو و شەڕەکانی دوای ١١ سێبتەمبەر بەمانای ستراتیژی ئەمریکا بوون بۆ جێبەجی کردنی ستراتیژی کۆنترۆل و باڵادەستی بەسەر جیهاندا. بە جۆرێک دەوڵەتی ئەمریکا توانی ئەم ڕەوتە بسەپێنێت بەسەر وڵاتانی سەرمایەداری جیهاندا، لەو ڕێیەوە کە لە شەڕی کەنداودا بە بەڵگەو بیانووەوە ئەوەی کە بە دوای داگیرکاری کوەیت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، سەدام حسێن وەک دوژمنێکی مەترسیدارو دژ بە جیهان وێنا بکات و بناسێنێت، لەو ڕێگەیەوە وڵاتانی سەرمایەداری جیهانی وەک هاوپەیمان بخاتە ژێر کۆنترۆڵ و باڵادەستی خۆیەوە، بەهەمان شێوە شەڕەکانی دوای ١١ سێبتەمبەر لە بەرامبەر ئەفغانستان و عێراقدا هەمان سروشتی کۆنترۆڵ و باڵادەستی دەوڵەتی ئەمریکای نیشاندا. بەڵام ئاکامی شکستەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر عێراقدا، نەخشەو سیاسەتەکانی نەچونە پێشەوە، لەلایەک بە عەمەلی نەبونەوەی ستراتیجەتی شەڕەکەی لەگەڵ ئێران و سوریا و کۆریا پاشەکشەی بە سیاسەتی باڵادەستی ئەمریکا کرد بەسەر جیهاندا، لەلایەکی تریشەوە سەرهەڵدانی جەمسەریکی تر لە وڵاتانی سەرمایەداری وەک رووسیاو چین لە بەرامبەر ئەمریکادا، سروشتی شەڕەکەی ئۆکرانیای گۆڕی و هاوکێشەی سیاسی جیهانی و هاسەنگی هیزەکانی گۆڕی.

بۆ دەوڵەتی ئەمریکا گونجاو نەبوو شەڕی هاوپەیمانان لە ئۆکرانیا لە بەرامبە روسیادا بکات، واتە ئەمریکا بۆ دەخاڵەتی لەناو کێشەکانی ئۆکرانیادا نەدەکراو نەیتوانی ستراتیژیەتی باڵادەستی بەکار بهێنی و یەکڕیزی هاوپەیمانیەکانی بپارێزێ، چونکە بۆ ئەم شەڕە ڕاستەوخۆ دەکەوتە بەرامبەر ڕووسیاوە و قابلی سەرکەوتن و بەردەوامی نەبوو، ئەمریکاش بە شکستێکی گەوەروە لێ دەهاتە دەرەوە، بۆیە بەدوای ئەوەی داعش لە سوریاوە پەلی کێشایە ناو عێراق و کارەساتەکانی خوڵقان،

ئەمریکا بۆ شەڕ لەگەل ڕەقیبەکانیدا شەڕی لە ئۆکرانیاوە گواستەوە بۆ عێراق، بەو مانایایەی کە توانی ئەوە رابگەیەنێ کە هێزیکی وەک داعش مەترسیە بۆسەر جیهان و دوژمنی هەموو جیهانە، لەرێگەی"شەر لە گەڵ داعشیکدا کە خودی دەوڵەتی ئەمریکا دەوری لە گەورەکردنەوەیدا هەبو بۆ شەر لە بەرامبەر رژێمی بەشار ئەسەدا و لەباربردنی هەلومەرجی شۆرشگێرنە لە سوریا و ناوچەکەدا"، دەوڵەتی ئەمریکا جارێکی تر توانی هاوپەیمانەکانی ڕاکێشێتەوە ناو ئەم شەڕو کێشمەکێشەوە تا هەوڵبدات مەوقعیەت و دەخالەتی ئێران لە ناوچەکەدا لاواز بکات و لەوێشەوە پاشەکشە بە دەوری ڕوسیاو چین بکات، بەڵام بەردەوامی دەسەلاتی بەشار ئەسەد لە سوریاو دەخاڵەتی بەرفراوانی ئێران لە ناوچەکەداو وەستانەوەی ئێران بەرامبەر داعش و پێشرەویەکانی لەو بارەیەوە، دەوڵەتی ئەمەریکای ناچار بە دانوستان کرد لە گەڵ ئێراندا. بۆیە سروشتی ئەم شەڕە نەک کۆتایی هێنان نیە بە داعش بەڵکو لە بەردەوامی شەڕو کێشمەکێشی نێوان جەمسەرە جیهانیەکانی دنیای وولاتانی سەرمایەداریە، هەر بۆیە کۆتاییەکەی نادیارە و ئاسۆی جێگیری سیاسی لە ناوچەکدا نارۆشنە.

**دیدگای سۆشیالیستی: برێک زیاتر با بێینە سەر هێزە ناوخۆییەکانی کوردستان، واتە هێزە بۆرژوازیەکانی کورد و جێگاورێگایان لە خزمەتکردنی ئەم جەنگە کاولکارە کە لە بنەڕەتدا دژی چینی کرێکارە؟ بۆچی ئەوان کە هەمیشە وێردی سەر زمانیان کورد و کورد و ''خۆمان''ەیە، خەڵکیان بردۆتە ناو ئەم گێژاوەوە؟ یان بەرژەوەندی ئەوان لەم مەسەلەیەدا چییە؟ ئایا نان لە جەنگ ئەخۆن؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** حیزبەکانی کوردایەتی هەر لەسەرەتای شەڕی کەنداوو نەمانی دەسەلاتی حکومەتی بەعس لە کوردستاندا، دەورو چارەنوسی هێزەکانیان خستە بەردەم بەرژەوەندی و ستراتیجیەکانی ئەمریکا بەهەمان شێوەش ئایندەو چارەنوسی کوردستانیان بەستەوە بە چارەنوسی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی حیزبەکانیانەوە. لە ٢٤ ساڵی دەسەلاتی میلیشییایاندا چارەنوسی خۆیان بە ئێستاشەوە گرێداوە بە بەرژەوەندی و ستراتیژو کێشمەکێشی ولاتانی سەرمایەداری جیهانی و ولاتانی ناوچەکەوە. لە بەرنامەو سیاسەتی ئەم هیزە ناسیونالستانەی کوردستاندا هیچ کات ئەوە نەبووە کە ئایندەی کوردستان و چاەرەنوسی خەڵکی کوردستان لەم هەلومەرجە نالەبارو گێژاوە سیاسیە دەرکێشن.

دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە لە پیادەکردنی هەڵسورانی سیاسی حیزبەکانی کوردایەتیدا، بەتایبەتی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرژەوەندی هێزەکەیان و سیاسەتەکانیان لە پەیوەند بە خۆ بەستنەوەیان بە ستراتیژی ئەمریکاو بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی تورکیاوە کرێ داوە، وە کردنی کوردستان بە بازارێکی تورکیا لە بازرگانی و قاچاچچێتی بە نەوت توانی وەک هێزیکی بە توانا لە باری ئیمکاناتی ئابوری و هێزی چەکداری دەرکەوێت، وەک هێزی یەکەم و خاوەن دەسەلات لە کوردستاندا باڵادەستی خۆی بەسەر کوردستاندا جێ بخات و ببێتە خاوەنی حکومەتی کوردستان، هیزەکانی تر ناچار بکات کە بەدەوری مەوقعیەتی باڵای بارزانیدا بەشداری لە

## جەنگی داعش، جەنگی ناوچەیی وجیهانی، ئاکامی چ سیاسەتێك!

حکومەتی هەرێمدا بکەن. لەلایەکی ترەوە سیاستەکانی بارزانی لە پەیوەند بە خۆبەستنەوەی بە ستراتیژی تورکیا لە ناوچەکەدا ئەو مەوقعیەتەی بە دەست هێنا، بەڵام دواتر زیاتر خستیە بەرامبەر بەرژەوەندی و ستراتیجی حکومەتی ناوەندی عێراقەوە. سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقیش کە زیاتر بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتی میلیشیایی "دەوڵەتی قانونە"، خۆی گرێداوە بە بەرژەوەندی و ستراتیجیەتی ئێرانەوە. هەر بۆیە ئەو ئاڵوگۆرانەی لە پاش هاتنی هێزەکانی داعش بۆ عێراق ڕویدا هاوکێشە سیاسیەکەی خستە ناو چوار چێوەیەکی ترەوە. ئاڵوگۆری جدی بەدوای خۆیدا هێناو هاوسەنگی هێزەکانی گۆری، بە تایبەتی دوای پێشڕەوەیەکانی ئێران لە ناوچەکەدا و شەرەکانی لەبەرامبەر داعش و دەوری لە پێکهێنانی "حەشدی شەعبی" و پشتیوانی لە حکومەتی ناوەندی عێراق، جۆریک لە قەیرانی سیاسی و ئابوری و بنبەست و پاشەکشەی سیاسی بەسەر بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا سەپاند. ئەم پاشەکشەیە لەمەوقعیەتی پارتی بە مانایەک لە لایەکی ترەوە نمونەی فەشەلی دەسەلاتی حیزبەکانی کوردایەتی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا سەلماند، کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا ئاڵۆزترو بێ چارەسەر راگرتووە، ئێستاش هەر لە چاوەڕوانی ئەوەدان کە شەڕو کێشمەکێشی وولاتانی ناوچەکە بەرەو کوێیان دەبات، کە بەڵای ئەم سیاسەتی چاوەڕوانیە گێژاوو کارەساتی بەردەوام دەخاتە بەردەم خەڵکی کوردستان. ئەتوانم بڵێم کە هاتنە خوارەوەی مەوقعیەتی بارزانی و پارتی لە هاوکێشەی سیاسی ئێستاد ئینسجام و یەکریزی بۆرجوا ناسیۆنالستی کوردی پەرێشان کردووە، سەرچاوەی کێشەکانی نێوانیان تا باس کردن لە درێژ نەکردنەوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی پاشەکشەی سیاسەت و مەوقعیەتی پارتیە لە کێشمەکێشی نێوان ستراتیژی تورکیا و ئێران.

**دیدگای سۆشیالیستی: وەک دوا پرسیار: سیاسەتی دروست لە ڕوانگەی چینی کرێکار و خەڵکی مەحرومی کوردستان و ناوچەکەوە چییە؟ سەرەتا دژ بە هێزێکی ڕەشی وەک داعش و پاشانیش دژ بەم جەنگە بە شێوەیەکی گشتی؟**

**عوسمانی حاجی مارف :** بە هەموو ئەو لێکدانەوانەی لە هەل و مەرجی سیاسی ئێستای ناوچەکەدا باسمان کرد تا بەمانای ئەوەی کە ئەم بارگرژی و هەل ومەرجە نالەبارەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیەو وێناکردن و پێناسەکردنی بە شەڕێکی جیهانی، بەڵام ئێستا خەڵکی ناوچەکە بەرەو ڕوی هێزێکی دڕندەی وەک داعشن کە دەبیت پاک بکرێتەوەو لە شانۆی سیاسی ناوچەکەدا بسڕێتەوە. بەڵام سروشتی شەڕو کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی جیهان و وڵاتانی ناوچەکە و حیزبەکانی کوردایەتی و حکومەتی ناوەندی عێراق، نە ویستویانە و نە دەخوازن و نیشانیشان دا کە شەڕی پاککردنەوەی داعش ناکەن، بەڵکو شەڕیان لەگەڵ داعش تێکەڵ دەکەن بە کێشمەکێش و شەڕەکانی نێوان خۆیان و بەرژوەندیەکانیان. هەر لایەنێکیان بەدوای چنینەوەی بەرژوەندی و سودی خۆیەوەیە کە بە ناوی شەر لە بەرامبەر داعش بەدەستی بهێنن، واتە پێش هەمو شتێک نابێت چاوەڕوانی و ئومێدمان هەبێت ئەم هێزە جیهانی و ناوچەیی و هێزەکانی ئەحزابی دەسەڵاتداری ناسیۆنالستی کورد شەری لەبەین بردنی داعش دەکەن و کوردستان و ناوچەکە

دەپارێزن. بارزانی لەسەر قوربانیەکانی هەزاران کەسی موسل و شەنگال ووتی فرسەتە بۆ کوردو دواتر کەوتەوە دروشمی پاراستنی یەک پارچەیی عێراق. ئەمریکا ویستی داعش بکاتە ئامرازێک بۆ لێدان لە ئێران بەڵام دواتر کەوتە دانوستان و رێکەوتن، حکومەتی عێراق "دەوڵەتی قانون" فرسەتی هێنا لە دروستکردنی میلیشیایەکی درندەی هاوشیوەی داعش بەناوی حەشدی شەعبی، کە پارتی بە زیان بۆ نفوزی خۆی لێکی دەداتەوە و یەکێتی نیشتمانی پێان باشە..

شەڕی پاککردنەوەی داعش لە رێگەی بەرگری چەکداری سەربەخۆی جەماوەریەوە بەسەر کەوتن دەگات کەنمونەکەی کۆبانیە. کۆتایی هێنانی شەڕ لە ناوچەکەدا لەرێگەی هاتنە مەیدانی جەماوەری بەرفراوانەوە مەیسەر دەبێت.  تەواوی زلهیزە جیهانیەکان و حیزبەکانی بۆرجوازی بەهەر رەنگ و شێوازێکەوە بن  نەک لەگەڵ  بەرگری چەکداری جەماوەری و هاتنە مەیدانی جەماوەری خەڵکدا نین بەڵکو بۆ پاراستنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری دەسەڵاتی بۆرژوازی هەمیشە لە هەوڵی پەراوێز خستنی دەورو دەخاڵەتی ڕاستەو خۆی جەماوەری خەڵکدان بۆ دەسەڵاتی سیاسی و دیاری کردنی چارەنوس و ئایندەی خۆیاندا. بۆیە دەرچون لەم هەل و مەرجە نالەبارو شەڕو ئاژاوەیە بە هاتنە مەیدانی دەورو دەخاڵەتی خەڵک دەبێت. بە پێکهێنانی دەسەڵاتێک کە دەورو دەخالەت و ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک دابین بکات.

تەواوی واقعیەتی شەڕەکان لە جیهاندا و کارەسات و نەهامەتیەکانی لەئاکامی واقعیەتی بونی دنیای سەرمایەداریەوە سەرچاوە دەگرێت، لە سایەی دنیای سەرمایەداری و کێشمەکێشەکانیدا بە هیچ جۆرێک جەنگ و نەهامەتی و کارەساتەکان کۆتاییان پێ نایەت، پێشتریش ئاماژەمان پێکرد بۆ کۆتایی هێنان بە کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاتنە مەیدانی بەرفراوانی نارەزایەتی چینی کرێکارە بۆ وەلانانی  دەسەڵاتی تەواوی بۆرژوازی و هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەداری و دامەزراندنی سۆشیالیزم، درەنگ یا زوو دەبێت چینی کرێکار بە خەباتی شۆرشگێرانەو حزبی خۆیەوە بێتە مەیدان. بە جیا لەوەی خەڵکی کوردستان پێوستە ئامادەبن کە خۆیان لە کێشەو کارەساتەکان و ئەگەری هەلومەرجی نالەبارتر بپارێزن کە لەوانەیە لەرێگە شکستی سیاسەتکانی حزبەکانی کوردایەتی بەرەورومان بێتەوە، لەهەمان کاتدا داعشیکی نوستو لە کوردستاندا هەیە کە لایەن و هێزەکانی ئیسلامی سیاسی نوێنەرایەتی دەکەن، خۆیان مەڵاس داوە لە ئەگەری فروان بونەوەی بارگرژیەکاندا پەلاماری کۆمەڵگە بدەن، پێویستە لە ئێستاوە رێگەیان پێ بگیریت و بواریان بەرتەسک بکرێتەوە.



**موحسن کەریم**
muhsin_km@yahoo.com

# داعش و ڕاسیزمی کوردی

## مەترسیەکانی لەسەر کۆمەڵگاو چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی!

بیرۆکەکانی ئەم نوسینە، لە سیمیناڕێکدا لە قاوەخانەی کەلتوری لە شاری سلێمانی، ڕۆژی ٢١/٢/٢٠١٥ پێشکەشکرا. ئەمەی لێرەدا دەیخوێیننەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بەشێوەی نوسین ئامادەکراوە.

بێگومان تێرمی (داعشو داعشیزم) ی کوردی کە لێرەدا بەکارهاتوە، وەکو هێمایەک بۆسەرجەم ئەو بزوتنەوەو ئاراستە فکری و سیاسیانە بەکارهاتوە کە لەسەر بنەما فکریەکانی ئیسلامو ئیسلامی سیاسی دامەرزاون. من بڕوام بەوە نیە کە ڕەوتێکی ئیسلامی سیاسی، یان ڕێکخراوێکی سیاسی هەبێت کە بنەماکانی ئیسلام سەرچاوەی فکرو جیهانبینی بێتو لەرووی پرەنسیپی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگادا لەگەڵ داعشدا جیاوازی هەبێت. سەرجەم ئەو ڕەوتو بزوتنەوەو ڕێکخراوە ئیسلامیانە ئەگەرچی بەرژەوەندی سیاسی و ماددی جیاواز لێکیان جیابکاتەوە، بەڵام لە سەرچاوە فکریو ئایدیۆلۆژیەکەیاندا هاوبەشنو جیاوازیەکانیان لەچوارچێوەی هەمان پرەنسیپو ئایدیۆلۆژیادا دەسورێتەوەو لێی تێناپەڕێت. لەسەر ئەم بنەمایەوەیە کە من دەستەواژەی توندرەویی و میانڕەویی ئیسلامی بەکار ناهێنمو وەکو دوو دەستەواژەی چەواشەکارانەی دنیای فکری بۆرژوازی دەیانبینم. بۆرژوازی هەمیشە وەکو یەکێک لە بنەماکانی ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی پیویستی بە هێشتنەوەی ئاین هەیەو بەوپێیەش دەستەواژەی میانڕەوی و توندرەوی وەکو هێڵی جیاکەرەوەی لایەنگریو دژایەتی ئەو ڕەوتو گروپە ئیسلامیانە لە سیستەم و دەسەڵاتەکەی دەناسێنێت.

سەبارەت بە راسیزمی کوردیش، بە دیاریکراوی مەبەستم لەو بۆچوون و تێڕوانینو

هەڵسوکەوتە ناسیۆنالیستیە رەگەزپەرستانەیە کە لەبەرامبەر خەڵکی عەرەبدا دەخرێتەروو و پەیرەودەکرێ‌و بەرەو ئەوە دەچێت کە وەکو رەوتێکی فکری‌و سیاسی خۆی نمایش بکات. ئەگەرچی ئەم راسیزمە هێشتا خۆی لە بزوتنەوەیەک یان رێکخراوێکی سیاسیدا بەرجەستە نەکردوە، بەڵام زەمینەی فکری‌و سیاسی گەشەکردنی لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەیەو لەبارە.
لەم نوسینەدا هەوڵم داوە هۆکاری سەرهەڵدان و مانەوەو گەشەکردن‌و مەترسیەکانی هەرکام لەو دوو مەسەلەیە بۆسەر کۆمەڵگای کوردستان و چۆنیەتی روبەڕووبوونەوەیان بخەمەروو.

## ئیسلامی سیاسی‌و داعشیزمی کوردی:

### ١/ هۆکارو بنەماکانی سەرهەڵدان‌و گەشەی داعشیزم لە کوردستان؛

### خوێندنەوەیەکی مێژوویی:

چەند هۆکارێک دەوریان هەبووە لە سەرهەڵدان‌و گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی‌و داعشیزم کە گرنگترینیان بریتین لەم هۆکارانەی خوارەوە:

**بارودۆخی کۆمەڵایەتی سیاسی و ئابوری لە سازکردنی زەمینە بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی و داعشیزم:**

پێش خرۆشانە جەماوەریەکەی ساڵی ١٩٩١، فکری ئیسلامی‌و ئیسلامی سیاسی دەورنەخشێکی ئەوتۆی نەبوو لەسەر شانۆی فکری‌و سیاسی کوردستانی عێراق‌و لەپەراوێزی کۆمەڵگاو روداوە سیاسی‌و کۆمەلایەتیەکانی کۆمەڵگادا قەراری گرتبوو، لەبەرئەوەی کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە پلەی سەرەکی لە دەوری مەسەلەی نەتەوایەتی کۆبووبوەوە. بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیش توانیبووی خۆی بکاتە نوێنەری سیاسی ئەو پرسە. لەو دەمەشدا ناسیۆنالیزمی کورد، ئەگەرچی رەگێکی ئیسلامی هەبوو، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی فکری چەپەوە لەئاست بزوتنەوە سیاسی‌و چەکداریە دژی رژێمیەکان لە جیهاندا خۆی بە چەپدا هەڵواسیبوو. بەم پێیە ئیسلامی سیاسی کە نوێنەرایەتی هیچ جۆرە ئومێدێکی خەڵکی کوردستانی نەدەکرد بۆ رزگاربوون لە ستەمی میللی، جێگایەکی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا نەبوو.
لە ساڵانی ٨٠ کانی سەدەی رابردوودا، چەند رێکخراوێکی ئیسلامی سیاسی وچەکداری پێکهاتن، کە هەر هەموویان بە کۆمەک و پشتیوانی جمهوری ئیسلامی ئێران دروستکران، بەڵام تا دوای راپەڕین نەیانتوانی ببنە ژمارەیەک لەناو هاوکێشەی هێزە سیاسیەکانی کوردستاندا.
لەدوای راپەڕینەوە، هەلومەرجێکی سیاسی ئابوری جیاواز روبەڕووی کوردستانی عێراق بوەوە، کە کاریگەری لەسەر کەشوهەوای کۆمەڵایەتی و جێگاورێگای بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کرد. حکومەتی عێراق کوردستانی بەجێهێشت‌و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگای کوردستان کەوتە دەستی هێزەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد(یەکێتی و پارتی). بەهۆی ئەوەی کە ناسنامەی یاسایی کوردستان‌و خەڵکەکەی بە نارۆشنی مایەوە، ئەو دەسەڵاتەشی کە هەردوو

حیزبی بزوتنەوەی کوردایەتی بە هاوبەشی دایان مەزراند، رەسمیەتی نێودەوڵەتی وەرنەگرتو سەرەنجام کوردستان بوە ناوچەیەک بۆ دەستتێکێشانی هێزو دەوڵەتە ناوچەییەکان. دواتریش دابەشوونی کوردستانی بۆ دوو ناوچەی نفوزو دەسەلاتی هەریەکە لە یەکێتی و پارتی لێکەوتەوە، کە ئەوانیش بەسەر هێزو دەوڵەتە ناوچەییەکاندا دابەشبووبوون. ئەم هەلومەرجە سیاسیە، کاریگەری نەرێنی لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیانو گوزەرانی خەڵک داناو دەرگای بەرووی چەندین پرسی جیاجیادا کردەوە. لەو مەسەلانە، چەکەرەکردنو گەشەکردنو بەهێزبوونی ئیسلامی سیاسی و رەوتە ئیسلامیەکان بوون لە شانۆی سیاسی کوردستاندا.

**دەوری وولاتانی ناوچەکە بەتایبەتی جمهوری ئیسلامی ئێران و وولاتانی کەنداو:**

لە دەورانی دەسەڵاتی حکومەتی دوو حیزبی بۆرژوازی کورد دا، دەوڵەتانی ناوچەکە بەشێوازی جۆراوجۆر دەستیان کێشایە ناو بارودۆخی سیاسی کوردستانو سەرەڕای کاریگەرییان لەسەر هەردوو حیزبی خاوەن دەسەلاتی کوردستانو راکێشانیان بەلای خۆیاندا، راستەوخۆش هەوڵیان دا رێکخراوگەلی سەربەخۆیان دروست بکەن کە رێکخراوو گروپە ئیسلامیەکان لە پلەی یەکەمدا دێن. جمهوری ئیسلامی ئێران چەندین گروپو رێکخراوی ئیسلامی دروستکردو کۆمەک و هاوکاری کردن و قورسایی خۆیشی بەکارهێنا بۆ قبولکردنیان لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەلاتدارەوە. دەوڵەتانی کەنداویش بە هاوکاری دەوڵەتی تورکیا، سەرەتا بە دروستکردنی رێکخراوی خێرخوازی خۆیان خزاندە ناو بارودۆخی کۆمەڵایەتیو دواتریش وەکو رێکخراوی سیاسی( یەکگرتووی ئیسلامی) بوونە بەشێک لە هاوکێشە سیاسیەکانی کوردستان.

هەلومەرجی ئابوری وێرانبووی ساڵەکانی نەوەد، شەڕی ناوخۆو دابەشبوونی کوردستان بە دوو ناوچەی نفوزو دەسەڵاتو گەمارۆی پارتی و یەکێتی لەسەر ناوچەکانی یەکترو دەستگرتنی ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارە بەسەر سەرچاوەکانی داهاتو کۆمەکە مرۆییەکان کە دەهاتە کوردستانەوە، هەژاریەکی لەرادەبەدەری بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندبوو. لەو بارودۆخەدا فرسەت بۆ رێکخراوە ئیسلامیەکان و بەتایبەتی ئەوانەیان کە سەر بە دەوڵەتانی کەنداو بوون رەخسا بۆئەوەی لەرێگای دابەشکردنی کۆمەکو هاوکاری مادیەوە، بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی هەژارو موحتاج بۆخۆیان رابکێشن و بەخۆیانەوە گرێیان بدەنەوە.

هاوکات پشتیوانی سیاسیو دارایی جمهوری ئیسلامی ئێران بۆ گروپە ئیسلامیەکانی سەربەخۆی، تارادەیەک قورسایی ئەو هێزانەی لە کوردستاندا زیاتر کرد. بەوجۆرە بەرە بەرە ئیسلامی سیاسی بەهەردوو باڵەکەیەوە( باڵی سەر بەئێران و باڵی سەر بە وولاتانی کەنداو)وەکو رەوتێکی فکری سیاسی لە کۆمەڵگای کوردستاندا جێگای خۆیان کردەوە.

**دەورو نەخشی دەسەڵات و ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد لە پەرەدان بە ئیسلامی سیاسی و فکری داعش:**

بزوتنەوەی کوردایەتیو حیزبەکانی ئاینی ئیسلامو نەریتو کەلتوری ئیسلامیان وەکو بەشێک لە

## داعش و ڕاسیزمی کوردی

دەزگای فکریو نەریتی کۆمەڵایەتی خۆیان تەماشاکردوەو دەسەڵاتەکەشی دینی ئیسلامی وەکو دینی رەسمی ناساندوە. یاساکانو سیستەمی خوێندنو پەروەردەی لەسەر بنەمای فکرو شەرعی ئیسلام دارشتوەو بەرێوەبردوە. تەنانەت بەناوی سوکایەتی بە هەستو پیرۆزیەکانی خەڵکی کوردستانەوە دژایەتی هەرجۆرە فکرو بۆچوونو بزوتنەوەیەکیان کردوە کە رەخنەی لە ئاینی ئیسلام گرتبێتو بگرە سەرکوتیان کردوە. بەوجۆرە بەرگرییان لەو زەمینە فکریە کردوە و پاراستویانە کە ئیسلامی سیاسیو داعشیزمی لێوە هەستاوە.

سەرەڕای ئەوە، لە کێشمەکێشی نێوان هەردوو حیزبی سەرەکی ناسیۆنالیزمی کورد( یەکێتی و پارتی) لە دەورانی شەڕی ناوخۆدا لە ساڵانی نەوەدەکاندا بەردەوام موجامەلەو هاوکاری ئەو حیزبە ئیسلامیانە کراوەو لەسەر زەمینەی ئەو هاوکاری و کۆمەکانەش، ئەو گروپە ئیسلامیانە توانیویانە نفوزی سیاسیو جەماوەری خۆیان بەهێز بکەن. بەتایبەتی کە سەرباری کۆمەکی دارایی بەو حیزبانە، دەستیان گیراوە بۆ ناو دەسەڵاتو لەورێگایەوە ئەوەندەی دیکە کاریگەرییان لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک داناوە.

لەلایەکی دیکەوە، لە ساڵانی نەوەدەکاندا و بەر لەوەی یەکێتی نیشتمانی خۆی هێرشی چەکداری بکاتە سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، لەبەرامبەر نفوزی سیاسی و جەماوەریی ئەم حیزبەدا راستەوخۆ هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری بۆرژوازی کورد( یەکێتی و پارتی) هاوکاری گروپە ئیسلامیەکانیان دەکرد. دەستیان ئاوەڵاکردبوون بۆ دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی و بزوتنەوەی ژنانو رەوتی مەدەنیەتو سیکولاریزمی کوردستان، دەرکردنی فەتواو تیرۆرکردنی کادرو ئەندامانی حیزب لەژێرچاوی دەزگا ئەمنیەکانی ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارەدا. ناسیۆنالیزمی کوردو دەسەڵاتەکەی لەبەرامبەر کۆمۆنیزمو چەپی کۆمەڵگادا لەپاڵ رەوتی ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمی ئیسلامیدا راوەستان. روداوی تیرۆری ١٩٩٨\١٤\١٨ ی هەولێر و هەڵویستی پارتی بەرامبەر بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو داخستنی بڵاوکراوەی یەکسانی، بەڵگەی ئەو جۆرە هاوکاریەی حیزبەکانی کوردایەتیە بۆ ئیسلامی سیاسی.

لەپاڵ ئەم هاوکاریو موجامەلەکردنەی ئیسلامو ئیسلامی سیاسیدا، رەوتێکی شێنەیی بەئیسلامکردنی کۆمەڵگای کوردستانو دامەزراندنی بنکەی نفوزو هێزی ئیسلامی سیاسی دەستی پێکردو گەشەی کرد. هەزاران مزگەوت دروستکرانو بەشێکی زۆریان کرانە بنکەی بانگەشەی ئیسلامیو فکرو بۆچوونەکانی ئیسلامی سیاسی. دەزگای راگەیاندنی زۆروزەوەندیان دامەزراند بۆ بڵاوکردنەوەی فکری ئیسلامیو بیروباوەرەکانی ئیسلامی سیاسی. بەناوی دەزگای خێرخوازیو کۆمەکی خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتەوە، سەدان مناڵیان راکێشایە ژێر پەروەردەی ئیسلامی سیاسیەوەو جیلێک لە گەنجی هەڵگری بیروباوەری ئیسلامیان دروستکرد و رەوانەی زانکۆکانو دامەزراوە گرنگەکانی کۆمەڵگایان کرد.

بەوجۆرە ئیسلامو ئیسلامی سیاسی لە فکرو رەوتێکی سیاسی پەراوێزکەوتووی کۆمەڵگای کوردستانەوە، دەبێتە رەوتێکی فکریو سیاسی کە کاریگەری لەسەر جومگە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان داناوە.

**شکستی نمونەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد و دەوری لە بەرزبونەوەی ئیسلامی سیاسی و داعشیزم:**

ئەگەر ئەو فاکتەرانەی سەرەوە دەوری بەرچاویان هەبووە لە گەرادانانو تروکاندنی ئیسلامی سیاسی و داعشیزم لە کوردستان، ئەوا فاکتەرێکی دیکەش کۆمەکی بەوە کردوە کە ئیسلامی سیاسی و داعشیزم لە کوردستاندا بەجۆرێک گەشە بکات کە ببێتە جێگای مەترسی بۆسەر ژیانی کۆمەڵایەتیو مەدەنیەتو ئازادیخوازیو یەکسانیخوازیو بیرو هرزی پێشکەوتنخوازیو مرۆڤدۆستی، ئەویش قوڵبونەوەی نایەکسانیە لەنێوان ژیانی کەمایەتیەکی دەوڵەمەند و بەرپرسی پایە بەرزی حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیو بەتایبەتی دوو حیزبی دەسەڵاتدار لەلایەکو زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەلایەکی دیکەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی رەوتی کۆمۆنیستیو یەکسانیخوازی بەهۆی رێگریەکانو هێرشو پەلاماری دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کوردیەوە تووشی پاشەکشەکراو کەوتە بارودۆخێکی نالەباری هەڵسورانی سیاسیەوە.

بێگومان لە دوای ٢٠٠٣ەوە ئاڵوگۆرێکی گرنگ لە هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستاندا روودەدات. بزوتنەوەی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد بەهۆی پاڵدانی بە سیاسەتی ئەمریکاوە لە عێراقدا، لەرووی سیاسیەوە پێشرەویەکی گەورەیکرد. سەرباری بەشداریکردنی لەدەسەڵاتی عێراقدا، حوکمرانی کوردستانی بەشێوەیەکی بێرکابەر کەوتەبەردەست. گەشەیەکی ئابوری خێرا لە کوردستاندا روویداو سامانو سەرمایەیەکی زۆر لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا لەدەستی بۆرژوازی کوردا کەڵەکە بوو، کە بەشێکی بەرچاوو گرنگ لەو خاوەن سەرمایانە بەرپرسانی پلە باڵای هەردوو حیزبی تەقلیدی دەسەڵاتداری کوردستان( پارتی ویەکێتی ) بوون. لەم دەورەیەدا ئیسلامی سیاسی لەبەرامبەر بزوتنەوەو فکری کوردایەتیدا پاشەکشە دەکاتو بەناچاری فکرو ئایدیلۆژیا ئیسلامیەکەیان بە فکرو ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی موتوربە دەکەن بۆئەوەی بتوانن پارێزگاری لە نفوزە سیاسی و کۆمەلایەتیەکەیان بکەن.

بەڵام ئەم گەشەکردنە ئابوریە خێرایە لەلایەکەوە دەیان ملیاردێرو هەزاران ملیۆنەری دۆلاری پێگەیاندو لەلایەکی دیکەوە ریزێکی دەیان هەزارکەسیی گەنجانی بێکار کە دوای تەواوکردنی خوێندنی باڵا دەرفەتی پەیداکردنی کارو بەرێکردنی ژیانیان دەست ناکەوێ، هەزاران خێزانی کرێنشینو دەیان هەزار خانەنشین کە ناچارکراون بە موچەیەکی ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ هەزاری ژیانی کولەمەرگی بگوزەرێنن، سەدان هەزار کرێکار و کارمەندی حکومی کە مووچەیەکی زۆرکەم وەردەگرنو... تاد لە گۆشەیەکی دیکەی کۆمەڵگادا داناوە. ئەمەش قوڵبونەوەی جیاوازی چینایەتیو نایەکسانیەکی گەورەی لە شێوازی ژیانی خەڵکی بەدوای خۆیدا هێنا کە سەرەنجام سەری کێشایە تووندبونەوەی نارەزایەتیەکانی جەماوەری بێبەشو کەمدەرامەتی کوردستان بەرامبەر بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد.

ئاکامی ئەم نارەزایەتیانە بووە هۆی دروستکردنی لێکترازانێک لەناو باڵێکی ناسیۆنالیزمدا( یەکێتی نیشتمانی) و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی گۆران. لە هەلومەرجی نالەباری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و

چەپدا، بزوتنەوەی گۆڕان خۆی وەکو نوێنەری سیاسی نارەزایەتیەکان خەڵک ڕاگەیاندو توانیشی کە جەماوەر تووشی وەهم بکات. بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد، سەرەڕای ئەوەی دەسەلاتەکەی کەوتبوە بەرامبەر نارەزایەتی خەڵکەوە، بەڵام لەباری فکریەوە بە بەرامبەر بە ئیسلامی سیاسی بەهێز بوو. هەرئەوەش وایکرد کە گۆڕان وەکو ڕەوتێکی ناسیۆنالیستی نارازی بچێتەپێشەوەی هاوکێشە سیاسیەکانی کوردستان. بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان بۆ توندکردنی فشاری خۆی لەسەر هەردوو حیزبی دەسەلاتدار، ئەگەرچی خۆی بەشێک لە کادرە ئیسلامیەکانیشی هەڵمژیبوو، لەگەڵ ئیسلامیەکاندا بەرەی سازکردو بەتایبەتی لە ڕوداوەکانی ١٧ ی شوباتی ساڵی ٢٠١٢ ئەوانی هێنایە ناو نارەزایەتی خەڵکو دواتر لە پرۆسەی سازانو بەشداریکردن لە دەسەلاتدا، کە لەژێرناوی "حکومەتی بنکەفراوان"دا بەرجەستە بوو، لەگەڵ خۆیدا دەستیگرتن بۆناو دەسەڵاتی سیاسی کوردستان.

لە یەکساڵی ڕابردوەداو بەهۆی قوڵبونەوەی کێشەی نێوان حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێمو دابەشبوونی هەردوو حیزبی دەسەلاتداری تەقلیدی بۆروژازی کورد( یەکێتی و پارتی) بەسەر بلۆکبەندیە ناوچەییەکان(ئێرانو تورکیا)دا لەلایەکو لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی شەڕی داعشەوە، بارودۆخێکی نالەباری ئابوری رووی لە خەڵکی کوردستان کردوەو هەژاریو بێکاری تەنگی بە خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەت هەڵچنیوە. سەدان هەزار کرێکاری بیناسازی، کرێکاری وەرزی، چێشتخانەو میوانخانەکان، بێکاربوون و هیچ سەرچاوەیەکی ژیانو گوزەرانیان نیە، کە ئەمە مەترسیەکی جدیە. کرێکارانو کارمەندانی حکومیو خانەنشینان بەچەند مانگێک جارێکو دوای چەندین مانگرتن و خۆپیشاندانو بڕینی شەقام ئینجا مووچەی مانگێکیان دەدەنێ! ئەم بێکاریو دواخستنو نەدانی موچەیە وایکردوە توانای کڕینی خەڵک بەرەوخواربچێتو بازار تووشی سستی ببێت.

لەلایەکی دیکەوە وەستانی خزمەتگوزاریە شارستانیو کۆمەڵایەتیەکانو دابەزینی خزمەتگوزاریە پزیشکیە حکومیەکانو هەڵکشانی بازاڕی دەرمانو پزیشکە تایبەتەکانو گرانبوونی کەلوپەلو....تاد ئەم ژیانە سەختەی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کوردستان لەلایەکو ژیانی شاهانەی بەرپرسانو سەرمایەداران لەلایەکی دیکەوەو تەنانەت ریسوایی بازرگانی نەوتی بەرپرسەکان لەگەڵ داعشدا، لەکاتێکدا پێشمەرگە لەژێر فشاری بێکاریو هەژاریدا ناچاربوون لەبەرخاتری مووچەیەکی ٥٠٠،-٦٠٠ هەزاردیناری ژیانیان بخنە مەترسیەوەو ڕۆژانە چەندین کەسیان لێ ببێتە قوربانی، ئەمانە هەمووی ڕقو توڕەییەکی بێوێنەی بەرامبەر بە دەسەڵاتی بنکەفراوانی بۆرژوازی کورد دروستکردوە. ئەم دەسەڵاتەش بە حوکمی ماهیەتی چینایەتی خۆی، کە باکی بە ژیانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش نیەو هەر لە فکری ئەوەدایە چۆن سامانی سەرمایەدارانو بەرپرسانی حیزبی و حکومەتەکەی بەرەوسەربچێت، لە قەیرانێکی جدیدا قەراری گرتوەو تووشی بنبەست بووە.

بەمجۆرە، هەلومەرجی سیاسی و ئابوری کۆمەڵگای کوردستان بنبەستو شکستی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد نیشان دەدات کە بەمانایەک بە شکستی مۆدێلی دەسەڵاتی بۆرژوا- ناسیۆنالی کورد هەژماردەکرێ، چونکە سەرەڕای بەشداری بەشێک لە گروپو ڕەوتە ئیسلامیەکان لەم

حکومەتو دەسەلاتەدا، بەلام بە پلەی سەرەکی دەسەلات بەدەستی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردو حیزبەکانیەوەیەتی. ئەم مۆرکە ناسیۆنالسیتیەی حکومەتو دەسەلات فرسەتێکی بۆ رەوتە ئیسلامیەکانی ناو دەسەلاتیش هێشتۆتەوە کە ریاکارانە خۆیان نەکەنە شەریکە بەشی شکستی ئەم مۆدێلەی دەسەلات.

سەرەنجام ئەم هەلومەرجە پێکەوە، فرسەتی بۆ چالاکبوونەوەی رەوتێکی ئیسلامی رەخساندوە ( بەوانەیان لەدەرەوەی حکومەتدانو بەوانەشیانەوە لەناو حکومەتدان) کە خۆی وەکو بەرگریکاری مافو ژیانی خەلک لەبەرامبەر دەسەلاتێکی ملهوڕی بێبەزەیی "عەلمانیدا" هەلبخات! بەتایبەتی کە هەموو دەروازەکان لەرووی راگەیاندنو توانای پروپاگەندەو بلاوکردنەوەی بیروبۆچونەکانی خۆیان لە مدیدیاکانو مزگەوتەکان بەروویاندا کراوەیەو لە پشتیوانی و هاوکاری مادی کەم وێنە بەهرەمەندن. هاوکاتی رەوتە تەقلیدیەکانی ئیسلامی سیاسی وەکو "کۆمەلی ئیسلامی"و یەکگرتووی ئیسلامی" و"بزوتنەوەی ئیسلامی" کە بۆئەوەی بەشداری لە دەسەلاتی هاوبەشی بۆرژوازی کوردا بکەن گێچی ناسیۆنالیزمەکەیان کەمێک زیاد کردو کەمێکیش تیژیی شمشێرە ئیسلامیەکەیان کەمکردەوە، رەوتێکی تازەی ئیسلامی سیاسی بەناوی سەلەفیزمەوە سەری دەرهێناوەو گۆشەیەکی گرنگی کۆمەلگای کوردستانی بەخۆیەوە ئالودەکردوە.

**بنەمای فکری و ئاراستەی سیاسی (ئیسلامی سیاسی و داعشیزم):**

ئیسلامی سیاسی، بەهەمانشێوەی ناسیۆنالیزم و بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی رەوتو بزوتنەوەیەکی سیاسی بۆرژوازیە. سەرچاوەی فکری ئیسلامی سیاسی، ئاینی ئیسلامو شەرعو رێنماییەکانیەتی، بەلام وەکو رەوتێکی سیاسی- کۆمەلایەتی هاوچەرخ، ئەم چوارچێوە فکریو ئایدیۆلۆژیەی ئیسلامی لەگەل بەرژەوەندیەکانی چینی بۆرژوادا گونجاندوەو، بە حکومی سروشتی چینایەتیی فکرو جیهانبینیی ئیسلام، توانای ئەم خۆگونجاندنەی هەیە. هەلبەتە سروشتی چینایەتیو نایەکسانو چەوسێنەرانەی سیستەم و دەسەلاتی بۆرژوازی ئەو کاراکتەرەی پێبەخشیوە کە لەگەل دواکەوتوترین وکۆنەپەرستترین فکروئایدیولۆژیاو بزوتنەوەدا خۆی بگونجێنیو لەناو بەرژەوەندیەکانی خۆیدا جێگای بکاتەوە. بۆیە ئیسلام وەکو یەکێک لە ئایدیۆلۆژیاکانی چینی بۆرژوازی و ئیسلامی سیاسی وەکو یەکێک لە بزوتنەوە سیاسیو کۆمەلایەتیەکانی ئەوچینە لەو وولاتانەدا کە بەوولاتانی ئیسلامی ناوزەد دەکرێن، لەپال ئایدیۆلۆژیاو بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی دا جێگای هەیە.

بەلام ئیسلامی سیاسی، بزوتنەوەیەکی بۆرژوایی لەرادەبەدەر کۆنەپەرستو کۆنەپارێزە. ئەم بزوتنەوەیە بەتایبەتی لە دەورانی قەیرانو ئەزمەی بۆرژوازیداو لە هەلومەرجی بێ ئەلتەرناتیڤی بۆرژوازیو شکستی بزوتنەوەو ئەلتەرناتیڤی ناسیۆنالیستیدا سەر راست دەکاتەوەو بۆرژوازی وەکو بەدیلێکی چینایەتی خۆی دەستی بۆدەبات. هەلبەتە، بەهۆی خاسیەتی سیستەمی بۆرژوازیەوە لەو وولاتانەی کە بە وولاتانی ئیسلامی ناوزەد دەکرێن، و بەشێوەیەکی گشتیتر لەو وولاتانەدا کە لە دابەشکردنی جیهانیی سەرمایەدا دەکەونە مەلبەندی کاری هەرزانەوە* بزوتنەوەکانی دیکەی

بۆرژوازی وەکو لیبرالیزمو دیموکراسیو...تاد ئەو هێزو جێگاوڕێگایەیان نیە لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا. بەوجۆرە لە کۆمەڵگا بەناو ئیسلامیەکاندا، بۆرژوازی بە پلەی سەرەکی دوو بزوتنەوەی سیاسی لەخۆی هاویشتۆتە دەرەوە کە ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسین.
هەڵبەتە بە درێژایی مێژوویی سەرمایەداری لەم وڵاتانەدا، لە چەند حاڵەتێکدا نەبێ، ئیسلامی سیاسی نەیتوانیوە وەکو بەدیلی دەسەڵاتی سیاسی خۆی نیشان و تەرح بکات. بێگومان لە کۆمەڵگای کوردستاندا ئەو دەرفەتەشی زۆر کەمتر دەبێتەوە، لەبەرئەوەی ئیسلامی سیاسی هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵ ویستو ئومێدو خواستە بەرهەقەکانی خەڵکی کوردستانو لەگەڵ تەوەقوعاتی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیو شارستانی ئەواندا نییە. ئیسلامی سیاسی بە هەموو باڵو جۆرەکانیانەوە بە هیچ خەتو داوێک بە دژایەتیکردنی ستەمی نەتەوایەتیەوە دژی خەڵکی کوردستان نابەسترێنەوە. نەک هەر ئەمە بەڵکو خۆیان بەدرێژکراوەی بزووتنەوەیەکی پان ئیسلامیستی دادەنێن کەسەرێکی دەوڵەتی دژی بەشەریو سەرکوتگەری ئیسلامی ئێرانەو سەرێکی دیکە دەوڵەتی کۆنەپەرستو رەگەزپەرستی تورکیاو شێخنشینەکانی کەنداون!
ئیسلامی سیاسی رەوتێکی کۆنەپەرستو دژی کرێکاریو دژی ئازادیخوازیو دژی کۆمۆنیستیو دژی یەکسانیخوازیە، کە بەشێوەیەکی کوێرانەو بە بەکارهێنانی بۆگەنترین فەرهەنگو بە دڕندانەترین شێوە ململانێی سیاسی خۆی لەناو کۆمەڵگادا دەباتەپێشەوە. لەگەڵ هەرجۆرە پێشرەویەکیدا سەرجەم کۆمەڵگا بەرەو تاریکستان دەبات، بەها مرۆییەکان لەریشەوە دەردەکێشێتو هەرجۆرە سیمایەکی مەدەنیەتو پێشکەوتن لە کۆمەڵگادا لەبەین دەبات. دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی، تالیبانو عەرەبستانی سعودیە، دەسەڵاتی یەک ساڵەی ئیخوانەکان لە میسر، دەسەڵاتی ئیسلامیەکان لە سۆماڵو...... سەرەنجام دەسەڵاتو کردەوەکانی داعش نمونەیەکی زۆر ئاشکراو رۆشنن و شایستەن بۆ شێوازی دەسەڵاتو حاکمیەتی ئیسلامی سیاسی.

**مەترسیەکانی ئیسلامی سیاسیو داعشیزم بۆسەر کۆمەڵگا:**
ئەو هەلومەرجە سەختو بنبەستە سیاسیو ئابوریەی کوردستانی تێکەوتوە، ئەگەری ئەوەی هەیە پشێویو شێواوی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا بێنێ. نارەزایەتی خەڵک بەرامبەر بەفشارەکانی دەسەڵاتو حکومەتی هەرێم بۆسەر ژیانو گوزەرانیو فشارەکانی جەنگی داعشو قوربانیەکانی، لە هەلومەرجێکدا کە ئاستی رێکخراوبوونی جەماوەری لە نزمترین ئاستیدایەو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی بەپێی پێویست هەژمونی بەسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی زەحمەتکێشو

---

*/ مەڵبەندی هێزی کاری هەرزان: واتە ئەو وڵاتانەی کە سەرمایە تێیدا سەرباری زێدەبایی، دەتوانێ سوودی سەربار (الربح الاضافي) بەرهەم بێنێ، بەهۆی ئەوەی کە نرخی هێزی کار تێیدا بە بەراورد بە نرخی هێزی کار لە مەڵبەندەکانی دیکەی سەرمایە (وڵاتانی نێردەی سەرمایە) کەمترە. وڵاتانی نێردەی سەرمایە وەکو وڵاتانی ئەوروپیو ئەمریکاو وڵاتانی مەڵبەندی کاری هەرزان وەکو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستو وڵاتانی خوارووی ئاسیاو ئەفریقاو بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەمریکای لاتین.

کەمدەرامەتو توێژە بێبەشەکانی کوردستاندا نیە، ئەگەری ئەوەی هەیە بەشێوەیەکی نارێکخراوو خۆرسکو بگرە لەباری سیاسیەوە بێ ئاسۆیەکی رۆشن بتەقێتەوە. لەوبارەدا دوورنیە گروپەکانی ئیسلامی سیاسی خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو نارەزایەتیو جوڵانەوانەو بە ئاقاری بەرژەوەندی خۆیاندا بیانبەن، کۆمەڵگا بەرەو گێژاو و ئاشوب بەرن، بەرەیەکی پشتەوەی داعش لەناوخۆی کوردستاندا بکەنەوەو بکەونە گیانی کۆمەڵگاو هەرچی سیمایەکی مەدەنیو مرۆڤدۆستانەو پێشکەوتنخوازانەیە.

نمونەکانی سوریاو لیبیاو یەمەن، نمونەی یەجگار روونو بێخەوشن بۆ دەرخستی دەورو پیلانی ئەو رەوتە ئیسلامیانە لەحاڵەتی تێکچوونی بارودۆخی سیاسیو ئابوریو قوڵبونەوەی نارەزایەتی جەماوەر لەبەرامبەر دەسەلاتدا، کە چۆن لەرێگای خۆخزاندنە ناو ئەو نارەزایەتیانەوە ئەجندای خۆیان جێبەجێ دەکەنو کۆمەڵگاش تووشی کارەسات دەکەنەوە.

حەقانیەتی ئەم لێکدانەوەی ئێمە سەبارەت بە مەترسیەکانی ئیسلامی سیاسی بەئاسانی پێشبینی دەکرێ کاتێک ئەو راستیانەی خوارەوە بهێنینە پێشچاوی خۆمان:

مەریوان نەقشبەندی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستانی سەر یەکێتی نیشتمانی لەمانگی شوباتی ئەمساڵدا ئەوەی درکاند کە:

- ژمارەی مزگەوتەکان لە کوردستان ٥٢٠٨ مزگەوتە. کە لەهیچ شوێنێکی دنیادا لە روبەرێکی جوگرافی بەقەدەر کوردستان ئەوەندە مزگەوت نیە.
- ژمارەی ئەو مزگەوتانەی ووتاری هەینیان تێدا دەدرێت ٢٨٠٠ مزگەوتە.
- ١٠% مزگەوتەکان پەرە بە توندرەوی ئیسلامی دەدەن و داعش پەروەردە دەکەن. واتە لە ٢٨٠ مزگەوتدا داعش بەرهەم دەهێنرێت!
- ١٠٠ کەناڵی میدیایی( سەتەلایت، تەلەفزیۆن، رادیۆ، سایتی ئینتەرنێتیو....) لە کوردستان لەلایەن ئیسلامی سیاسیەوە بەڕێوەدەبرێن.
- موجامەلەی لەرادەبەدەری ئیسلامیەکانو مەلاکان دەکرێت لەبەرخاتری کۆکردنەوەی چەند دەنگێک!

هەروەها بەپێی راگەیاندنی جەعفەر ئیمنکی قسەکەری سەرکردایەتی پارتی زیاتر لە (٥٠٠) کەس لە کوردستانەوە چوونەتە ناو داعش. هەروەها داعش خۆی وێنەی ٥٣ کەس لەوانەی لەناو داعشدا کوژراون بڵاوکردەوە. ئەمە تەنها ئەو ژمارەیەیە کە بەرەسمی چوونەتە ناو هێزە چەکدارەکانی داعشەوە، بێگومان دە ئەوەندەی دیکەش لەناو کوردستاندا ئامادەن کە رۆژانە فکری داعش پەرە پێبدەنو داعشی تازە بەرهەم بهێننو یان رەوانەی ناو داعشی رەسمی بکەن یان لەکاتی خۆیدا بەرەکانی شەڕی داعش بن لەناوخۆدا!

ئێستا ئاسانە تەسەوری مەترسیەکانی داعش بکرێ.

## ٢/ راسیزمی کوردی:

هۆکارو بنەماکانی سەرهەڵدانو گەشەی راسیزم لە کوردستان؛ خوێندنەوەیەکی مێژوویی:

## داعش و ڕاسیزمی کوردی

راسیزمی دژی عەرەب لە کوردستان، لە دەورانی دەسەلاتی بۆرژوا- ناسیۆنالیستو شۆڤێنیستی بەعسداو سەرباری ستەمی ئەو دەسەڵاتە رەگەزپەرستە عەرەبیە دژی خەڵکی کوردزمان، مەیلێکی لاوازو بێ ئیعتباربوو لەناو خەڵکی کوردستاندا. تەنانەت هیچ کام لە حیزبە ناسیۆنالیستەکانیش بە ئاشکرا پڕوپاگەندەیان بۆ ئەو جۆرە لە فکرو ئایدیۆلۆژیا نەدەکردو بگرە بەرەسمی شانازییان بەوەوە دەکرد کە بزوتنەوەی کوردایەتی بزوتنەوەیەکی سیاسی "پێشکەوتنخواز"و دژی راسیزمو رەگەزپەرستیە. بەڵام دوای روخانی رژێمی بەعسو دامەزراندنەوەی دەسەلاتی سیاسی عێراق لەسەر بنەمای دابەشکردنە نەتەوەیی‌و ئاینی‌و مەزهەبیەکان، مەسەلەی پیرۆزکردنی نەتەوەی کورد و بەها نەتەوەیەکان‌و هاندانی مەیلی دژە عەرەبو رەواجدان بە فکرو بۆچوونە رەگەزپەرستیەکان دژی عەرەب لە کۆمەڵگای کوردستاندا رووی لەزیادبوون کرد و حیزبە بۆرژواییو دەسەلاتدارەکانی کوردستانیش لەونێوەدا نەخشیان هەبوو. ئەوان وەکو نوێنەری"کورد" لە دەسەلاتی سیاسی عێراقدا بەشداربوون‌و دەبوایە ئەم پێناسە نەتەوەیەی خەڵکی کوردزمان تۆخ بکەنەوەو پیرۆزی بکەن. شەڕکردن لەسەر بەشی بۆرژوازی کورد بەناوی بەشی خەڵکی کوردستان لەناو سیستەمی سیاسی‌و ئابووری و دەسەلاتی سیاسی عێراقدا، پێویستی بەوە بوو کە بەردەوام هانی بەرهەمهێنانەوەی فکرو ئایدیۆلۆژیا و بەها نەتەوەیەکان بدات. تەنانەت ئەم مەیلە دژی عەرەبیە بەو رادەیە گەیشتبوو کە کەسانێک بە ئاشکرا خۆشحاڵی بۆ کارەساتی خەڵکی ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراق دەربڕن‌و وەکو تۆڵەیەک بەرامبەر بە ستەمی سەر کورد تەماشای بکەن! بەرە بەرە گیانی پێکەوەژیان‌و هەڵکردنی نەتەوەیی جێگای بۆ پەرەسەندنی رقو کینەی دژ بەعەرەب لە ئاستێکی دیاریکراوداو لەناو بەشێکی کۆمەڵگادا چۆڵکرد. بێگومان رەوتە ئیسلامیو رەگەزپەرستە عەرەبیەکانیش لە دەورانی شەڕی تائیفی لە عێراقدا دەوریان هەبووە لە خۆشکردنی مەیلی دژی کوردو لەورێگایەوە هەوڵیاندوە دەسکەوتی سیاسی بۆ خۆیان بەدەست بێنن.

توندبوونەوەی کێشەو ململانێکانی نێوان بۆرژوازی کوردو بۆرژوازی عەرەب لەسەر دابەشکردنی دەسەلاتو بازاڕو داهات، کە لەسەر ئاستی سیاسیدا بەکێشەی نێوان حکومەتی هەرێم( بە سەرکردایەتی پارتی)و حکومەتی ناوەندی(دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی شیعە بە سەرکردایەتی حیزبی دەعوەو لیستی دەوڵەتی یاسا ) ناوزەد دەکرێ، ئەم مەیلە راسیستیەی بەرەو هەڵکشان بردو بە ئاشکرا پڕوپاگەندە بۆ بیروبۆچوونە رەگەزپەرستیەکانی دژ بەعەرەب دەکرا. ململانێ لەسەر خاوەندارێتی "ناوچە کێشە لەسەرەکان"و بەتایبەتی پارێزگای کەرکوک کە ناوچەیەکی گرنگی بەرهەمهێنان‌و یەدەکی نەوتی عێراقە لەنێوان بۆرژوازی کوردو عەرەبو نوێنەرە سیاسیەکانیان( حکومەتی هەرێمو پارتی بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندیو لیستی دەوڵەتی یاسا) گیانێکی نەتەوەیی بەبەرداکرا. تەنانەت کاربەوە گەیشت کە ئەحزابی دەسەلاتدارو بە پلەی سەرەکی پارتی بۆ سەرخستنی سیاسەتی خۆی لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا چەندینجار دەست بۆ هەڵخڕاندنی ئیحساساتی نەتەوەیی بباتو کارتی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بەرامبەر بە دەوڵەتی ناوەندی بەرزبکاتەوە. ئەم سیاسەتەشی بۆ ئەوەبوو کە دەمارگیری نەتەوەیی کوردی فووتێبکات تا وەکو فشار بۆ بەچۆکداهێنانی حکومەتی ناوەندی بەکاری بهێنێ نەوەک ئامانجەکەی

چارەسەری پرسی کورد بێت لەرێگای پرۆسەیەکی دیموکراسیەوە.
لەدوای هێرشی داعش بۆسەرکوردستان، مەیلی راسیستیو رەگەزپەرستی دژی عەرەب رووی لەهەڵکشانێکی دیکە کرد. لەلایەکەوە سروشتی داعش وەکو هێزێکی ئیسلامی سیاسی بە رەگێکی ناسیۆنالیزمی عەرەبیەوە، کاراکتەرێکی فاشیستانەو درندەو خوێنرێژی پێبەخشیوە کە لەئەنجامدانی هیچ تاوانێک سڵ ناکاتەوە. هێرشی ئەو هێزە بۆسەر خەڵکی موسڵو شەنگاڵو کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکو بەکەنیزەککردنی ژنانو کچانو فرۆشتنیان لەبازاری(نەخاسەدا)* و سەربڕینی دیلو پەلامارو هەڕەشەکانیان لەدژی خەڵکی کوردستانو هێرشی وەحشیانەیان بۆسەر ناوچە کوردنشینەکانی سوریاو بەتایبەتی کانتۆنی کوبانی، چەندقات کۆمەکی بەوەکرد، کە لەپاڵ رقێکی بەرهەق دژی داعشو تاوانەکانی لەناو خەڵکی کوردستانو بگرە ناوچەکەشدا، هاوکات مەیلی رق بوون لە عەرەب زیاتر بکات. چونکە بە هوشیاریەوە دەزگاو میدیاکانی کوردستان و بەتایبەتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی بەهوشیاریەوە پروپاگەندەی دژی عەرەبیان دەکردو بەهاوکارو پشتیوانی داعشیان ناودەبردن. تا لەم رێگایەوە بتوانن ماشێنی پروپاگەندەی نەتەوەیی وەگەڕبخەنو خەڵکی کوردستان لەپشتی خۆیانەوە ریزبکەن بۆ شەڕی داعشو ئەو هەموو نایەکسانیو بێمافیو بێمووچەییو بێکاریەیان بیربەرنەوەو بیانکەن بە سوتەمەنی ئاگری جەنگێک کە وەکو خێروبەرەکەت بۆیان باریبوو!
لەلایەکی دیکەوە، رووکردنی هاوڵاتیەکی زۆری عەرەبی سونە مەزهەب بەهۆی شەڕی داعشەوە بۆ شارەکانی کوردستان، کۆمەکی کرد بە بەرزبوونەوەی نەعرەتەی نەتەوەپەرستی کوردیو راسیزمی دژی عەرەبی. لەبەرئەوەی هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئاوارە کە نە حکومەتی بەغدا و نە حکومەتی هەرێم لەرووی دابینکردنی شوێنو گوزەرانەوە بەپێی پێویست هاوکارییان نەکردبوون، هەم نرخی کرێخانووی بەرەوسەر بردبوو، هەم فشاری لەسەر بازاری کاریش دروستکردبوو، کە قورسایی ئەو بارودۆخەش کەوتبوە سەر خەڵکی کەمدەرامەتو زەحمەتکێش کە خۆیان لەژێر فشاری بێکاریو بێمووچەییدا دەیانناڵاند.
ئەم هەلومەرجە لەپاڵ پروپاگەندەی گروپە راسیستەکانو میدیای راسیستی بۆرژوازی کورد و هەندێ دەزگاو دامەرزاوەی رەسمی سەبارەت بە ئاوارەکانو تۆمەتبارکردنیان بە کەسوکاری داعشو بگرە سیخوڕو هەواڵنێری داعشو تەنانەت کردنی ئەوان بەهۆکارو سەرچاوەی هەژاریو بێکاربوونو گرانبوونی بازاڕ، فکری راسیزمو کینە و رق لە عەرەب بەشێوەیەکی ترسناک رووی لەزیادبوون کردو کەشوهەوایەکی نالەباری بۆ ژیان و سەلامەتی ئاوارە عەرەبەکان لە شارەکانی کوردستان پێکهێنا.
بەمجۆرە راسیزم بەرەبەرە بووە پێویستیەکی ئایدیۆلۆژی پاکانەکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و بەتایبەتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگاو درێژەدان بە تەمەنی خۆی،

---

* / بازاری نەخاسە ؛ واتە ئەو بازاڕەی کە ژن و کچی بەدیلکراوی دوژمنەکان( کافرەکان)ی تێدا دەفرۆشرێتو نەریتێکی دەورانی قەبیلەکانی نیمچەدورگەی عەرەبو ئیسلام بووە.

بۆیە دەبێ وەکو ڕەوتێکی ترسناک تەماشاو مامەڵەی بکرێت کە سەرجەم سیما مرۆڤدۆستو بەها پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەکەدار دەکاتو لەنێوی دەبات .

**بنەمای فکری و پاکانە سیاسیەکانی راسیزمی کوردی.**

ناسیۆنالیزم وەکو بزوتەوەیەکی بۆرژوازی لەسەر بنەمای جیاکردنەوەو پیرۆزکردنی پێناسی نەتەوەییو ئەتنیکی گروپێکی مرۆییو خۆپەسەندی نەتەوەیی دامەرزاوە، بۆیە راسیزم لە فۆرمێکی هێمنو ئارامیدا بەشێوەیەکی گشتی لەناو فکرو بۆچوون و ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمدا هەیە. بەڵام لە هەلومەرجی دیاریکراودا ئەم ناسیۆنالیزمە تاڵو داوەکانی راسیزمەکەی ئەستورتر دەکات. بۆنمونە لە دەورانی ئەزمەو قەیرانو توندبوونەوەی ململانێکانی نێوان بەشو باڵەکانی بۆرژوازیدا، ناسیۆنالیزمی نەتەوەییش وەکو رەوتە فاشیست و راسترەوەکانی دیکەی بۆرژوازی بەپێی هەلومەرجەکە تەپو تۆزی سەر راسیزمەکەی دەتەکێنێو خۆی نمایش دەکات. لەو هەلومەرجانەدا دەسەڵاتی بۆرژوازی ناسیۆنالیست پێویستی بەوەیە کە بەسیج(تعبئە)ی نەتەوە لەدەوری سیاسەتەکانی بکاتو لەپێناو بەرژەوەندی بۆرژوازی نەتەوە بیانجوڵێنێو لە دژی دوژمنی بۆرژوازی غەیرەخۆیی ئاراستەیان بکات. بۆئەومەبەستە هەڵدەستێ بە چاندنو هاندانی رقو کینەی نەتەوەیی لە دژی نەتەوەی بۆرژوازی نەیارو دوژمنی! بۆنمونە لە کوردستاندا بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد پەنادەباتە بەر خۆشکردنی رقو کینەی نەتەوەیی دژی عەرەب.

راسیزمی کوردی هەوڵدەدات جانەوەرێکی نەخوارزاو لە عەرەب دروست بکات کە تەنها شایستەی قێزلێکردنەوەو پاکردنەوەو لەناوبردنن! بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا کە ژمارەیەکی بەرچاو ئاوارەی عەرەب پەنایان بۆ خەڵکو شارەکانی کوردستان هێناوە، ئەم راسیزمە ترس لە عەرەب گەورە دەکات و وەکو مەترسی بۆ تەعریبکردنی کوردستان دەیناسێنێ. لەجیاتی ئەوەی باوەشی مرۆڤدۆستانە بۆ ئەو ئاوارانە بکاتەوە، وەکو سەرچاوەی گرفتە ئابوری و سیاسیەکان و وەکوهۆکاری تێکدانی پێکهاتەی دیمۆگرافی* کوردستان سەیریان دەکات. سوکایەتیو پڕوپاگەندەی بریندارکەرانە دژی ئاوارەی عەرەب دەکات. ناتوانێو نایەوێ لە روانگەیەکی ئینسانیەوە سەیری کێشەکەیان بکاتو کە ئەو ئاوارانە خەڵکانیکی مەدەنینو بۆدەربازکردنی سەریان روویان لە کوردستان کردوەو پێویستە وەک مرۆڤ مامەڵە بکرێنو هاوکاری بکرین. بەپێچەوانەوە وەکو جەستەیەکی نامۆو مایەی گرفتو کێشەساز سەیریان دەکەن. راسیزمی کوردی بە ئاراستەکردنی سەرچاوەی هەموو بەڵاکانی سەر خەڵکی کوردستان بۆ خەڵکی عەرەب، راستەوخۆ دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو ستەمو ناهەقیەکانی بەرامبەر بە خەڵکی کرێکارو زەحمەکتێکش پینەو پاکانە دەکات.

راسیزمی کوردی دژی هەر جۆرە بیروبۆچونو بزوتنەوەیەکە کە بەرگری لە پێکەوەژیانو پێکەوە

---

*/ دیمۆگرافی : علم السکان؛ واتە ئەو زانستەی کە تایبەتە بە دانیشتوان

هەڵکردنی کوردو عەرەب بکات. ئەم جۆرە بیرو بۆچوونو رەوتە دژی مرۆییە تەنها بە دژایەتی عەرەبەوە ناوەستێو سەرجەم نەتەوەکانی دیکە و بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی کە لە گەڵیان دەژی ( فارسو تورک) بە بۆنەوەرێکی نەفرەتلێکراو تەماشا دەکات، چونکە هەموویان بە سەرچاوەی کارەساتو نەهامەتی بۆسەر کورد ناوزەد دەکات نەک دەسەڵاتە بۆرژواییەکانی ئەو وولاتو نەتەوانە! بەوجۆرە دژی خەباتی ئینتەرناسیۆنالیستیو هاوپشتی نێونەتەوەیی چینی کرێکار دەوەستێتەوە. بەبیانووی یەکریزیی نەتەوەوە دژی کۆمۆنیزمو هەر بیروباوەرێکی مرۆڤدۆستیو چەپ لەناوخۆی کوردستاندا دەوەستێتەوەو وەکو خائین بە نەتەوەو خزمەتکاری دوژمن تەماشاو مامەڵەیان دەکاتو دەیان ناسێنێ.
هەرجۆرە نارەزایەتی کرێکاری لە دژی دەسەڵاتی خۆماڵی بە خیانەت هەژماردەکاتو پاکانەی فکری بۆسەرکوتکردنیان دەکات. ئەگەریش دەستی بڕوات ئەوا سەرکوتیان دەکات یان گروپی چەقۆکێش بۆ نائارامکردنی کەشوهەوای نارەزایەتی خەڵکو سەلامەتی هەڵسوڕاوانی کرێکاریو کۆمۆنیست و چەپ دروستبکەن.
هەڵبەتە بۆچوونێک هەیە کە راسیزمی کوردی دژی عەرەب وەکو کاردانەوەیەکی ئاساییو بگرە شەرعی دژی زوڵم و ستەمی نەتەوەیی و ناهەقیەکانی دەوڵەتی ناوەندیو بودجەبڕینو برسیکردنی خەڵکی کوردستان ناوزەد دەکاتو نەک لەبەرامبەریدا هەستیار نیە، بەڵکو دژایەتیکردنی راسیزم بە خزمەتکردن بە بەرەی دوژمن و داعش دادەنێت. ئەم بۆچوونە ئەو بنەماو ئاراستە فکریو سیاسیانەی راسیزمی کوردی، کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکردوون، لەبەرچاوناگرێت، بۆیە لەچوارچێوەی پاکانەی فکری راسیزمی کوردیدا دەخولێتەوە.

**مەترسیەکانی راسیزم بۆسەر کۆمەڵگا:**

راسیزم دەتوانێ کۆمەڵگا بۆ ناو کارەسات پاڵ پێوەبنێ، شەڕی کوردو عەرەب بەرپابکاتو دوژمنانی خەڵکی کوردستان لە بەرەی شۆڤینیزمی عەرەبیو ئیسلامی سیاسی عەرەبیو داعشدا بەهێزبکات، بیانوو بداتە دەستی بۆرژوازی عەرەبو رەوتو بزوتنەوە کۆنەپەرستە ئیسلامیو نەتەوەپەرستەکانی کە خەڵکی عەرەبزمان بکەنەوە بە گژ خەڵکی کوردستاندا. ئەمەش دەکرێ ببێتە مایەی ساڵەها خوێن لەبەررۆشتنی کۆمەڵگا. نمونەکانی لەمێژوودا کەم نین. روداوەکانی ساڵانی نەوەدەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات ؛ کۆسۆڤۆ، کرواتیا، سربیا، بۆسنە* و هەروەها کارەساتەکانی راوەنداو شەڕی تائفی جەندین ساڵەی عێراق، نمونەکانی کوشتاری خەڵکو بەکوشتدانیانن بەدەستی یەکتری لەلایەن بزوتنەوە کۆنەپەرستو دژی بەشەریەکانی بۆرژوازی.
هێرمان گۆچ، "تیۆریسیەنی نەژاد"ی نازیەکان لەساڵی ١٩٣٣ دا دەنوسێت: "باڵندە کە دەتوانرێ باشتر لە ئاژەڵەکانی دیکە فێری قسەکردن بکرێ لەبەرئەوەیە کە پێکهاتەی دەمیان بەشێوەی

*/ لە بۆسنە ٣٥٠٠٠ ژن دەستدرێژی کرایەسەر، لە یوگوسلاڤیا ١٤٠ هەزار کەس کوژرا، لەراوەندا ٨٠٠هەزار کەس کوژران، لە عێراق و بەهۆی شەڕی تائیفیەوە سەدان هەزار کەس کوژراون...

نۆردیکیە".*

هیتلەر سەبارەت بە جولەکە دەڵێ: "بەرجەستەبوونی شەیتان وەکو هێمای هەرچی خراپەیە لە پەیکەرێکی گیانداری جولەکەدا دەردەکەوێ."

ئەم جۆرە ڕوانینە خۆبەزلزانو خۆپەسەندیە میللیەی تیۆریسیەنو بیرمەندانی نازیو هیتلەری سەرکردەی نازیەکان بوو وەکو بەشێک لە پێکهاتەی فکریو پاکانەی ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی ئەڵمانی لە دەورانی هەڵایسانی شەڕی جیهانی دووەمدا، کە سەری کێشایە کاولکاریو شەڕێکی ماڵوێرانکەرو کۆمەڵکوژی پۆڵۆنیەکانو کۆمۆنیستەکانو جولەکەکانو کارەساتی هۆلۆکۆستی لێکەوتەوەو کۆمەڵگای ئەڵمانیاشی وێرانکرد.

لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا کەمال کەرکوکی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی باسی مەترسی ئاوارە عەرەبەکانی دەکرد لەسەر گۆڕینی دیموگرافیای کوردستانو پێشنیاری ئەوەی دەکرد کە نابێ لەناو شارەکاندا بڵاوببنەوە. بیانووەیەکەی ئەوە بووکە "ئێمە دەوڵەت نین تا مەترسی تەعریبمان لەسەر نەبێ، بۆیە دەبێ لە ئۆردوگادا دابنرێن". بەڵام بیانووی دەوڵەت نەبوون ڕاسیزمەکەی کەمال کەرکوکی پاکانە ناکات، چونکە لە ئەوروپاشدا کە چەندین دەوڵەتیان هەیە، ڕاسیزم هەمانجۆر خەڵکی غەیرە خۆیی بە سەرچاوەی کێشەکان و بێکاریو پیسکردنی کەلتوری وڵاتەکانیان دادەنێنو خوازیاری دەرکردنیانن. بێگومان ئەم ڕاسیزمە سەرباری هەوڵی کێشکردنی جەماوەری کرێکارو بێبەشی (کوردزمان) بۆ ژێر سیاسەتو ستراتیژی سیاسیو ئابوریو بگرە جەنگی بۆرژوازی خۆماڵی، هاوکات لەبەری ئەوبەریش ئاشی دوژمن(واتە بۆرژوازی عێراقی بەشێوەیەکی گشتیو لەئێستاشدا داعش) دەگێڕێ، چونکە بەهۆی بە دوژمنکردنی سەرجەم ئەندامانی نەتەوەی عەرەبەوە، کرێکارو زەحمەتکێشیش لەوبەری بەرەی شەڕەکەوە دەخاتە پاڵ بۆرژوازی عەرەب بە هەموو ڕەوتو بزوتنەوەکانیەوەو لە ئێستادا بەدیاریکراوی دەیخاتە پاڵ داعشەوە! ئەوە سەرەڕی دانی بیانوو بەدەستی ڕەوتو گروپە ڕەگەزپەرستو فاشیستە ئیسلامیو نەتەوەپەرستە عەرەبیەکانەوە بۆ کوشتاری خەڵکی کوردزمانی ناوچە عەرەبنشینەکان لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان! بەوجۆرە ئاگرێکی نەبراوەی شەڕی نەتەوەیی لەنێوان کرێکارانو خەڵکی بێبەشو زەحمەتکێشی هەردوو نەتەوەدا بەرپادەکاتو قوربانیەکان لەوان دەچنێتەوە. هەروەکو مەترسی ئەوەی لێدەکرێ کارەسات دژی ئەو ئاوارە عەرەبانە بخوڵقێنێ کە هاتونەتە کوردستانەوە، بەتایبەتی کە ڕۆژدوای ڕۆژ میدیاو کەسایەتی ئەحزابی دەسەلاتداری بۆرژوازی کورد بەئاشکرا پروپاگەندەی دژی عەرەب بڵاودەکەنەوەو پەرەی پێدەدەن.

مەترسی ئەم ڕاسیزمە هەر بە ئاوارەی عەرەبەوە ناوەستێ، یان تەنها ماشینێکی پڕوپاگەندەی جەنگی نابێ بۆ دوبارەو چەندبارە بەرهەمهێنانەوەی کەرەستەکانی جەنگی بۆرژوازی کوردی، بەڵکو هاوکات لەناوخۆی کوردستانیشدا دەبێتە پاڵپشتێکی فکریو سیاسی بۆ دەسەڵاتی بۆرژوازی خۆماڵی بۆ سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی نارازی و هەربزوتنەوەیەکی ئینساندۆستو ئازادیخوازو

---

*/ نۆردیکی: زمانی خەڵکی باکوری ئەوروپایە

هەرجۆرە خواستێکی کرێکارانو جەماوەری زەحمەتکێشو سەپاندنی فکرو دەسەڵاتی بۆرژوا-ناسیۆنالیستی-بنەماڵەیی کوردو حزبەکانی ئێستای.

**چۆنیەتی رووبەرووبوونەوەی داعشیزم و راسیزمی کوردی:**

بەهۆی ئەوەی کە پەرەسەندنی دیاردەی راسیزم لە کوردستان بە پلەی سەرەکی ئاکامێکی راستەوخۆی جەنگی داعش و ئەو گرفتە ئابورییە کە بەهۆی ئەو شەڕەوە یەخەی خەڵکی کوردستانی گرتوەو هەروەها ناسیۆنالیزمی کورد وەکو پاکانەیەکی فکری و سیاسی بۆ خۆشکردنی ئاگری شەڕەکەیان پێویستیان پێیەتی، هەروەها هەر لەم هەلومەرجەدایە کە داعشیزم و داعشی ناوخۆ(واتە رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی)وەکو هێزێکی رەخنەگرو گوایە پشتیوانی خەڵکو نارەزایەتیەکانی خۆیان هەڵدەخەنو سەریان بەرزکردۆتەوە، بۆیە چارەسەری هەردوو ئەو مەسەلەیە تارادەیەکی زۆر پێکەوە گرێیان خواردوە پێکەوە دەتوانرێ ئەنجام بدرێ.

هەڵبەتە دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە باسکردنی ئەم دوو مەسەلەیە لەلایەن منەوە، بەو مانایە نیە کە ئەم دوو پرسە لەحاڵی حازردا بەهەمان رادەو هەمان ئاست مەترسیان لەسەر کۆمەڵگای کوردستان دروستکردوە، بەڵام بڕواشم بەوە نیە کە لەبەرئەوەی ئیسلامی سیاسی و د اعشیزم لەرووی ئامادەییو توانا تێکدەرانەکەیەوە زۆر مەترسیدارترن لەسەر کۆمەڵگای کوردستان، ئیتر مەترسیەکانی راسیزم بە کەم بگرینو خۆمان بۆ رووبەروبوونەوەی ئامادە نەکەین. راسیزم ئەگەر هەوسار بپچڕێنێو بەتایبەتی ببێتە سیاسەتی رەسمی و راگەیەنراوی ئەحزابە دەسەڵاتدارە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان دەتوانێ کارەساتی گەورە بنێتەوە.

**کەواتە چی بکرێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعشیزمو راسیزمی کوردی!؟**

هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە  تایبەتمەندیەکانی ئەم دەورەیەو مەترسیەکانی بناسینو ئامادەبین بۆ بەرەو رووبەروبونەوەی. نەناسینی بارودۆخەکەو خەمساردی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەتوانێ ئاکامەکەی گیرخواردن بێت لەناو کارەساتدا!

وەکو "مارتین نیمولەر" کە قەشەیەکی ئەڵمانی بوو وە لە کۆتا ساڵەکانی دەسەڵاتی هیتلەردا بۆماوەی ٧ ساڵ لە کەمپی دەستبەسەرکردندا مایەوە، دەڵێ:

یەکەمجار هاتن بۆ سۆشیالیستەکان قسەم نەکرد، چونکە سۆشیالیست نەبووم.

پاشان هاتن بۆ یەکێتیە کرێکاریەکان قسەم نەکرد، چونکە  من ئەندامی یەکێتیە کرێکاریەکان نەبووم پاشان هاتن بۆ جولەکەکان قسەم نەکرد، چونکە جولەکە نەبووم

دواتر هاتن بۆ من بەڵام کەس نەمابوو کە قسە بکات.

کەواتە بارودۆخەکە بەوجۆرەیە کە ناکرێ بە خەمساردیەوە مامەڵە بکرێت. پێویستی بەوەیە کە سەرجەم ئەوکەسانەی دەیانەوێ کۆمەڵگا بەو ئاقارەدا نەڕوات، لێبڕاوانە کاربکەین. لەوبارەوە:

**یەکەم: خۆمان رێک بخەین و هێزمان یەکگرتوو بکەین: چۆن؟**

١. چەندین ریکخراوی جۆراوجۆر بۆبەرگری لە سیکولاریزم و دژی راسیزم دروست بکەین...
٢. پەیوەندیەکی خەباتکارانە بە ئامانجی کاری هاوبەش لەنێوان ئەو کەسایەتی و رێکخراوانەدا دروست بکرێت کە لەو دووەمەیدانەدا کاردەکەن‌و دروست دەبن.
٣. هەول بدەین بۆ بەهێزکردنی تواناکانی جەماوەر بۆ بەرگری لە خۆی و لە خواستەکانی. بەرگریکردن لەهەر هەولێکی کرێکاران و کارمەندان و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگای کوردستان بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانیان.
٤. بەرگریکردن لەهەموو هەولێک بۆ بەرینکردنەوەی دامێنی ئازادیەکان بەگشتی‌و ئازادیە سیاسیەکان و پێشگرتن بەهەر هەولێک بۆ بەرتەسککردنەوەی لەژێر هەر بیانویەکدابێت وەکو پیرۆزیە نەتەوەیی‌و نیشتمانی و ئاینیەکان.
٥. بتوانین هێزیکی ئەوتۆی فراوان سازبدەین کە توانای کاریگەری دانانی هەبێت لەسەر بڕیاری سیاسی لە کوردستان. ئەم بەرەیە، بەرەیەکی فراوانە ئەگەر بتوانێ لەسەر ئەم مەسەلە جەوهەریە کۆبێتەوەو مامەڵەیەکی دروست و مودێرنی جیاوازیە سیاسی و فکریەکانی بکات.

**دووەم؛ بۆئەوەی فشار بۆسەر حکومەت بهێنین بەمەبەستی بەرگرتن بە هەڵسوڕانی رەوتە راسیستی و داعشیەکان، لەرێگای:**

١. فشار بۆسەر حکومەت بهێنرێت کە دەستبەرداری موجامەلەی ئیسلامیەکان بێت‌و بەهیچ جۆرێک هاوکاریی مالی‌و سیاسی گروپە ئیسلامیەکان نەکات. سەرچاوەی دارایی ئەو رێکخراوە ئیسلامیانە بۆ دەوڵەت ئاشکرابێت.
٢. بەرزکردنەوەی خواستی هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی ئەوقاف. نابێ هاوکاری مالی هیچ دامەزراوەیەکی دینی بکرێت. لەجیاتی ئەوە پارەکەی بۆ خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و نەخۆشخانەو قوتابخانەو باشکردنی ژیانی کەمدەرامەتان بەکاربهێنرێ.
٣. دامەزراوە دینیەکان بەدامەزراوەکانی ئاینی ئیسلامیشەوە، دەبێ لەژێر چاودێری گشتی و دەوڵەتدا بن. رێگا بە کۆبونەوە و وتاردانی سیاسی‌و مەوعیزەی فکری‌و هاندان لەلایەن مەلایان و کادرانی رەوتە ئیسلامیەکانەوە نەدرێت لەناو مزگەوتەکاندا. رێگا بگیری لە بردنی منالان بۆ ناو مزگەوت و کۆبونەوەکان و مەوعیزەخوێندنەکان‌و وەکو دەستدرێژی بۆسەر مافی منال تەماشابکرێ‌و بە تاوانی قورس هەژماربکرێت‌و ئەوانەی ئەنجامی دەدەن سزای قورس بدرێن.
٤. دەبێ فشاربخرێتەسەر دەسەلات کە ئەولەویەت بدات بە باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک. موچە دابین بکات بۆ کارمەندان و کرێکارانی کەرتی گشتی. بیمە بۆ بێکاران دابین بکات.خزمەتگوزاری تەندروستی و پزیشکی‌و خزمەتگوزاری شارەوانی بە خۆرایی یان بە پارەیەکی رەمزی بۆ سەرجەم هاولاتیانی کوردستان و بەتایبەتی توێژە

کەمدەرامەتەکان دابین بکات.

٥. ئازادی بێدینی لەکوردستان رابگەیەنرێ. دینی ئیسلام وەکو سەرچاوەی یاسا هەڵوەشێتەوە. ئینتمای دینی کەسەکان لەسەر پێناسی کەسێتی لاببرێت. کۆمەڵگا لەسەر بنەمای یاسای مۆدێرن وجارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ و یاسای پێشکەوتووی دنیا ساز بدرێتەوە.

٦. پەرە بە لێکۆڵینەوەی فکری ئازاد بدرێ و ئیمکاناتی بۆ سەرف بکرێ لەلایەن حکومەتەوە. پەرە بە کردنەوەی ناوەندی رۆشنبری بدرێ. هەڕەشەو گوڕەشەی مەلاکان و ئیسلامیەکان لەسەر خەڵک و لەسەر رەخنەگرانی ئاین وەکو تاوان تەماشابکرێو لێپێچینەوەی یاسایی بکرێ بەرامبەریان. هەر مەلایەک و ئیسلامیەک بانگەشەی هەرەشەو توندوتیژی کرد دەستگیرو زیندانی بکرێ.

٧. هەر دەزگایەکی راگەیاندن بانگەشەی بۆ راسیزم و ئەفکاری راسیستی کرد سزابدرێ. کوردستان وەکو وڵاتێکی هاونیشتمانیانو دانیشتوانی بناسێنرێت و مۆرکی نەتەوەیی لێنەدرێ. هەرجۆرە جیاوازی و جیاکردنەوەیەک لەسەر بنەمای نەتەوەو زمان لە یاساکانو لە بواری پەروەردەو فێرکردندا قەدەغەبکرێ.

**سێهەم؛ لەپاڵ فشارەکاندا بۆسەر حکومەتو دەسەڵات، خۆمان لەباری فکریو لەباری عەمەلیەوە روبەرووی هەر جموجوڵێکی لەوجۆرە لە لایەن داعشە نارەسمیەکان و راسیستەکان ببینەوە، ؛ تەنانەت ئەگەر پیویست بکات روبەروویان دەبنەوە؛**

١. لەبەرامبەر راسیزمی کوردیدا دەبێ بەرگری لە هەویەی ئینسانی بکەین. روخساری جوانی کۆمەڵگای کوردستان بەرامبەر بە ئاوارەی عەرەبو خەڵکانی دیکە گەشە پێبدەین و بدرەوشێتەوە. دەبێ حەملەی هوشیارکردنەوە بەرێ بخەین دژی راسیزم. ئەوانەی پەرە بەراسیزم دەدەن ریسواو تەریکیان بکەینەوەو وەکو کارەسات بۆسەر کۆمەڵگای کوردستان بیان ناسێنین. دەبێ حەساس بین بەرامبەری و تەنانەت لەکاتی پێویستدا بەرەنگاری راسیستەکان ببینەوە..

٢. پێویستە لەباری فکریەوە رەخنە لە بنەماکانی فکری داعش بگیرێت کە سەرچاوەکەی دینی ئیسلامە. نابێ ئاینی ئیسلام وەکو شتێکی پیرۆز سەیر بکرێ. دەبێ ئەو مەقولەیەی کە دەڵێ "زۆربەی خەڵک موسڵمانەو دەبێ رێز لە بۆچون و هەستی دینی خەڵک بگرین" وەکو هۆکارێک بۆ داسەپاندنی سەرکوتی دینی و فکری و سیاسی سەیری بکەین. ئەگەر رەخنەی ئازادانە لە دینی ئیسلام نەگیرێ، ئەگەر بنەماکانی ئەم دینە وەکو سەرچاوەی پاراستنی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و جیاکاری کۆمەڵایەتی نەدرێتە بەر رەخنە، ناتوانین جەنگی داعش بکەین.

٣. راسیزم و ئیسلامی سیاسی دوو بزوتنەوەی لەرادەبەدەر کۆنەپەرستو دژی ئینسانی بۆرژوازین کە لە دەورانی قەیرانە ئابوری و سیاسیەکاندا فرسەتیان بۆ دەکرێتەوەو

دەتوانن مەترسی جدی بۆسەر کۆمەڵگا دروست بکەن. دەبێ حەملەیەکی فکری سیاسی لەدژی ئەو دوو بزوتنەوەیە بەرێ بخرێت، کە چۆن کۆمەڵگا بەرەو کارەسات دەبەن. دەبێ هەوڵ بدەین تەریک بکرێنەوەو لەناو کۆمەڵگادا بێکاریگەر بکرێن.




**ڕێبوار ئەحمەد**
rebwarah@yahoo.com


# جەنگی ناشێلگیرانە دژی داعش

داعش وەکو هێزێکی دڕندەی ئسلامی مستەحەقی تەفروتونابونە. هەر هێزێک بیەوێ شێلگیرانە ئەم کارە بکات، لەوانە ئەگەر ئەمریکای سەرکردەی جیهانی تیرۆریزمی دەوڵەتیش بێت، وە ئەگەر بەپێی مەرام و ئامانجەکانی مستەحەقی پشتیوانیش نەبێت، لانی کەم نابێ خودی جەنگەکەی سەرکۆنە بکرێت. بەڵام ئەمریکا نایەوێ ئەم کارە بکات و پێشتر باسمان کردوە، ئەو خۆی داعشی خوڵقاندوەو ئێستاش تەنها یاریەکی سیاسی بەم مەسەلەیەوە دەکات. لە پێشدا بە لێدان لە پشتی داعش لە ریگای بریکارە ناوچەیەکانی و پاشانیش بە هەڵکردنی ئالای فریوکارانەی "شەڕی تیرۆریزم" ئەم کەیسە بەکاریدەهێنێت بۆ بردنەپێشی سیاسەتی خۆی لە عیراق و سوریا و گشت رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەمەبستی کورتکردنەوەی دەستی رەقیبە ناوچەیی و جهیانیەکانی لە ساحەی سیاسی عێراق و ناوچەکە و هەروەها ئارایشتدانەوەی هێزهاوسەنگی و دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق و سوریا بە قازانجی هێزەکانی گوێڕایەڵی خۆی. تەنها لەم ئاست و چوارچیوەیەشدا جارێک قوتکردنەوەی داعش و جاریکیتر فرۆفیشاڵی "جەنگ لە دژی تیرۆریزم" و لێدانی داعش بۆ ئەمریکا جێگا پەیدا دەکەن. بەم جۆرە توانیویتی دەوڵەتانی غەربی لە پشتی سیاسەتاکانی خۆی ریزبکات. حکومەتی عێراقیش چ بە مالکی و چ بە عەبادیەوە زۆر بودەڵەترە لەوەی چاوەڕوانی شەڕی تێکشکاندنی داعشی لێبکرێت. ئەو لەبنەڕەتەوە خۆی جۆرە داعشێکی ترە . بە سیاسەت و کارکردی ئەم چەند ساڵەی وەکو حکومەتێکی بورژوازی سەرکوتگەر ناسیۆنالیستی-تائیفەگەری ئیسلامی شیعە و دەسکەلایەکی جمهوری ئیسلامی، بە سەپاندنی بێمافی و ستەم و سەرکوت لە کۆمەڵگای عێراق و پیادەکردنی سیاسەتی ئاپارتایدی تائیفی و سەپاندنی ئابلۆقە ونانبڕین بەسەر خەڵکی کوردستاندا، رۆڵی گەورەی گێڕاوە لە قوڵکردنەوەی ناکۆکی و کێشمەکێشە قومی و تائیفیەکان و بەم جۆرەش تەنانەت لە مەیداندارکردنی خودی داعشدا، کە کەڵکی لەم ناکۆکی و

ئاپارتایدە تائیفیە وەرگرتوە.
بەڵام بابزانین جەنگی حکومەتی هەرێم لەم بارەیەوە چ جێگاوڕێگایەکی هەیە؟ چەند مانگێکە شەڕی نێوان حکومەتی هەرێم و داعش لە ئارادایە. هەرجارەی لایەکیان ئەوی تریان لە چەند ناوچە رادەماڵێ، بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەک لە کۆتایی و ئاکامی ئەم شەڕە دیاربێت، تا رادەی ئەوەی خەڵک ماندوبون لە بایەخدان بە هەواڵەکانی ئەم راوڕاوێنە. لە ١٠ی حوزەیرانەوە کە داعش موصل و ناوچەیەکی زۆری عێراقی خستوەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوەو دوای ئەوەش بۆ چەند ناوچەیەکی تری کوردستان پێشرەوی کردوە، تا ئێستا لە هەندێک جێگا لەوانەی کە دوای ١٠ی حوزەیران دەستی بەسەردا گرتبوو وەدەرنراوە، بەڵام هیچ ناوچەیەک لەوانەی لێنەسەندراوەتەوە کە تا ئەوکات دەستی بەسەردا گرتبوو. بەم جۆرە بەرئەنجامی ئەم چەند مانگە لەشەری ئەم دوولایەنە بووە بەوەی کە چەند ناوچەی تازە وەکو شنگارو چەند شارو روبەری تر ...بکەوێتە دەستی داعش. لەم جەنگەشدا هەردولایان "قارەمان" و سەرکەوتوو دەرهاتوون. داعش لەبەرامبەر پەلاماری هاوبەشی هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم بە پشتیوانی بۆمبارانی خەست و بەردەوامی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی نەک هەر خۆیان راگرتوە بەڵکو کەم تا زۆر پێشرەویشیان کردوە. حکومەتی هەرێمیش بە زیادەڕۆییەکی لەرادەبەدەرەوە خۆی بە خاوەنی ئەو سەروەریە دەزانێ کە بەزەبری هێزی پێشمەرگە نەک هەر سەروماڵی هاوڵاتیانی کوردستانی پاراستوە، بەڵکو هەموو جیهانی قەرزاری خۆی کردوە، چونکە "لە جیاتی هەموو جیهان شەڕی تیرۆر دەکات". بەڵام هیچ ئاسۆو نیشانەیەکی ئەوە دیارنیە کە ئەم شەڕە تاکەی بەم جۆرە بەردەوامدەبێت و بە چ ئەنجامێک دەگات؟
هەڵبەت هیچ لایەکی ئەم شەڕە تا ئێستا بێدەسکەوت نەبوە. هەرچەندە لە شەنگارو گوێرو جەلەولاو سەعدیە و قەرەتەپەو...ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سیڤڵ بوون بە قوربانی، سەدان هەزار کەس روبەروی مەرگەساتی ئاوارەیی بون و هەزاران کچ و ژن لە بازاڕی نیکاحی جیهادی ئیسلامیدا جەهەنمیان پێنیشاندرا، بەڵام حکومەتی هەرێم بە ئەندازەی پێویست پشتیوانی سیاسی و سەربازی و لۆجستی و پول و پارەی پێگەیشتوە و هێزەکانی خۆی پرچەک کردوە. بواری ئەوەی بۆ رەخساوە لە جەرگەی هەلومەرجێکی تازەی ناوچەکەو لە چوارچێوەی نەخشەی سیاسی ئەمریکاو غەربدا جێگاپێیەکی تازە پەیدابکاتەوە. چ هاتنەناوەوەی داعش و چ جەنگ دژی داعش دەرگایەکی بۆ کردوەتەوە کە لە کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقیشدا سەنگێکی قورستری هەبێت. هاوکات بەهانەی ئەوەی دەسکەوتوە کە خۆی لە هەرجۆرە بەرپرسیارێتیەک بەرامبەر خواست و مافەکانی خەڵک بدزێتەوە. دەسکەوتی داعشیش دیارە چ لەرووی دەرکەوتنی سیاسی و دەسەڵات پەیداکردنەوە و چ لەرووی غەنیمەتی گەورەی شەڕی فتوحاتی ئیسلامی لە چەک و پارەو ژن بۆ هەوەسبازی ئاژەڵانەی ئەمیرەکانیان. لەم نێوەدا خەڵک هەم دەبێ قەرزارباری ئەوەبن کە گوایە سەروماڵیان پارێزراوەو هەم دەبی بە بەهانەی هەلومەرجی جەنگەوە مەحروم و خامۆشبن.
بەڵام پێش ئەوەی لە باسی لیکۆڵینەوەو قەزاوەت دەربارەی ناوەرۆک و ئامانجەکانی ئەم شەڕە زیاتر برۆینەپێش، ئاوردانەوەیەکی رەوتی رووداوەکان بە دیدێکی هەڵسەنگێنەرانە کۆمەک دەکات

بەوەی بزانین ئەم جەنگە چۆن هاتەکایەوەو بە چ ڕێڕەوێکدا تێپەڕیوەو ناسیۆنالیزمی کورد چۆن مامەڵەی هەلومەرجەکەی کردوە؟ سەرئەنجامیش ئەم جەنگە چ جێگایەکی هەیە لە جەنگی دژی تیرۆریزمدا؟

## هێرشی داعش و بانگیشەی جیابونەوەی کوردستان

با برێک وردتر چاو لە سیناریۆکە بکەین بزانین ئەم جەنگە لەسەرەتاوە چۆن هاتەکایەوەو چۆن دەستی پێکردو حکومەتی هەرێم چۆنی مامەڵەکردوە ؟....ئەگەر برێک بگەڕێینە دواوە بۆ سەردەمی ١٠ی حوزەیران. داعش بروسکە ئاسا بە هاوکاری هەمەلایەنەی بریکارە ناوچەییەکانی ئەمریکا بەتایبەت تورکیای دۆستی بارزانی و هەریم، بە چەند هەزار چەتەوە شاری موصل و دەوروبەری داگیرکرد. هێزێکی زەبەلاح و پڕچەکی سوپای عێراق بە فویەکی داعش و بەبێ تەقە تەفروتونابو و چەکەکانی بۆ داعش بەجێهێشت. سوپای عێراق لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانیش کشایەوە. هاولاتیانی پارێزگای موسڵ و هەندێک ناوچەی کەرکوک و تکریت.و..هتد کەوتنەبەر مەرحەمەتی دڕندانەی داعش. لەم کاتەدا مسعود بارزانی رایگەیاند؛ ئەمە فرسەتە! ئەو ناوچە عەرەبیانە بە دانیشتوانەکەیەوە هەمووی پیرۆزی داعش بێت، ئەمە رۆژی جەژنی کوردە! چش لەوەی دانیشتوانی عەرەبی ئەو ناوچانە چیان بەسەردێت و دواتر داعش دەبێتە چ بەڵایەک بۆ هەموو ناوچەکە. لەم "فرسەتە زێڕینە"دا نزیک بە هەموو ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کەوتنەدەستی پێشمەرگە. ئینجا بارزانی وتی ئێمە کارمان بە داعش نیەو داعشیش کاری بە ئێمە نیە، ئەو ناوچانەی بەدەستیانهیناوە بۆ خۆیان و ئەو ناوچانەی بەدەستمان هێناوە بۆ خۆمان. مادەی ١٤٠ جێبەجێ بوو ئیتر باسی ناکەین. بە شانازی و لەخۆباییبونێکی زۆرەوە رایگەیاند؛ لە زوترینکاتدا ریفراندۆم دەکەین بۆ جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی. هاوکاتی ئەمە هاندانێکی نافەرمی و پڕوپاگەندەو جموجۆڵێکی فراوانی راسیستی و قەومپەرستانەی دژی عەرەب بەڕێکەوت دەربارەی ئەوەی کە هەموو عەرەب بەوانەشەو کە ئاوارەی کوردستان بوون داعشن! ئەمە پاساوێکی پێویست بوو بۆ قۆستنەوەی "فرسەتە زێڕینەکەی" دوای هاتنی داعش و پشتکردن لە محنەت و کارەساتی ژیانی ملیۆنەها هاولاتی عەرەبزمان و غەیرە عەرەبزمانی ئەو ناوچانە.

ریفراندۆم ئەگەر بە مانای دەنگدانی ئازادانەی خەڵک بێت، دەبێ لە فەزایەکی ئازادو ئارام و دور لە دەخاڵەتی هیچ هێزێکی سەربازی و چەکدار بەڕێوەبچێت و بەڕاستی خەڵک بتوانن بە رای ئازادی خۆیان بڕیار لەسەر ئایندەیان بدەن. کەچی بارزانی هەر لە پێشەوە ئەوناوچانەی کە دەیان ساڵە کێشەی لەسەرەو بڕیاربوو بە ریفراندۆم چارەنوسیان یەکلابکرێتەوە، لە فرسەتی هاتنی داعش و شکستی سوپای عێراقدا بە هێزی پێشمەرگە یەکلای کردەوەو هاتەسەر ریفراندۆم بۆ جیابونەوەی کوردستان بەو ناوچانەشەوە. لە کاتێکدا بە پێی دوالیدوانی خودی دوو حزبی دەسەلاتدار لە کاتی دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا کە گومان لەوە نیە بە قازانجی خۆیان دایانشکاندوە، لە پارێزگایەکی وەکو کەرکوکدا ٥١% ی کوردزمان و ٤٩% غەیرە کوردزمانە. ئەگەر بەپێی ئەو ئامارەی خۆشیان بێت و بەو گریمانە ناسیۆنالیستیەی کە هەموو کوردزمانەکانی

## جەنگی ناشێلگیرانە دژی داعش

کەرکوک بەبێ راپرسی  بۆیاننوسرابێت کە دەنگدەدەن بەوەی ئەو پارێزگایە بخرێتەسەر مەملەکەتەکەی بارزانی، هێشتا بارزانی پێیناوە بەسەر ئیرادەو مافی راپرسینی ٤٩%ی دانیشتوانی ئەو پارێزگایەدا. ئەمەش ئاشکرایە کە ئەگەر بەو جۆرە ببڕایەتەوە، چ ئاشوب و نەهامەتیەکی بەدوادادەهات. بنەمای پرۆژەکەی مسعود بارزانی بریتی بوون لەمانە: یەکەم/ هێرشی داعش و داگیرکردنی موسڵ فرسەتە بۆ کورد. بۆ هەموو بەشەریەتی ئازادیخوازی دنیا سەرهەڵدان و دەسەڵات پەیداکردنی داعش کارەسات بوو، بەڵام بۆ ناسیۆنالیزمی کورد فرسەتی زێڕین و رۆژی کورد بوو. وەکو ئەوەی کورد جیاواز لە هەموو بەشەریەت جۆرێکیتر بێت لە مەخلوقات! دووەم/ بە خۆجوتکردن لەگەل سیاسەتی تورکیای پشتوپەنای داعش، هودنەکردنی  بەکردەوە لەگەڵ داعش و چاوپۆشیکردن لە بەربەریەتی ئەم هێزە بەرامبەر خەڵکی ئەو ناوچانەی کەوتبونە ژێردەستی. سێەم/ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی ناوچە کێشەلەسەرەکان لە فرسەتی هاتنەناوەوەی داعش و شکستی سوپای عێراق، بە قازانجی ناسیۆنالیزمی کورد...چوارەم/ بانگیشەکردن بۆ ریفراندۆم و جیابونەوەی کوردستان بە مەبەستی فشارهێنان بۆ حکومەتی مالکی..بەدەرلەوەی بانگیشەکەی بارزانی تەنها جولاندن و خراپ کەڵک وەگرتن بوو لە سۆزی خەڵکی کوردستان بۆ مەرامێکی بە تەواوی جیاواز لە خواستی رەوای جیابونەوەی کوردستان، بەڵام یەک بەیەکی بنەما و کۆڵەکەکانی ئەم بانگیشەیە تا سەرمۆخ کۆنەپەرستانە، هەلپەرستانە، قەومپەرستانە، راسیستانە، نا ئینسانی و نابەرپرسانە، وە مایەیەی سەرکۆنەو ئیدانەبوو ئەگەر لە روانگەی مرۆڤایەتی و ئازادیخوازی و گەڕانەوە بۆ رای خەڵک و ریفراندۆمەوە لێیبڕوانین.

## تراژیدی شەنگال و رۆڵی ناسیۆنالیزمی کورد

گومان لەوە نیە کە داعش بەبەربەریەتی ئیسلامی کارەساتی شەنگالی خوڵقاندو ئەمە تاوانێکی دڕندانەیە لە ئەستۆی ئەو. بەڵام دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کوردیش بەرپرسیارێتی راستەوخۆو گەورەی هەیە بەرامبەر ئەم کارەساتە. حزبەکانی کوردایەتی هەمیشە باوشیان بۆ ئاکامی کارەساتەکانی ژیانی خەڵک گرتوەتەوەو سیاسەتیان بۆئەوە دارشتوە کە لە ئاکامی تراژیدیەکانی ئەم خەڵکەدا پێگەی دەسەڵاتی خۆیان بەهێزبکەن. هەم سەودای سیاسیان بە هەڵەبجە و ئەنفال و ئاوارەیی ١٩٩١ەوە ئاشکرایەو هەم رۆڵیان لە خوڵقانی هەریەک لەوانەدا..ئەمجارەش تراژیدی خەڵکی شنگار کرا بە دەستمایە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی دەوڵەتانی غەربی لە ناسیۆنالیزمی کورد و پرۆژە سیاسی و سەربازیەکانی. هاوکێشەکە زۆر سادەو ئاشکرابوو، سەرباری ئەوەی نزیکەی ٢ مانگ بوو مەترسی داعش بۆ هەموان ئاشکرابوو، سەرباری ئەوەی دوو مانگ بوو بانگیشەی ئەوە دەکرا کە پێشمەرگە لە ئامادەباشی تەواودایە بۆ ئەگەری هێرشی داعش و هێرشی داعش پیشبینی کراوبوو...ئەوە تەنها حکومەتی هەرێم و بە تایبەتی پارتی بوو کە بە خۆجوتکردن لەگەل سیاسەتی تورکیا و بە گرتنەپێشی سیاسەتی کەڵک وەگرتن لە هاتنەناوەوەی داعش، ئەمەی وەکو فرسەتی زێڕین بۆ کورد وێناکردو بانگیشەی ئەوەی دەکرد کە داعش کێشەی لەگەڵ کورد نیە. لە ئاکامیشدا داعش هێرشی کردو بەبێ ئەوەی روبەڕووی هیچ بەرگریەک بێتەوە تراژیدی

شنگالی خولقاند.
وەکو هاولاتیانی شەنگار رۆژانی یەکەم لەسەر شاشەی تەلەفزیونەکانەوە باسیان دەکرد، لە دەمەوبەیاندا پێشمەرگە و هێزەکانی زریڤانی بەبێ ئەوەی یەک فیشەک بۆ بەرگری بتەقێنن شاریان بەجێهێشت....تا ئێستاش هیچ کەس وەلامێکی راشکاوو بێپێچوپەنا بەو پرسیارە نەداتەوە کە ئەم سیناریۆیە چۆن و بۆچی رویدا...تەنها پاساو ئەوەیە کە چەکی داعش زۆر لە چەکی پێشمەرگە بالاترە..! بەلام پرسیار ئەوەیە کە لەو سەرەتایەوە لە شنگال کە هیچ بەرگریەک نەکرا، ناهاوسەنگی چەکی داعش و پێشمەرگە لەچیدا دەرکەوت؟! ئایا تەنانەت بوارێک نەبوو بۆ کردنەوەی رێگای دەربازبونی هاولاتیانێک کە لە سایەی دەسەلاتی ئەواندا بێخەم بوون؟! لانیکەم بواری ئەوەش نەبوو خەلک لە پلانی هەلهاتنی خۆیان ئاگادارکەنەوە؟! بەم جۆرە لانی کەم لە هەموو روەیەکەوە ئەبعادی کارەساتەکە زۆر کەمتر دەبوەوە. ئەی دوای ئەوە بۆ بەو هەموو ئیمکانیاتەی لە بەردەستی حکومەتی هەرێمدایە، چەند مانگە و تائێستاشی لەگەل بێت خەلکی ئاوارەی شنگالیان بەو شاخەوە بە برسێتی و لەبەردەم مەترسی داعشدا بە تەنها جێهێشتوە و تەنانەت ئامادەنین چەکیان پێبدەن بۆ بەرگری لە خۆیان؟ لە جیاتی فریاکەوتن چاوەڕوانی ئەوەن کارەساتەکە گەورەتربێتەوە و گفتیانداوە بە جینۆسایدی بناسێنن، بۆ ئەوەی وەکو ئەنفال و هەلەبجە بەرهەمەکەی بخۆن. بەڕاستیش وەکو بەرهەمی ئەو تراژیدیایە خێروبەرەکەت بەسەریاندا باری.
لەڕاستیدا ئەمجارە خەلکی شەنگال کران بە قوربانی سیاسەت و مەرامەکانی ناسیۆنالیزمی کورد. بەم جۆرە کارەساتێک خولقا کە جارێکیتر ناسیۆنالیزمی کورد بیکاتەوە بە دەستمایە بۆ جولاندنی سۆزی خەلکی دنیا و بەلگەیەک بۆ دەخالەتی میلیتاریستی ئەمریکا و دەولەتانی زلهێز کە هەمیشە ناسیۆنالیزمی کورد چاوی تێبڕیوە.. ئەمە یەکێک بوو لە شاڕێ خەتەرناک و ناقارەمانانەکانی بانگیشەی بارزانی بۆ دەولەتی کوردی. یەکەمین قوربانی ئەم سیاسەتە تێچونی خەلکی شەنگال و ئاوارەبونی جەماوەرێکی بەرین لە گوێرو مەخمورو جەلەولاو سەعدیە و..و.. ..بوو. ئەم سەوداو مامەلەیە بە ژیانی خەلکی شەنگالەوە بە پێش چاوی دەیان لایەنی ناسیۆنالیستی چەپ و راستی کوردی لە هەر چوارپارچەی کوردستان رویدا، بەبێ ئەوەی هیچ کامیان وشەیەک بۆ سەرکۆنەکردنی ئەم سیاسەتەی حکومەتی هەرێم و بارزانی و رۆلیان لە تراژیدی خەلکی شنگالدا بەسەرزمان بهێنن.

## شەڕی تیرۆر لە جیاتی هەموو دنیا

حکومەتی هەرێم تا کاتێک کە بە خۆجوتکردن لەگەل سیاسەتی دەولەتی فاشیستی تورکیاو میحوەرە ناوچەیی و جیهانیەکەی، لایانوابوو کە بە هودنەو حەوانەوە لەگەل داعش و چاونوقاندن لە بەربەریەتی ئەم هێزە ئیسلامیە، دەتوانن سەنگی خۆیان لە هاوکێشەی سیاسی عێراق قورستر بکەن، هیچ ئەوەیان بۆ گرنگ نەبوو کە داعش جەهەنمی واقعی بەرپابکات بۆ ملیۆنەها ئینسانی هاولاتی خودی کۆمەلگاکەی خۆیان لە عەرەبزمان و کوردزمان و تورکزمان، لە ئیسلام و مسیحی و یەزیدی و بێدین لە ناوچەکانی موسل و رۆژئاوای عێراق. کەچی دوای ئەوەی پەلاماری داعش

## جەنگی ناشێلگیرانە دژی داعش

بۆسەر خۆیان رایچڵەکاندن و پایەختی دەسەڵاتی خۆیانی خستەمەترسیەوە، ئەوکات لافی شەڕی ئینسانیەت لەدژی داعشیان لێدا و بە ئەرکی مرۆڤایەتی و هەموو جیهانیان زانی پشتیوانی لە کورد بکات. ئەمە مەنتقی ناسیۆنالیزمی نەتەوەپەرستی کوردە "ئەگەر هێزێکی وەکو داعش هەر کارەساتێک بەسەر خەڵکی غەیرە کورددا بهێنێت بە مەرجێک کاری بەسەر کوردەوە نەبێت، لە روانگەی ناسیۆنالیزمی کوردەوە نەک هەر هیچ بایەخێکی ئینسانی نیە، بەڵکو دەکرێ فرسەت بێت بۆ کورد. بەڵام هەر کە هێرشەکە رووی لە کورد کرد، ئیتر مەسەلەیەکی ئینسانیەو ئەرکی هەموو مرۆڤایەتیە هاوکاری کورد بکات." حزبە دەسەڵاتدارە ناسیۆنالیستەکان پێشتر هەرگیز لە هەڵگوتن بە هێزو توانای لەبننەهاتوی هێزی پێشمەرگە تێریان نەدەخوارد، بەڵام ئەمجارە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی سیاسی و سەربازی دەوڵەتانی غەربی، هێزی پێشمەرگەیان لە حەوت ساڵی راستکردەوە کە روت و رەجاڵە و بە کلاشینکۆفی ژەنگاوی سەردەمی شاخەوە شەڕی چەکی پێشکەوتوی داعش دەکات. هاوکات گەورەترین کەمپینیان بۆ پیرۆزکردنی دەسەڵات و میلیشیاکانیان بەرێخست، تەنها بە سرودو گۆرانی ستایشکارانە نەوەستاون، نەرێتی پرسوکایەتی تازە داهێنرا بۆ بە ئەفسانەکردنی پێشمەرگە، ژنە هونەرمەندی ناسیۆنالیست رایگەیاند ئامادەی نیکاحی جیهادە بۆ پێشمەرگە!

ئەگەر پێشتر لە پشتدانی داعش لە رێگای بریکارە ناوچەیەکانی ئەمریکاوە رێگایەک بوو بۆ گۆڕینی هێزهاوسەنگی ناوچەکە دوای شکستەکانی ئەمریکا لە عێراق و سوریا، ئەوە لە برگەی دواتردا دەرکەوتن لە پۆزی رابەری جیهانی "جەنگی دژی تیرۆریزم" و بەرپاکردنی شەڕ دژی داعش، بەهانەیەکی تازەو گونجاوبوو بۆ دەخاڵەتی میلیتاریستی سەرلەنوێی ئەمریکا لە ناوچەکەو لەنگەرگرتنەوەی کارە تەواونکراو و سیاسەتە شکستخواردوەکانی پێشوی. ئەمە بنەماو مەبەستی ئۆباما بوو لە پلانی "سێ ساڵ جەنگ بۆ لەناوبردنی داعش". لە چەند مانگی رابردودا فرۆفیشاڵی "جەنگی دژی تیرۆریزم" کە لە خانەی لەناوبردنی داعشدا هیچ رۆڵێکی نەبووە، بەڵام بە ئاقاری بەدیهێنانی مەرام و سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەو بە تایبەتی لە مەیدانی سیاسی عێراق و پابەندکردنی دەسەڵاتی سیاسی عێراق بۆ خواستەکانی ئەمریکا، کاریگەری هەبوە. هەر بەم رادەیە ولەسەر بناغەی ئەم ئاستە لە چونەپێش، سیاسەتی تازەتری ئەمریکا رووی لەوەیە رۆڵی ئەم جەنگە بە ئاراستەی گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی لە سوریاو لە دژی رژێمی ئەسەد درێژەبدات کە کۆڵەکەیەکی میحوەری رەقیبی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا. ناسیۆنالیزمی کورد کە دەمێکە ئاسۆی خۆی لەگەڵ ستیراتژی ئەمریکا لە ناوچەکەدا شەتەکداوە، ئێستا کڵاو فڕێدادات بە ئاسماندا بۆ ئەوەی لە ریزی هاوپەیمانانی ئەمریکا لەم "جەنگی دژی تیرۆریزم"ەدا جێگایەکی پێببڕێت. ئەمە ناوەڕۆکی بانگیشەی "لە جیاتی هەموو جیهان شەری تیرۆر دەکەین"ە.

هەڵبەت ئەم جەنگە خێروبێری لۆکاڵیشی بۆ ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستی کوردستان و عێراقدا هەیە. ئەم دەسەڵاتە لەم چەنەد ساڵەی دواییدا چ لە ئاستی عێراق و چ لە ئاستی کوردستاندا لەگەڵ ئاستەنگی بەرەوروبووە. لە سایەی ئەم شەڕەدا توانیویێتی قورسایی ئەو ئاستەنگیانە لەسەر خۆی کەم بکاتەوە. لەم فەزا جەنگیەدا هاوڵاتیانی کوردستان نەک هەر بۆیان سەختە یەخەی ئەم

دەسەڵاتە بگرن بۆ خواست و مافەکانیان بەڵکو قەرزاربارن. تا "شەڕی دژی تیرۆر لە جیاتی هەموو جیهان" بەردەوام بێت چەک و پارە و پشتیوانی غەرب بەسەر حزبەکانی دەسەڵاتدا دەباریَ و دەتوانن خۆیان پڕچەکترو بنەمای دەسەڵاتیان پتەوتر بکەن. داعش و شەڕی داعش دەرفەتیان دەدات بۆ ئەوەی ئیمتیازێکی زیاتر لە حکومەتی ناوەندی وەرگرن. هەروەها لە پشتی پەردەی ئەم جەنگەوە جۆرەها سیناریۆ بەرێوەدەچێت؛ کوردستان کراوە بە مەیدانی تەراتێنی مافیاکانی قاچخچی چەک و بە فرۆکە هێنانوبردنی پێدەکرێت. تەنانەت بازرگانی کردن لەگەڵ خودی داعش بوە بە ڕێگایەکی بەدەستهێنانی پوڵ بۆ سەرمایەدارانی خاوەن پشتوپەنا لە ناو حزبەکانی دەسەڵات. هینانەگۆڕێی پرسیارێک دەتوانیَ یارمەتیدەربێت بۆ نیشاندانی ناوەرۆکی سیاسی ئەم جەنگەو ئامانجەکانی لە دیدی ئەمریکاو حکومەتی هەرێمی هاوپەیمانیەوە. ئەم جەنگە بەمجۆرە بڕیارە تا کەی بەردەوام بێت و کەی دەتوانیَ داعش لەناوبەرێت یان لانیکەم دەریپەڕێنیَ؟... باوەرناکەم هیچ پێشمەرگەو فەرماندەو سەرکردەیەکی ناسیۆنالیست وەڵامێکی خۆشبینانەی بۆ ئەم پرسیارە هەبێت. بەڵام ئەمە بۆ؟؟! لەبەر ئەوەی داعش لە شکان نایات؟ لەبەر ئەوەی چەکی داعش لەو هەموو چەکە پێشکەوتوترە کە لە دەستی ئەمریکادایەو بەسەر حکومەتی هەرێمیشدا باریوە؟ لەبەر ئەوەی چەتەکانی داعش زیاد لە پێویست جەربەزەن؟ ....نەخێر ئەمانە هیچیان ڕاست نین، فرۆفیشاڵن، درۆن، ئەفسانەن. ئەمە پروپاگەندەی بێبنەمای من نیە، ژنان و پیاوانی دەست بە چەکی کلاسیکی لە کۆبانی ئەم ڕاستیەیان بۆ هەموو جیهان سەلماندوەو ئیتر کەس ناتوانیَ ئینکاری لەمە بکات. وەڵامی ئەم "بۆ"یە ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم و هاوپەیمانیە جیهانیەکەی بە ڕابەری ئەمریکا، نەک شەڕی شێلگیرانە بۆ لە ناوبردنی داعش ناکەن و ئەمە سیاسەت و بەرنامەیان نیە، بەڵکو یاریەکی سیاسی بە داعش و جەنگ لە دژی داعشەوە دەکەن. ئەم شەڕە بڕیارنیە بە لەناوبردنی داعش کۆتایی بێت، بەڵکو بڕیارە خزمەت بە سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق و سوریاو ناوچەکە بکات و لەم چوارچیوەیەشدا تا ئەو جێگایەی بە داعش دەگەڕیتەوە ئاکامی مەنتقی و چاوەڕوانکراوی ئەم شەڕە دەتوانیَ سەوداو سازان بێت لەگەڵ داعشێک کە خۆی لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بگونجێنیَ و لەگەڵ دەستوپێوەندەکانی ئەمریکاش پێی لەبەرەکەی خۆی درێژتر نەکات. ئەوکات دەکرێت لە پرۆسیس و دەسەڵاتی سیاسی عێراقدا وەکو یەکێک لە لایەنەکانی نوێنەری سونە و لە سوریاشدا دورنیە وەکو ئۆپۆزیسیۆنێکی "شۆڕشگێڕ"ی جێگا مەبەستی ئەمریکاو غەرب بەرامبەر ڕژێمی ئەسەد پەسەندبکرێت.

## جەنگی ڕاستەقینە دژی تیرۆریزم

چ شتێک لەوە ئاشکراترە کە تارومارکردنی داعش چەندە جەنگێکی سەربازیە لەوەش زیاتر نەکەمتر جەنگێکی سیاسیە؟ جەنگی تورهەڵدانە لەو نەرێت و یاساو دامەزراوو ئایدۆلۆجی و حزب و دیوەخان و مزگەوت و ئاخوندە فتوادەرانەی کە ڕۆژانە بانگیشە بۆ ڕێبازی داعش دەکەن و داعش بەرهەمدەهێننەوە. دروست وەکو ئەوەی کانتۆنی جەزیرە بە جەسارەتەوە هەنگاوی بۆ هەڵگرتوە. بەڵام حزبەکانی دەسەڵات لە کوردستانی عێراق ٢٣ ساڵە یاساو ئەحکامی ئیسلامیانەی

داعش دەسەپێنن و بەدڵ و بە گیان دەیپارێزن. پرۆگرامی داعش بەشێکە لە پرۆگرامی خوێندنی هەرێمی کوردستان، بنەماکانی شەرع و رێبازی داعش بنەمای دەسەڵات و یاساکانی کوردستانە و کۆمەڵگای پێبەرێوەدەبرێت، وەزارەتخانە و دەیان دامودەزگاو هەزاران فەرمانبەرو لێشاوێک لە پارە بۆ برەودان بە رێبازی ئیسلامی داعش تەرخانکراوە، ئاخوندە مشەخۆرەکانی داعشی کوردی لە سلێمانی و هەولێرەوە لە سایەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا جەسارەت دەکەن هەڕەشەی داعشیانە لە سالەح موسلم و کانتۆنی جەزیرە بکەن، دەزگاکانی ئەم حکومەتە ئەوەندە سەرقاڵی جێبەجێکردنی فتوا داعشیەکانن نایپەرژێنە سەر خواست و خزمەتگوزاریەکانی خەڵک. حزبەکانی کوردایەتی بە ناو حکومەتی بنەکەفراوانەوە دەستی لایەنە ئیسلامیەکانیان راکێشا بۆ ناو دەسەڵات و وەزارەتخانەیان خستە بەردەستیان، چونە پشتی ئەوەی کە وەزارەتی ژنانی عێراق بدرێت بە داعشە دەمامکدارەکانی کوردستان. لە کاتێکدا ئەگەر بڕیار بێت وەزارەتخانە یان دامەزراو یان تەنانەت دەزگایەک بەراستی بۆ بچوکترین خزمەتی مەسەلەی ژن دامەزرێت، دەبێ بەر لەهەرشت بەرنامەی ئەوەی پێبدرێت کە چۆن ژنان لە دەستی تاوان و کۆنەپەرستی ئیسلامیەکان و یاساو نەریتی دژی ژنی ئەوان بپارێزێت. کەچی لەم مەملەکەتەدا دنیاکە پێچەوانەیە، ژنان سپێردراون بە ئیسلامیەکان بۆ ئەوەی باش مشوریانبخۆن!! ..لە پاڵ ئەم هەموو مەیداندان و دەستهێنانە بە ریشی کۆنەپەرستی و تیرۆریزمی ئیسلامیدا، ئیتر شەرێکی یەکلایەنەی سەربازی دژی داعش لەو جۆرەی ئێستا لە ئارادایە، دەبێت بە یاریەکی سیاسی و تا چەتەیەکی داعش لەبەیندەچێت دوو چەتەی تازەو زەمینەیەکی لەبارتر بۆ بەرهەمهاتنەوەی داعش دەخولقێنن.

جەنگی شێلگیرانە بۆ تەفروتوناکردنی داعش رێگاکەی ئاشکرایە، دەبێ بە پێچەوانەی کارنامەی ٢٣ ساڵ دەسەڵاتی حزبە ناسیۆنالیستەکان لە باوەشێنکردن و داسەپاندنی نەریتە ئیسلامیەکان، لانی کەم چاو لە کانتۆنی جەزیرە بکرێت و شەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوکات لەگەڵ سەربازی لەدژی داعش و نەریتەکانی بەرپابکریت. ئەگەر حکومەتی هەرێم ئەمکارە ناکات، مانای ئەوەیە نایەوێ شەڕی تەفروتوناکردنی داعش بکات. کەوایە خەڵکیش نابێت بە یاریەکەیان خۆشباوەڕبن، نابێ ئەم یاریەیان لێ قبوڵ بکرێت، نابێ رێگا بدرێت خوێنی پێشمەرگەی رۆڵەکانی ئەم کۆمەلگایە بکرێتە قوربانی ئەم یاریە سیاسیە. بۆ بەرپاکردنی جەنگێکی سەربازی شێلگیرانە بە مەبەستی تەفروتوناکردنی داعش پێویستە دەرس لە کۆبانی وەرگرێ، بزوتنەوەی بەرگری جەماوەری بەرێبخرێت، جەماوەری ژنان و پیاوانی چەکدارو رێکخراو بێتەمەیدانەوە. هاوشان لەگەڵ ئەمە پێویستە لە کانتۆنی جەزیرە دەرس وەرگیرێت بۆ بەرپاکردنی جەنگێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە مەبەستی لەکارخستنی کارخانەکانی بەرهەمهێنانی داعش و داب و نەریتی بەربەریانەی ئەم رەوتە ئینسانکوژە، بە مەبەستی هەڵپێچانی هەموو ئەو یاسا کۆنەپەرستانەی پشتیان بە نەریتی ئیسلامیانەی داعش بەستوە یان لەوەوە سەرچاوەدەگرن، بە مەبەستی داماڵینی دەمامک لەسەر روخساری داعشە دەمامکدارەکان و دەمکوتکردن و دەسکۆتاکردنیان لە دەسەڵات و لە کاری پشتی جەبهە بۆ داعشی بی دەمامک.

٢ی دیسەمبەر ٢٠١٤



دەشتی جەمال
dashtyjamal@gmail.com

# داعش تارماییەکی ڕەش بەرامبەر بە کۆمەڵگای بەشەری

## دەقی ووتەی دەشتی جەمال لە زنجیرەیەك سیمینار لە وڵاتی فەرەنسا ٢٤_٢٩ ی ئەپریلی ٢٠١٥

داعش هەرلەو بارەیەوە هێزێکی مەترسیدار نییە کە جەنگێکی کاولکاری لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرپاکردووە وکەوتۆتە سەربڕین وئیغتیسابو ویرانکردنی هەرچی سیمایەکی مەدەنی کۆمەڵگایە. تەنانەت هەرلەو ڕووەوە مەترسیدارنییە کەدەیەوێت ژیانی کۆمەڵگا هاوچەرخەکانی ئەم ناوچەیە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی بۆسەدەکانی ئیسلامی سەرەتایی بگەڕێنێتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوە مەترسیدارە چونکە دەیەوێت جیهانی موتەمەدین لەخوێن هەڵکێشێ و تیرۆرو کوشتار وەک ڕێگایەک بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و سامانی کۆمەڵگا بگرێتە بەر. داعش تارماییەکی ڕەش وتاریکە بەرامبەر بە کۆمەڵگای بەشەری سەردەم، وەک ڕەوتێکی بۆرژوازی کە ئاڵای ئیسلامی هەڵگرتووە، ستراتیژێکی جیهانی هەیە تا لە نێوهاوکێشە جیهانیەکانی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی وقەیرانی سەرمایەداری ئەمڕۆ بەگشتی و لە هەڵومەرجی شکستە ستراتیژیەکانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ڕۆژائاوادا، جێگاو ڕێگا پەیدا بکات و پێگەیەک بگرێ. ئەم ستراتیژە خوێناویەی داعش، لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەوتی دژی ئیسلامی لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بەڵام دەورەیەکی تر لەهەڵکشانی ئیسلامی سیاسی دەخاتە ڕوو کە پێشتر ڕێکخراوی قاعیدە بەدوای هاتنی تاڵیبان ورِوداوەکانی ١١ی سێپتێمبەردا، دونیای متەمەدنی ڕووبەرووی قۆناغێکی مەترسیدار کردەوە. دروست بەهەمان

## داعش تارماییەکی ڕەش بەرامبەر بەکۆمەڵگای بەشەری

شێوە داعش لەهەڵومەرجی خۆرهەلاتی ناوەراست و ململانیی ناوچەییدا، بەتایبەتیش لەجەنگی سوریا وە سەری دەرهێنا ودواتریش کەوتە بەرامبەرکێ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی ئەمرۆ. بەم پێ یە ڕیشەی داعش تەنها لە دریژکراوەی ئیسلامی موحەمدیدا نییە، بەڵکو ڕیشەی لە فەزای سیاسی وهیزەکان وواقعیەتە ئابووری و کۆمەلایەتیەکانی کۆمەڵگای کاپیتالیستی مۆدیرنی ئەم سەردەمەدایە. لەم ڕوانگەیەشەوە داعش ڕەوتێکی فەناتیزم و فاشیستی بۆرژواییە بۆ ئارایشتدانەوەی دونیای سەرمایەداری وهیزە ناوچەیی و محەلیەکانی. بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم ڕاستیە خستنەڕووی چەند هۆکار بە پێویست دەزانم:

## زەمینەکانی سەرهەڵدانی داعش لە ئاستی جیهان و خۆرهەڵاتی ناوەڕستدا

### ١ /شکشتی ستراتیژی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:

ڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەلات دەرگای بەڕووی ئەمریکادا کردەوە تا دونیای یەک قوتبی لە ستراتیژی "نەزمی نویێ جیهانی"دا ڕێک بخاتەوە و وەک یەکەم هێزی بالادەست جێگا بگرێ. بەتایبەتی جەنگی کەنداو بە دوای جەنگی ساردا بە شکستی بلۆکی یەکێتی سۆڤیەت "سۆسیالیزمی دەوڵەتی" لە کۆتایی دەیەی هەشتادا، ئەو بەرامبەرکێ سەربازیو سیاسیەیی چەندین ساڵ هەیکەلی جیهانی پیک هێنابوو وە دوو قوتبی هینانی شەرق و غەربی لەسەر دامەزارندبوو تێک رووخا، زەمینەی بۆ سیاسەتی نەزمی نۆی جیهانی ئاسانکرد. بە داگیرکردنی کویت لەلایەن حکومەتی ئەوکاتەی عێراقەوە ئەو هەلەی بۆ ئەمریکا ڕەخساند تاوەک زلهێزێکی جیهانی خۆی داسەپێنێت.

هەردوو جەنگی کەنداو لەدژی سەدام لەژێر پاساوی شەڕی دیموکراسیو دیکتاتۆریدا، کە کوشتارو کەم ئەندام بوونی دەیان هەزار کەسی لەخەڵکی عێراق لێکەوتەوە ، نیشان دەدات کە بۆ بەرەو پێشەوەبردنی ئەم ستراتیژیەی، عێراق وخۆرهەلاتی ناوەراستی کردە خالێ لێوە هەستان. تا خۆرهەڵاتێکی فراوان بەپیی نەزمی تازەی کاروسەرمایە بەڕی بخات، بەجۆرێک کەهاوتابێت لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا و لەم ڕیگایەشەوە ڕوسیاو چین و دەولەتانی ئەوروپا لەدەوری سیاسەت و پێشنیارەکانی خۆی ڕابکێشێ. شیعاری ئەم ستراتیژە، لە ژێر ناوی دیموکراسی کردنی دەوڵەتانی ناوچەکە بوو. بەلام سەرهەڵدانی تالیبان لەئەفغانستان وەک ڕەوتێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی کە غەرب خۆیان لە پەراوێزی کۆمەڵگاکانی خۆرهەلاتی ناوەراستدا هێنایانە سەر شانۆی سیاسی ئەو کات بەرامبەر بە یەکێتی سوڤیەت، ودواتریش ١١سپتامبەر هێرشی تیرۆریستی وخۆکوژی بۆسەر هەردوو باڵەخانەی ناوەندی بازرگانی لە نیورک و پەنتاگۆن لە واشنتۆن وەک تاوانێکی گەورەی دژی مرۆڤایەتی کە هەزاران کەسی ئەمریکای کردە قوربانی و ورواداوەکانی دواتری لێکەوتەوە، کە ئیسلامی سیاسی لەم ڕووداوانەدا تیا هەڵکشا بۆ ڕەوتێکی بۆرژوازی، کە

پروپاگەندەی ڕێکخستنەوەی جیهانی دەکرد بەجۆرێک کە جێگایەک لە ڕێکخستنەوەی جیهان و خۆرهەڵاتدا بگرێ. ڕووداوی ١١ سپتامبەر ئەم ستراتیژەی ئەمریکای پەک خست وپاشان ستراتیژی جەنگ لەدژی تیرۆر لەلایەن ئەمریکاوە بەڕێوەبرا وچوارچێوەی پروپاگەندەیەکی ئایدۆلۆژیو ڕاگەیاندنی بۆ دەخالەتی سەربازی ئەمریکا لە ناوچەکە فەراهەمکرد لە پێناو جێخستنی هەژمونی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی ئەمریکا بەسەر جیهاندا.

دوای شەڕ وکوشتاری ئەفغانستانو کۆتایی هێنان بە دەسەلاتی تاڵیبان، سیاسەتی ئەمریکای وەرچەرخاندەوە بەلای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداوزەمینەی شەری بۆ ڕوخانی ڕژێمی بەعسی خۆشکرد. بەلام ئەمریکا هەر ڕژیمی سەدامی نە ڕوخاند، بەلکو کۆمەلگای عێراقی بە تەواوەتی کاولکرد و گەورەترین پاشەکشەی مادی و مەعنەوی داسەپاند و هەموو بنەماکانی کۆمەڵگای بەسەریەکدا ڕوخاند. هەر وەک بینیمان بەناوی دیموکراسیەوە کۆمەڵگای عێراقی بەسەرچەند تیرەو تایفەو قەوم ومەزهەبەکاندا دابەشکرد و"شەری سونەو شیعە، کوردو عەرەب، ئیسلامیو عەلمانی" خۆشکرد وسەرئەنجام عێراق بووە زەلکاوێک بۆ مەلەکردنو پەرەگرتنی چەندین ڕەوتی ئیسلامی سیاسی. دەوڵەتێکی لەرزۆک کە لە عیراقدا پێکهات، نەک هەر نەیتوانی ئارامیو ئاسایش بەدیبهێنێت بەڵکو خۆی بووە هۆکاری تیرۆرو تەقینەوە کوشتارو شەری تایەفەگەریو هەڵوەشانەوەی هەموو خزمەتگوزاریەکان و پەرەگرتنی گەندەڵی...

ئەوەمان بینی کە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراقدا شکستی خوارد ودەوری لە سوریادا بەرامبەر بە ڕوخانی رژێمی ئەسەد وپشتیوانی لەلایەن ئێران وروسیاوە توشی تەنگەشەی گەورە هات وئەو سیاسەتەی بۆ نەچووە سەر. بەتایبەتی بەدوای شۆرشەکانی بەهاری عەرەبیدا ئەمریکاو غەرب سەرجەم هەوڵەکانی خۆیان توند کردەوە بەرامبەر بە خەتەری چەپو چینی کریکاردا. هەربۆیە ئیسلامی سیاسی زەمینە و ژینگەیەکی بەرفراوانی لەو ئالوگۆرانەدا بۆ فەراهەم بوو بۆ وەستانەوەی دژ بە دەسەلات و سیستەمی ناسیونالیستی عەرەبیو دەسەلاتە سەربازیەکەی. لەپاڵ ئەم واقعیەتانەوە. ڕوسیاو چین وەک دوودەوڵەتی ئیمپریالیستی خاوەن بەرژەوەندی ستراتیجی وتایبەتی لە ناوچەکەدا هەڵکشانو بوونە بەربەست و هاوکاتیش هۆکارێک بوون بۆ پاشکشێ پێهێنانی ستراتیژی ئەمریکا. هەمووئەمانە تێکچونی هاوسەنگی هێزیان بە قازانجی پەرەگرتنی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لەناوچەکەدا خۆشکرد وببونە پێشینەیەکی سیاسی وکۆمەلایەتی .

## ٢/ تێکچونی هاوسەنگی هێزە دەوڵەتیەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا:

بەڵام دۆخەکە لەعێراقدا هەرلەم ئاستەیدا نەمایەوە. بەڵکو ڕێگای بۆ هاتنە ناوەوەو دەخاڵەتی دەوڵەتانی ناوچەکە، لەوانە تورکیاو ئێران خۆش کرد کە وەک دوو ئەلتەرناتیڤی ناوچەیی دەرکەون. بە تایبەتی کە بەهۆی نەمانی ڕۆڵی دەوڵەت لەعێراقدا یان لە واقعدا پێکنەهاتنەوەی دەوڵەتی داروخاوی عێراق، هەریەک لەم دوو دەوڵەتە بەدوای پرکردنەوەی بۆشاییەکەوە بون بۆ پرکردنەوەی سیستەمی ئەمنی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە عێراق تییدا میحوەرە. ئێران لەڕێگای پێگەکانی، حزبولا لە لوبنان وحەماس لە فەلەستین و بەشار ئەسەد لە سوریا و"شیعەکان" لەعێراق،

ڕیگای دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی گرتەبەر بەئاراستەی بەرینکرنەوەی جێگاو ڕێگای خۆی لەعێراقدا. تورکیا، بەهاتنەسەرکاری ئۆردوگان، پشتی کردە سیاسەتی پەیوەست بون بە یەکیتی ئەوروپا وە وکەوتە مونافەسەی ئێرانەوە، ڕاکێشانی حزبە قەومیە کوردەکان و پشتیوانیکردن لە"سونەکان"ی عێراق و هیزەکان لە سوریا، بوە جەمسەری هاوکێشە دەوڵەتیەکان لەناوچەکەدا. لەم نیوەدا ڕەوتی ناسیونالیزمی عەرەبی و دەوڵەتە "سونیگەراکان"، ئەردەن و سعودیەو دەولەتانی کەنداو بۆ دورخستنەوەی مەترسی ئێران لەڕیزی سیاسەتەکانی تورکیادا ڕاوەستانو پشتیوانی ڕەوتە سیاسیە سونیەکانیان وەک سیاسەتێک بەرەوپێشبرد... هەموو ئەمانە دواتر پشتیوانەیەکی گەورەی مادیو لۆجستی بۆ سەرهەڵدانو پەرەگرتنی داعش ڕێکخست. .

## ٣/ جەنگ لە سوریادا :

جەنگی سوریا فاکتۆرێکی تر و هۆکارێکی تر بوو بۆ سەرهەڵدانی داعش. بەتایبەتی کە ئەم جەنگە لەسەرەتاوە بۆسەرکوتی شۆرش لەلایەن ڕژێمی سەرکوتگەری بەشار ئەسەد بەرێوەبرا، بەلام کاتێک ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و هیزەکانی ناتۆ نەیانتوانی سیناریۆی لیبیا لە سوریا بەدەخاڵەتی سەربازی وناردنی هێز یەکلا بکەنەوە، چونکە سوریا ناوچەیەکی نفوزی ڕوسیا بوو، زیاتر لەمەش لێدان لە سوریا بۆ ئەوان لێدان بوو لە جێگاو ڕێگای روسیاو چین وەک دوو گەورە هێزی ئابووری و سیاسی لە ئاستی جیهاندا و هاوکات بۆ لێدان لەدەورو نفوزی جمهوری ئیسلامی ئێران کە لە ناوچەکە برەوی پەیداکردوە و هاوپەیمانیشە لەگەڵ ڕوسیادا. کێشمەکێشی ئەم هێزانە کۆمەڵگای سوریا لەسیاسەتی چاوەروانیدا بە دیار یەکلا کردنەوەی کێشمەکێش و دەعوای نێوان بلۆکە ئیمپریالیستیەکانی دونیادا ڕاگرت، کە لەسەرێکیەوە ڕوسیاو چین ولەسەریکیتریشیەوە ئەمریکاو رۆژئاوا ڕاوەستاوە.

هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ دەرهێنانی هێزیکی میانەڕەو لە ئۆپۆزسیۆنی سوریادا نەیتوانی بە ئەنجام بگات، بەتایبەتی ئەو ڕەوتە ئیسلامیانە هەمیشە دەست سازو پەروەردەی دەستی ئەمریکاو غەرب بوون وەک ئامرازی ڕێکخستنی کۆنەپەرستیی بە دژی چەپ وسکولاریزم لە کومەلگاکانی خورهەلاتی ناوەراستدا، ئیستاش بوونەتە جەمسەریکی چالاکی تیروریزمی جیهانی و یەکێک لە ڕەقیبەکانی جەنگی دەسەلاتی بورژوایی لە خورهەلاتی ناوەڕاستدا.

لەولاشەوە سیاسەتی کوشتنو کاولکاری ڕژێمەکی ئەسەدو ئاوارەکردن ودەربەدەرکردنی ملیۆنەها ئینسان، ئەم جەنگە وکاریگەریەکانی گویزایەوە بۆ ولاتانی ناوچەکە، لەوانە لوبنان، ئەردەن، عێراق. لەوەها هەڵومەرجێکدا بەرەی نەسرە و ڕەوتە ئیسلامیەکان بەپشتیوانی تورکیا و دەوڵەتانی کەنداو سعودیە بە کردەوە پێگەی بۆسەرهەڵدانی داعش خۆشکرد بە تایبەتی بەدوای جیابوونەوەی بەغدادی لەجەبهەی نەسرە و کردنی شاری ڕەقە بە مەڵبەندی سەرەکی خۆی.

## ٤/ ڕۆڵی ناسیونالیزمی کورد لەبەرامبەر داعشدا:

دەوری ناسیونالیزمی کورد لە بەرامبەر داعشدا فاکتۆرێکی ترو هۆکارێکی تر بۆ ڕاکێشانی داعش.

حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان کە٢٤ ساڵە هاولاتیانی ژێردەستیان گیرۆدەی چەندین نەهامەتی کردۆتەوە ونەیانویستوە وەلام بەخواستە سەرەکی و ژیارییەکانی خەڵک لە ئازادیو بژێویو مافەکانی ژنان و منالان و کرێکاران ولاوان بدەنەوە، لەم دۆخە گێژاوەی عێراق وناوچەکەدا، بەدوای بەرژەوەندی چیانیەتی خۆیانەوە بوون، فراوانکردنەوەی نفوزی دەسەلاتیان وگێرانەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان ، بە دەستهێنانی بوجەو فرۆشتنی نەوت و سەربەخۆیی ئابوری و بازرگانی ئەوانی کردۆتە لایەنێکی کێشە و قەیران لە عێراقدا. سەرەتا دژایەتی مالیکیان هەڵبژارد تا پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەل تورکیادا خۆش بکەن و پاشان پشتیوانی ڕەوتە سونیەکان و ناسیونالیزمی عەرەبی و کۆنە بەعسیەکانیان وەک سیاسەتێک بۆ وەرگرتنی ئیمتیازات لەحکومەتی عێراق بەرێوەبرد.

لەبەرامبەر جەنگی سوریادا، سنورەکانیان لەخەڵکی ئاوارە داخستو پەیرەویان لە سیاسەتەکانی تورکیا بەرامبەر کوردانی دانیشتوی شارەکانی سوریا گرتەبەر. لەگەڵ توندبوونەوەی قەیرانەکانی نێوان حکومەتی عیراق وهەرێمدا، کەوتنە ڕێکەوتنی زمنیەوە لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو سعودیە، و ڕەوتە سونەکان تا ئەوئاستەی داعش توانی لەناکاو موسڵ بگرێ وپێشرەوی جەنگێک بۆ داگیرکردنەوەی ناوچە سونیەکان بەدەستەوە بگرێ.

لەگەڵ هاتنی داعشدا، ناسیونالیزمی کورد نەک هەر ڕایان گەیاند کە ئەوان شەڕی داعش ناکەن و پارێزگاری لەخاکی کوردستان دەکەن، بەڵکە داگیرکردنی موسڵیان لەلایەن داعشەوە وەکو دەستکەوتێکی گەورە بۆ خۆیان ناوزەد کرد و نەعرەتەی فرسەتیان کێشا و کەوتنە کۆنترۆلکردنەوەی ناوچە نەوتیەکان وکۆکردنەوەی چەک و تفاقی سوپای هەڵهاتوی عێراق. بەلام وەختێک داعش خۆی لە موسڵ و شارەکانیتر جێگیرکرد کەوتە پەلامارو هێرش بۆ شارەکانی کوردستان، کە لە بەرامبەردا حزبە قەومییەکانی کورد هەڵهاتن و بە دەیان هەزار ئینسانیان لە خەڵکی شەنگال و گوێرو ناوچەکە بەدەستی بەستراوەوە ڕادەستی داعش کرد، کە بووە مایەی کارەسات وتراژیدیایی گەورەی ئینسانی، لە کوشتارەوە بۆ ئاوارەیی و لە ئیغتسابی ژنانەوە بۆ کڕین و فرۆشتن کردن پێیان... تاد. پاشان هەوڵیاندا ئەم تاوانە ئاشکرایە بەوە پاساو بدەن کە چەکی داعشیان بەدەستەوە نیە واتە چەکی قورسیان پێنیە و بەرگریان لەخەڵک لەم جەنگەدا نەکرد..

ئەم حزبانە تا ئێستاش لە شەڕێکی ناشێلگیریانەدان وداعشیان وەک کارتێک بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتی خەڵکی جیهان و بەدەستهێنانی ئیمکانات و ئیمتیازات لە ئەمریکا و ئەوروپا بەدەستەوە گرتووە، هاوکات بۆ توندکردنەوەی فشار لەسەر حکومەتەکەی عەبادی و ڕازیکردنی بە مەرجەکانی کورد، داعشیان لەناوچەکەدا ڕاگرتووە و لەژێریشەوە کەوتوونەتە بازرگانیکردن لەگەڵیاندا. دەرکەوتووە لە ماوەی رابردودا ژمارەیەک لە بەرپرسیارانی حکومی و حزبی و خاوەن کۆمپانیا هەستاون بە بازرگانی لەگەڵ داعش لە و ناوچانەی سنوریان بە داعشەوەیە. زیاتر لە مانەش شەڕی داعش بۆتە بەهانەیەکی گەورە بەدەستیانەوە بۆ شانخاڵی کردنەوەیان لە دابینکردنی سەرەتایی ترین پیداویستیەکانی خەڵک و تا دەگات بە دواخستنی موچەی فەرمانبەران

و وەستانی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان...، بەم کارەشیان هێندەی تر خەڵکی کرێکار و زەحمەتیکێشی کوردستانیان لەگەڵ برسێتی و بێکاری و هەژاری بەرەو ڕوو کردۆتەوە. هەروەها کردویانەتە پاساو بۆ وەڵام نەدانەوە بە خواست و ناڕەزایەتیەکانی کرێکاران و زەحمەتکیشان و ژنان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

## ٥/ شکستی سیستەمی حوکمڕانی و کۆتایی دەوڵەتانی پۆست کۆلۆنیالیزم:

شکستی سیستەمی حکومرانی و کۆتایی دەوڵەتانی پۆست کۆلۆنیالیزم، هۆکارێکی ترە بۆ سەرهەڵدانی داعش و درێژەکێشانی جەنگەکەی. لە ئارادابوونی دەوڵەتانێک کە بەدوای کۆتاییهاتنی کۆلۆنیالیزم داگیرکاری ئیستعماری شکلیان گرت. سروشتی ئەم دەوڵەتانە کە لەسەر بنەمای هیزی کاری هەرزان دامەزراون دەوڵەتانێکی کۆنەپەرستو تێکەڵ بە ئیسلام و شەریعەتەکەی، لە نمونەی دەسەڵاتی سەرکوتگەروژێرپێنانی مافی هاولاتیان و ئازادیەکانن. دەوڵەتانێکن کە ئیسلامی سیاسیان لە قانونەکاندا لە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکاندا جی خستووە، هانی دامەزراندنی تۆری مەزگەوتەکان، وەزارەتەکانی ئەوقاف، دژایەتیکردنی فەرهەنگی غەربیو مەدەنی، حکومەتی بنەماڵەییان ... کردۆتە بنەمای ڕاگرتنی جیاکاری ئابوری و ڕەگەزی.. ئەم دەوڵەتانە بەدوای پەرەسەندنی ئابوریو کۆمەلایەتی لەنێوان نیوسەدەی ڕابردوودا، ناڕەزایەتیەکی کۆمەلایەتی خەڵکی کریکاروزەحمەتکێشی لیکەوتۆتەوە، بەجۆرێک کە دەوڵەت ئیتر بیکارامەیە لە کۆنترۆلکردنی کۆمەڵگا.. جەنگی داعش بۆئەم دەوڵەتانە هەرئەوەنییە کەپشتیوانی لێبکەن و گەنجانی بۆ پەیوەستبون پێوەی بۆهانبدەن، بەڵکو بۆسەرکوتی ئەم ناڕەزایەتیە کۆمەلایەتیە کردۆتە یەک پێویستی مانەوە ودرێژەکێشانیان.

## ٦/ ئیسلام وئیسلامی سیاسی لەخۆرهەلات و ئەوروپا:

ئیسلامی سیاسی خۆی بەرهەمی سیاسەتەکانی ئەوروپاو ئەمریکایە لەڕۆژهەلاتدا. هەروەک مەنسوری حیکمەت رابەری کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەڵێت" بزووتنەوەی ئیسلامیی لەئاکامی ئەم بوشاییە ئایدولوژیک سیاسییەو سەرلیشیواویی بورژوازیی محەللی ئەم ولاتانەدا بەوینەی یەکیک لە ئەلتەرنەتیفەکانی باڵی ڕاستی کومەلگا بو تازەکردنەوەی هەیکەلی حوکمرانیی بورژوایی لە رووبەرووبوونەوە لەگەل چەپو چینی کریکاریک کە لەگە ل گەشەی سەرمایەداریدا ئەمیش پەرەی سەندبوو هاتە مەیدان" لەڕۆژهەلات، ئیسلامی سیاسی خۆی بەشێکە لە دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە وڕیشیەکی کۆمەلایەتی بۆماوەتەوە، لە بواری پەروەردەو فێرکردن، یاساکان، فەرهەنگی کۆمەلایەتی، نابەرابەریو هەژاریو بیکاری لەرۆژهەلاتدا، هاوکات بەچارەسەر نەکراوی کێشەی فەلەستین وجیاکاریەک کە بەسەر خەڵکی فەلەستیندا داسەپێنراوە، گەمارۆی ئابوریو دواکەوتوویی ئەم وڵاتانە... ئیسلامی سیاسی وەک باڵێکی بۆرژوازی وبزوتنەوەی ئەنتی غەربگەرایی ڕاگرتووە. کاتێک ئەمریکاو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ئەم ڕاستیانە دەبینن، نەک هەر دژایەتی ناکەن بەڵکوئیسلامی

سیاسیان بەسەر ئیسلامی توندڕەو ومایەنڕەودا دابەشکردوە ، هە روەک مەنسور حیکمەت دەڵێت "دەسەلاتەکانی غەرب، وە میدیاو جیهانی ئەکادیمییان، مەقولەی بونیادگەراییان هیناوەتە پیشەوە بوئەوەی لقو باڵە تیروریستیو دژی غەربییەکانی ئەم رەوتە ئیسلامییە لە لقە لایەنگرەکانی غەربو ئەوانەی ئەهلی سازشن جیا بکەنەوە. دژی غەربەکان بە بونیادگەرا ناو ئەبەنو هیرش ئەکەنە سەر بونیادگەرایی بوئەوەی ئیسلامی سیاسی بەشیوەیەکی گشتی، کە لەڕوانگەی ئەوانەوە کولەکەیەکی حوکمرانیی ڕاسترەوانەو دژی سوسیالیستە لەناوچەکەدا کە لەئیستادا بەهیچ شتیک جیگاکەی پر ناکریتەوە، مەحفوز بکەن. بەلام ڕەوتە دژی غەربییەکان هەموویان بالی وشکە موقەدەسو موتەعەسیبە فیقهییەکان نین لەم بزووتنەوەیەدا. بونیادگەراترین بەشەکانی مەعەسکەری ئیسلامیی، وەکو تالیبانو سعودیە، خویان نزیکترین یارانی غەرب"...

بەناوی هینانی دیموکراسیەوە دەستیان درێژکردووە بۆئەم بزوتنەوەیەو گروپەکانی تا سیاسەتی خۆیانیان لە خۆرهەڵاتدا پی ببەنە پێشەوە. پشتکردن لەسکولاریزم ومافی هاوڵاتی یەکسان ودابەشکردنی کۆمەلگاکانی شەرق بەسەر گروپە ئەسنیکیو مەزهەبیەکانەوە، بەشێکە لەسیاسەتی ملتیکالچرالیزم.(نسبیەتی فەرهەنگی).

هاوکات پشتیوانی لە ئیسرائیل لەبەرامبەر خەڵکی فەلەستین وسعودیە وحکومەتی پاشایەتی لە ئەردەن، پشتیوانی لە مالیکیو عەبادی ودەولەتە تازەکانی لیبیاو تونس وحزبە میلیشیایەکانیان.. ئەمانە هۆکارێکیترن کەباکگراوندی ئیسلامی وزەخیرەی فراوان بۆ لەشکری داعش ڕێکبخەن و کارگەی بەرهەمهینانی بخەنگەر.

## ٧/ مامەڵەی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا بە پەنابەرانەوە:

مامەڵەکردنو پەیرەوی کردن لە سیاسەتی دژی پەنابەری ئەم وڵاتانە گۆرینی یاساکانیان کە سەرتاپا دژ بە مافە ئینسانیەکانی پەنابەرانەو لەسەر بنەمای جیاکاری ئینسانی بەریوە دەبرێت .. هۆکارێکی تری ڕاکێشانی گەنجانە بۆ چونە ناوداعش. سیاسەتی کەمپسازی و جیاکاری بەرامبەر پەنابەران، کردنەوەی دەیان گرتووخانەی دەستبەسەرکردن بۆ ڕاگرتنی داوای پەنابەری ، ئیزۆلەکردن(دابڕان)ی پەنابەران، دابر دابڕکردنی جالیەکان، دانانی لیدەرکۆمینیتی، ڕێزگرتن لە فەرهەنگی ئیسلامی، پشتیوانیکردنی لە گروپ و ڕێکخراوە ئیسلامیەکان بۆدانانی مزگەوت، حجابکردنی ژنان ومناڵان ، کردنەوەی قوتابخانەی ئاینی ، سەدان ڕیکخراوی چاریتی (خێرخوازی) ئیسلامی..، تا دادگای ئیسلامی لەڕۆژئاوا وجیاکاری لەنێوان خەڵکی پەنابەرو هاوڵاتیانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا کە ژیانی سەدان ئینسانی پێ لە قاڵبدراوە.

پێویستە ڕێگا نەدرێت بە دەستهەڵگرتن لە بەهاو یاسا پێشرەو ومۆدیرنەکان و داشکاندن لە دیموکراسییە پەرلەمانیەکەیان و هێنانە ئارای مۆزایکی قەومی و نەژادی و مەزهەبی لە ژێر ناوی مالتی کەلچەریزمدا، کە دەست ئاوەڵایی فەرمی و زۆرتری داوە بە کۆنەپەرستی و دواکەوتووی لەوانەش هەڵسورانی گروپە ئیتنیکی و ئیسلامییەکان. هەموو ئەمانە زەمینە و دەست ئاوەڵایی زیاتری بەخشیوەتە ئەم گروپە ئیسلامیە داعش و ئینسان کوژانە، تا مەودای کاری تێرۆریستی و

## داعش تارماییەکی ڕەش بەرامبەر بەکۆمەڵگای بەشەری

کوشتاریان فراونتر بکەن و جغرافیاو ناوچە ئارام و لانی کەم ئارامەکانی دنیاش، بە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاو ئوسترالیا...شەوە، بکەنە ئامانجی کردەوە تیرۆریستیەکانیان.
هەموئەمانە ئیسلام وفەزای کۆمەلایەتی بەقازانجی داعش ڕاگرتووە.

### ٨/ شۆڕش لەناوچەکە:

سەرهەڵدانی داعش خۆی وەک هێزێکی دژە شۆڕش بۆ پاشەکشەپێکردنی شۆڕش وتێکدانی فەزای کۆمەڵگایە بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی هەڵومەرجی شۆڕشگێری لەناوچەکەداهاتە ئاراوە، کە بە دوای سەرهەڵدانی شۆڕش لەتونسو میسر ناوچەکەی گرتەوە. ترس لەجەماوەری ڕاپەڕیو وهاتنەسەرکاری دەوڵەتێکی چەپگەرا فاکتۆرێکی ترە بۆ مانەوەی داعش وسەرهەڵدانەکەی. بە تایبەتی سیاسەتی ئەمریکاو غەربیش لەوەی کە جەماوەری ڕاپەریو کەنار بخرێت ودەخاڵەتیان لە دەسەلاتی سیاسیدا وەلابخرێت کۆمەڵگا بکەویتە دەست ئەو دەست و تاقمانەی کە لایەنگری سیاسەتەکانیان. بەداخەوە ئەوەی سەرنج ڕاکیشە دەوڵەتانی غەربو ئەمریکا لە ناوخۆی ولاتەکانی خۆیان جیای دین لەدەولەتو بەناونیشانی بناغەی ئازادیخوازی و مەدەنیت ناسراوە بەڵام دەستگرتنو و پشتیوانی مالی ئەو گروپ و دەستەو تاقمە ڕەشە ئیسلامیانە و ناسیونالیستەکان لە خۆرهەلاتی ناوەراستدا دەکەنە پردێک بۆ پەرینەوەی سیاسەتەکانی خۆیان وە لە بەرامبەر داعشیش لە سەرەتاوە بەو شیوەیە مامەڵەیان کرد لە پێناو ئامانجە سیاسی و ستراتیجێکانی خۆیاندا.

### ٩/ بەدیل و ڕێگا چارە:

ئەمانەی لە سەرەوە باسکران پێکەوە چوارچێوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بۆ سەرهەڵدانو خۆگرتنی داعش پێکهێناوە. بەڵام ئەم جەنگە بەرەوکوێ دەرواو چارەنوسی داعش لەکویدایە؟ ودەبێ چی بکرێ بەرامبەر بەخەتەری داعش؟
نە ئەمریکاو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، وە نە دەوڵەتانی ناوچەکە ورەوتو هێزە قەومیو دیموکراتیەکەکان، وەنە ڕەوتەکانی ئیسلامی میانەڕەو!! ئەمانە هیچیان قازانجیان لە پاککردنەوەو دژایەتی بنەڕەتیدا نیە لەگەڵ داعش، بە پێچەوانەوە داعش بۆ ئەم هێزانە کارتێکی سیاسیە بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیەکانیان. ئەمانە هەریەکەیان بەو ئاستە شەرو دژایەتی داعش دەکەن کە قازانجی خۆیان بەدی بهێنن لەوگیژاوە سیاسیەدا کەناوچەکەی گرتوتەوە. تەنها هێزێک کە بتوانێ بەجدی دژی داعش بێ وقازانجی لەپاککردنەوەی ئەم ڕەوتە وەحشیگەریەدا بێت، بەشەریەتی ئازادیخوازو موتەمەدنی جیهانە، هێزی کریکارو زەحمەتکێشی کۆمەڵگای ڕۆژهەلات وژنانو لاوانی ئازادیخوازە. مقاوەمەتی خەڵکی کۆبانیو ڕاوەستانی ژنان وپیاوان لەنەبەردێکی سەربەخۆدا، بە ئیمکاناتی کەمەوە توانیان داعش بشکێنن. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ئینسان وبەرەی ئینسانی و چینی کرێکار وئازادیخوازان دەتوانی فاکتۆری بریاردەر بێت بۆ کۆتایی هینان بەتارمایی داعش وداعشەکان بەسەر کۆمەڵگای بەشەریەوە. داعش دەبێ بڕوات، سەرئەنجام لە ڕێگای زەبرو زەنگو کردەوەی

سەربازیەوە بڕوات. هەرجۆرە بەندو بەستێک لە گەڵ ئەو هیزە ڕەشەدا بە تەواوی پێویستە سەرکۆنەو محکوم بکرێت. دامەزراندنی حکومەت و سیستەمێکی سکولار لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا ئیتر کاری کۆمۆنیستە کان و سوسیالیستەکانە ... ئەوەی کە ئیتر چی پێویستە بکرێت لەم چەند خاڵەدا سەرخەتەکانی ئاماژە پێدەدەم:

١/ مقاوەمەتی جەماوەری لەبەرەکانی شەری دژی داعشدا، نمونەی جەسورانەی کۆبانێ..

٢/ هێنانە سەرکاری حکومەتیکی سکولار وپێشرەو، کە دەخاڵەتی جەماوەری زامن کات.

٣/ گۆڕینی قانونەکان لەجیهاندا بەقازانجی ئازادیو باش بژیوی ئینسانەکان لەهەرکوێبن.

٤/ پشتیوانی کردنی بەرەی جیهانی لەئازادیو سکولاریزمو بە ڕەنگاربوونەوەی جەماوەری لەخۆرهەڵاتی ناوەراستدا ..بەتایبەتی پشتیوانی لە هێزی بەرگەری جەماوەری کە ئێستا لە کوردستاندا پێک هێنراوە.

٥/ هەنگاوی خێرا بگیرێتە بەر بۆ یارمەتیدانی هەموو ئەو ئاوارەو و بێخانەولانانەی بە بۆنەی جەنگی داعشەوە لەشوێنو ژیانی خۆیان هەڵکەنراون بە جیا لە دین و ڕەگەزیان.

٦/ ئەو وولاتانەی کە هاوکاری داعشیان کردووە، بەتایبەتی حکومەتی تورکیا وسعودیەونەک هەر ئەبێ سەرکۆنە بکرێن بگرە ئەبێ بەرپرس بکرێن بۆ ئەو هاوکاریە سەربازی و داراییەی کە پێشکەش بە داعشیان کردووە و لێپرسینەوەی لێبکرێت لەو بارەیەوە.

٧/ داوا لە حکومەتەکانی ئەوروپا بکریت کە ئیزیدی و مەسیحیەکان و هەموو هەڵهاتوانی ژێر دەستی داعش بە پەنابەر قبوڵبکرێن.

٨/ ئەو حزبە سیاسیانەی کە لەو بارودۆخەوە گلاون کەوتوونەتە هەڵخراندنی هەستی ڕەگەزپەرستی و تایفی: عەرەب لە دژی کورد و بە پێچەوانەوە وە سوننی لە دژی شیعە و بە پێچەوانەوە. ئەنجامی ئەم سیاسەتەش بۆتە مایەی کارەسات و هەلومەرجێکی نامرۆڤانە و ڕەگەزپەرستانە لە عێراق و کوردستاندا. پێویستە فشار بخرێتە سەر پارتە سیاسیەکان بۆ کۆتایی هێنان بەو سیاسەتە.

٩/ هەرجۆرە هەڵسوڕان و چالاکیەک لەلایەن لایەنگرانی داعشەوە لە ئەوروپا ئەبێ قەدەغەبکرێ. ئەوەی ئەوان پیادەی ئەکەن بەشێک نییە لە ئازای بیروڕا و ئازادی هەڵسووڕانی سیاسی، بگرە بانگەشەیە بۆ چاندنی ڕق و کوشتار. بۆیە ئەبێ وەک نازیەکان تەماشا بکرێن. لە لایەکی تریشەوە، دەرکەوتنی ئەوان بارودۆخ ئەخوڵقێنێ بۆ سەر بەرزکردنەوەی گروپ و مەیلە ڕاسیست و ڕەگەزپەرستەکان لە ئەوروپادا لە دژی هەر هاولاتیەکی غەیرە ئەوروپی یان ئەوانەی کە بە ناو لە وولاتە ئیسلامیەکانەوە هاتوون.ئەمەش پشێویەک دەنێتەوە کە ئەوروپا نیەتیەتی خۆی لێ لابدات.

١٠/ بەهیزکردن وهاوخەباتی چینی کریکار و کۆمۆنیستەکان لەئاستی خۆرهەلاتی ناوەراست وجیهان داوایەکی فەوری هەر ئێستا و دەست بەجێیە بۆ پاشەکشێپیکردن بەوهیزە ئیمپریالیستیە جیهانیانەی نەخشەو سیاسەت وستراتیژی کۆنەپەرستانە لەئاستی ناوچەکەوجیهان دەبەنە پیشەو پێویستیان بە دینە وەک ئامرازیک بۆ خامۆشی چینی کرێکار .

## داعش تارماییەکی ڕەش بەرامبەر بەکۆمەڵگای بەشەری

١١/ پێویستە وەکو جەنگێکی همەلایەنە لە دژی داعشو فکری داعش هەمو وجۆرە هاوکاریەکی داراییو ئاسانکاری بۆ ئەو ڕێکخراوو ناوەندە ئیسلامیانەی بەناوی کۆمینویتی ئیسلامیەوە هاوکاری دەکرێن، ببڕدرێت.. دەبێ هەڵسوڕانیان بخرێتە ژێر چاودێریەوە. دەبێ قوتابخانە دینیەکان دابخرێن و ڕێگا نەدرێ مزگەوتەکان وەکو ناوەندی ئامادەکردنی تیرۆرسیتەکان بەکاربهێنرێت.....



مەنسور حکمەت

# جەنگ، تێوەری و"تێوەری جەنگ"*

وەرگێڕانی لەفارسیەوە: خەسرەو سایە

جەنگی ئێران وعێراق یەکێک لەو ئاڵوگۆڕە خێرا سیاسیانەیە کەبەجیا لەئاکام وئاسەوارە بابەتیەکانی، لەو ڕوە شەوە جێگای گرنگی پێدانە، کەپەتەوی تێوری وڕاست و دروستی بنەما تاکتیکیەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیمان بەمەحەکی تاقیکردنەوە دەسپێرێت. ڕەوتی"ئاشتی خواز"ی کامڵبوونی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران، بەهۆی جەنگی ئێران و عێراقەوە، جەنگێک کەکاریگەری قووڵی بەسەر هەلومەرجی ژیان و خەباتی چینایەتی لەکۆمەڵگادا بەجێ هێشتوە، گیرۆدەی بارگرژیەک دەبێ. ڕەوتی بەردەوام و کەمێک ڕوبەهەڵکشانی دەرپەڕاندنی ئۆپۆرتۆنیزم لەڕیزەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا، کەخۆی لەنمونە گەلێکی وەک دەرپەڕاندنی زۆرینەی ئۆپۆرتۆنیستەکانی نێو ناوەندێتی ڕێکخراوی چریکە فیدایەکانی خەڵکدا لەلایەن کەمایەتییەکی شۆڕشگێریەوە دەبینێتەوە، لەهێزگرتنی باڵی چەپ لەڕێکخراوی پەیکاردا، لەئاشکرابوونی شینەیی مەیلی"ئەکسەریەتی" ڕای کارگەر* و ڕۆشنبوونێکی ڕێژەییانەی ناوەرۆکی ڕاستڕەوانەی دەربڕینە چەپڕەویەکانی ڕەزمەندەگاندا خۆی دەنوێنێ، ئەوەی کەبەڕاوەستانێکی بڕیاردەر گیرۆدەیان دەکات، ڕاوەستانێکی بڕیاردەر لەو ڕووە نا کەهەلومەرجی تازە، لەڕوانگەی بابەتیەوە بەپێویست زەمینەی لەباری بۆ سەرلەنوی خۆگرتنی ئۆپۆرتۆنیزم فەراهەم دەکا، بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە کەیەکەم، دەستکەوتە تێوەریەکان کەمن و جێگیر نەکراون، بەڵام هەرچۆنێک بێت بەنرخن وژیانی بزوتنەوەکە دەخاتە مەترسیەوە ودووەم، لادانە کۆنەکان شێوەکانیان دەگۆڕن، سنورەکانی ڕێکخراو دەبڕن ولەشێوازی تازەو بەگشتی لەدوو شێوەی گەڕانەوە بۆ بنەماکان، یانی گەڕانەوە بۆ ناسیونالیزمی

وردەبۆرژوازی لەلایەک وئانارکۆ-پاسفیزیم، پشتبەستوو بەتێوری فۆرمالیستی وئەلگۆسازی، لەلایەکیترەوە خۆیان دەردەخەن.
ئەوە سروشتیە کەگەشەو کامڵبوونی هوشیاری، بەپێوانەی گەشەو کامڵ بوونی بزوتنەوەیەک بزانین کەدەیەوێت و دەبێ ڕابەری هوشیار، پرۆلیتاریا خۆی بێت. بێگومان پەرەسەندنی چەندایەتی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی، لەزەمینە جیاوازە ئینسانیەکاندا، لەزەمینەی ڕێکخراوەیی، هونەری، مالی، ڕاگەیاندن وهیتردا، پێداویستیەکی حەیاتی ومەرجێکی پێویستە بۆگێڕانی ڕۆڵێک کەئەم بزوتنەوەیە بۆ کۆتایی هێنان بەژیانی نەنگینی سەرمایەداری لەئەستۆیەتی، بەڵام تەواوی ئەمانە کاتێک جێگای واقعی خۆیان لەڕەوتی کامڵ بوونی بزوتنەوەی پرۆلیتاریدا دەگرن، کەبەرنامەو تاکتیکی لینینی بیان بزوێنی وجیهەت و ئاراستەی هەڵسوڕانیان دیاری بکات. مێژووی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی پرە لەچەندین نمونەی تێکشکانی خێرای فراوانترین ئیمکانات وڕێکخستنەکان، ئەمەش بەهۆی باڵادەستی سیاسەتی ئۆپۆرتۆنستیەوە بەسەریاندا، وەیا بەپێچەوانەوە گەشەو هەڵدانی خێرای ئیمکانات و ڕێکخستنەکانی ئەو ڕەوتانەی کەبەواقعی کۆمۆنیستن لەماوەیەکی یەکجار کورتدا. بەبێ دەستکەوتە بەرنامەیی وتاکتیکیەکان، ناتوانرێ دەستکەوتی ڕێکخراوەیی بەدەست بێت وبەبێ بیروباوەڕی پرۆلیتیری، هیچ جەستەیەکیش لەخزمەت پرۆلیتاریادا، ناکەوێتە جوڵەوە. بەلام دیسانەوە ڕێچکەی کامڵبوونی هوشیاری مارکسیست-لینینیستی، بەنۆرەی خۆی ڕێچکەیەکە کەلەودا هەردەستکەوتیەکی تێوەری وهەر ڕێنماییەکی بەرنامەیی و تاکتیکی کەلەسەر بنەمای ئەم تێوەرە دایدەڕێژین، دەبێ جێگیر بکرێن وبپارێزرێن، بەپێچەوانەی ئەمەوە، یانی لەکاتێکدا کەپێشڕەویەکانمان پشت بەجێگیر کردنی هەنگاو بەهەنگاوی دەستکەوتەکانمان نەبەستێ، لەکاتیکدا کەئەڵقەکانی گەشەو کامڵبوونی یەکبەیەک ولەهەر هەنگاوێکدا تە واو نەکرێ، ئەوکاتە یەکەم زەربەی چاوەڕوان نەکراو دەتوانێ نەک هەر لەیەک ئەڵقەدا، نەک هەر لەیەک هەنگاودا، بەڵکو دەیان هانگاو وتاسەر خاڵی سفر بمان گێڕێتە دواوە.
تاکتیکە لادەرەکانی بەشی زۆری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لەبەرامبەر جەنگی ئێران وعێراقدا، بەڵگەیەکی ئینکارنەکراوە بۆ گرنگی پێنەدانێکی قووڵ کەبزوتنەوەکەمان لەئاست تێوەری وپێویستی گرتنەبەری ڕێچکەی کامڵکردن وجێگیرکردنی دەستکەوتەکان، کەلەخۆی نیشانداوە. گرنگی نەدان بەتێوەری، لەو ڕوەوە نییە کەبزوتنەوەکە مامەڵەی لەگەڵ تێوەری نەکردووە، بەڵکو لەو ڕووەوەیە کەهەوڵەکان بۆ گەیشتن بەبنەماکانی بەرنامەو تاکتیکی لینینی، لەبنەڕەتەوە جێگای سەرنج نەبووە، وەیان ئەوەی کەلەپرۆسەی گۆڕینی تێوەری، بۆ ڕێنمایەک بۆ کارکردن، هێندە خاو وکیسەڵی چۆتە پێشەوە، کەئەمڕۆ دوای نزیک بەدوساڵ لەڕاپەڕین، کەجەنگی ئێران و عێراق لەوەزعی تێوەریمان دەپرسێ، بابەتێکمان نییە بیخەینە ڕوو، ئەمڕۆ دوو هەڵوێستگرتنی لادەرانە کەلەبەرامبەر جەنگی ئێران و عێراقدا، لەبزوتنەوەکەدا خۆیان خستۆتەڕوو، یەکەم سۆشیال شۆڤێنیزم و نیشتمانپەرستی وردەبۆرژوازی ودووەم، ئانارکۆ پاسفیزمە، وەیان ئەوەی کەسیاسەتێکی بێموبالات لەقاڵبی دەستەواژەی شۆڕشگێرانەدا، لەسەر بنەمای پێویستی گۆڕینی جەنگی ئێران و عێراق بەڕاپەڕین

وجەنگی شۆڕشگێرانەی ناوخۆ، خۆی خستۆتەڕوو، گرنگی نەدانێکی زاڵە بەتێوەری بەسەر جوڵانەوەکەدا، کەلە هەردوو بواردا ئەتوانریَ بەئاستی جیاواز بەڕۆشنی ببینرێن:
١/ حالەتی یەکەم، هەڵوێستێکە کەڕاهیکارگەر ورەزمەندەگان، گرتویانەتەبەر،(تائەوشوێنەی کەلێرەدا بەتەنها مامەڵە لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا دەکەین، کارێکمان بە"ڕەوتی ئەکسەریەت"ەوە نییە- مەبەست لەباڵی زۆرینەی ڕێکخراوی چریکە فیدایەکانی خەڵکی ئێرانە دوای جیابونەوەی کەمایەتیەک لێی (وەرگێر). تەنانەت قسە لەسەرئەوە نیە کەبۆچی ئەم هاوڕیانە نەیانتوانیوە"هەوڵە تیۆریەکان"ی یەکساڵ و نیویان لەشێوەی بنەما بەرنامەیی وتاکتیکیەکاندا، کۆبەندبکەن، تا هەمان ڕادیکاڵیزمە پۆپۆلیستییەکەیان بپارێزن ولەدەرپەڕینی لەناکاو وبیئاگاییاندا، بەربەداوێنی سیاسەتی ڕاشکاوانەی وردەبۆرژوازیان بگرن. باسەکە لەسەر ئەوەیە کەلادانی شۆڤێنیزم لەبنەڕەتەوە یەخەی ئەو ڕەوتەی گرتوە کەهەرگیز نەی توانیوە مامەڵە بەسۆسیالیزمەوە وەک زانستێک بکات، ڕەوتگەلێک کەتێکۆشاون واوەتر لەمارکس وئەنگلس ولینین برۆن وتازەگەری بکەن، لەیەک وتەدا "لەخودی خۆیاندا بیخولقێنن" ڕاهیکارگەر سومبولی ئەم شێوەیەیە لەمامەڵەکردن لەگەڵ سۆسیالیزمی زانستیدا ورەزمەندەگانیش هەر لەم ڕوانگەیەوە لەهەندێک دەمارەکانی ڕاهی کارگەر ڕەنجدەکێشی.
ئەوەی کەلەبڕگەی دەستپێکردنی جەنگی ئێران و عێراقدا، دەستمایەی تیۆرییان بوو، ئەحکامێکی تێکەڵوپێکەڵ لەخۆوە دروستکراو وبەناچار لەرزۆک بوو. ئەوکاتەش کەجەنگی ئێران و عێراق بەناچار بزەی دڵنیایی لەروخسارایاندا ڕەواندەوە، بەدوا بڕیار گەیشتن ولەڕێگای بەدواداچونێکی ڕشتەییانەوە، خۆیان کێشا بەڕێباز وڕێنماییەکدا تا هەڵوێستێکی خێرا ڕاگەیەنن، ئەمەش تەنها خاڵی پشت پێبەستنیان بوو، کەنەک هیچ بابەتێکیان لێبەدەست نەهێنا، بەڵکو بەهەڵوێستگیریەک گەیشتن کەتائێستاش لەسەری نەبڕاونەتەوە. ئەوان "گەرانەوە بۆ بنەماکان" وڕوحی خەوتوی(دەبێ بوترێ نیوە بەئاگا) پۆپۆلیزم وناسیونالیزمێکی وردەبورژوازیان بەبێ ئیرادە، لەخۆیاندا بەخەبەرهێنا، یەکسەرە لەنشێوێکی دەیان هەنگاودا، کەلانیکەم مودەعیبوون بۆپێشەوە هەڵیان هێناوە، بازیاندا وبەهەمان سۆزی شۆڕشگێرانەی خەڵگەراییەوە، کەکۆمۆنیزمی ئێران بەناچاری لەدڵی ئەودا سەری هەڵداوە، بەرەودوا گەڕانەوە. بەلام ئەم سۆزگەلە بەهەر ئاستێک ئازا و ئینساندۆستانە بێت، دیسانەوە سۆزگەلێکی پۆپۆلیستیە وکەسانێک کەزانستی خەباتی چینێکیان نەخستۆتە شوێنەکەی، لەگەڵ خرۆشانی سۆزەکانیاندا، تا ئاستی بون بەگیانبازترین ودلێرترین کەسانی نیشتمانپەرست بەرەوپێشەوە دەڕۆن. لەوەشدا کەلادانی سۆسیال شۆڤێنستی، نەتەنها لەسەر بۆشایی بنەما بەرنامەیی و تاکتیکیە لینینیەکان، بەڵکو لەسەر بنەمای لەئارادانەبوونی تەواوی تیۆری مارکسیستی بەگشتی، دامەزراوە، ئەمەش پێویستی بەباسکردنی زیاتر نییە.
٢/ بەلام لەبارەی ئانارکۆ پاسفیزمەوە حاڵەتەکە جیاوازە، ئەم لادانە دیاریکراوە، کەڕێکخراوی پەیکار نوێنەرایەتی دەکا، بەسوربونەوە قاچی"تیۆری"ڕادەکێشیتە نێو نێوانەوە، بەلام ئەمەش نەک هەر تیۆری مارکسیزم نییە کەخوازیاری شیکردنەوەی دیاریکراوە بۆ هەلومەرجی دیاریکراو، بەڵکو سڕینەوەی مارکسیزم وگۆڕینیەتی بەکۆپیکاری. کۆمەڵێک لەحوکم وهەڵوێستی تاکتیکی، کەبەدابڕاوی لەهەلومەرجی جیاوازی ئێستا، کەئەو حوکم و هەڵوێستانەی تیا خراوەتە ڕوو

## جەنگ، تیۆەری و"تیۆەری جەنگ"

گیراونەتە بەر و بۆ هەلومەرجی ئەمڕۆی ئیمە، بەشێوەیەکی ئیختیاری دەخرێنەوە ڕوو. فۆرماڵیزمی پەیکار لەوەدایە لەجێگای ئەوەی تیۆری مارکسیزم لەخزمەتی شیکردنەوەی ئەو هەلومەرجە دیاریکراوەدا، کەجەنگی کردۆتە پێویست بەکاربەرن، لەخودی جەنگەوە وەک بینراوێک دەستپێدەکەن و لە تیۆریشدا بەدوای ئەو"بەش"ەدا دەگەڕێن کەپەیوەندی بەجەنگەوەیە، تا ڕێنمایییە عەمەلیەکانی خۆیانی ڕاستەخۆ لێدەربکێشن. کەسێک کەگوێی دونیای بەهاواری "جەنگ درێژەدانی سیاسەتە" کەڕ کردوە. لەمامەڵەکردنیدا لەگەڵ جەنگ، چۆن تیۆریەکەی تەنها لە قسەوباسی"پێشینیان"ەوە دەبارەی "جەنگ" دەرکێشێ؟ ئایا هەڵوێستی پرۆلیتاریا بەرامبەر بەجەنگ دیسانەوە نابێ درێژەی هەڵوێستی پرۆلیتاریا بێت لەبەرامبەر سیاسەتێکدا کەئەم جەنگە، بەشێوەی زەبروزەنگانە لەدرێژەیدایە؟ وەئەگەر وایە ئایا تیۆری "پەیوەندیدار" بۆ ناسینی ئەم سیاسەتە دوبارە، تیۆری "جەنگی ئیمپریالیستەکان"ە؟ ئایا"پێشینان"مان بەم شێوەیەیان کردووە؟ ئایا ئەوان بۆ ناسین وگرتنەبەری هەڵوێستی پرۆلیتیری بەرامبەر بەجەنگە ئیمپریالیستیەکان، سەرەتا لەئابورری سەردەمی ئیمپریالیزم و سیاسەتی پشتبەستوو بەم ئابووریەیان، دەرک نەکردوە و لەبەرامبەریدا هەڵوێستگیریان نەکردوە؟ چۆنە ڕێکخراوێک کەتا بەر لەجەنگ، دروشمی ڕوخانی ڕژێمی نەخستۆتەڕوو، ئەمڕۆ لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگدا، لەنێوان دوو بۆرژوازیدا، کەبەقسەی هاوڕێیانی پەیکار، ریشەی لەجیاوازی بەرژەوەندیەکدایە کە<u>سەربەخۆیە لەشۆڕشی ئیران</u> ولەناکاویشدا نەک هەرتەنیا کات بۆ خستنەڕووی دروشمی ڕوخانی ڕژێم بەگونجاو دەبینن، بەڵکو تاسەر ئاستی بانگەواز بۆکردنیشی دەچنەپێشەوە؟ ئەوە کام تیۆرەیە کەجەنگ بەدرێژەکێشانی سیاسەت دەزانێ، بەڵام تەنها بۆ بۆرژوازی؟! ئایا جەنگی ناوخۆ"عادیلانە"ی پرۆلیتاریا دیسانەوە نابێ لەدرێژەی سیاسەتی ئەودابێت، ئەگەر وایە ئایا ئەمڕۆ هەلومەرجی بابەتی و خودی پێویست بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە بەشێوەی زەبروزەنگ بڕواتە پێشەوە فەراهەمە؟ بۆچی پەیکار بۆ هەڵوێستگرتن، بۆنمونە بۆ ئەم حوکمە تیۆریەی کەسایەتیە مەزنەکان نەگەڕایەوە کەدەڵێ"یاری بەڕاپەڕین مەکەن"؟ ئایا پەیکاری ئینسان دۆست، بەوڕادەیە ئینساندۆست نییەکە بزانێ ڕاپەڕینێک وەیا جەنگێکی ناوخۆیی شکست خواردوو، بەبێ حزب، بەبێ ڕیزی سەربەخۆ و ڕابەری پرۆلیتاریا، بەبێ بەرنامەو بەبێ تەواوی پێداویستیەکانی دەستبردن بۆ هەنگاوی زەبروزەنگانە، لەپێناو گرتنی دەسەلاتی سیاسیدا، پرۆلیتاریا وهەموو دەستکەوتە کەمەکانی تائێستای، دەکات بە"گۆشتی دەمی تۆپ"ی بەرەی دژەشۆڕش و"پێست و گۆشت و ئێسقان"ی پرۆلیتاریا دەکاتە قوربانی بەرژەوەندیەک کەلەپێناو ڕیکخستنەوەی دەورەیەکی تازەی کەڵەکەی سەرمایە دایە؟ ئەمانە هەموویان مەسەلەی تیۆریکین کەپەیکار دەتوانێ بەهەمان شێوەی فۆرمالیستی بۆ بەشەکانی پەیوەندیدار لەکتیبە تازەکاندا، لە"بەشی تیۆری شۆڕش"، "بەشی تیۆری قەیران"، "بەشی بەرنامەو تاکتیک" وهیتر، بگەڕێتەوە. بەڵام پەیکار لەوە فۆرمالیست ترە کەئەم کارە بکات، ئەو جەنگ دەبینێ، بۆیە تیۆری جەنگی دەوێ. پەیکار مەسائیلێکی تیۆری کەچاودێرە بەسەر گرفتەکانیدا، لەڕووی <u>شێوەی</u> ئەو مەسەلەیەوە کەلەبەردەمیدایە، تیۆری بۆ هەڵدەبژێرێ و لەتیۆرە یشدا ولەبەدواداچونی هەر دیرێکدا کەناوێکی لەم شێوانە هێناوە، دۆزینەوە دەکات. ئەمەش شتێک نییە جگەلەوەی

کەبەقسەی تیۆریەوە نوسابێ وبەناچاریش باز بەسەر میتۆدو ناوەرۆکەکەیدا بدات!. بەڵام جێگای واقعی تیۆری لەلێکدانەوەی مەسەلەی جەنگدا چییە؟ بەشێوەیەکی کورت:

١/ تیۆری دەبێ بتوانێ زەرورەتی جەنگ شیبکاتەوە. لەڕواڵەتدا، هەمو ئەوانەی کەدەستەواژەی"جەنگ درێژەدانی سیاسەتە.." شەو و ڕۆژ ئەمە دوبارە دەکەنەوە، هەمان مەبەستیان هەیە. بەڵام ئێمە دواتر ئەوە نیشان دەدەین کەچۆن ئەوەی هەرگیز لەلێکدانەوەی نیشتمانپەرستان وئانارکۆ پاسفیستەکاندا، ئامادەنییە، چەمکی مارکسیستانەیە بۆ"زەرورەت". مەبەست لەڕۆشنکردنەوەی زەرورەتی جەنگ، ڕۆشنکردنەوەو شیکردنەوەی جێگای جەنگە لەڕەوتی یاساکانی کۆمەڵەی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان وپەیوەندیە چینایەتیە دیاریکراوەکاندا، کەئەم جەنگە لەجەرگەیانداو لەپەیوەند بەپێداویستیە ئالوگۆربەخشەکان ودەرکەوتنیانەوە شکڵ دەگرێ. ئێرە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وناوچەی کەنداوی فارسە، ناوچەیەکە کەتیایدا سەرمایەی ئینحساری بەرابەری ئیمپریالیزمی ئەمریکا، بەرلە شۆرشی ئێران پەیوەندیەکی دیاریکراوی لەگەڵ پرۆلیتاریای وڵاتانی ناوچەکە(وەهەربەم ئیعتبارەش لەگەڵ جەماوەری زەحمەتکێشی ناپرۆلیتێر) دامەزراندوە، پەیوەندیەک کەلە چوارچێوەی دابەش کردنێکی ئیمپریالیستانەی جیهاندا، جێگاو ڕێگاو واتایەکی دیاریکراوی بەخۆی هەبوە ویەکێک بوە لەمەرجە جیهانیەکانی بەرهەمهێنان ودووبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندی ئیمپریالیستانەی بەرهەم هێنان(بەرلە دەستپێکردنی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی تازەو ئەگەری سەرلەنوی دابەشکردنەوەی جیهان) کەشکڵی پێدراوە. لێرەداو لەم ناوچەیەدا، لەگرنگترین وڵاتی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا، لەکەنداوی فارس(لەڕوانگەی ئابووری و سیاسیەوە)، شۆڕشێک لەئارادایە کەهەموو ئەم پەیوەندیانەی بەباڵانس وهاوسەنگیە ئیمپریالیستیە دەرونیەکانیەوە، خستۆتە ژێر هەڕەشەوە ودرێژەکێشانی ئابووری وسیاسەتی ئیمپریالیستی نەک بەتەنها لەئێران، بەڵکو لەتەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گیرۆدەی تەنگژە وقەیرانێک کردووە. لێرەدا پرۆلیتاریا ئامانج وئەهداف وتوانایەکی دیاریکراوی هەیە وسەرمایەی ئینحساریش بەهان شێوە بەدوای بەدیهێنان وژیانەوەی هەلومەرجێکی ئابووری و سیاسی دیاریکراوەوەیە. لێرەدا ئارایشێکی دیاریکراو، لەڕێگای ڕەوتی شۆڕشەوە لەئێران، لەنێوان دوو کەمپی شۆڕش ودژە شۆڕشدا، لەسەر بابەتێکی دیاریکراو هێناوەتەکایەوە و.. شیکردنەوەی زەرورەتی جەنگ، بەمانای شیکردنەوەی جێگای جەنگە لەڕێچکەی دەرکەوتنی ئەم هەلومەرجانەی بەرهەمهێنان وئەم پەیوەندیە ڕوبەڕووەی نێوان چینەکاندا. چ کەسێک دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ جەنگی نێوان چینەکان (هەرچەند چینێک بێت) لەجەرگەی ئەم کۆمەڵە هەلومەرجانەدا بک ! بەبێ ئەوەی لەم برگە دیاریکراوەدا ئابووری وسیاسەتی، بەلەبەرچاوگرتنی جێگاوڕێگای دوو چینی سەرەکی دژبەیەک، پرۆلیتاریاو بۆرژوازی، نەکردبێتە بابەتێک بۆشیکردنەوە؟ کام دانراوی کلاسیک لەبارەی جەنگەوە دەتوانێ بەبێ بەکارهێنانی ئەقڵ وبێ بیرکردنەوەو ناسینی تایبەتیانەی کۆمۆنیستەکانی ئەمرۆ، ئەوان لەگەڵ شیکردنەوەی دیارکراو بۆ هەلومەرجی دیاریکراوی ئەمرۆ پێکەوە گرێبداتەوە وراستەوخۆو خێرا ڕێنمایی عەمەلی بەدەستەوە بدات؟ بەڵی، جەنگ درێژەدانی سیاسەتە بەرێگای زەبروزەنگانە، بەڵام سیاسەتی چینەکان خۆی لەشوێنگەی بەرهەمهێنان و کاردانەوەیان، وەک

## جەنگ، تێوەری و"تێوەری جەنگ"

ڕەنگدانەوەیەکی ئینسانی لەشوێنگەکانی بەرهەمهێنانێکی دیاریکراو، وەبەگوێرەی یاسا زەروریەکانی جوڵەو دەرکەوتنی پەیوەندیەکانی بەرهەمهیان، سەرهەڵدەدەن. ئەگەر ئەمەی دووهەمینمان نەبینی بێت، ئەوا ناتوانین زەرورەتی جەنگ درک بکەین، چونکە زەرورەتی دەرکەوتنی ئەو سیاسەتانەی کەجەنگ درێژەی زەبروزەنگانەیەتی، تێنەگەیشتوین. بۆئەم خاڵە جارێکیتر دەگەڕێنەوە.

٢/تێوری دەبێ "ئەگەری جەنگ"-یانی ئەو هەلومەرجە بابەتییە ئابووری و سیاسیەی کەجەنگ بۆ سەرهەڵدان و درێژەکێشانی پشتی پێبەستووە، ڕۆشنکاتەوە. تێوری دەبێ ئەو خاڵە ڕۆشنکاتەوە کەکام هەلومەرجە ئابووری و سیاسیە(وەهەروەها سەربازیش)، درێژی کێشانی زەبروزەنگانەی سیاسەت بەوێنەی جەنگی دوو وولاتی دیاریکراو، دەخاتە سەرشانوی دەرکەوتنەوە، تێوری دەبێ ڕۆنیکاتەوە کەبۆچی جەنگی نێوان دوو وولاتی دیاریکراو ئەتوانێ یەکێک بێت لەشێوەکانی درێژەدان بەزەبروزەنگانەی سیاستی چینایەتی ولەسەر ئەم بنەمایەش، یەکەم ئەگەری گۆرینی جەنگ بۆ شکلێکیتر، دووەم ڕێچکەکانی ئەگەری بەرین بوونەوەو درێژەکێشانی و سێهەمیش هەلومەرجی ئابووری و سیاسی کۆتایی پێهاتنەکەی بناسێنێ. ئایا بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجێکی ئابوری و سیاسی کەهەیە، بەشێوەیەکی سەرەکی دەستپێکردن و درێژەکێشانی ئەم جەنگە ئەتوانێ وەڵام بەو پێداویستی و زەروریاتانە کەئەویان خوڵقاندوە بداتەوە؟ بۆ ئەم مەبەستەش جەنگ تاکەی وتا بەهێنانە کایەوەی کام ئاڵوگۆڕی دیاریکراو دەبێ درێژە بکێشێ؟ ئایا ئەم جەنگە دیاریکراوە توانای هێنانەکایەوەی ئەم ئاڵوگۆڕانەی هەیە؟ ئەگەر نا، درێژەکێشانی زەبروزەنگانەی سیاسەتێک کەخوڵقێنەری ئەم جەنگە دیاریکراوەیە، بەدوای چ شکلێکی ترەوە دەبێت؟ ئایا شکست و سەرکەوتنی هەردوولای دژبەیەک، بەپێویست هاوتایە لەگەڵ شکست و سەرکەوتنی ئەو سیاسەتەدا کەجەنگی خوڵقاندوەو..

٣/ تێوری دەبێ لەهەنگاوی دواتردا، لەشیکردنەوەی زەروریاتە بناغەییەکان و توانا عەمەلیەکانی جەنگ زیاتر برواو ویستی چینایەتی بۆ جەنگ(ویستی جەنگ بۆ چینە دیاریکراوەکان) هەڵسەنگێنێ. تائەو جێگایەی کە موفەسیرە لاسارەکان، لەوانەی کە"جەنگ بەدرێژەکێشانی سیاسەت.." دەبینن، بەدیاریکراوی هەمان چەمکی"ویستی چینایەتی بۆجەنگ" لەگەڵ مەسەلەی "زەرورەتی جەنگ"دا بەهەڵە وەرگرتوە. لێرەدا پێویست دەکات زیاتر لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە بەشێوەیەکی ئیسپاتی ڕۆشنکردنەوە بدەین. تائەو جێگەیەی کەلەبارەی زەرورەت و ئەگەری جەنگەوە قسەدەکەین، یاساکان وهەلومەرجی بابەتی مەوجودو زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، کەلەدەرەوەی بیری ئینسانەکانە، جێگای سەرنجمانە. بەڵام کاتێک کەخودی جەنگ وەکو یەک ڕووداو کە لە واقیعدایە، قسەدەکەین قاچی ئینسانەکان و فکرکردنەوەو هۆشمەندی چینایەتیان بەتەواوی دێتە نێوناوانەوە. زەرورەت وئەگەری جەنگ ئەو چەمکانەن کەبەیاسا بابەتیەکان وئابووری و بزاوتی کۆمەڵگاکان وتایبەتمەندیە ئابووری و سیاسیەکانی وڵاتانەوە لەیەک برگەی دیاریکراودا پەیوەست دەبنەوە. بەڵام چینەکان ڕەنگدانەوەی ئینسانیانەی ئەم هەلومەرجە ئابووریانەن وبەم پێیەش ئەوەی کەواقعیەتی مەسەلەکە بەشێوەی یاساگەلێک لەدەرەوەی ئیرادەی چینەکانە وناچار بەجوڵەیان دەکات، هەر خۆشیان"قازانج

و بەرژەوەندی تایبەت"ی خۆیان لەم یان ئەو برگە دیاریکراوەدا فۆرمۆڵەو پێناسەدەکەن، هەروەها بەدیاریکردن وبەدەستەوە گرتنی پراتیکێک(فەرهەنگی، سیاسی، سەربازی و.. بۆ گەیشتن پێیان، لەپرۆسەی ڕەوتی دەرکەوتنی پەیوەندیە کۆمەلایەتی وچینایەتیەکانیاندا، بەدەخاڵەت و بزاوتی خۆیان، ئەو ئامانج و بەرژەوەندیانەیان دەبەنە پێشەوە. بێگومان ئەم ئامانجە تایبەتانەی کەشوێنی کەوتون، لەچوارچێوەی هەمان سنوردایە کەیاساکان(زەروریات) وتوانا بابەتیەکان بەسەریاندا دایئەسەپێنێ، بەڵام بەتەواوی لەگەڵ یەکدا جوت نین، چونکە بەرژەوەندی وئامانجی تایبەتی چینەکان دەرخەری زەروریاتی بابەتی ئاڵوگۆڕی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانە <u>لەگۆشەی هۆشی چینگەلێکی دیاریکراودا</u>:

"ئاڵوگۆڕی ژێرخانی ئابووری، درەنگ یازوو دەگۆڕدرێ بۆ گۆڕانکاریەکی گەورە لەسەرخاندا. لە خوێندنەوەی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا هەمیشە پێویستە جیاوازیەک قەبوڵ بکەین، لەنێوان ئاڵوگۆڕی مادی دۆخی ئابووری بەرهەمهێنان، کەدەکرێ بەهەمان ئاستی وردبینی لەزانستە سروشتیەکاندا نیشان بدرێ، لەگەڵ فۆڕمە حقوقی، سیاسی، هونەری، ئاینی و تەنانەت فەلسەفیەکاندا- بەکورتی لەگەڵ فۆرمە ئایدیۆلۆژیەکاندا- کەئینسانەکان لەم فۆرمانەدا ولەو ناکۆکیەدا(کەلەژێرخانی ئابووریدا هەن) هوشیار ببنەوەو بەخەباتی خۆشیان یەکلایی بکەنەوە"

(مارکس پێشوتار/ ڕەخنە لەئابووری سیاسی)

بەواتایەکی تر، شۆڕش بەرئەنجامی توندبونەوەی ناکۆکی نێوان گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان وپەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانە کەبۆتە ڕێگری بەردەم پەرەسەندنی، ئەمە زەرورەتی سەرهەڵدانی شۆڕشە، بەڵام هەگیز کەسێک پەیداناکەین کەبخوازێت بەدروشمی"دەبێ ڕێگای گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان بکرێتەوە!" وبەم دروشمەوە لەشۆڕشدا بەشداری بکات!(هەڵبەت کەسانێکمان هەیە کەبەم دروشمە، شانی خۆیان لەشۆڕشدا خاڵی دەکەنەوە) بۆنمونە شۆڕشێکی کلاسیکی بۆرژوایی، بەهۆی ڕۆڵێکەوە کەهەیەتی، لەکردنەوەی ڕێگا لەبەردەم گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێناندا، دەبێتە زەرور، بەڵام هیچ یەکێک لەتوێژ وچینە کۆمەڵایەتیەکان، بەم ئامانجەوە لەشۆڕشدا بەشداری ناکەن وبۆئەمەش ناچن. ئەوان شۆڕش وبەناچاریش ناکۆکیە ژێربەژێرەکانی، لەهەمان شێوەگەلێکدا تێدەگەن و وێنەی دەگرن کەمارکس لەسەرەوە ئاماژەی بۆدەکات. ئەوان بازرگانی ئازادیان دەوێ، یەکسانیان دەوێت لەبەرامبەر یاسادا، ئازادی ڕزگاربوونی زانستیان دەوێت لەچنگی ئاین، نانیان دەوێ، جیایی دین لەدەوڵەتیان دەوێ، پەرلەمانیان دەوێ، هەڵگرتنی قەرزی ئەربابەکانیان دەوێ، و...لەهەمانکاتیشدا فکرێک لە"هێزەکانی بەرهەمهێنان" وناکۆکی لەگەڵ "پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان"دا، ناکەنەوە، بەلام لەم هەموو ئەم یان ئەو خواستانەدا، ئاڵوگۆڕێک بەدی دێنن کەلەواقعی مەسەلەکەدا، وەڵامە بەزەرورەتی شۆڕش، یانی وەڵام بەناکۆکیە ژێرخانیەکانی کۆمەڵگا دەدەنەوە وڕێگایەکیش بۆ گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان دەکەنەوە. ویستی چینایەتی بۆ جەنگ، وەیا بەواتایەکی تر ئامانج و بەرژەوەندیەکی تایبەتی کەڕەنگدانەوەی زەروریاتە گشتیترەکان و بناغەییەترەکانن لەبیرکردنەوەی چینە دیاریکراوەکاندا، بەپێویست خۆیان لەئاستی سەرخاندا مانا

دەکەن. ڕۆشنکردنەوەی جەنگ بەتەنها لەڕێگای "ئامانجی تایبەت"ی هەردوولای دژبەیەکەوە شتێکیتری بەدواوەنابێت، جگەلەوەی کەسیاسەت بۆئاستی بەدیبلۆماسی و"سیاسەتی دەرەکی" بهێنرێتە خوارەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کەجەنگو دیبلۆماسی هەردوکیان لەدرێژەی سیاسەتدان. تەواوی ئەوەی کەنیشتمانپەرستان وئانارکۆ- پاسفیستەکانی ئێمە تائیستا بەناوی شیکردنەوەی تیۆریەوە لەجەنگی ئێران و عێراقدا داویانە بەدەستەوە، شتیکیتر نەبوە جگەلە گەشتوگوزارێک لەهەمان ئاستی سەرخانیدا، ئاستی ویست وەیا نەویستنی جەنگ لەلایەن ئەم یان ئەو چینی دیاریکراوەوە: "بۆرژوازی عێراق ئەمەی دەوێ و بۆرژوازی ئێران ئەوەی دەوێ"، "پرۆلیتاریای ئێران وعێراق قازانجێکیان لەجەنگدا نییە"، یا"بەقازانجی پرۆلیتاریای ئێرانە کەلەڕووی عێراقدا ڕاوەستن"و.. سیاسەتێک کەجەنگی ئێران وعێراق لەدرێژەیدایە، بۆ ئەم لادانانە لەحوکمە لینینیەکان، مانایەکیتری لێنادرێ بەدەستەوە جگەلە لیستکردنی"داخوازی"ی چینەکان لەجەنگدا. دیارە تاکتیکی پرۆلیتاریاش لەهەمان ئاست"ویست وداخوازی" دەردەکێشرێ: "جەنگێک کەڕوویداوە هۆکارەکانی سەربەخۆیە لەخەباتی چینایەتی لەئێراندا، کەوایە بابینین قازانجی پرۆلیتاریا وحاڵەتی دڵخواز بۆ پرۆلیتایا لەم جەنگەدا چییە؟". ئەم پرسیارە وەڵام بدەنەوە، تاکتیکی پرۆلیتێریتان بەدەست هێناوە!. گومان لەوەدا نییە کەڕۆشنکردنەوەی ویستی چینایەتی بۆ جەنگ، بەشێکی جیانەکراوەی هەر شیکردنەوەیەکی مارکسیستانەیە، بەڵام قەتیسکردنی شیکردنەوەکان لەم ئاستەدا، جگەلەوەی داوەری کردنێکی بۆرژوازیانەیە لەسەر بنەمای ئەوەی کەئەو دەربارەی خۆی دەیڵێ، بەناچاریش شتیکی زیاتر نابێت لەکورتهێنانی توانای شیکردنەوەی تیۆریانەی مارکسیستی بۆ تێگەیشتن لەزەروریات ویاسا زاڵەکان بەسەر بزاوتی چینەکانداو سەرەنجامیش بەئاکامی دابڕانێکی تەواو لەتیۆری بۆ خستنەڕوو وبەدەستهێنانی تاکتیکەکان دەگات. بەڵام ئەو تیۆریەی کەلەمامەڵە کردنیدا لەگەڵ جەنگی ئێران و عێراق بتوانێ زەرورەت وئەگەر و ویستی چینایەتی ئەم جەنگە لێکبداتەوە، ناچارە بەوەی کەلەیەکەم هەنگاودا، بەبابەتگەلێک وەڵامبداتەوە، وەیا وەڵامی دابێتیەوە وتەنانەت بەرلە دەستپێکردنی جەنگ، وەڵامەکانی خستبێتیە بەردەم بزوتنەوەی کرێکاری وکۆمۆنیستیمانەوە. ئەگەر ڕونکردنەوەی زەرورەتی جەنگ پێویستی بەشیکردنەوەی پەیوەندیە بناغەییەکانی نێوان کاروسەرمایەیە لەئێران و ناوچەکەو گۆڕانکاریە کۆنکریتەکانی، ئەوا بەڵگەنەویستە کە"شۆڕشی ئێران" وەک باغەییترین وبڕیاردەر ترین هۆکار، لەسەر ڕێچکەی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم پەیوەندیانە لەچەند ساڵی دوایدا، دەبێ لەسەنتەری ئەم شیکردنەوە تیۆریەدا، شوێن بگرێ. ئەگەر نامانەوێت وەکو پەیکار لەئاست ویستی چینایەتیەوە بۆجەنگ دەستپێبکەین وشیکردنەوەکان لەژیانامەی بۆرژوازی ئێران و عێراق ومەیل و ئارەزوەکانیان ودژیایەتی نێوان ئەم دوو بۆرژوازیەوە دەست پێبکات، کە"هەمیشە هەیانبووە" وئەمڕۆ "لەناکاو" دەرکەوتی دەرەکی بەخۆیەوە بینیوە، یانی ئەگەر بمانەوێ مارکسیستانە بیربکەینەوە وباوەڕمان وابێت کەئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، لەوانە جەنگی نێوان دوو بۆرژوازی بەڕێکەوتو ئیختیاری ڕوونادەن ولەڕوانگەی مێژوییەوە، هەر ئارەزو و هەوەسێکی "خۆی لەخۆیدا" چینایەتی، تەنها ئەوکاتە توانای بەدیهاتنیان هەیە کەزەرورەتە بناغەییەکانی جوڵەی کۆمەڵگاو پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و چینەکان، بەدیهاتنی ئەوانی کردۆتە

پێویست و مومکین، بەکورتی ئەگەر لەشیکردنەوەی جەنگی ئێران و عێراقدا لەپەیوەندیەکانی کارو سەرمایەو ئاڵوگۆڕەکان و بارودۆخ وحاڵەتە کۆنکرێتەکانی ئەمانەوە دەست پێبکەین، ئەوا چارەیەکمان نییە جگەلەوەی کەشیکردنەوەی جەنگ لەدرێژەی شیکردنەوەماندا بۆ سەرمایەداری ئیمپریالیستی لەئێران و ناوچەکەو کاریگەری شۆڕشی ئیران لەسەری بزانین. بەمپێیەش ئەگەر بەشی زۆری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی مەسەلەی جەنگ وتاکتیکی پرۆلیتیری لەبەرامبەریدا، بەنادروست وبەجیا لەتیۆری وبابەتە بەرنامەیی و تاکتیکیەکانمان، لەبەرامبەر شۆڕشی ئیراندا هەڵدەسەنگێنن، ئێمە دەبێ تەئکید لەوەبکەین کە بەلەبەرچاو گرتنی گرنگی ڕۆڵی دیاریکەری شۆڕشی ئێران لەرێچکەی دەرکەوتنی پەیوەندیە ئیمپریالیستیەکانی کارو سەرمایە لەئێران وناوچەکەدا، هەڵوێستگیری لەبەرامبەر جەنگدا، بەپێویست دەبێ تیۆریەکەمان پشت بەستوبێت بەبابەتە بەرنامەییەکان و ڕیبازی تاکتیکیمان لەبەرامبەر شۆڕشی ئیراندا ولەگەڵیا هاوچوت بێت.

لێرەدا ئیتر بەو خاڵە دەگەین کەلەسەرەتای باسەکەدا ئاماژەمان بۆکرد: تاکتیکەکانی بەشی زۆری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لەبەرامبەر مەسەلەی جەنگدا، ئیفشاگەرێکی کەمکاری هەستپێکراوە، کەبزوتنەوەکە لەزەمینەی گۆڕینی تیۆەری بۆ بنەماکانی بەرنامەو تاکتیک پێی گرفتارە. بزوتنەوەی کۆمۆنیستی تاکتیکەکانی خۆی لەبەرامبەر مەسەلە سیاسیەکان، لەوانەش جەنگی ئێستا، کەیەک لەدوای یەک سەربەخۆ لەئیرادەی ئەو دەخرێنەڕوو، بەگشتی بەشێوەیەکی دابڕاو وبەجیا لەیەک ڕیبازی تاکتیکی دیاریکراو، کەپشتی بەلێکدانەوەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگاو شۆڕشی ئێران وبەرنامەیەکی کۆنکرێت بۆی، دەهێندرێنەکایەوە وبەدەستەوە دەگیرێن. مادام حاڵی لادانە تاکتیکیەکان، بەمجۆرە بێت، دەرکەوتنیان لەشێوازی جۆراوجۆردا، چارەیەکیتریان لەبەردەمدا نابێت. بەبڕوای ئێمە، ڕێبازێکی تاکتیکی کەلەڵ لێکدانەوەی مارکسیستی هەلومەرجی کۆمەڵگاو شۆڕش وئامانجەکانیدا بسازێ و بەدەستەوەگرتنی بکاتە کارێکی پێویست و ئسوڵی، ڕیبازی "بەرگری لەشۆڕس ودێژەپێدانیەتی". ئێمە لەوتار ونامیلکەی جیاجیادا، بەهەڵسەنگاندنی تایبەتمەندیە بناغەییەکانی سەرمایەداری ئێران و ماهیەت و ناوەرۆکی شۆڕشی ئێستا ورەوتی گۆڕانکاریەکانی هەردوو کەمپی شۆڕش و ودژی شۆڕش لەبەرگریکردنماندا لەم ڕیبازە، بەم شێوەیە بەڵگەمان هێناوەتەوە کە:

یەکەم، شۆڕشی دیموکراتی ئێران دەبێ پێشمەرجە ئابووری و سیاسیە تایبەتەکان بۆ بزاوتی کۆتایی پرۆلیتاریا بەرەو سۆسیالیزم فەراهەمبکات. ئەم پێشمەرجانە وئەم دەستکەوتانە دەبێ بەدی بێن، بپاریزرێن، گەشەیان پێبدرێ وهەموو ئەمانەش بەتوانایی هێزی سەربەخۆی پرۆلێتاریا، لەڕیکخستن ورابەریکردنیدا، بەداکۆکی لێکردن لەم دەستکەوتانەوە بەندە. سەرکەوتنی شۆڕشی ئێستا بەمانای ئەوەیە کەپرۆلیتاریا بتوانێ پرۆسەی بەدەستهێنانی ئەم پێشمەرجانە وئەم دەستکەوتە ئابووری و سیاسیانە "لەسەرەوە" ئاسانو خێرا بکا. ئەنجامدانی ئەمکارەش خۆی پێویستی داکۆکیکردنی پەیگیرانە، لەدەستکەوتەکانی ڕاپەڕێنی بەهمەن وفراوان کردنەوەیان دەخوازێ کەهیشتا لەنیوەی ڕیگادایە، ئەمەش بەمەبەستی فەراهەمکردنی هەلومەرجی بابەتی وخودی پێویست بۆ ڕاپەڕینێکی سەرکەوتوانەی تر کەدەبێ بەڕابەری

## جەنگ، تێوەری و"تێوەری جەنگ"

پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بەسەرکەوتن بگا. لەبەرئەوەی کە هەلومەرجی بابەتیو خودی پێویست بۆ ئەم ڕاپەڕینە سەرکەوتوانەیە (وەک ئەڵقەیەک لەخەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا) ئامادە نەبوە، داکۆکی لەشۆڕش بەمانا گشتییەکەی سەرەوە، دەبێتە ڕێبازێکی تاکتیکی گشتی پرۆلیتاریا، بەواتایەکیتر بەرنامەی پرۆلیتاریا لەشۆڕشی ئێستادا، پشت بەستوە بەشیکردنەوەیەکی دیاریکراوی هەلومەرجی دیاریکراوی دوای ڕاپەڕینی بەهمەن وئەو لیستە گشتیەیەش لەتاکتیکی کۆمۆنیستەکان لەم دەورەیەدا پێکەوە گرێدەداتەوە کەدیاریکراوە.
دووەم، شیکردنەوەی دیارکراوی سەرمایەداری ئێران وحەتمی بوونی هێرشی زەبروزەنگانەی بۆرژوازی وئیمپریالیزم بۆسەر شۆڕش وپرۆلیتاریا، بەشێوەی جیاجیاو بەرابەری ڕەوتە جیاوازە سیاسیەکانی بۆرژوازی ئێران(چ لەحکومەت و چ لەئۆپۆزسیۆندا) وەیان تەنانەت هێزە بۆرژوا ئیمپریالیستیەکانیش بەگشتی، کەوتونەتە ڕوو. "بەرگری لەشۆڕش"، بەواتای ڕێکخستنی مقاوەمەتی جەماوەریە بەرابەری پرۆلیتاریا لەبەرامبەر ئەم هێرشە حەتمیەدا، هەروەها بەمانای تایبەتی وشەکە ئەم مەسەلەیە دەخاتە دەستوری پرۆلیتاریاوەو دەیکاتە یەکێک لەڕوکنە بریاردەرەکانی ڕێبازە تاکتیکیەکەی. ئەمە ئەو خاڵەیە کەباسە سیاسیەکان، هەرلەهەمان ڕۆژی دوای ڕابەڕینی بەهمەندا، بەرامبەر بەڕژێمی جمهوری ئیسلامی، کەماوە یەکە هۆکاری سەرەکیە بۆ پەلاماردانی شۆڕش وهەروەها لەبەرانبەر کۆدەتای ئۆپۆزسیۆنی ئیمپریالیستی ودواتریش جەنگی ئێران وعێراق، پێکەوە گرێ ئەداتەوە.
وەسێهەمیش، تاکاتێک کەهەلومەرجی بابەتی و خودی پێویست بۆ ڕاپەڕینێک بەرابەری پرۆلیتاریا ودامەزراندنی دەوڵەتی شۆڕشگێڕ فەراهەم نەبووە، یانی تا کاتێک کەداکۆکی لەشۆڕش وپاراستن و فراوانکردنەوەی دەستکەوتەکانی شۆڕش بەپێویست لەخوارەوە، نەک لەسەرەوە وخوارەوە، شکڵی نەگرتووە، بەرگرتن لەجێگیربوونی حکومەتی دژە شۆڕشی ئێستای بۆرژوازی ویەکگرتوبوونی ڕیزەکانی بۆرژوازی، یەکێک لەڕوکنە دیاریکەرەکانی ڕێبازی تاکتیکی پرۆلیتاریایە. لەم ڕووەوە بەرگری لەشۆڕش ناتوانێ ونابێ هاوتابکرێ لەگەڵ بەرگریکردن لەحکومەت وەیا باڵێکی بۆرژوازیدا، چلە ڕوانگەی تێوەریەوە وچ لەکردەوەدا. لەبەر ئەوە داکۆکی لەشۆڕش، ئەو مانایەش لەخۆدەگرێ، کەپرۆلیتاریا لەبەرامبەر هەموو ئەو هەوڵانەدا کەبۆرژوازی لەشێوەی جیاجیادا و ڕۆژانە بەشێوەی زەبروزەنگ، بۆ جێگیرکردن وهەژمونی سەرمایەی ئینحساری لەڕیزەکانی بۆرژوازیدا دەستی بۆدەبات، بەرگری بکا وپەیگیرانە سەرکوتی بکات.
لێرەوەیە کەئێمە باوەڕمان وایە بەرگری لەشۆڕش و پاراستن ودێژەپێدانی، وەک ڕێبازێکی تاکتیکی پرۆلیتایا، لەدوای ڕاپەڕینی بەهمەن وتائیستا وتاکاتێکیش کەهێرش بۆ گرتنی دەسەلاتی سیاسی بەو هۆیەوە کەهەلومەرجی بابەتی و خودی بەدەست نەهاتوون، سەربەخۆ لەجەنگی ئیستا، وەیا هەر هێرشێکی بەکردەوەی تری بەرەی دژی شۆڕش، ئوسوڵی بونی خۆی بەسەلماندن گەیاندووە. تەنها یەک وردە بۆرژوازی گیرخواردوو لەووشەکاندا، وەیا کەسێک کەخۆی تائیستاش ڕژێمی جمهوری ئیسلامی و"شۆڕش"هاوتا دەگرێ، ئەتوانێ سیاسەتی"بەرگری لەشۆڕش، لەبەرامبەر

جەنگی سەرمایەداراندا" بەبەرگریخوازی لەبەرامبەر عێراقدا بزانێ. رەخنەگرانی سیاسەتی بەرگری لەشۆرش لەبەرامبەر جەنگدا، دەبێ بەدیاریکراوی ئەوە نیشان بدەن کەئایا لەئێستا ئەو هەلومەرجە بابەتی و خودیە فەراهەمە تا سیاسەتی پرۆلیتاریا بگۆردرێ بۆ سیاسەتی پەلاماردان بۆگرتنی دەسەلاتی سیاسی. بەجیا لەمە دروشمی گۆرینی جەنگ بەجەنگی ناوخۆیی و راپەرین و.. جگەلە هاوارێکی ئانارشیستانە شتێکی زیاتر نییە. ئەرکێک کەئەم جەنگە دیاریکراوە خستویەتیە بەرامبەر پرۆلیتاریاوە، دیاریکردنی ئەو تاکتیکە دیاریکراوەیە کەرێبازی تاکتیکی پرۆلیتاریا لەم هەلومەرجە تازەدا، بەباشترین شێوە پەیگیری بکات. خاڵی گرنگ لەم نێوەدا دیاریکردنی ئەو شێوە دیاریکراوەیە کە چۆن شۆرش لەرێگای جەنگەوە بەگشتی وکارکردەکانی هەردوو رژێمی ئێران و عێراق بەتایبەتی کەوتۆتەبەر هێرشەوە. شێوازێک کە لەبەرامبەریدا رووبەرووبونەوەی پرۆلیتاریای پێویست کردووە، نەتەنها هێرشەکانی بۆرژوازی پاشەکشە پێدەکات، بەڵکو مەسەلەی رێکخستن وپەرەدان بەهوشیاری خۆشی، کەمەرجی پێویستە بۆ نزیک بوونەوە لەدەسەلاتی سیاسی، بەرەو پێشەوە دەبات. سەرەگێژەی تاکتیکی ئەمرۆی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی هەرچی زیاتر لەنەبوونی رێبازێکی تاکتیکی پرۆلیتاریاوە سەری هەڵداوە، ئەمەش بەنۆرەی خۆی لەنەبوونی بەرنامەیەکی رۆشنی کۆمۆنیستی بۆشۆرشی ئێستاو لەشیکردنەوەی دیاریکراو بۆ دۆخی دوای راپەرین، سەرچاوەیگرتوە. جەنگ ئەو خاسیەتەی هەیە کەئەم بۆشاییەی بەشێوەیەکی باش وبینراو پێکهێناوە. ئەنجامە عەمەلیەکانی تاکتیکە ئینحرافیەکان، یانی بەهێزکردنی رژێمی جمهوری ئیسلامی لەلایەن سۆسیال شۆڤێنیستەکانەوە وئاوکردن بەئاشی ئۆپۆزسیۆنی ئیمپریالیستیدا، لەلایەن ئانارکۆ - پاسفیستەکانەوە، بەپێویست، پرۆلیتاریان لەهەردوو سەرەوە، سپاردوە بەپاشکۆی بۆرژوازی، ئەمەش ئەوەندە ئەسەفبارە کەبزوتنەوەی کۆمۆنیستی بەرەخنەی بابەتیانە لەو فەرامۆشکاریە تێوریەی کەهەیەتی وبەو بێدەربەستیەی کەبۆ بنەما بەرنامەیی و تاکتیکە پرۆلیتریەکان دەرگیریەتی رادەکێشێ. خاڵی پۆزەتیڤ ئەوەیە کەبەرژەوەندی ئەم رەخنەیە هەرئێستا لە هەڵوێستگیریەکان ولەباسە دەرونیەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا لەسەر مەسەلەی جەنگ فەراهەم بووە.

*/ یەکەمجار لەبلاوکراوەی بەرەو سوسیالیزم، ئۆرگانی تێوری/سیاسی یەکیەتی خەباتی کۆمۆنیستەکان، دەورەی یەکەم، ژمارە٣، لە ٢٥/١٠/١٩٨٠ دا، بلاوکراوەتەوە.

*/ راهی کارگەر، رەزمندەگان، پەیکار.. ناوی سێ رێکخراوی چەپە کەلەشۆرشی ئێراندا چالاکبوون.

*/ ئەکسەریەت و ئەقەلەیت، کورتکراوەی هەردووباڵی زۆرینەو کەمینەی رێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێرانە، دوای ئینشقاقێک کەلەم رێکخراوەیەدا روویدا.



خەسرەو سایە
Saya.xasraw@yahoo.co.cuk

# کورتەیەك لەبارەی تێۆەری قەیرانی ئابووری لەلای مارکس

ئەم ووتارە لەمارسی ساڵی ٢٠٠٩ نوسراوە وپاشان بەسێ بەش لەبڵاوکراوەی ئۆکتۆبەردا بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا ولەبەر گرنگی ناوەڕۆکی باسەکە بەپێویستمان زانی یەکجێ هەرسێ بەشەکە پێکەوە بڵاوبکەینەوە.

### بەشی یەکەم

لەگەڵ سەرهەڵدانی "قەیرانی دارایی" لەئەمریکاو جیهانی بوونەوەی، ناوی مارکس لەپانتاییەکی فراواندا کەوتەوە سەرزای دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لەلایەن گەلێک نوسەر و لێکۆڵیاری سیاسی وئابوورییەوە ئاماژەی پێکرایەوە. دیارە ئەمە بەو هۆیەوەیە کەمارکس وەک بیرمەندێکی کەم وێنە وخاوەن تیورێکی مونسەجم ویەکپارچەی زانستییە لەمەیدانی ڕەخنەگرتن لەئابووری سەرمایەداری‌دا. لەم ووتارەدا هەوڵ دەدەین خستنەڕوویەکی کورتی تێوری مارکس سەبارەت بەقەیرانی ئابووری، باس لێوە بکەین وهەمووان بەڕادەیەکی هەرچەند کەمیش بێت بە تێورییە ئابووری‌یەکانی ئەو لەمەڕقەیرانی ئابووری لەڕژێمی سەرمایەداری ئاشنا بکەین .
بەلام لەبەشی یەکەمی ئەم ووتارەدا ولەسەرەتادا بۆ تێگەیشتن لەناوەڕۆکی بابەتەکە بەپێویستی دەزانین ئاماژەیەکی گشتی بەتێوری ئابووری مارکس و ئەو چەمکانەی کەپەیوەندیان بەقەیرانی ئابووریەوە هەیە بخەینەڕوو.

## تیۆەری ئابووری مارکس وەك زانستێك:

ئەگەر تشارڵزداروین لەمەیدانی ڕەچەڵەک ناسی جۆرەکانی زیندەوەرەوە بەتیوری "کێشمەکێش لەپێناو مانەوەدا" گەیشتبێ و"شانەی زیندوو"ی وەک یەکەیەک لە سەرهەڵدانی سەرەتاکانی ژیانی زیندەوەرانی دۆزیبێتەوە وبەم هۆیەشەوە بناغەی زانستی بایۆلۆژی دارشتبێت، ئەگەر ئەلبێرت ئەنیشتاین لەبوواری ماددەو دۆخەکانی جوڵە وپێکهاتە ناوەکیەکانیدا بەتیوری ڕێژەیی وگۆڕان لەجوڵەوە بۆ وزە، گەیشتبێ و شۆڕشێکی لەزانستی فیزیادا بەرپاکردبێت، ئەوا کارڵ مارکس بەدۆزینەوەی تیوری چەوسانەوە و سەرچاوەکانی دەوڵەمەند بوون لەکۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخدا، توانی بناغەکانی زانستی ئابووری دابڕێژێ وبەم کارەشی ناوی خۆی لەپاڵ زانست ناسانی جیهاندا جێگیر بکات. لەمەش زیاتر مارکس بە ڕەخنەگرتن لەتیورو باوەڕی کەسایەتیە ناودارەکانی سەردەمی خۆی لەوانە ئادەم سمێس ودیڤید ریکاردۆ، وجۆن ستیورات میل، توانی پێکهاتەکانی سیستەمی ئابووری سەرمایەداری (کالا، دراو، سەرمایە، بەها، پرۆسەی بەرهەمهێنان، بازرگانی، دەوڵەت..) شیبکاتەوە و لەڕەوتێکی مێژوویدا قانونمەندی سەرهەڵدان وگەشەو پاشان قەیرانەکانی سەرمایەداری بناسێنێ و ناکۆکیە دەروونیەکانی بەشێوەیەکی زانستیانە دابڕێژێتەوە .

مارکس لەناسینەوەی سەرچاوەی دەوڵەمەندبووندا، چەمکی سامان، لەچەمکی داهات جیادەکاتەوە وئاماژە بەوە دەکات کەسامان بوونێکی فیزیکی وسروشتیانەی هەیە. یانی سروشت خۆی لەخۆیداو لەشێوە خاوەکەیدا، سەرچاوەی هەموو سامانێکی کۆمەلایەتییە. لەوانە دەکرێ بڵێین کە سروشت سەرچاوەی، ئاو وزە، کانزاو وتەنانەت هێزی مرۆیی وەک بوونەوەرێکی سروشتی وبەشێک لەسروشت ئامادەیە. بەلام داهات کردەیەکی کۆمەلاتییە و لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتیدا بەدەست دێت. پرۆسەیەک کەئینسانەکان بەبێ ئەوەی خۆیان هەڵیانبژاردبێت تێی دەکەون ولەدەوری هێزەکانی بەرهەمهێنان دەچنە پەیوەندێکی ئابووری وکۆمەلایەتی وسیاسی وئایدۆلۆژی وتەنانەت یاسایی و کەلتوری‌یەوە. لەم پرۆسەیەشدا ئینسانەکان لەڕێگای ئەقڵ وبیرو ئەزمموونەوە وبە بەکارهێنانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان سامانی سروشت دەگۆڕن بەداهاتی کۆمەلایەتی کەدواتر ئەم داهاتە لە دابەشبوونەوەی خۆیدا بەسەر بەشە کۆمەلایەتیەکاندا دابەش دەبێت وئینسانەکان لەقەوارەی چینە کۆمەلایەتییەکاندا ڕێژەیەک لەو داهاتەیان بەنسیب دەبێ. بەلام دیارە دابەشبوونەوەی داهاتی کۆمەلایەتی بەرهەمهاتوو لەکردەی بەرهەمهێناندا، کارێکی ڕیازی وئەخلاقی نییە، بگرە پرۆسەیەکی ئالۆزە وچەندین فاکتۆری سیاسی ویاسایی و تەنانەت ئایدۆلۆژی و فەرهەنگی تێیدا حوکم دەکاو ڕۆژانەو سات لەدوای سات کێشمەکێشە مرۆیی وچینایەتییەکان ئاڕاستە دەبێت بۆی. بەلام ئەو خاڵەی کەمارکس لەپرۆسەی گۆڕینی سامان بۆ داهاتدا پێداگری لەسەر دەکات، ئەوەیە کەدابەش کردنەوەی داهات بەسەر دەوڵەمەندان وهەژاراندا، بەسەر کرێکاران و سەرمایەداراندا، لەهەموو سیستەمە ئابووری‌یەکاندا وبە تایبەتیش لەسیستەمی سەرمایەداریدا، لەسەر دزینی ڕەنج و میحنەت و هێزی کاری بەشێکی کۆمەڵگا ڕاوەستاوە وهەرئەمەش دەبێتە بناغەی چەوسانەوەی ئینسان لەلایەن ئینسانەوە. تەنانەت ئەمە بناغەی ناعادیلانە بوونی هەموو سیستەمە چینایەتی وئابووریەکانە کەتێیدا کەمایەتییەکی کەم لەکۆمەڵگا

بەهۆی خاوەنداریێتیانەوە بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان زۆرینەی زۆری داهاتی کۆمەلایەتیان لەدەستدا خڕ دەبێتەوە وبەبێ ئەوەی خۆیان ماندوبکەن وزەحمەت بکێشن ژیانێکی پڕلەنازو نیعەت وفیرعەونی بەدەست دێنن، کەچی لەولاشەوە کرێکاران وزەحمەتکێشان کەزۆرینەی پێکهاتی ئینسانی کۆمەڵگا دیاری دەکەن و ڕۆژ تائێوارە زەحمەت وماندوویی دەکێشن و تەمەنی خۆیان لەبەرهەمهێنانی کۆمەلایەتییدا سەرف دەکەن، بەلام هەمیشە هەژار ودەست کورتن وسفرەیان خالّیەو موحتاجی بژیوی و ساوپەنایەکن بۆ ژیانکردن.

بەلام مارکس لەم ڕاستیە سادەیەوە لەڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکارو هەژاری کۆمەڵگاوە دەست دەکات بەشیکارێکی زانستیانە لەمەڕ بونیادەکانی ئابووری سەرمایەداری و یاساکانی دادەڕێژێتەوە وسەرەنجامیش ڕەخنەی خۆی لەم سیستەمە دەخاتەڕوو. وەلەم نێوەشدا ڕۆلی کرێکاران وەک گۆڕهەڵکەنی ئەم سیستەمە دەناسێنێ. تەنانەت لەهەوڵە شیکاریەکانی مارکسدا بۆ ڕژێمی سەرمایەداری ئەو کلیلە زانستیەش دەداتە دەست کۆمەڵگای بەشەری کەبتوانێ ماک وبونیادەکان ورەوتی گەشەو سەرهەڵدانی کۆمەڵگا چینایەتییەکان وسیستەمە ئابوورییەکانی پێش سەرمایەداری بناسێنێ و ماهیەتیان بخاتەڕوو. ئەم ڕاستیەش لەووتە بەناوبانگەکەیدا بەتەواوی بەرجەستەیە، کاتێک دەڵێت:

"ئاناتۆمی ئینسان ڕێگایەکە بۆ ئاناتۆمی کردنی مەیمون ."

بەلام مارکس لەهەوڵە شیکارییەکانیدا بۆ ئابووری سەرمایەداری ودارِشتنەوەی تیوریەکانی پشتی بەستوە بە میتۆدی ماتریالیزمی دیالەکتیکی وسەرەنجامیش ڕێبازێکی شیکاری بۆ ئابووری سیاسی بەدەستەوە دەدات. کەوایە ناوەڕۆکی ئەم ڕیبازە چییە؟

میتۆدی شیکاری مارکس بۆ ئابووری سەرمایەداری لەتەجریدکردن وسەرنجدان لەکالا وەک یەکەیەکی بناغەیی ئابووری سەرمایەداری کەخۆی هەلگری بەهای بەکاربردن وبەهای ئالۆیر پێکردنە، دەستپێدەکا و لێرەشەوە بەڕاستییەکانی ئابووری سەرمایەداری وناکۆکیە دەروونییەکانی دەگا. بەوتەی خۆی "هەڵهێنجانی دلۆپێک ئاو لەدەریا، دەتوانرێ بەهەمان تایبەتمەندیەکانی خودی ئاوی ئەو دەریایە بگەیت."

لەڕوانگەی مارکسەوە مەیل وئارەزووی سەرمایە بۆ بەدەستهێنانی قازانج و دووبارە بەدەستهێنانەوەی زۆرتری قازانج، یەکێکە لەخاسیەتە جیانەبووەکانی سیستەمی سەرمایەداریە کەسەرەنجام لەڕەوتی چەقبەستن و گەورە بونەوە وکەڵەکەبوونیدا حوکمی مەرگی خۆی بەرهەمدێنێ .

مارکس هەوڵیدا تائەو ڕاستیە بسەلمێنێ کە سەرمایەداری ڕژێمێکی ئەبەدی وهەتاهەتایی نییەو تاسەر لەبەردەم پرۆسەی پەرەسەندن و گەشەدا نییە، بەڵکە دەورانێک ڕووڵە ڕاوەستان و دەورانێکی تر ڕوو لەقەیرانە چارە هەڵنەگرەکانی خۆی دەکاو سەرەنجام مل بۆ بنبەست ونابوودی خۆی دەنێ. بەواتایەکی تر ڕەوتێکی سروشتی سەرهەڵدانی ناکوکیە دەروونیەکانی ئەم ڕژێمە سەرەنجام چارەنووسی سەرمایە دیاری دەکا، سەرەکی ترینی ئەم ناکۆکیانەش ناکۆکی نێوان سروشتی کۆمەلایەتی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی هێزی کارە بۆ بەرهەمهێنانی زێدەبایی لەگەڵ

موڵکداریێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا. خودی هەرئەم ناکۆکیەیە کەسەرەنجام گەشەی سەرمایەو سەرمایەداری بەبنبەست و مەرگدا دەکێشێ وزەنگی کوتایی هاتنەکەشی دەکوتێ.
مارکس لەئەنجامی سەرنجدانی زۆری لەکالا، سنوری "یاسای بەها"ی ڕێکاردۆی تێپەڕاند وبە"یاسای زیدەبایی" کە سەرچاوەی چەوسانەوە ودەوڵەمەندبوون و کەڵەکەی سەرمایەو سامانی سەرمایەدارانە گەیشت و سەرەنجام ئەو پێناسەیەی بۆ ئابووری سەرمایەداری کرد کەبریتییە لە پرۆسەی یەکیتی نێوان بەرهەمهێنان و ئالۆویری کۆمەلایەتی کەلەسەر بناغەی بەرهەمهێنانی زیدەبایی ڕاوەستاوە، بەواتایەکیتر ئابووری سەرمایەداری بریتییە لەبەرهەمهێنانی کالا و زیدەبایی. ئەمەش بەومانایە دێت کەسەرچاوەی قازانج وکەڵەکەی سەرمایەو دەوڵەمەند بوون، بۆ ئەوبەشە لەسەرمایە ناگەڕێتەوە کەلەبوارەکانی بازرگانی (یانی سەرمایەی تیجاری) وبانک (یانی سەرمایەی مالی) و عەقارات دا وەگەڕخراون، بەڵکو ئەوە سەرمایەی پیشەسازیە کەلە بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتییدا ئاڕاستەیە بۆ بەکاربردنی هێزی کاری کرێکاران وبەرهەمهێنانی کالایی. وە لێرەشەوە ئەو بەشە لەزیدەبایی بەرهەم هاتوو لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتیدا، خۆی دەگوازێتەوە بۆبەشەکانی سەرمایە وبەشێوەی "سود" و"ریع" و"قازانجی بازرگانی" دەبێتە داهات بۆ بەشە جیاجیاکانی سەرمایەداران. بناغەی ئەم لێکدانەوەیەی مارکس ئەو باوەڕە پێکدێنێ کەقەیرانی ئابووری سەرچاوەکەی لەبەرهەمهێناندایە نەک لەبەشەکانی تری وەک بانک وبازرگانی وعەقارات. بەلام بۆ تێگەیشتن لەتیوری قەیران لەلای مارکس پێویستە لەسەرەتاوە هەندی چەمکی ئابووری لەدەزگای فیکری مارکسدا ڕۆشن بکەینەوە .

## پێناسەی چەند چەمکێك لەتیۆەری ئابووری مارکسدا:

سەرەکیترینی ئەو چەمکانەی کەلەتیوری قەیرانی ئابوری مارکسدا بەکاردێن وپێویستە لێرەدا لەسەریان ڕاوەستین ئەمانەن :

**سەرمایەی نەگۆر:**

بەو بەشە لەسەرمایە دەوترێت کەخەرج کراوە بۆدابینکردنی ئالەت ومەکینەو پێداویستیەکانی تر کەبەکاردێن لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا. ئەم بەشە لەسەرمایە بۆیە پێی دەوترێت نەگۆڕ چونکە بەهای خوی بەشێوەیەکی شێنەیی و بەبەردەوامی وەک خۆی بەش بەش لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا دەگوێزێتەوە بۆ نرخی کالا بەرهەمهاتووەکان. بەواتایەکیتر سەرمایەی نەگۆڕ هەمیشە لەبەردەم داخوران و دووبارە تازەکردنەوەدایە، بەبێ ئەوەی گۆڕانێک بەسەر نرخەکەیدا بێت سەرمایەداران پێبەپێی بەرهەمهێنانی کالاکان بەشێکی دەباتە نرخی ئەو کالایانەوە کەبەرهەم هاتوە وبەم جۆرەش بزربوونی خۆی دەپارێزێت و بەهای خۆی وەک خۆی دووپات دەکاتەوە.

**سەرمایەی گۆڕاو:**

بەو بەشە لەسەرمایە دەوترێن کەبەشێوەی کرێ لەلایەن سەرمایەدارانەوە دەدرێت بەکرێکاران لەبری کارێکی دیاریکراودا و بۆماوەیەکی دیاری کراو. ئەم بەشە لەسەرمایە بۆیە پێی دەوترێت گۆڕاو چونکە لەبەرامبەر نرخی هێزی کاردایە ولەژێر چەندین کاریگەریدا بەردەوام کەم و زیاد

دەکات. نرخی هێزی کار لەهەر کۆمەڵگایەکدا لەژێر کاریگەری یاساکان وکاری تەخسووسی و شارەزایی و خەباتی چینایەتی و ئاستی بژێوی چینی کرێکاردا کەم و زیاد دەکات. بەلام سەرمایەی گوراو بۆیە لەلایەن مارکسەوە پێناسەی "گۆڕاو" ی بۆکراوە جگەلە و پێناسەیەی سەرەوە هاوکات لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا ڕێژەکەی دەچێتە سەرەوە، واتە سەرمایەیەک کەلەشێوەی کرێدا لەلایەن سەرمایەدارانەوە بۆکڕینی هێزی کار دەدرێ بەکرێکاران، بەهایەکی زیاتر لەخۆی دەخاتە سەر ڕێژەی ئەو سەرمایەیەی بەکارهێنراوە بۆکڕینی هێزی کار. کەمارکس بەزیدەبایی ناوی لێدەنێت .

**زیدەبایی :**

هەرسەرمایەدارێک لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا بڕێک لەمەوادی سەرەتایی (بۆنمونە خوری) وئامرازەکانی بەرهەمهێنان وگواستنەوە و وزە و شوێنێک (کارگە) بۆکارکردن بەکاردێنێ. بەلام بۆئەوەی لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا، ئەم پێکهاتووانە بگۆڕی بۆکالایەکیتر- بۆنمونە خوری بگۆڕێ بە پۆشاک - پێویستی بەقەوارەیەک لەهێزی کارو بەکارخستنی کرێکارانە. لەپاش ئامادەبوونی ئەم هۆکارانە کالایەک دێتە کایەوە کەسەرمایەداران بەنرخێکی زیاتر لەنرخی تێچووی لەبازاڕدا دەیفرۆشیتەوە و بەم جۆرەش بڕێکی زیادە دەستگیر دەکات. مارکس بەم برە زیادەیە دەڵێت "زێدەبایی". با لەهاوکێشەیەکی حسابیدا کەمێک زیاتر نهێنی ئەم برە زیادەیە ڕوونبکەینەوە:

با وادابنێین لەنمونەکەی سەرەوەدا سەرمایەدارێک بڕی ١٠ دۆلاری بۆکڕینی مەوادی خاو، یانی خوری وڕێژەیەک بۆنرخی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وکرێی کارگەو تێچووی گواستنەوە وپێویستیەکانی تر سەرفدەکات و لەبری ٨ سەعات کاری ڕۆژانەی کرێکارێکیشدا ٣ دۆلار خەرج دەکات و بەم جۆرەش کۆی گشتی مەسروفاتی سەرمایەدارەکە دەکاتە ١٠+٣ =١٣ دۆلار. بەلام کاتێک لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا خوری‌یەکە دەگۆڕێ بۆکالایەکیتر لەوانە بەپۆشاکێک و دواتر دەبرێتە بازاڕی فرۆشتنەوە دەبینین بەنرخێکی زیاتر فرۆشراوە، بۆنمونە ١٦ دۆلار. لێرەدا دەبینین زیادەیەک لەچاو کۆی تیچووی کالاکە بەرهەم هاتووە (١٦- ١٣=٣ دۆلار). نهێنی ئەم زیادەیە لەکوێدایە؟

ئاشکرایە سەرمایەدارەکە خوری و پێداویستیەکانی تری بەنرخێکی جێگیر و زانراو لەبازاڕدا کڕیوە، هەروەها نرخێکی دیاری‌کراوی داوە بەڕۆژانەکاری کرێکارەکە کە٣ دۆلارە وکۆی هەموو ئەمانەش دەکاتە ١٣ دۆلار کەسەرجەم نرخی تێچووی کالا بەرهەم هاتووەکەیە و بەپێی مەنتقی حسابی دەبی لەبازاڕیشدا ئەوکالایە نرخەکەی ١٣ دۆلاربێت، بەلام دەبینین لەنمونەکەدا بە١٦ دۆلار فروشراوەتەوە. کەوایە دەبی ئەم ٣ دۆلارە سەرچاوەیەکی هەبێت. ئەوسەرچاوەیەش هیزی کاری کرێکارەکەیە، یانی بەشێکی دزراوە کەبەشێوەیەکی شاراوە سەرمایەدارەکە نەیداوە بەکرێکارەکە. ئەمەچۆن؟ هێزی کاری کرێکاران بەپێچەوانەی مەوادو ئامرازەکانەوە هەم فاکتۆرێکی زیندووە وهەم ئەو خاسیەتەی هەیە کەلەکاتی بەکارهێنانیدا توانای خۆ بەرهەمهێنانەوەی بەبەهایەکی زیاترەوە هەیە. ئەمە لەکاتێکدایە کە مەواد وئالەتەکان وکارگە هۆکارێکی مردوون ووەک خۆیان نرخەکانیان دەگوازنەوە بۆ نرخی گشتی تیچووی کالاکان. لەئاستێکی ڕۆشنتردا ئەم نمونەیە ئەو

راستیە دەردەخات کەکرێی رۆژانە کاری کرێکارەکە بەواقعی ٦ دۆلارە نەک ٣ دۆلار، بەلام سەرمایەدارەکە تەنها ٣ دۆلاری پێداوە. کەوایە کرێکارەکە لەرۆژکاری کارەکەیدا کە٦ دۆلاری بەرهەمهێناوە تەنها ٣ دۆلاری پێدراوە ولەم حساباتەشدا ئەوە دەسەلمێ کەنرخی نیوەی رۆژی کارەکەی وەرگرتوە و نیوەکەی تری خاوەنکارەکە بردویەتی. ئەم نرخە دزراوەش کەچۆتە گیرفانی سەرمایەدارەکەوە مارکس بەزیدەبایی ناوی لێدەنێت. هەرئەمەش سەرچاوەی داهات و دەولەمەندبوونی سەرمایەدارانە.

**پێکهاتی ئۆرگانیکی سەرمایە :**

مەبەست لە بالانسی بەکارهێنانی رێژەیەک لەسەرمایەی نەگۆرە بۆ سەرمایەی گۆراو. ئەمە بەومانایەدێت کەپێکهاتی ئۆرگانیکی سەرمایە پەیوەندی نێوان بری بەکار هاتووی ئالات وئەدەوات و ماکینەی پێشکەوتووە لەچاو بری هیزی کاردا. سەرمایەداران هەمیشە بۆ ئاسانکردنەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کالاکان وخێرا پێکردنی دەورانی بەرهەمهێنان، هەولدەدان کەئامراز ومەکینەی نوێ ببەنە نێو بەرهەمهێنانی کالاکانەوە، بەمەش رێژەی پێویستبوونی بەهێزی کار لەکارەکانیاندا کەم دەکاتەوە. بەلام سەرچاوەی زیدەبایی وبەرهەمهێنانی بەهای زیاتر ئامراز و ئالەت ومەوواددی خاو نییە، بەلکو سەرچاوەی زیدەبایی هێزی کاری کرێکارانە. جا بەچونە سەرەوەی رێژەی سەرمایەی نەگۆر، یانی بەچونە سەرەوەی ئاستی بەکارهێنانی ئالات ومەکینە وئامرازی پێشکەوتوو کەخۆی دەبێتە مایەی کەمبونەوەی بەکارهێنانی رێژەی هێزی کار، ئەوا رێژەی زیدەبایی کەم دەبێتەوە. بۆنمونە سەرمایەدارێک کەجاران بەپاچ وخاکەناز کەنالکیشی بۆراکێشانی ئاو بەکارهێناوە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر لەکرێکاران بووە بۆ ئەنجامدانی کارەکەی، بەلام کاتێک شۆفل و دەزگای پێشکەوتوو تر دەخاتە هەر ئەم کارەوە ، پێویستی بەرێژەیەکی کەمتر لەکرێکاران دەبێ. بەم جۆرەش رێژەی پێکهاتی ئۆرگانی سەرمایەکەی، یانی هاوسەنگی نیوان سەرمایەی نەگۆر لەچاو سەرمایەی گۆردراو کەبۆ کرین وبەکارهێنانی هێزی کاری کرێکارانە بەرزدەکاتەوە. لەم نمونەیەشدا ئەگەر گریمانە بکەین کەجاران بۆ کارەکەی ٢٠ کرێکاری بەکارهێنابێت ئێستا ٧ کرێکاری پێویستە. بەلام دیارە بەکەم بوونەوەی ژمارەی کرێکارەکان لە٢٠ بۆ ٧ سەرچاوەی زیدەبایی وقازانج لەکارەکەی کەم دەکاتەوە. چونکە زیدەبایی لەهێزی کارەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لەتەکنۆلۆژیا و ئامرازەکانەوە. ئەمە ئەو ناکۆکیەی نیزامی سەرمایەداری دەردەخات کەمارکس بەناکۆکی نێوان پێویستی سەرمایە بۆ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پیشکەوتوو لەلایەک و توشبوونی بەکەمبوونەوەی سەرچاوەی زێدەبایی. یانی ناکۆکیەک کەلە پێکهاتی ئۆرگانی سەرمایەوە سەرچاوەی گرتوە. ئەمە بەو حالەتەوە کەپێکهاتی ئۆرگانیکی سەرمایە رێژەی سەرمایەی نەگۆرە لەچاو سەرمایەی گۆراودا کەپێ بەپێ لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا گۆرانی بەسەردا دێت، کەدیارە لەهاوشانی خۆیدا ئەم ناکۆکیە توندترو قولتردەکاتەوە.

خەسرەو سایە

بەشی دووەم

## یاسای مەیلی دابەزینی تێکڕایی قازانج

لەبەشی یەکەمی ئەم ووتارەدا ئاماژەیەکی خێرامان بەتیوری ورەخنەی مارکس لەئابووری سەرمایەداری داو بەجیاکردنەوەی "سامان" لە"داهات" شێوازی چەوسانەوەی کرێکارانمان لەسیستەمی سەرمایەداریدا خستەڕوو، هەروەها بەشێوەیەکی کورتیش ئەو چەمکانەمان باسکرد کەبۆ تێگەیشتن لەتیوری قەیرانی ئابووری لەلای مارکس پێویستن.

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ڕاستەوخۆ بچینە سەر دەزگای تیوری قەیرانی ئابووری لای مارکس. بەلام لەسەرەتای ئەم بەشەدا دەبێ ئەوە بڵێین کەقەیرانی ئابووری زادەی خودی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری‌یەو خاسیەتێکی زاتی و لێک جیانەبوەوەیەتی. ئەمە بەومانایەیە کەناکۆکیەکانی خودی ئەم سیستەمە لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا ولەڕەوتی کەڵەکەو گەشەی سەرمایەداریدا، قەیرانە ئابووری‌یەکان بەرهەمدێنێ. مارکس لەمبارەوە ئەو حوکمە سادەیە دەخاتەڕوو کەدەڵێت" سەرمایە لەڕەوتی خۆیداو بەدرێژایی هێڵ لەسەر حوکمی - وەگەڕخستنی کەمترین ئاست لەسەرمایە لەپێناو زۆرترین قازانجدا- ڕاوەستاوە"، ئەمەش بنەمای ململانی و کێشمەکێشی نێوان کار و سەرمایەیەو بەپێویست مونافەسەی نێوان سەرمایەکان دێنێتەکایەوە و بەردەوامیش توندی دەکاتەوە. کەدیارە لەم مونافەسەیەشدا هەر سەرمایەیەک نەتوانێ دەستی بەڕێژەیەکی زیاتر لەقازانج ڕابگات وبەمیزانێکی تایبەتەوە لەکێشمە کێشەکانی بازاڕدا سەردەربهێنێ، دووچاری قەیران و شکست دەبێ. مارکس هاوکات پەنجە لەسەر ئەو ڕاستیە دادەنێ کە"سەرمایە شێوازێکی بەرهەمهێنان بۆخۆی قۆرخدەکات کەپێشتر بەهۆیەوە گەشەی سەندووە، بەلام خودی خۆی لەبەردەم ئەو شێوازە لەبەرهەمهێناندا دەبێتە ڕێگر. بەتایبەتی کەناکۆکی نێوان چەقبەستنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەلایەک و سروشتی کۆمەلایەتی هێزی کار لەلایەکیترەوە بەئەنجامێک دەگات کەپێکەوە مانەوەیان لەچوارچێوەی ڕژێمی سەرمایەداریدا ناگونجێ و سەرەنجام دەبێ ئەم قاڵبە بدڕێنێ."

بەلام مارکس هەموو ئەم بۆچونانەی خۆی لەقاڵبی چ تیوریەکدا، سەبارەت بەقەیرانی ئابووری داڕشتۆتەوە؟ بەواتایەکیتر دەزگای تیوری ئەو لەناسینەوە و شیکردنەوەی قەیرانی ئابووریدا چییەو چۆن کارکردەکانی دەردەکەوێت؟

جەوهەری تیوری قەیرانی ئابووری لەلای مارکس لەدۆزینەوەی یاسای "دابەزینی مەیلی تێکڕایی قازانج لەگشت سەرمایەی کۆمەلایەتیدایە". ئەمە چۆن و چون ئەم یاسایە، ئابووری سەرمایەداری بەرەو قەیران پاڵ پێوە دەنێ؟

لەپێشەوە ئاماژەمان بەوەدا کەڕاکردن بەدوای قازانج و کەڵەکەی هەرچی زۆرتری ڕێژەی زیدەبایی یاسا وحوکمێکی بنەڕەتییە لەشێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا و هەرسەرمایەیەک نەتوانێ لەپرۆسەی کەڵەکەبوون و چەقبەستن و خۆ زۆرکردندا ئەم ئامانجە بەدەست بهێنێ، ئەوا توشی شکست و قەیران دەبێت، بەلام سەرمایە لەپێناو بەدەستهێنانی تێکڕایی بەرزی قازانجدا

## تیۆەری قەیرانی ئابووری لەلای مارکس

بەناچار پێویستی بەبرەوپێدان وپێشخستنی هێزەکانی بەرهەمهێنان هەیە، تالەم ڕێگایەوە ماوەی تێچووی کاری کۆمەلایەتی بۆ بەرهەمهێنانی کالاکان لەلایەک کەم بکاتەوە و لەلایەکی تریشەوە دەورانی بەرهەمهێنانیان خێراوخێراتر بکاتەوە و قەوارەی بەرهەمهێنانیان چەندان وچەندان بکاتەوە. بۆئەمەش سەرمایە ناچارە بەڕاکێشان وبەکارهێنانی بەردەوامی ئامڕازو مەکینە وتەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو بۆ نێو مەیدانی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی. کەدیارە سەرئەنجامی هەر هەولێک بۆ دابینکردنی ئامرازو تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو بەکەڵەکەکردن وبردنە سەرەوەی ڕێژەی سەرمایەی نەگۆر (کەدەخرێتە خزمەتی کرینی ئامراز وتەکنۆلۆژیای پێشکەوتووەوە) لەئاست بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتیدا تەواو دەبێت وبەمەش پێکهاتی ئۆرگانیکی سەرمایە بەشێوەیەکی لاسەنگ لەچاو سەرمایەی گۆردراودا (کەبۆکرینی هێزی کاری کرێکار بەرکاردێت) بەردەوام دەباتە سەرەوە. بەچوونە سەرەوەی پێکهاتی ئۆرگانیکی سەرمایە ناکۆکیەکی چارە هەڵنەگر سەردەردێنێ: ئەویش ئەوەیە کەسەرمایە لەلایەک پێویستی بەئامڕاز وتەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو هەیە، بەلام لەولاشەوە ولەگەڵ بەکارهێنانی هەرئاستێک لەتەکنۆلۆژیای پێشکەوتوودا پێویستی بۆ وەگەڕ خستنی هێزی کاری کرێکاران کەم دەبێتەوە. لێرەدایە کەپەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان لەسیستەمی سەرمایەداریدا خۆی دەبێتە ڕێگرێک لەبەردەم کەڵەکەی زیاتری سەرمایەدا.

بەواتایەکی تر سەرمایەداری لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و هاتنەکایەوەی ئامڕازی بەرهەمهێنانی مۆدێرن، پێکهاتی ئۆرگانی لەگشت سەرمایەی کۆمەلایەتیدا دەباتە سەرەوە، یانی ڕێژەی سەرمایەی نەگۆڕ لەچاو سەرمایەی گۆڕدراودا بەئاستێکی نامەوزون دەباتە سەروە. ئەمە لەکاتێکدایە کە قازانج سەرچاوەکەی لەسەرمایەی گۆڕدراوەوە دێت (یانی ئەوبەشە لەسەرمایە کە بۆ کرین وبەگەڕخستنی هێزی کاری کرێکاران تەرخان دەکرێ)، نەک لەئامرازەکان و تەکنۆلۆژیاوە. وە لەگەڵ هاتنەخوارەوەی ڕێژەی قازانج هۆکاری بەردەوامی بەرهەمهێنان لەرژێمی سەرمایەداریدا کزدەبێ و سەرمایە لەپەرەسەندن دەکەوێ ونیشانەکانی قەیران وەک نەخۆشیەک سەردەردێنێ. نەخۆشییەک کەدەرکەوت ونیشانە ئابووری وکۆمەلایەتییەکانی خۆی لەشکلی جۆراوجۆردا نیشاندەدات. لەوانە قەیرانی دارایی، کەسادی بازاڕ، هەلاوسانی نرخ و تەنگ بوونەوەی بازاڕ، کەمی سەرمایەو کەڵەکەبوونی کالای جیماو(نەفرۆشراو).

لەمبارەوە مارکس لەکتێبی سەرمایەدا، بەرگی سێهەم، بۆ شیکردنەوەی یاسای مەیلی دابەزینی تیکڕایی قازانج، چەند هاوکێشەیەکی ماتماتیکی دێنێتە ئاراوە، کەسەرەکی ترینیان بەمجۆرەی خوارەوە دادەڕێژێ :

| | | |
|---|---|---|
| ***هاوکێشەی یەکەم*** | ***تێکڕایی قازانج =*** | ***زیدەبایی***<br>***سەرمایەی نەگۆڕ + سەرمایەی گۆڕاو*** |

بەپێی ئەم ئەهاوکێشەیە تێکڕایی قازانجی گشت سەرمایەی بەگەڕخراو، (یانی سەرمایەی گۆڕدراو

کە بۆکڕینی ئامرازەکانی و پێداویستی‌یەکانی بەرهەمهێنان بەکاربراون زائید سەرمایەی گۆڕدراو کەبۆ کڕین و وەگەڕخستنی هێزی کاری کرێکاران خەرج کراوە)، یەکسانە بەدابەشکردنی گشت زیدەبایی‌یەکی بەرهەمهاتوو لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا. ئەگەر ئەم هاوکێشەیە بەشێوەیەکی حسابی لەتاک سەرمایەیەکدا بەنمونە وەربگرین و گریمانەی ئەوەبکەین کەسەرمایەدارێک ٢٠٠ هەزار دۆلار بەشێوەی سەرمایەی نەگۆڕ دەخاتە وەبەرهێنانی کاڵایەکەوە – بۆنمونە مانیفاکتۆرێکی پارچەچنین- و هاوکات ١٠٠ هەزار دۆلاریتر بۆ وەگەڕ خستنی ١٠٠٠ کرێکار، بەشێوەی سەرمایەی گۆڕاو دەخاتە کارەکەیەوە، بەم جۆرەش کۆی سەرمایەی وەگەڕخاوەکەی یەکسانە بە ٢٠٠ + ١٠٠ کە دەکاتە ٣٠٠ هەزار دۆلار. خۆ ئەگەر بۆئەم حاڵەتە ڕێژەی چەوسانەوەی ئەم ١٠٠٠ کرێکارە لەسەدا سەد گریمانە بکەین ئەوا تێکڕایی قازانجی هەموو سەرمایەی بەگەڕ خراوەکە یەکسان دەبێ بە یەک لەسەر سێ، هەروەک لەم نمونەیەدا بەرچاودەکەوێت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | 100 | $100 | **تێکڕایی قازانج =** |
| 3 | 300 | $100 + $ 200 | |

بەلام ئەگەر هەر ئەم سەرمایەدارە مانیفاکتۆرەکەی بگۆڕێ بە تەکنۆلۆژیای هاوچارخ و سێ جار بڕی سەرمایەی نەگۆڕ لەچاو حاڵەتی سەرەوەدا بخاتەگەڕ، یانی ئەم جارەیان ٦٠٠ هەزار دۆلار بخاتە کارە نوێیەکەیەوە و هاوکات ٢٠٠ هەزاری تر بۆ وەگەڕخستنی دوو ئەوەندەی تری کرێکار بەکاربهێنی، یانی ٢٠٠٠ کرێکار بخاتەکارەکەیەوە، وە هاوکات بەڕێژەی چەوسانەوەی لەسەداسەد سود وەرگرێ، ئەوکات دەبینین تێکڕایی قازانج لەکۆی گشت سەرمایەی وەگەڕخراودا کەم بۆتەوە بۆ یەک لەسەر چوار، هەروەک لەخوارەوەدا خۆی نیشانداوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | 200 | $200 | **تێکڕایی قازانج =** |
| 4 | 800 | $200 + $ 600 | |

لەم نمونەیەی سەرەوەدا بەڕۆشنی دیارە کەزیدەبایی بەدوای وەگەڕخستنی تەکنۆلۆژیای نویدا زیادی کردووە، تەنانەت ڕێژەی وەبەرکارخستنی کرێکاران لە هەزارەوە بووە بەدوو هەزار، بەلام لەولاشەوە دەبینین کەچوونە سەری ئەم ڕێژانە لەچاو ڕێژەی چوونە سەرەوەی سەرمایەی نەگۆڕدا کەسێ هێندە بۆتەوە، کەمترە، چونکە تەکنۆلۆژیای نوێ شوێنی ڕێژەی کرێکارانی گرتۆتەوە وسەرمایەدار پێویستی بەبردنە سەرەوەی هەمان ڕێژە نییە کەلەبەشی تەکنۆلۆژیادا دەستی بۆبردووە. وەکو ووتیشمان کەسەرچاوەی قازانج و زیدەبایی لە ئامرازەکان وتەکنۆلۆژیاوە نایەت بەڵکو لەوەگەڕخستن و چەوسانەوەی هێزی کاری کرێکاراندایە. ئەمە ئەو ناهاوسەنگی‌یەیە کەسەرمایە لەپرۆسەی گەشەپێدانی هێزەکانی بەرهەمهێناندا دەیباتە پێشەوە و سەرەنجام لەگەڵ مەیلی هاتنە خوارەوەی تێکڕایی قازانج بەرەو ڕووی دەکاتەوە .

## تیۆەری قەیرانی ئابووری لەلای مارکس

بەلام ئەمە تەنها یەک نمونەیە لەوەگەڕکەوتنی تاک سەرمایەیەکدا، کەدیارە پرۆسەکە لەگشت سەرمایەی کۆمەلایەتیدا ئالۆزو ئالۆزتردەبێتەوە. لەلایەکیتریشەوە دەبێ ئەوەبلێین کەیاسای مەیلی دابەزینی تێکڕایی قازانج هاوکێشەیەکی جەبری و ماتماتیکی نییە و ڕاستەوخۆ لەپەیوەند بە پرۆسەیەکی کۆمەلایەتی وئابووری‌یەوە دەچێتە پێشەوە. ئەمە بەو مانایەی کە دابەزینی تێکڕایی قازانجی سەرمایە لەگشت سەرمایەی کۆمەلایەتیدا حالەتی دابەزینی شێنەیی و پلە بەپلەیی نییە کەسەرنجام بەکەم بوونەوەی تێکڕایی قازانج قەیرانە ئابووریەکان لەبەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا بخولقێنێ، بەلکو کارکردی یاسای مەیلی تێکڕایی قازانج ناوبەناوە و لەو حالەتانەشدا قەیرانەکان بەدوای خۆیدا دێنآ کەبەکردەوە لەگشت سەرمایەی کۆمەلایەتیدا مۆری خۆی داکوتاوە و توانای چوونە سەرەوەی زۆرتری لەچاو کەلەکەو چەقبەستنی سەرمایەدا لێبڕاوە و بواری لەبەردەم دابەستراوە. تێگەیشتن لەم واقعیەتە تێگەیشتنە لەسەرهەلدانی قەیرانە ئابووری‌یە نۆبەتییەکان، کەهەر ٥٠ سالْ وەیا ٢٠ و ١٠ سالْ لەئەنجامی گەشەی تەکنۆلۆژیاو چەقبەستن و کەلەکەبوونی لەڕادەبەدەری سەرمایەی نەگۆڕ لەچاو ئاستی وەگەڕخستنی هیزی کاردا، یانی سەرمایەی گۆڕدراو، قەیرانە ئابووری‌یەکانی سەرمایەداری تۆماردەکات .

بەلام کار بەوەندەوە ناوەستێ، بەتایبەتی کە ئابووری سەرمایەداری توانای پەرەسەندنی ئارام و هاوسەنگی سەرمایەی نییە و بەشێوەیەکی بابەتیانە ڕووبەرووی ناکۆکیەکی گەورەیە کاتێک کە هێزەکانی بەرهەمهێنان برەو پێدەدات، بەناچار دەکەوێتە نێو ئانارشیزمی بەرهەمهێنان و تێکەولێکە ومونافەسەی بازاڕەوە، ئەمە وەک خسلەتێکی جیانەبوەوەی، بەرهەمهێنانی بەها وزیدەبایی. لێرەشدا شێوەی لادان و بەفیڕۆدان (تبزیر) دێنێتەکایەوە. بازاڕی بۆرس و مامەلەی نەبڕاوەی ئەوراقی پشتیوانەیی و سەهەمە بانکییەکان سنورێکی بێپایانیان بۆ پەیدادەبێ. مارکس ئەمجۆرە لەسەرمایە بەسەرمایەی نادیار(وەیا سوەری) ناولێدەنێ، کەژمارەی خەیالْی لەخۆ دەگرێ، بەبێ ئەوەی هیچ بەهایەکی واقعی هەبێت کەچی لەبازاڕی بۆرسەدا تادێت زۆرترو زۆرتردەبێتەوە، تادەگاتە ئەوەی هەرەمێکی سەرەوخوار وخەیالْی لەبانکەکاندا دادەمەزرێنێ. بەلام ئەم زۆرو زۆربوونە لەژمارەی دراوی سەرکاغەز زۆرنابات لەبنەوە هەرەس دێنێ، هەروەک ئەوەی کەلە"قەیرانی دارایی" ئەمرۆدا خۆی نیشانداوە ..

هاوکات مارکس بەسەرنجدان لەیاسای مەیلی دابەزینی تێکڕایی قازانج واوەتر دەچێت و کارکردەکانی ئەم یاسایە بەمیلێکی جولاو لەنێوان بەرزبوونەوە و دابەزیندا دەشوبهێنێ و لێرەشەوە باس لەو هۆکارانە دەکات کەبەدەست سەرمایەو سەرمایەدارانەوەیە بۆ دەربازکردنی سەرمایەکانیان لەگێژاوی دابەزینی تێکڕایی قازانج کەبەهۆی هێنانە کایەوەی ئامراز وتەکنۆلۆژیای پێشکەوتووە وە گیرۆدەی دەبێت. هەربۆیە پێمان دەلێت کەکارکردی ئەم یاسایە شێوازێکی دەورەیی و بەکردەوە دەرهاتنی هەیە و هەردابەزینێک بەپێویست بەقەیرانی ئابووری ناگات. بەواتایەکی تر مارکس لەتیوری خۆیدا بۆقەیرانی ئابووری سەرمایەداری جگەلەوەی باس لەڕەوت وپرۆسەیەکی واقعی وزانستی لەسەرهەلدانی قەیرانە ئابووری‌یەکاندا دەکات ، هاوکات هۆکارە ناکام کەرەوەکانیشی دێنێتە نێو باسەوە. بەمجۆرە دەکرێ بلێین یاسای مەیلی دابەزینی تێکڕایی

قازانج یاسایەکە بۆ لێکدانەوەی جەوهەری قەیران و هۆکارە ناکامکەرەوەکانی. ئەو هۆکارانەی کە بنەمای سیاسەتی ئابووری دەوڵەت وسەرمایەداران لەسەردەمی قەیرانی ئابووریەکاندا پێکدێنێ، کەبەگشتی ڕووی لەکۆمەڵە هەنگاویکن بۆداشکانەوەی ئەنجامی قەیران بەسەر چینی کرێکارو کۆمەڵگادا. کەبێگومان لەسیاسەتی شەرو جەنگ بەرپاکردنەوە تا دابەشکردنەوەی جیهان و پەلاماردانی ئاستی بژێوی کریکاران و کۆمەلانی خەڵک دەگرێتە خۆی و بەدوایدا دەورەیەک لەهەژاری و نەداری و تەنانەت زەمینەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەرینە شارییەکان دێنێتەکایەوە..

بەشی سێهەم و کوتایی

## هۆیە ناکامکەرەوەکانی قەیرانی ئابووری

لەبەشی پێشوودا باسمان لەوەکرد کەجەوهەری تیوری قەیرانی ئابووری لای مارکس ڕاوەستانە لەسەر یاسای مەیلی ڕوولەخواری تێکڕایی قازانج وکارکردەکانی لەسەر گشت سەرمایەی کۆمەلایەتی لەبواری بەرهەمهێناندا. هەوەرها ئەوەشمان باسکرد کەئەم یاسایە ڕۆڵێکی ڕەهای هەیە وسەرمایەداران بەوهۆیەوە کەبەردەوام پێویستیان بەگۆیزانەوەی ئامراز وتەکنولۆژیای نوێ هەیە بۆ بواری بەرهەمهێنان، لەچاو وەگەرخستنی هێزی کاردا، بەپێویست پێکهاتی ئۆرگانیکی سەرمایە دەباتەسەرەوە و بەم شێوەیەش تێکڕایی قازانج دێتەخوارەوە و لەم پرۆسەیەشدا کاریگەریەکانی خۆی بەسەر بەرهەمهێنان و کەڵەکەی سەرمایەوە دادەنێ...

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین باس لەهۆکارە ناکام کەرەوەکانی قەیرانی ئابووری بکەین، یانی باس لەو فاکتۆرو هەلومەرجانە بکەین کەسەرمایەداران و دەوڵەت دەیگرنە دەست بۆ هەستانەوەی مەیلی ڕوولەخواری تێکڕایی قازانج و خۆ دەربازکردن لەقەیرانی ئابووری. بەلام سەرەتا خستنەڕووی چەند خاڵێک بەپێویست دەزانین:

یەکەم، مارکس هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کەباس لەیاسای هاتنە خوارەوەی مەیلی تێکڕایی قازانج، وەک یاسایەکی بنەڕەتی لەسەرهەڵدانی قەیرانی ئابووریدا دەکات، ئەو هۆکارانەش لەنێو خودی ئەم یاسایەوە دەردێنێ کەبۆ ناکامکردنەوەی قەیران و مەیلی ڕوو لەخوارهاتنی تێکڕایی قازانج دەکەونەکارەوە وپێیان دەڵێت "هۆکارە ناکام کەرەوەکانی یاسای مەیلی ڕوولەخواری تێکڕایی قازانج"، کەڕاستەوخۆ وەک فاکتۆرو هەلومەرجی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری جێگایان گرتووە. هەربۆیە مارکس لەتیوری خویدا بۆقەیرانی ئابووری، باس لەیەکێتی نێوان کارکردەکانی ئەم یاسایەو هوکارە ناکام کەرەوەکانی دەکات. بەجۆرێک کەناکرێت لێکیان جیابکەینەوە. هونەری ئەم پێکەوە باسکردنەش خستنەڕووی دیالەکتیکی نێوان یەکێتی ودژەکانە وەک قانونمەندیەکی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری .

دووەم، بەلام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کەئەگەرچی هۆکارە ناکام کەرەوەکانی قەیران بوونێکی واقعی و لێک جیانەکراوەیان لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا هەیە، بەلام ڕۆڵیان حاڵەتێکی

## تیۆەری قەیرانی ئابووری لەلای مارکس

هەمیشەو بەردەوام نییە و سەرمایەداران بەحوکمی چەقبەستن و چڕبوونەوەی سەرمایەو زیادکردنی فشارەکان بۆسەر کرێکاران تائاستێکی دیاریکراو دەتوانن پەنای بۆبەرن. تەنانەت وانییە لەگەڵ هەرقەیرانیکدا هەربەشێک لەسەرمایە بتوانێ دەست بۆئەم هۆکارە ناکام کەرەوانە بەرێت و مەیلی ڕوو لەخوارهاتنی تێکڕایی قازانج بەرێتە سەرەوە. چونکە بەکردەوە ڕۆڵگێرانی هۆکارە ناکام کەرەوەکان لەیەک هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی وئابووریدا و لەچوارچێوەی ململانێی چینایەتی کاروسەرمایەدا بەربەستیان بۆ پەیدا دەبێ و بەم هۆیەشەوە توانای ڕۆڵگێرانی خۆیان لەدەست دەدەن .

لەم بارەوە مارکس لەکتێبی سەرمایەدا کۆمەڵە فاکتۆرێک باس لێوە دەکات کەئێمە لیرەدا بەکورتی لەسەر سەرەکیترین دانەی ئەو هۆکارانە ڕاوەستین :

**١/ توندکردنەوەی چەوسانەوە :**

مارکس باس لەتوندکردنەوەی چەوسانەوەی هێزی کاری کرێکاران دەکات وەک فاکتۆرێک بۆ بەدەستهێنانی زیدەبایی زیاتر و بردنەسەرەوەی ڕێژەکەی، کەلەڕەوتی خۆیدا سەرمایەداران وەک هۆکارێکی ناکام کەرەوەی قەیرانی ئابووری پەنای بۆدەبەن. ئەمەش لەدوو ڕێگاوە دەبێت: ڕێگای یەکەم بەرهەمهێنانی زیدەبایی ڕێژەیییە. پێشتر ووتمان کەچوونە سەرەوەی پێکهاتی ئۆرگانیکی سەرمایە بەو مانایە دێت کەسەرمایەدار بڕی زۆرتر لەسەرمایەکەی بۆ ڕاکێشانی ئامراز وتەکنۆلۆژیای تازە تەرخان دەکات. ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ بردنە پێشەوەی توانای بەرهەمداری هێزی کاری بەکارهێنراو لەماوەی دیاریکراودا. بەم ڕێگایەش زیدەباییەکی ڕێژەیی دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارانەوە. بالەم بارەوە نمونەیەک بهێنینەوە. سەرمایەداریک پێش ڕاکێشانی ئامرازی پێشکەوتووی بەرهەمهێنان لەماوەی ٨ سەعات کاری ڕۆژانەدا توانیویەتی ١٠ کرێکار بخاتەکارەوە و لەو ڕۆژەدا ١٠٠ پارچە لەکالای بەرهەمهێناوە، بەلام کاتێک ئامرازو تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوتر دەخاتە کارەکەیەوە دەبینین ئێستا هەرئەو ١٠٠ پارچەیە لەکالا بە٦ سەعات کاری ڕۆژانەو تەنانەت بە ٦ کرێکار بەرهەمی دەهێنێ بەمجۆرە دەبنین توانای پاشەکەوت کردنی هێزی کاری بۆ پەیدادەبێت وئەم زیادەیەش بەشێوەی زیدەبایی ڕێژەیی لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا کەڵەکە دەکاتەوە. ئەمە خوی لەخۆیدا توندکردنەوەی چەوسانەوەیە چونکە لەبەرهەمهێنانی ١٠٠ پارچە کالادا ئەرکی ٨ کرێکارەکەی خستۆتە سەرشانی ٦ کرێکار. بەلام لەڕێگای دووەمی توندکردنەوەی چەوسانەوەدا مارکس باس لە زیدەبایی ڕەها دەکات، کەئەویش بەهۆی درێژکردنەوەی ماوەی ڕۆژکاری کرێکاران و زێدەکاری و هەلگرتنی مۆلەتی مانگانەو کاتەکانی پشووەوە بەدیدێت. ئاشکرایە کەلەسەردەمی قەیرانی ئابووریدا، دەوڵەتان و سەرمایەداران بەهێنانە کایەوەی چەندین یاساوە ئەم مەبەستەیان دێننە دی. بۆنمونە داسەپاندنی سەعات کاری زیادەی ڕۆژانە لەژێرناوی "ئاوەدانکردنەوەی نیشتمان و بوژانەوەی ئابووری وولات". یانی لەڕێگای بلاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی قەومی وئاینی وتەنانەت ئەخلاقیەوە دەولەت و سەرمایەداران هەوڵدەدەن کرێکاران بکێشنە بەر زیادکردنی ڕۆژانەکار لە٨ سەعاتەوە بۆ ٩ و١٠ وزیاتر. وەیا ئەوەی کە دەوڵەت مۆڵەتی سالانە نادات بەکرێکاران وماوەی پشووەکان کەم دەکاتەوە و سەرەنجامیش کاری بەخۆرایی بەسەر

کرێکاراندا دادەسەپێنی و چەوسانەوە توند دەکاتەوە. هەموو ئەمانەش سەرەنجام زیدەبایی ڕەها و قازانجێکی زیاتر و بێ بەرابەر دەخاتە گیرفانی سەرمایەداران ودەوڵەتەکەیانەوە .

٢/ هەرزانکردنی بەهای سەرمایەی نەگۆڕ، یانی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان.

ووتمان ڕەوەندی یاسای مەیلی ڕوولەخواری تێکڕایی قازانج خۆی بەرئەنجامی چونە سەرەوەی پێکهاتی ئۆرگانێکی سەرمایەیە کەلەڕێگای ڕاکێشانی ئامڕازو تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووەوە بۆنێو پڕۆسەی بەرهەمهێنان دێتەکایەوە. ئەمە بەو مانایەیە کەنەک هەر بەهای ئەوکالایانەی کەبۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەی دانیشتوان بەکاردێت، دێتەخوارەوە و نرخیان بەپێی کاری تێچووی کۆمەلایەتی هەرزان دەبێت لەبازاڕی کڕین وفرۆشتندا، بەڵکو خودی بەرهەمهێنانی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان وەک هەرکالایەکیتر ماوەی کاری تێچووی کۆمەلایەتیان کەم دەبێتەوە و بەم هۆیەشەوە بەهایان هەرزانتر دەبێت. ئەم ڕاستیە لای مارکس لەو حوکمەوە لێک دەدرێتەوە کەئامڕازەکانی بەرهەمهێنان، یانی پێکهاتی سەرمایەی نەگۆڕ وەک بەرئەنجامێک لەتوانای وەبەرهێنانی هێزی کاردا، کەبەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو ماوەی کاری تێچووی کۆمەلایەتییەوە، بەردەوام لەپڕۆسەی بەرهەمهێناندا کۆنترۆڵ کراوە بەهاکانیان وەک هەر کالایەکیتر کەم بۆتەوە و هەرزان بوون. بەلام خودی ئەم واقعیەتە لەڕەوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا وەک میکانیزمێک لەڕێگای سەرمایەی بازرگانیەوە دەگوازرێتەوە بۆ بەشی کشتو کاڵ و ئەو مەیدانانەی کەکاریان بەرهەمهێنانی کالاکانی بەکاربردنەو بۆ پێداویستی ڕۆانەی دانیشتوان بەکاردێت. بەواتایەکیتر کاتێک کەسەرمایە لەڕەوتی خۆیدا ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان بەهۆی بردنە سەرەوەی پێکهاتی سەرمایەی نەگۆڕەوە هەرزان دەکاتەوە، ئەم هەرزابوونە بەهەمان شیوە لەمەیدانی ئامڕازەکانی بەکار هێنراوی کەرتی کشتوکاڵیدا بەدی دێنێ و ئامرازەکانی ئەم بوارەش بەبەهایەکی هەرزانەوە دەخاتەگەرو لەم ڕێگایەشەوە بەهای کالا خۆراکیەکان بەپێی تێچوونیان هەرزان دەبێ وکۆمەڵە کالایەک دەخاتە بەردەم کرێکاران کەنرخی تێچوویان هەرزانە .

لەبارەی فاکتۆری هەرزان کردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە مارکس خاڵێکی تر دێنێتە نێو باسەکەوە، ئەویش مونافەسەی نێوان سەرمایەکان وتێکشکان و وەدەرنانی بەشێکیانە لەپڕۆسەی بەرهەمهێناندا. بەپێی بنەما ، سەرمایە لەپێناو بەرهەمهێنانی قازانج و زیدەبایدا دەکەونە بەرامبەر بەیەکەوە و هەرسەرمایەیەک نەتوانێ لەمونافەسەی حەریفەکانی خۆیدا جێگاوڕێگایەکی گونجاو بەدەست بهێنێ توشی تێکشکان دەبێ. بەتایبەتی لەسەردەمانی قەیراندا ئەو سەرمایانەی کەنەتوانن زۆرترین بەشی زیدەبایی لەوەگەرخستنی سەرمایەی کۆمەلایەتیدا بپچڕن بەناچار توانای مانەوە لەدەستدەدەن و توشی شکست دێن، ئەمەش ڕێگا دەکاتەوە بۆ چڕبوونەوەی سەرمایەو کڕینەوەی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایە شکستخواردوەکان بەنرخێکی هەرزانتر، لەنرخی پێشوویان و بەمجۆرەش سەرمایە سەرکەوتوەکان لەم مونافەسەیەدا بەبەهایەکی هەرزانتر لەمەیدانی بەرهەمهێناندا دەکەونەوە گەڕ و بەشی زیدەبایی سەرمایە شکست خواردووەکان بۆخۆیان دەبەن .

**٣/ هێنانە خوارەوەی کرێی کرێکاران و لێگرتنەوە لەئاستی بەهای واقعی هێزیکار:**

بەهای هێزی کار (کرێ) لەهەر برگەیەکی گەشەی سەرمایەداریدا و لەهەر ولاتێکدا یەکسانە بە

بەهای ئامڕەزاکانی بژێوی کرێکاران کە بۆ نوێکردنەوەی هێزیان پێویستیان پێیەتی. سەرمایەداری هەمیشە لەهەوڵدایە بەهای واقعی ئەم هێزی کارە لەزۆر ڕێگاوە بەرەو خواربهێنێ و کرێکاران لەئاستێکی بژێوی خراپ و خراپتردا ڕابگرێ. ئەمە بەو مانایە دێت کەسەرمایەداران بەردەوام هەوڵەدەن بۆ هەرزان کردنەوەی هێزی کار تا لەڕێگایەوە ڕێژەی زیاتری زیدەبایی کەڵەکە بکەن. بەلام سەرمایەداران چۆن دەست بۆ ئەم کارەدەبەن؟

لەمەدا چەندین ڕێگا لەبەردەستدایە: یەکەم لێگرتنەوەی کرێی کرێکاران بەبەهانەی جۆراوجۆرو پارچەپارچەکردنی بەناوی "ختورە، موخەسەسات، شارەزایی، تەمەنی کار" و شتی لەمجۆرەوە. دووەم، لەڕێگای کۆپی کردنی پارەوە، یانی هێنانە کایەوەی دراوی نوێ(دراوی ڕەمزی) کەبەهای پێشووی خۆیان لەدەستداوە و نرخیان لەبەرامبەر شتومەکدا هاتۆتە خوارەوە. بۆ نمونە پارەی تەبعی عێراقی کەحکومەتی بەعس لەسەردەمی قەیرانی ئابووری سالانی ٨٠ بۆسەرەوە چەندین جار پەنای بۆبرد وبەهای کرێی کرێکارانی پێ هێنایە خوارەوە. سێهەم: بەرهەمهێنانی کالای پێویست بۆ بژێوی ڕۆژانەی کرێکاران بەچۆنایەتی خراپ و چەندایەتی کەمترەوە. ئاشکرایە ئاستی بژێوی کرێکاران لەچەندین کالای خوارکی، پۆشاک، خانوبەرە، خزمەتگوزاری، تەندروستی و گەلێک کالای تر کە بۆخوشگوزەرانی ڕۆژانە پێویستن، پێکدێت. بەلام سەرمایەداران بۆبردنەسەرەوەی ڕێژەی قازانجی سەرمایە بەردەوام بەدوای بەرهەمهێنانی "کالای بەدیل" دەگەڕآ کە لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە خراپترو کەمترە، و بۆهەرزان ڕاگرتنی ئاستی بژێوی ڕوولەخواری کرێکاران، پەنابۆ ئەم جۆرەکالایانە دەبات. (پڕکردنی بازاڕەکانی کوردستان بە کالای خوارکی ئیکسپایەر و دەرمانی ئیرانی و تورکی ومیسری.. نمونەگەلێکی ئەم واقعیەتەن) کەدیارە ئەمەش دیاردەی هەژاری و نەبوونی ڕووبەڕووی کرێکاران دەکاتەوە. بەم جۆرە کەم کردنەوەی کرێ و گۆڕینی بەهای واقعی کرێ لەڕێگای بەرهەمهێنانی کۆمەڵە کالایەکی چۆنایەتی خراپ و چەندایەتی کەمەوە کەئاستی بژێوی کرێکاران دیاری دەکەن ڕێگایەکی ترە بەدەست سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیانەوە، بۆ ناکام کردنەوە وبەرگرتن بەهاتنە خوارەوەی تێکڕایی قازانجی سەرمایە. بەلام ئەوەی کەسەرمایەداران ودەوڵەت بۆ هەستانەوەی مەیلی ڕوو لەخواری تێکڕایی قازانج تاچەند دەتوانن کرێی کرێکاران کەم کەنەوە و پەلاماری ئاستی گوزەرانی کرێکاران بدەن، مەسەلەیەکی ئارەزوومەندانەی خاوەنکارو دەوڵەت نییە و ئەم فاکتۆرە خۆی دەباتە نێو خەباتی چینایەتی‌یەوە. بەتایبەتی کەدابەزینی کرێ ئاستێکی سنوردارەو ناتوانرێ تا ئاستی سفر بهێنرێتە خوارەوە. لەلایەکی تریشەوە خودی داکۆکیکردن لەکرێ وئاستی بژێوی یەک مەیدانی مەرگ وژیانی ڕۆژانەی کرێکارانەو خاسیەتی مەوجودیەتی ژیانی کارگەرییە. لێرەدایە پەیوەندی نێوان کاروسەرمایە بەمەیدانیکی هەمیشەیی خەبات و ڕووبەڕوو بوونەوەی چینایەتی لەنێوان پرۆلیتاریاو بۆرژوازی دەگۆڕێ. خەباتی کریکاران و ڕێکخراوە کرێکاریەکان لەپێناو بردنەسەری کرێ و باشکردنی ژیان یەک واقعیەتە کەلەگەڵ سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداریدا لەدایک دەبێ و دەچێتە نێو مێژووی خەباتی چینایەتییەوە .

ئەگەر باسەکەمان کورت بکەینەوە. ئەوا دەبێ بڵێین کەیاسای مەیلی ڕوولەخواری تێکڕایی قازانج و

هۆکارە ناکام کەرەوەکانی، بەشێوەیەکی ڕەها وەک قانونمەندیەک لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتیدا وەک جەوهەری قەیرانی ئابووری کاردەکاو بەکردەوە ئاسەوارەکانی بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێناندا دادەکوتێ. بەلام کۆمەڵەی ئەم هۆکارە ناکام کەرەوانە گەرچی خۆیان میکانیزمێکی تێپەرین و کەم کردنەوەی کارکردەکانی قەیرانی ئابووریە، بەلام بەتەنها ڕوخسارێکی ئابووریان نییە و لەهەرولاتێکی دیاریکراودا و لەهەر سەردەمێکدا تێکەڵ بەیەک خەباتی سیاسی و چینایەتی وکۆمەلایەتی دەبن و ناکۆکیەکانی ئەم ململانییەش لەئاستی ئینسانیدا بەپێکدادانی کۆمەلایەتی و زۆرجاریش بەجەنگ و پشێوی و ڕاپەڕین و بزوتنەوەی زیندوودا دەکێشێ .
لەلایەکیتریشەوە ئێمە لەم باسەدا هەوڵمانداوە کاکڵەی تیوری قەیران لەلای مەرکس بناسێنین، بەلام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە لێکدانەوەی هەرقەیرانێکی ئابووری لەهەر سەردەمێک و لەهەرولاتێکدا، پێویستی بەڕۆچوونی زیاتر هەیە لەم ئاستە تیوریەی مارکسەوە بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵەی ئەو چەمک و لێکدانەوانەی دەمانبەستێتەوە بە تایبەتمەندیە ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی هەرولاتێکەوە. چونکە دەرکەوتنی قەیران لەهەرسەردەمەدا ولەهەر ولاتێکدا بەپێی تایبەتمەندییەکانی ئابووری ئەو ولاتەو جێگای لەکاردابەشکردنی جیهانیدا، نیشانەکان و دەرکەوت و شێوە و ئاساواری تایبەت بەخۆیەوە دەگرێت. کەوایە دەکرێ بڵێین لەم کورتە باسەدا ئێمە باسمان لەدەزگای تیوری مارکس بۆ ناسینەوە و قانون مەندی قەیرانی ئابووری لەسیستەمی سەرمایەداریدا کردووە، نەک بەشێوەیەکی کۆنکریت لەبارەی قەیرانی ولاتێکەوە قسەمان کردبێت. کاریکی ئاوا تێپەرین لەم ئاستە ودەستبردن بۆ لێکدانەوەی کۆنکرێتی قەیرانە ئابووریەکان لەهەرولاتیکدا دەخوازێ.
وەک دوا ووتەش لەم باسەدا، دەبی ئاماژە بەوە بدەین کەقەیرانی ئابووری گەرچی خاسیەتێکی زاتی ولێک جیانەبووەوەی سیستەمی سەرمایەداریە و بەدەوری خۆی زەمینەکانی خەباتی چینایەتی وشۆڕش و ئاڵوگۆرە کۆمەلایەتییەکان پێکدێنێ. تەنانەت گەرچی لەسەردەمانی قەیرانی ئابووریدا خەباتی چینایەتی کرێکاران و کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێش توندتر دەبێتەوە و ڕەنگە تا ئەو ئاستەش بڕوا کە داوای گۆڕانی کۆمەلایەتی وچاکسازی و ڕوخانی دەسەلاتەکان لەنێو جەماوەردا بهێنێتەکایەوە. بەلام مەرج نییە لەهەرقەیرانێکدا شوڕش وڕاپەڕینی کرێکاران و جەماوەری خەڵک ببێتە کردەیەکی ئۆتۆماتیکی. حاڵەتێکی ئاوا بە ڕۆڵی ڕێکخراوبوون و هوشیاری و حزبییەتی چینی کرێکار و بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکانەوە گرێی خواردووە. لەهەرحاڵدا سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان لەسەردەمانی قەیراندا تێدەکۆشن چەوسانەوە توند بکەنەوە وباری تێکشکاوی سەرمایە بەسەر ڕەنج و میحنەتی کرێکاران و کۆمەڵگای کار کردواندا بشکێننەوە، بۆئەمەش پەلاماردانی ئاستی گوزەران و مافەکانی کرێکاران و توندکردنەوەی کۆنەپەرستی و سەرکوت و بەربەست کردنی ئازادیەکان تا دەست بردن بۆجەنگ و داگیرکاری و دابەشکردنەوەی دنیاو بازاڕەکان.. وەک یەک گۆشەی سەرەکی لەسیاسەت وکارنامەی سەرمایەداری و دەوڵەتەکەیدا جێگای بۆ پەیدا دەبێت. لەلایەکی تریشەوە لەسەردەمانی قەیراندا ئەرکی داکۆکیکردن لەئاستی بژێوی و دەستکەوتەکان یەک وەزیفەی حەیاتی خەباتی کرێکاران پێکدێنێ. چینی کرێکار ئەگەر نەتوانێ لەسەردەمی قەیرانی

## تیۆەری قەیرانی ئابووری لەلای مارکس

ئابووریدا، لەبەرامبەر پەلامارو هێرشی سەرمایەداراندا خۆی ڕابگرێ و داکۆکی لەدەستکەوتەکان وئاستی بژێوی خۆی بکات، ئەوا دوای تەواوبوونی قەیران و دەستپێکردنەوەی دەورەیەکی تر لەگەشەی سەرمایە، ڕووبەڕووی لەهەلومەرجیکی سەخت و دژوارتر دەبێتەوە و ناچاردەکرێت بە ملدان بەبارودۆخێکی دژوارتری کار و فرۆشتنی هێزی کارەکەی. بۆرژوازی لەهەرقەیرانیکدا پەنا بۆ هەژاری و نەبوونی وبێکارسازی و داخستنی کارگەو بەرتەسککردنەوەی فرسەتەکانی کارو سەرەنجام داسەپاندنی هەلومەرجی کۆنەپەرستی وژێر پێنانی مافەکانی کریکاران و جەماوەری خەڵک دەبا، ئەمەش بەپێویست کریکاران ڕادەکێشێتە نیو مەیدانی خەباتێکی ڕۆژانەوە. بەلام ڕاوەستانەوە بەڕووی ئەم بارودۆخانەو هەوڵدانی کرێکاران بۆئەوەی نەک هەر لەئاکامە زیانبارەکانی قەیرانی ئابووری خۆپارێزی بکات، بەڵکو دەبی بەخەباتی خۆی خودی قەیرانی ئابووری قوڵبکاتەوە و قەیرانی ئابووری بەیەک قەیرانی شۆرشگێرانە بگۆرێ کەنەک هەر ئاستی کرێ و بژێوی خۆی بەرەو باشبوون بەرێ، بگرە شۆرشێک بێنێتە کایەوە کەنیزامی پێچەوانەو زاڵمانەی سەرمایە بۆهەتاهەتایە لەگۆڕ بنێ. بێگومان گۆرانێکی ئاوا پێویستی بەلەمەیداندا بوونی حزبی کۆمۆنیستی وشۆرشگیری کریکاری دەخوازێ کرێکاران لەسەردەمانی قەیرانی ئابووریدا ناتوانن بەتەنها لەڕێگای یەکێتیەیە کرێکارییەکانیانەوە بەرامبەر بەبۆرژوازی و دەولەت و قودرەتی سەرمایە راوەستن ، بۆیە دەبی ئەوان لەحزبی خۆیاندا خۆیان ڕێکخراو ویەکگرتووبکەن. لەیەک وتەدا خەباتی چینایەتی کرێکاران لەدژی سەرمایەداری بوونێکی جیانەکراوەی ئەم نیزامەیە و لەسەردەمی قەیراندا فرسەتی ئەم خەباتە بەرەو گرتنی دەسەلاتی سیاسی و هێنانە سەرکاری حکومەتی کرێکاری دەکاتە یەک واقعیەتی عەمەلی. هەربۆیە بەقسەی مارکس سەردەمی قەیران لەهەمان کاتدا سەردەمی لێدانی زەنگی شۆڕشە کرێکاریەکانە .

March-2009



لەنوسینی: فریدریك ئەنگلس

# کارل مارکس

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: کامل ئەحمەد
پیاچوونەوەی: جەمال موحسین

کارل مارکس، ئەو مرۆڤەی کە یەکەم کەس بوو بناغەیەکی زانستی ببەخشێت بە سۆسیالیزم و بەمپێیەش بە سەرجەم بزووتنەوەی کرێکاری سەردەمی ئێمە، لە ساڵی ١٨١٨ دا لە ترایەر لە دایک بووە. لە بۆن و بەرلین خوێندنی تەواو کردووە کە سەرەتا یاسای خوێندووە، بەڵام زۆری پێنەچووە خۆی بۆ خوێندنی مێژوو و فەلسفە تەرخانکردووە. لە ساڵی ١٨٤٢ دا لەسەروبەندی دامەزراندندا بووە وەک پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بواری فەلسفەدا کاتێک کە ئەو بزووتنەوە سیاسییەی لە کاتی مەرگی فرێدریک ویلیامی سێهەمەوە سەریهەڵدابوو، ئاراستەی ژیانی ئەوی بە ئاقارێکی جیاوازدا گۆڕی. بە هاوکاری ئەو، سەرکردەکانی بورژوا لیبراڵیە ڕاینیەکان، کامپهاوسینس Camphausens ، هانسەمانس Hansemanns و هتد. بڵاوکراوەی ڕاینیچە زەیتونگ *Rheinische Zeitung*یان لە کۆلن دامەزراند. لە پایزی ساڵی ١٨٤٢ دا و لە کاتێکدا کە ڕەخنەکانی لە جێبەجێکردنی نیزامی خۆراکی ڕاینەوە یاخود (ڕژێمی خۆراکی ناوچەیی) بووە جێگای سەرنجێکی زۆر، مارکسی بردەئاستی بەرپرسی یەکەمی ڕۆژنامەکەوە. ڕاینیچە زەیتونگ بە شێوەیەکی ئاسایی لە ژێر چاودێریدا چاپ دەکرا، بەڵام چاودێریکردن نەیدەتوانی بە سەریدا زاڵبێت. [یەکەم چاودێری ڕاینیشچە زەیتونگ ڕاوێژکاری پۆلیس دۆلێسکهاڵ Dolleschallبوو، هەمان ئەو کەسەی کە هەستابوو بە سڕینەوە و لابردنی بڵاوکراوە و ئاگاداریەک لە کۆلنیشچە زەیتونگ *Kölnische Zeittung*دا لەسەر وەرگێڕانی کتێبی کۆمیدیا خودایی یەکانی دانتێ وەوە لە لایەن فیلالێتەس *Philalethes*( جۆن پاشای ساکسۆنیای ئەودەم later King John of

Saxony)، که ئەم سەرنجەی نووسیبوو: "کەس نابێت گاڵتەجاڕی بە شتە پیرۆزەکان بکات."[تێبینی لە لایەن ئەنگلسەوە]
ڕاینیچە زەیتونگ زۆربەی کات ئەو بابەتانەی به دەست دەگەیشت کە قابیلی کێشە نانەوە بوون. یەکەم جاربابەتی بێ نرخ دەکرایە خۆراکی چاودێرەکە بۆ لابردنیان، تا وای لێ هات کە چاودێرەکە یان خۆی ڕێگای دەدا یان ناچار بوو کە ڕێگا بدات لە ژێر هەڕەشەی ئەوەدا کە ئەوکات بڵاوکراوەکە ڕۆژی داهاتوو بڵاوناکرێتەوە. دە (١٠) بڵاوکراوە بە هەمان ئازایەتی ڕاینشچە زەیتونگ و ئەوانەی کە بڵاوکەرەوەکانیان ئامادەبوون کە چەند سەد تالێرێکی زیادە خەرجبکەن لە چاپکردندا وایان لە چاودێریکردن کردبوو کە مەحاڵ بێت لە ئەڵمانیادا تا نزیکی سەرەتای ساڵی ١٨٤٣. (thaler تالێر پارەیەکی زیوین بوو کە بۆ نزیک بە ٤٠٠ ساڵ لە ئەوروپادا بەکاردەهێنرا. وەرگێڕ). بەڵام خاوەنی ڕۆژنامە ئەڵمانیەکان بیرتەسک و ناڕۆشنبیری شەرمنۆک بوون بۆیە ڕاینیشچە زەیتونگ ئەم کێشمەکێشەی بە تەنها دەبردە پێشەوە. سانسۆر دوای سانسۆر دەپوان. لە دواجاردا وای لێهات کە بە نێو دوو سانسۆردا تێپەڕێت، لە دوای سانسۆرکردنی یەکەم دەبوا جارێکی تر و بۆ کۆتایی لە لایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە بپشکێنرایە. ئەمەش هێشتا بێسوود و بێ ئەنجام بوو. لە سەرەتای ساڵی ١٨٤٣ دا، دەوڵەت ڕایگەیاند کە ناشێت ئەم ڕۆژنامەیە لەژێر چاودێریدا ڕابگیرێت بۆیە بە بێ هەراوزەنای زیاتر ڕۆژنامەکەی داخست.
مارکس، لەو کاتەدا کە هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکی وێستفالندا کرد، کە دواتر بوو بە وەزیرێکی کۆنەپەرست، گواستیەوە بۆ پاریس و لەوێ، بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئا روژ ساڵنامەی ئەڵمانی_فەرەنسی یان بڵاوکردەوە کە لەوێدا زنجیرەیەک لە نووسینە سۆسیالیستیەکانی دەست پێ کرد بە (**ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی حەقی هیگڵ**) وە دواتر، پێکەوە لەگەڵ فریدریک ئەنگلس ( **خێزانی پیرۆز و لە دژی برونو باوەر و هاوکارەکانی**) یان نووسی کە ڕەخنەیەکی پلارهاوێژانەیە لە یەکێک لە هەرە تازەترین شێوەکان لە فەلسفەی ئایدیالیزمی (مثالی) ئەڵمانی کە گەوجانە و بە تێکەڵ وپێکەڵی خۆی دەنواند لەو کاتەدا.
خوێندن و لێکۆڵینەوەی ئابووری سیاسی و مێژووی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا هێشتا بواریان بە مارکس دەدا بۆ هێرشی جاروبار بۆ سەر حکومەتی پروسی. کە ئەمەش وای کرد حکومەتی پروسی تۆڵەی خۆی بە دەرکردنی مارکس لە فەرەنسا لە بەهاری ١٨٤٥ دا لە ڕێگای وەزارەتەکەی گیزۆوە بکاتەوە. باس لەوە دەکرێت کە ئەلێکساندەر ڤۆن هەمبۆلدت دەستی هەبووە لە لەم دەرکردنەی مارکس دا. مارکس شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی بردە برۆکسل وە لەوێ بە فەرەنسی لە ساڵی ١٨٤٧ دا (**هەژاری فەلسەفە، ڕەخنەیەک لە فەسەلەفەی هەژاری پرودون**) و لە ساڵی ١٨٤٨ دا( **باسێک دەربارەی بازرگانی ئازاد**)ی بڵاوکردەوە. لە هەمان کاتدا سوودی لەو هەلە بینی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی کرێکارانی ئەڵمانی لە برۆکسل و بەم شێوەیە دەستی کرد بە ئاژیتاسیۆنی (هاندانی) عەمەلی. ئەم کاری هاندانە گرنگی زیاتری پەیداکرد لە لای مارکس لە کاتێکدا کە ئەو و هاوڕێ سیاسیەکانی لە ساڵی ١٨٤٧ دا پەیوەست بوون بە ڕێکخراوی نهێنی یەکێتی کۆمۆنیستەکانەوە، کە لە چەند ساڵێک لەوە و بەرەوە دامەزرابوو. سەرتاپای بونیادی ئەم

ڕێكخراوە ئیتر بە شێوەیەكی ڕادیكاڵانە گۆڕا بەجۆرێك كە ئەم كۆمەڵەیە، كە لە پێشتردا كەم تا زۆر كۆمەڵەیەكی پیلانگێڕی بوو، گۆڕا بەرەو ڕێكخراوێكی سادە بۆ پڕۆپاگەندەی كۆمۆنیستی، كە نهێنی كاریەكەی زەرورەت بەسەریدا سەپاندبوو، بوو بە یەكەمین ڕێكخراوی پارتی سۆسیال دیموكراتی ئەڵمان. یەكێتیەكە لە هەر جێگایەك كۆمەڵەی كرێكارانی ئەڵمانی دامبەزرایە لەوێ بوو؛ بە نزیكی لە نێو هەموو ئەو كۆمەڵانەی كە لە ئینگەلتەرا، بەلجیكا، فەرەنسا و سویسرا، وە لە زۆرێك لەو كۆمەڵانەی كە لە ئەڵمانیادا هەبوون ئەندامە پێشكەوتووەكانی سەر بە یەكێتیەكە بوون و جێگاوڕێگای ئەم یەكێتیە لە بزووتنەوەی كرێكاریی تازە سەرهەڵداوی ئەڵمانیادا زۆر بەرچاو بوو. سەرەڕای ئەوەش، یەكێتیەكەمان یەكەم بوو كە جەختی لە سەر گەوهەری ئینتەرناسیۆنالیستی تەواوی بزووتنەوەی كرێكاری و بەجێهێنانی بە كردەوەی كردەوە، كە ئەندامەكانی لە ئینگلیزەكان و بەلجیكیەكان و هەنگاریەكان و پۆڵۆنیەكان و هتد. پێكهاتبوو، كە كۆبوونەوەی ئینتەرناسیونالی كرێكاریان ڕێكدەخست بە تایبەتی لە لەندەن.

گۆڕانی كۆمەڵەكە لە دوو كۆنگرەدا ڕوویدا كە لە ساڵی ١٨٤٧ دا بەستران. كۆنگرەی دووم بڕیاریدا لەسەر پوختەكردن و بڵاوكرنەوەی پەیڕەوە بنەڕەتیەكانی حزبەكە لە بەیاننامەیەكدا كە لە لایەن ماركس و ئەنگلس ەوە داڕێژرابوو. بەم شێوەیە مانیفێستی حزبی كۆمۆنیست سەریهەڵدا كە بۆ یەكەم جار لە ساڵی ١٨٤٨ دا بڵاوبووەوە بە ماوەیەكی كورت بەر لە شۆڕشی شوبات. لەو كاتەوە تا ئێستا بۆ زۆربەی زمانە ئەورووپایی یەكان وەرگێڕدراوە.

بڵاوكراوەی ئەڵمانی/ برۆكسلی Deutsche-Brüsseler-Zeitung كە ماركس تیایدا بەشداربوو، وە كە بێ ڕەحمانە نزاكانی ڕژێمی پۆلیسی بۆ نیشتمان ئاشكرادەكرد بووە هۆی ئەوەی كە جارێكی تریش دەوڵەتی پروسی هەوڵبدات بۆ بە ئەنجام گەیاندنی دەركردنی ماركس ، بەڵام بێ هۆدەبوو. لە كاتێكدا، بە هەر شێوەیەك بێت، شۆڕشی شوبات بووە هۆی بزووتنەوەیەكی جەماوەری لە برۆكسلیشدا، وە گۆڕانكاریەكی شۆڕشگێرانە خەریك بوو ڕووی دەدا لە بەلجیكا، دەوڵەتی بەلجیكا ماركسی دەستگیركرد بە بێ ئاگاداركرنەوە و لە وڵات دەریكرد. لەو كاتەدا دەوڵەتی كاتی فەرەنسا داوەت نامەیەكی لە ڕێگای فلۆكۆن ەوە ئاراستەی ماركس كرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ پاریس و ئەویش ئەم بانگەوازەی قبوڵكرد. لە پاریس لە دژی دەستبڕین و پارە لێكێشانەوە هاتە مەیدان كە ئەو كات بە شێوەیەكی بەربڵاو لەنێو ئەڵمانیەكانی ئەوێدا هەبوو بە نیازی ئەوەی كە ئۆردوویەكی چەكدار لە كرێكارانی ئەڵمانی نیشتەجێی فەرەنسا دروست بكەن بۆ گواستنەوەی شۆڕش و دەوڵەتی كۆماری بۆ ناو ئەڵمانیا. لە لایەك، ئەڵمانیەكان پێویستە خۆیان شۆڕشی خۆیان بكەن، و لە لایەكی تریشەوە، هەر ئۆردویەكی شۆڕشگێرانەی دەرەكی دروستكراو لە فەرەنسادا پێشوەخت فریودراوە لە لایەن لامارتینیەكانی دەوڵەتی كاتی یەوە بۆ دەوڵەتێك كە لەوانەیە بروخێنرێت، هەر وەك چۆن لە بەلجیكا و بادەن ڕوویدا.

لە دوای شۆڕشی مارسەوە، ماركس چوووە كۆڵن و لەوێ بڵاوكراوەی ڕاینیچەی نوێی ( *Neue Rheinische Zeitung*) دامەزراند كە ماوەی تەمەنی لە نێوان ١ ی حوزەیران ١٨٤٨ بۆ ١٩ ی ئایاری ١٨٤٩دا بوو. ئەم ڕۆژنامەیە تاكە ڕۆژنامە بوو كە نوێنەرایەتی دید و بۆچوونی پرۆلیتاریای

## کارل مارکس

دەکرد لە سنووری بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئەو کاتەدا هەر وەک لە خەبات و قارەمانێتی یە بێ سنوورەکەیدا دیارە لە یاخیبوونە شۆڕشگێڕانەکەی حوزەیرانی پاریس دا کە بووە هۆی هەڵهاتنی زۆربەی زۆری بەشداربووەکانی. بێ هۆدە بوو کاتێک کە کروزە زەیتونگ *(Kreuz-Zeitung)* [ڕۆژنامەی خاچ ، چونکە دروشم و هێمای ڕۆژنامەکە خاچێکی ئاسنین بوو. ئەم ڕۆژنامەیە لە بەرلین بڵاو دەبووەوە لە نێوان ١٨٤٨- ١٩٣٩ دا. وەرگێڕ] دەیویست زیاتر ئاماژە بۆ "حەیاچوونەکەی چیمبۆرازۆ" بکات [چیمبۆرازۆ، چیایەکی بورکانیە لە ئیکوادۆر و جۆری ئەم بورکانە چین چینە و لە هەزارەی یەکەمی میلادیدا ڕوویداوە. وەرگێڕ] بەوەی کە بڵاوکراوەی ڕاینیچەی نوێ هێرشی کردۆتە سەر هەموو شتە پیرۆزەکان، لە پاشا و جێنشینەکەیەوە لە تەختی پاشایەتیەوە بگرە تا دەگات بە جەندرمەکانی و قەڵای پروسیاش بە ئۆردووە ٨٠٠٠ کەسیەکەیەوە لەو کاتەدا. شێتگیری و هەڵچوونی ڕاینیە لیبراڵە ناڕۆشنبیرەکان کە کتوپڕ بوونە کۆنەپەرست بێ هۆدە بوو. ڕاگرتنی بڵاوکراوەکە بە دەسەڵاتی سوپایی لە کۆڵن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە پایزی ١٨٤٨ دا بێهودە بوو. بێ سوود بوو کاتێک وەزیری دادی ویلایەتی فرانکفۆرت پەنجەی تاوانی بۆ بابەت لە دوای بابەتی ڕۆژنامەکە ڕادەکێشا و دەیویست سەرنجی داواکاری گشتی کۆڵن ڕابکێشێت تاوەکو پرۆسەیەکی یاسایی بە دژی ڕۆژانەمەکە بگرێتە بەر. بە بەرچاوی پۆلیسەوە بڵاوکراوەکە بە ئارامی دەرۆی بۆ بڵاوبوونەوە و چاپکردن. بڵاوکردنەوە و ناوبانگی بڵاوکراوەکە هەتا دەهات دەچووە سەر لەگەڵ چوونە سەری جۆش و توند وتیژی هێرشەکانی بۆ سەر دەوڵەت و بورژوازیەت. کاتێک کودەتا سەربازیەکەی پروسیا لە تشرینی دووهەمی ١٨٤٨ دا ڕوویدا، بڵاوکراوەی ڕاینیچەی نوێ لە مانشێتی هەر ژمارەیەکیدا بانگەوازی خەڵکی دەکرد کە باج نەدەن و توند وتیژی بە توند و تیژی وەڵامبدەنەوە. لە سەر ئەم کارانە و بڵاوکردنەوەی بابەتێکی تری لەم چەشنە بڵاکراوەکە ڕووبەڕووی دادگا بووەوە لە بەهاری ساڵی ١٨٤٩ دا، بەڵام لە بەرامبەر هەر دوو کەیسەکەدا بێ تاوان دەرچوو. لە کۆتاییدا، وە لە کاتێکدا کە خرۆشانەکانی ئایاری ١٨٤٩ ی دریسدن و ناوچەی ڕاین سەرکوتکرا و هێرشی پروسی بۆ سەر خرۆشانەکەی بادن- پالاتینەیت دەستیپێکرد بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هێزێکی زۆر، دەوڵەت هاتە ئەو باوەڕەی کە بڕوا بە بەهێزی خۆی بکات بۆ سەرکوتی بڵاوکراوەی ڕاینشچەی نوێ بە زەبری هێز. دوا ژمارەی بڵاوکراوەکە ، کە بە مەرەکەبی سوور چاپکرا، لە ١٩ ی ئایاردا دەرچوو.

هەوڵدان بۆ بە بەردەوام دەرکردنی بڵاوکراوەی ڕاینیچەی نوێ لە شێوازی بڵاوکراوەی ڕەخنەییدا (لە هامبۆرگ لە ساڵی ١٨٥٠ دا) بێ سوود بوو وە سەرنەجام ناچار بوون کە واز لەمەش بهێنن بەهۆی ئەو پەرچەکرداره توندوتیژئامێزانەوە. ڕاستەوخۆ دوای کودەتا سەربازیەکەی فەرەنسا لە کانونی یەکەمی ١٨٥١ دا، مارکس (**١٨ ی برۆمێر، لویس بۆناپارت**) بڵاوکردەوە (نیو یۆرک، ١٨٥٢؛ چاپی دووەم، هامبۆرگ ، ١٨٦٩، بە ماوەیەکی کەم پێش جەنگ). لە ساڵی ١٨٥٣ دا (**نهێنیەکان دەربارەی دادگاییکردنی کۆنۆنیستەکانی کۆڵن**) ی نووسی (یەکەم جار لە بازل چاپکرا، دواتر لە بۆستن، وە هەروەها جارێکی تر لە لایپزیگ).

دوای تاوانبارکردنی ئەندامانی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە کۆڵن، مارکس دەستی لە کاری

ئاژیتاسیۆنی سیاسی کێشایەوە و بۆ ماوەی ١٠ ساڵ خۆی تەرخان کرد، لە لایەک بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لەو هەموو گەنجینە بە پێز و دەوڵەمەندانەی کە لە کتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانی لە بواری ئابووری سیاسیدا لەبەردەستدا بوو، وە لە لایەکی تریشەوە بۆ نووسین بۆ ڕۆژنامەی نیویۆرک تریبیۆن، تا کاتی بەرپابوونی جەنگی ناوخۆی ئەمریکا کە نەک تەنها هەندێ بەشداری ئەمی بڵاودەکردەوە، بەڵکو زۆرێک لە سەرووتارەکان بە پێنووسەکەی ئەو لەسەر بار و دۆخی ئەوروپا و ئاسیای تیادا بڵاوبووەوە. هێرشەکانی مارکس بۆ سەر لۆرد پالمەرستۆن، بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەیەکی ووردی بەڵگەنامە فەرمی یە بەریتانیەکان، دووبارە لە لەندەن بە شێوەی نامیلکە لە چاپدرایەوە.

وەک یەکەم بەروبوومی ئەو هەموو ساڵە لە لێکۆڵینەوە لە بواری ئابووریدا، لە ساڵی ١٨٥٩ دا (**بەشداریکردن لە ڕەخنە لە ئابوری سیاسی**) بڵاوکردەوە، بەشی یەکەم (بەرلین، دونکەر). ئەم بەرهەمە یەکەمین لێکدانەوەی لێکهەڵپێکراوی مارکسیانەی تیۆری بەها بە زانستی پارەشەوەی لە خۆ دەگرت. لە کاتی شەڕی ئیتاڵیادا، مارکس، لە بڵاوکراوەیەکی ئەڵمانیدا لە ژێر ناوی داس فۆلک (خەڵک) کە لە لەندەن بڵاو دەبووەوە هێرشیکردە سەر بۆناپارتیزم کە لەو کاتەدا وا خۆی دەردەخست کە لیبراڵیە و نەخشی هەیە لە ڕزگارکردنی نەتەوە ژێردەستەکاندا. هەروەها هێرشی کردە سەر سیاسەتە پروسیەکانی ڕۆژ کە لە ژێر ناو و پەردەی بێ لایەنیدا هەوڵی دەدا لە گۆمی پیسدا ڕاو بکات.هەروەها لەم پەیوەندەدا وا پێویستی دەکرد هێرش بکاتە سەر کارل ڤۆگت، کە ئەو لەو کاتەدا ئەرکێکی لە لایەن شازادە ناپلیۆن (پلۆن پلۆن) پێسپێردرابوو وە لە لایەن لویس ناپلیۆنەوە پارەی پێدەدرا بۆ ئەوەی بانگەشەی بێ لایەنی بکات کە لە ڕاستیدا لایەنگیری بوو لە ئەڵمانیا. کاتێک ڤۆگت لیپاولیپ بوو لە کرداری پیس و ناپەسەند و بە دەستی ئەنقەست بوختانی درۆی دەکرد، مارکس بە بڵاوکردنەوەی (**بەڕێز ڤۆگت** *Herr Vogt*) وەڵامی دایەوە (لە لەندەن، ١٨٦٠)، کە لە وێدا ڤۆگت و پیاوماقوڵەکانی تری باندی ئیمپریالیستی دیموکراتیەیتی درۆینەو هەڵخەڵەتێنەری تیادا ئاشکرا کرا، وە تاوانبارێتی خودی ڤۆگت سەلمێنرا بە بە وەرگتنی بەرتیل لە ئیمبراتۆریەتی کانوونی یەکەم بە پێی بەڵگەنامە ناوەکی و دەرەکیەکان. دوای ١٠ ساڵ بەڵگەکان دەرکەوتن لە لیستی ناوی بەکرێگیراوەکانی بۆناپارت دا کە لە کۆشکی تویلەری Tuileriesدا دۆزرایەوە لە ساڵی ١٨٧٠ دا و لە لایەن دەوڵەتی ئەیلولەوە بڵاوکرایەوە، کە ئەم تۆمارە لە ژێر پیتی V دا نووسرابوو کە "ڤۆگت لە ئابی ١٨٥٩ دا ٤٠٠٠٠ فرەنکی پێ دراوە".

لە کۆتاییدا، لە ساڵی ١٨٦١ و لە هامبۆرگ (**کاپیتاڵ، شیکردنەوەی ڕەخنەیی لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری**) بەرگی یەکەم، بەرهەمی سەرەکی مارکس بڵاوکرایەوە کە تیایدا بناغەکانی چەمکە ئابوری سۆسیالیستیەکانی و جیاکەرەوە سەرەکیەکانی ڕەخنەی خۆی لە کۆمەڵگای مەوجود و شێوازی سەرمایەداریانەی بەرهەمهێنان و ئاکامەکانی لێکداوەتەوە. چاپی دووەمی ئەم بەرهەمە مێژووییە گرنگە لە ساڵی ١٨٧٢ دا بڵاوکرایەوە کە نووسەر خۆی بۆ دانانی بەرگی دووەم تەرخان کرد.

لە وکاتەدا بزووتنەوەی کرێکاری لە وڵاتە ئەوروپیە جیاجیاکاندا هەتا ڕادەیەک هێزی خۆی

بەدەستهێنابووەوە کە مارکس بتوانێ بیر لە بیرۆکەی هێنانەدی هیوایەک بکات کە دەمێک بوو چاوەڕیی دەکرد: دامەزراندنی یەکێتیەکی کرێکاران کە زۆربەی وولاتە ئەوروپیە پێشکەوتووەکان و ئەمریکا بگرێتە خۆی کە بە شێوەیەکی جەستەیی (فیزیکی)، ئەگەر بتوانین وا بڵێین، کارەکتەرە نێونەتەوەیی یەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی بۆ خودی کرێکاران خۆیان و هەروەها بورژوازی و حکومەتەکان نیشان بدات- لە پێناو هاندان و بەهێزبوونی پرۆلیتاریا، بۆ ترس خستنە نێو دڵی دوژمنەوە. لەپێناو بەرژەوەندی پۆڵەندادا، کە بۆ جارێکی تریش لە لایەن ڕوسیاوە تێکشکێنرابوو، کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بەسترا لە ٢٨ ی ئەیلول ١٨٦٤ دا لە سانت مارتینس هاڵ لە لەندەن کە هۆکاری بردنە پێشەوەی مەسەلەکەی خستە بەردەست کە زۆر بە جۆش و خرۆشەوە بەرزکرایەوە. کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کرێکاران (واتە ئینتەرناسیۆنالی یەکەم) دامەزرا؛ شورای گشتی کاتی کە بارەگاکەی لە لەندەن بوو هەڵبژێردرا لە کۆبوونەوەکەدا و مارکس گیان و دڵی ئەم ئەنجوومەنە بوو لەگەڵ هەموو شورا گشتیەکانی دواتریشدا هەتا کۆنگرەی لاهای. ڕەشنووسی زۆربەی زۆری بەڵگەنامەکان کە لە لایەن شورای گشتی ئینتەرناسیوناڵە وە دەرکرا لە لایەن مارکسەوە ئامادەکرابوو هەر لە (**ووتەی دەستبەکار بوون**)ەوە لە ساڵی ١٨٦٤ دا تا (**ووتە دەربارەی شەڕی ناوخۆ لە فەڕەنسا**) لە ساڵی ١٨٧١ دا. بۆ وەسفکردنی چالاکیەکانی مارکس لە ئەنتەرناسیۆنالدا پێویستە مێژووی ئەم کۆمەڵەیە بنووسرێتەوە کە بەهەرحاڵ ئێستاش لە یادەوەری کرێکارانی ئەوروپادا زیندووە.

ڕووخانی کۆمۆنەی پاریس ئەنتەرناسیۆناڵی خستە بارێکی نالەبارەوە. ئینتەرناسیۆنال لە مێژووی ئەوروپادا توانی لەو ساتانەدا بە گوژمەوە بڕاوەتەوە پێشەوە کە لە هەموو شوێنێک لە بواری سەرکەوتنی بە کردەوە بێبەشکرابوو.ئەو ڕووداوانەی کە بوونە مایەی بەرزکردنەوەی پلە و پایەی ئەنتەرناسیونال بۆ ئاستی حەوتەمین هێزی گەورە، هاوکات بوونە هۆی ڕێگەگرتنیش لە ڕێکخستن و بەگەڕخستنی توانا خەباتکارانەکانی. ئەمەش بە داخەوە بووە هۆی تێکشکانی مسۆگەر و پاشەکشەی بزووتنەوەی کرێکاریی بۆ چەند دەیەیەک. سەرەڕای ئەمە، لە چەند لایەکەوە و چەند کەسێک هەوڵیان دەدا کە خۆیان بەرنە پێشەوە بۆ سوودوەرگرتن لە ناوبانگی کتوپڕی کۆمەڵەکە بە مەبەستی دامرکاندنەوەی مەرامەکانیان و بەدیهێنانی خواستە تایبەتەکانیان، بە بێ تێگەیشتن لە جێگا و ڕێگای ڕاستەقینەی ئەنتەرناسیۆناڵ یاخود ڕێزگرتن لێی. دەبوایە بڕیارێکی ئازایانە بدرێت، وە ئەوە دووبارە مارکس بوو کە ئەو بڕیارەی دا و جێبەجێی کرد لە کۆنگرەی لاهایدا. لە بڕیارنامەیەکی بەشکۆ دا ئەنتەرناسیۆناڵ حاشای لە هەموو بەرپرسیارێتیەک کرد لە بەرامبەر کاروکردەوەکانی باکۆنینەکاندا کە چەقی دروستکردنی هەموو ئەو پێکهاتە ناماقوڵ و ناپەسەندانە بوون. پاشان، بە هۆی دەستەبەرنەبوونی کۆبوونەوەکان و سەرەڕای پەرچەکرداری گشتی و چوونە سەری داواکاریە بەسەردا سەپێنراوەکانی، وە پاراستنی کاریگەرێتی یە تەواوەکەی سەرەڕای کۆمەڵێک قوربانی کە ئەبوونە مایەی ووشککردنی دەماری بزووتنەوەی کرێکاری، سەرئەنجام بە هۆی ئەم دۆخەوەوە، ئەنتەرناسیۆناڵ لەم کاتەدا خۆی کشانە دوواوە بە گواستنەوەی شورای گشتی بۆ ئەمریکا. ئەنجامەکان ڕاست و دروستی ئەم بڕیارەیان سەلماند کە

لە کاتی خۆیدا و ئێستاشی لەسەر بێت زۆر جار لۆمە دەکرێت. لە لایەکەوە، ئەمە توانی کە کۆتایی بە هەموو ئەو هەولانە بهێنێت کە لەو کاتەوە بەرێوەیە بۆ بەرپاکردنی کودەتا بێسوودەکان بە ناوی ئینتەرناسیۆناڵەوە، لە کاتێکدا لە لایەکی ترەوە، ئەو پەیوەندی یە بەردەوام و نزیکەی نێوان ئەحزابە کرێکاری یە سۆسیالیستەکان لە وولاتە جیاجیاکاندا ئەوەی سەلماند کە هۆشیاریی ناسنامەیی سەبارەت بە بەرژەوەندی و هاوپشتی پرۆلیتاریای وولاتە جیاجیاکان کە لە لایەن ئەنتەرناسیۆناڵەوە بانگهێشتی بۆ کرابوو دەتوانێ خۆی بسەپێنێ تەنانەت بە بێ خۆبەستنەوە بە کۆمەڵەیەکی فەرمی نێونەتەوەییەوە، کە لەو ساتەدا بووبووە لەمپەرێک.

لە دوای کۆنگرەی لاهایەوە، مارکس بۆ دوا جار توانی ئارام بگرێت و کاتی زیاتر بدۆزێتەوە بۆ دەستکردنەوە بە بەرهەمە تیۆریەکانی، وە وا ئومێد دەکرا کە بتوانێت لە ماوەیەکی کورتدا بەرگی دووەمی (کاپیتاڵ) ئامادە بکات بۆ بلاوکردنەوە.

لە نێو زۆرێک لەو داهێنانانەدا کە بە هۆیانەوە مارکس ناوی دەرکردووە لە تۆماری زانستدا دەتوانین لێرەدا تەنها لەسەر دوانیان بدوێین.

یەکەمیان ئەو شۆرشە بوو کە ئەو خولقاندی لە تەواوی تێگەیشتنەکان لە مێژووی دنیادا. هەموو تێروانینی پێشوو بۆ مێژوو لەسەر ئەو چەمکە دامەزرابوو کە هۆکارە بنچینەیی یەکانی هەموو ئاڵگۆرێکی مێژوویی دەتوانرێت لە گۆرانکاری یەکانی هزری مرۆڤەوە سۆراخ بکرێت، وە لە هەموو گۆرانکاریە مێژوویی یەکاندا گۆرانی سیاسی لە هەموویان گرنگترە و کۆنترۆڵی تەواوی مێژوو دەکات. بەلام ئەو پرسیارە نەدەکرا کە ئایا هزر کەی هاتۆتە مێشکی مرۆڤەوە و هۆکارە پاڵنەرەکانی گۆرانە سیاسیەکان چین. ئەو باوەرەی کە لانی کەم لە سەردەمی چاخەکانی ناوەراستەوە هێزی پاڵنەر لە مێژووی ئەوروپادا بریتی بووە لە کێشمەکێشی بۆژوازی پێشکەوتنخواز لەگەڵ فیوداڵە ئەریستۆکراسیەکان (دەرەبەگە بەگزادەکان) بۆ دەسەلات و زاڵبوون لە رووی کۆمەلایەتی و سیاسی یەوە، تەنها بەسەر مێژوناسەکانی سەر بە قوتابخانە نوێیە فەرەنسی و هەروەها هەندێک لەوانەشی کە سەر بە قوتابخانەی ئینگلیزی بوون خۆی سەپاندبوو. ئیتر مارکس سەلماندی کە هەموو مێژووی پێشوو مێژووی کێشمەکێشی چینایەتی یە، بە واتایەک لە هەموو کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەلایەتی یە جۆراوجۆرەکاندا تاکە مەسەلە دەسەلاتی سیاسی و کۆمەلایەتی چینە کۆمەلایەتیەکان و پاراستنی دەسەلاتداریێتی یە لە لایەن چینە کۆنەکانەوە و گرتنە دەستی دەسەلاتداریێتی یە لە لایەن چینە تازە درووستبووەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئایا ئەم چینانە قەرزارباری کێن لە بنەچە و لە بەردەوام بوونی مانەوەیاندا؟ ئەوان قەرزارباری ئەو هەلومەرجە هەستیارە مادی و سروشتی یە تایبەتانەن کە تیایاندا کۆمەڵگا لە سەردەمی دیاریکراودا هۆکارەکانی بەردەوامبوونی خۆی بەرهەم دێنێتەوە و ئاڵوگۆری بەسەر دێنێت. دەسەلاتی دەرەبەگایەتی لە سەدەکانی ناوەراستدا لەسەر خۆبژوێنی ئابوری (سەربەخۆیی ئابوری) کۆمەڵگا جووتیاریە بچوکەکان راوەستابوو کە تیایدا خۆیان زۆربەی پێداویستیەکانی خۆیانیان دابین دەکرد و زۆربەی کات هیچ ئاڵو وێرێک تیایاندا رووی نە دەدا وە تا ئەو رادەیەی کە خانەدانانی خاوەن چەک یان لە دەرەوە یان لە یەکێتی نەتەوە یان سیاسیەوە پارێزگاری کردنیان

لە خۆیان بە دەست ئەهێنا. کاتێک شارەکان سەریانهەڵدا و لەگەڵ خۆیاندا سەرهەڵدانی پیشەسازی دەستی سەربەخۆ و پەیوەندی بازرگانیان سەرەتا لە نێوخۆدا و دواتر لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی دا هێنا، بورژوازی شاری گەشەی سەند، وە هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە و لە کێشمەکێشمی خۆی لەگەڵ خانەدانی دا، خۆی خزاندە نێو نیزامی دەرەبەگیەوە بە وێنەی ویلایەتێکی خاوەن موڵک. بەڵام لەگەڵ دۆزینەوەی جیهانی دەرەوەی ئەوروپادا لە ناوەڕاستی سەدەی پانزدەهەمەوە بە دواوە، ئەم بورژوازیە پێویستی بە ناوچەیەکی زۆر فراوانتر بۆ بازرگانی و لەسەروو ئەوەشەوە ڕێڕەوەی نوێ بۆ پیشەسازیەکەی هەبوو؛ لە نێو گرنگترین بەشەکاندا کاری دەست لە لایەن پیشەسازی یەوە (مانیفاکتۆرەوە) وە لانرا، ئیتر لە سەر ئاستی کارگەدا، وە ئەمەش جارێکی تر بە پیشەسازی گەورە جێیگیرایەوە، کە بە هۆی دۆزینەوەکانی سەدەی پێشووەوە بە دەستهێننانی فەراهەم بووبوو بە تایبەتی دۆزینەوەی ماشێنی هەڵمی. پیشەسازی گەورە، بە دەوری خۆی، کاردانەوەی لەسەر بازرگانی هەبوو لە ڕێگای وەلانانی کاری دەستی کۆن لە وولاتە دوواکەوتووەکان و داهێنانی ئامرازە تازەکانی پەیوەندیگرتنی ڕۆژ وەک: ماشێنی هەڵمی، هێڵی ئاسنی و تەلەگرافی کارەبایی لە وولاتە زۆرتر پێشکەوتووەکاندا. بەم شێوەیە بورژوازی توانی زیاتر و زیاتر سامانی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لە دەستی خۆیدا کۆبکاتەوە، لە کاتێکدا کە تا ماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی سیاسیدا مایەوە کە ئەو کات لە دەستی خانەدانەکان و سیستەمی پاشایەتیدا بوو کە لە لایەن خانەدانیەوە پشتیوانی لێدەکرا. بەڵام لە قۆناغێکی دیاریکراودا_ لە فەرەنسا لە کاتی شۆڕشی مەزنەوە_ دەستی گرت بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا و ئیتر بەمجۆرە بوو بە چینی دەسەڵاتدار بەسەر پرۆلیتاریا و جووتیارە بچووکەکەکانەوە. لەم گۆشە نیگایەوە هەموو دیاردە مێژوویی یەکان بە سادەترین شێوە شایەنی لێتەگەیشتنن_ لەگەڵ بوونی زانیاری تەواو دەربارەی باری ئابووری تایبەتی کۆمەڵگا، کە ڕاستی ئەمە بە تەواوەتی وونە لە لای مێژووناسە لێهاتووەکانەوە، بە هەمان شێوە تێگەیشتنەکان و بیروباوەڕی هەر سەردەمێکی مێژوویی زۆر بە سادەیی دەتوانرێت لەسەر بنەمای باری ئابووری ژیان و پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکانی ئەو سەردەمەوە ڕوونبکرێتەوە، کە ئەوانیش لە لایەن ئەم هەلومەرجە ئابووری یانەوە دیاری دەکرێن. بۆ یەکەم جار مێژوو لە سەر بنچینە ڕاستەکانی خۆی دانرا؛ ڕاستی یەکی ڕوون و ئاشکرا، بەڵام بە تەواوەتی نابیناگیراو لە پێشوودا، کە مرۆڤ پێویستە بەر لە هەموو شتێک بخوات و بخواتەوە و جێگای حەوانەوە و پۆشاکی هەبێت، وە لەبەرئەوە ئەبێ کار بکات، بەر لەوەی شەڕی دەسەڵاتداریتی بکات و شوێن سیاسەت و دین و فەلسفە و هتد بکەوێت_ سەرئەنجام ئەم ڕاستی یە بەرجەستەیە حەقانیەتە مێژووییەکانی خۆی بەدەستهێنا.

ئەم تێگەیشتنە تازەیە لە مێژوو، هەرچۆنێک بێت، بایەخێکی باڵای هەبوو بۆ ڕوانگەی سۆشیالیستی. ئەمە ئەوەی نیشاندا کە هەموو مێژووی پێشوو لە نێو کێشمەکێشمی چینایەتی و خەباتی چینایەتی دا چۆتە پێشەوە، کە تیایدا هەمیشە دەسەڵاتدار و ژێردەستە، چینە چەوسێنەر و چەوساوەکان بوونی هەبووە، ئەمەو زۆرینەی زۆری ئادەمیزاد هەمیشە ناچار بە کاری سەخت و خۆشی بینینی

کەم کراوە. ئەمە بۆچی؟ بە سادەیی لەبەر ئەوەی لە هەموو قۆناغەکانی پێشووی پێشکەوتنی ئادەمیزاد دا بەرهەمهێنان ئەوەندە کەم پێشکەوتبوو کە پێشکەوتنی مێژوویی تەنها دەیتوانی لەم شێوە دژ بەیەکەدا بڕواتە پێش، کە ئەو پێشکەوتنە مێژوویی یە بە شێوەیەکی گشتی تەرخانکرابوو بۆ جمووجۆڵی کەمایەتییەکی دارا، لە کاتێکدا کە زۆرینەی خەڵک مەحکوم بە بەرهەمهێنان بوون بە هۆی کارەکانیانەوە کە تاکە ڕێگای هەژارانەی مانەوە بۆ خۆیان و هاوکاتیش ڕێگای دەوڵەمەندبوونی زیاتری داراکانە. بەڵام هەمان ئەم لێکۆڵینەوە ووردە لە مێژوو، کە بەم شێوەیە لێکدانەوەیەکی ماقوڵ و سروشتی دەدات بە دەستەوە سەبارەت بە دەسەڵاتی چینایەتی پیشوو، کە بە شێوەیەکی جیاوازتر تەنها بە بەدکاری مرۆڤ لێکدەدرایەوە، هاوکات بەرەو ئەو ڕاستی یە هەنگاو هەڵدەگرێت کە لە ئەنجامی گەشەکردنی مەزنی هێزەکانی بەرهەمهێنان لەم سەردەمەی ئێستادا، تەنانەت دوا پاساوهێنانەوەش بۆ دابەشکردنی مرۆڤ بە دەسەڵاتدار و ژێردەستە و چەوسێنەر و چەوساوەدا نەماوەتەوە، وە لانی کەم لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کە بورژوازی گەورەی دەسەڵاتدار پەیامە مێژووی یەکەی خۆی هێناوەتەدی، کە چیتر توانای ڕابەریکرنی کۆمەڵگای نیە و تەنانەت بۆتە لەمپەرێکیش لەبەردەم گەشەسەندنی بەرهەمهێناندا هەر وەک چۆن قەیرانەکانی بازرگانی و بە تایبەتی هەرەسهێنانە گەورەکەی ئەم دووایی یانە و ڕکودی پیشەسازی لە هەموو وڵاتەکاندا ئەمەی سەلماند کە ڕابەرایەتی مێژوویی گواسترایەوە بۆ پرۆلیتاریا، چینێک کە بە پێی تەواوی جێگا و ڕێگای لە کۆمەڵگادا تەنها کاتێک دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات کە سەراپای دەسەڵاتی چینایەتی و هەموو کۆیلایەتی و چەوسانەوەیەک هەڵوەشێنێتەوە. وە هێزە کۆمەڵایەتی یە بەرهەمهێنەرەکان کە گەشەیان بە دەسەڵاتی بورژوازی داوە تەنها چاوەڕوانی پرۆلیتاریای ڕێکخراو دەکەن کە دەسەڵات بگرێتە دەست بۆ هێنانە دی بارودۆخێک کە تیایدا هەر تاکێکی کۆمەڵگا دەتوانێت نەک تەنها لە بەرهەمهێنان دا، بەڵکو لە دابەشکردن و بەڕێوەبردنی سامانی کۆمەڵگاداشدا بەشداربێت. وە بەم پێ یەش هێزە کۆمەڵایەتی یە بەرهەمهێنەکان پەرەدەستێنن و بەرهەمەکانیشیان بە کردارێکی نەخشەمەندانە بۆ هەموو کەس فەراهەم دەکرێت بە پێی پێوانەی هەرکەس بە پێی پێداویستی یە ماقوڵەکانی خۆی و بە پێی چوونە سەری ئاستی پێداوسیتی یەکانی.

دووەم داهێنانی گرنگی مارکس بریتی بوو لە ڕۆشنکردنەوەی پەیوەندی نێوان کار و سەرمایە. بە واتایەکی تر، نیشاندانی ئەوەی کە چۆن لە نێو کۆمەڵگای ئێستا و لە ژێر سایەی بوونی شێوازی سەرمایەداریانەی بەرهەمهێناندا، چەوسانەوەی کرێکار لەلایەن سەرمایەدارەوە ئەگوزەرێت. لەو کاتەوەی کە ئابووری سیاسی ئەو پێشنیارەی خستەبەردەم کە کار سەرچاوەی هەموو سامان و بەهایەکە، مەسەلەکە بووەتە شتێکی حەتمی: ئەمە چۆن ڕوو دەدات، دوای ئەوە، بۆ ئەوەی کە قایل بیت بەو ڕاستیەی کە کرێکاری بە کرێ هەموو ئەو بەهایە وەرناگرێت کە لە ئەنجامی کارەکەیەوە بە دەستیهێناوە، بەڵکو دەبێت بەشێکی بدات بە سەرمایەداران؟ هەردووئابوریناسانی بورژوایی و سۆشیالیستەکان هەوڵی خۆیان دا کە وەڵامێکی زانستی بەم پرسیارە بەنەوە، بەڵام بێ هودە بوو تا لە کۆتاییدا مارکس ڕێگاچارەکەی خستە بەردەم. ئەم ڕێگا چارەیەش بەم شێوەیەیە: شێوازی

ئەمڕۆی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری پێویستی بە بوونی دوو چینی کۆمەڵایەتی هەیە_ لە لایەک چینی سەرمایەدار کە ئەوان خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گوزەرانن، وە لا لەیەکی ترەوە چینی پرۆلیتاریا کە ئەوان لەم خاوەندارێتی یە بێبەرین و تەنها یەک کاڵایان هەیە بۆ فرۆشتن ئەویش هێزی کاری خۆیانە، بۆیە دەبێت ئەم هێزی کارەی خۆیان بفرۆشن تا بتوانن هۆیەکانی گوزەرانی خۆیان بەدەستبهێنن. بەهای کاڵایەک، لەگەڵ ئەوەشدا، بە بڕی ئەو کاتە کۆمەڵایەتی یە پێویستە دیاریدەکرێت کە لە بەرهەمهێنانیدا بەرجەستە دەبێت و هەروەها هاوکات لە بەرهەمهێنانیشیدا. هەربۆیە بەهای هێزی کاری تێکڕای مرۆڤێک لە ڕۆژێک، مانگێک یان ساڵێک دا بە بڕی ئەو کارە دیاریدەکرێت کە بەرجەستە دەبێتەوە لە بڕی هۆیەکانی مانەوە کە پێویستە بۆ بەردەوامبوونی ئەو هێزی کارە لە ڕۆژێک، مانگێک یان ساڵێک دا. با وای دابنێین کە هۆیەکانی گوزەرانی کرێکارێک بۆ ڕۆژێک پێویستی بە شەش کاتژمێر کارکردن هەیە بۆ بەرهەمهێنانیان، یان بە هەمان شێوە، ئەو کارەی کە لە خۆی دەگرێت نیشانەدەری بڕی شەش کاتژمێر کار دەبێت، وە هەروەها بڕی هێزی کار بۆ یەک ڕۆژ لەو بڕە پارەیەدا نیشان دەدرێت کە شەش کاتژمێر کارکردن لە خۆی دەگرێت. با زیاتر وای دابنێین کە سەرمایەدارێک کرێکارەکەمان بە کرێ دەگرێ ئەم بڕە پارەیەی پێ دەدات لە بەرامبەردا، وە بەم شێوەیە بەهای تەواوی بۆ هێزی کارەکەی پێ ددەدات. ئەگەر ئێستا کرێکارەکە تەنها شەش کاتژمێر کار بکات بۆ سەرمایەدارەکە لە ڕۆژێکدا، ئەوا ئەو پارەیەی کە لە لایەن سەرمایەدارەکەوە خەرجکراوە بە کارەکەی ئەو جێی گیراوەتەوە_ شەش کاتژمێر کار بۆ شەش کاتژمێر کار. بەڵام ئەنجا ئەمە هیچی تێدا نیە بۆ سەرمایەدارەکە و بۆیە ئەو بە شێوەیەکی تەواو جیاواز سەیری مەسەلەکە دەکات. سەرمایەدارەکە دەڵێت: من هێزی کاری ئەم کرێکارەم کڕیوە بۆ هەموو ڕۆژەکە و نەک تەنها بۆ شەش کاتژمێر و بەم پێ یە وا لە کرێکارەکە ەکات کە ٨، ١٠، ١٢، ١٤ کاتژمێر و زیاتریش کار بکات بە پێی هەل و مەرجەکە. بۆیە بەم شێوەیە بەرووبوومی حەوتەم و هەشتەم کاتژمێر و کاتژمێرەکانی دوواتر بەرووبوومی کاری پارە نەدراوون و دەرژێتە گیرفانی سەرمایەدارەکەوە. بەم شێوەیە کرێکار لە خزمەتی سەرمایەداردا نەک تەنها بەهای هێزی کارەکەی خۆی بەرهەم دەهێنێت کە لە بەرامبەریدا کرێی وەرگرتووە، بەڵکو لە سەروو ئەمەشەوە زێدەبایی بەرهەم دەهێنێت کە هەر لە سەرەتاوە لە لایەن سەرمایەدارەوە دزراوە، وە لە دوور ماوەشدا بە پێی یاسا ئابوورییە دیاریکراوەکان لە نێو هەموو نیزامی سەرمایەداریدا دابەش دەبێت و قەواڵەی سەرەکی سەرمایەی بە سوود هێنراو پێکدەهێنێت کە لەمەوە کرێی زەوی و زار و قازانج و کەڵەکەبوونی سەرمایە ی لێوە پەیدا دەبێت. بە کورتی، هەموو سامانێکی کەڵەکەبوو یان بەکارهێنراو لە لایەن چینە نا کرێکاریەکانەوە. ئەمە، بە هەر شێوەیەک بێت، سەلماندی کە دەست بە سەراگرتنی سامان لە لایەن سەرمایەدارنی ئەمڕۆوە بە هەمان ڕادە بەندە لەسەر دەستەبەسەراگرتنی کاری بێ کرێی ئەوانی تر هەر وەک چۆن خاوەن کۆیلەکان و دەرەبەگەکان بەندەکانی خۆیان دەچەوساندەوە، ئەمە و تەنها جیاوازیەک لە نێوان ئەم جۆرە چەوساندنەوانەدا ڕێگا و شێوازە جیاوازەکانی بە دەستهێنانی کاری بێ کرێ یە. ئەمە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەها بووە هۆی لابردن و نەهێشتنی دووا بڕوو بیانووی هەموو ئەو

فریدریك ئەنگلس

دەربڕینە دوو ڕووانانەی چینە داراکان کە دەیانوویست بڵێن لەنیزامی کۆمەڵایەتی ئێستادا ماف و دادپەروەی، یەکسان بوونی مافەکان و ئەرکەکان و هارمۆنی یەکی گشتی بەرژەوەندی یەکان بوونی هەیە، وە کۆمەڵگای ئەمڕۆی بورژوازی ئاشکرا کرد، کە هیچی کەمتر نیە لە پێشینەکانی خۆی، وەک دەزگایەکی مەزنی چەوساندنەوەی زۆرینەی خەڵک لە لایەن کەمایەتیەکەوە، کەمایەتیەک کە هەمیشە لە بچووک بوونەوەدایە.

سۆشیالیزمی مۆدیرن و زانستی لە سەر ئەم دوو ڕاستی یە گرنگە بنیات نراوە. لە بەرگی دووەمی (**کاپیتاڵ**) دا ئەمانە و چەند دۆزینەوەیەکی تری زانستی کە هیچیان لە مانە کەمتر نیە دەربارەی سیستەمی سەرمایەداری کۆمەڵگا زیاتر گەشەیان پێدەدرێت، وە هاوکات ئەو بوارانەی ئابووری سیاسی کە لە بەرگی یەکەمدا تاو و توێ نەکراون ڕۆشنایی زیاتریان دەخرێتە سەر. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ مارکس کە بتوانێت بەم زووانە ئامادەی بکات بۆ بڵاوبوونەوە.

لە بەرهەمەکانی فریددریک ئەنگلس ١٨٧٧.
لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٨٧٧ دا نووسراوە. بۆ یەکەم جار لە فۆڵکس کالێندەر، برۆنزویک ١٨٧٨ دا (*Volks-Kalender,* Brunswick, 1878) بڵاوکراوەتەوە.
سەرچاوە: دەربارەی مارکس.
لە بڵاوکراوەکانی: دەزگای چاپی زمانە بیانیەکان، بەیژین (١٩٧٥). Foreign Languages Press, Peking (1975)

# کرێکاران و شۆڕش*

**مەنسور حیکمەت**
وەرگێڕانی لە فارسیەوە: جەمال موحسین

کرێکارانی کۆمۆنیست خوازیاری شۆڕشن. بەڵام چ شۆڕشێک؟ چینە جیاوازەکان و مەیلە سیاسی و کۆمەڵایەتیە ڕەنگاوڕەنگەکان هەر یەکەیان "شۆڕش" بە مانای زۆر جیاواز بەکار ئەهێنن. جیهانی ئێمە هەموو جۆرە "شۆڕش"ێک و هەموو شێوازێکی "شۆڕشگێڕی" بەخۆیەوە بینیوە. تەقریبەن هەر کەس یان هەر ڕەوتێک کە ئەیەوێت دۆخی ئێستای کۆمەڵگا بە شێوەیەکی کتوپڕ وە بە شێوەیەکی نائاشتیانە بگۆڕێت، باسی شۆڕش ئەکات و خۆی بە شۆڕشگێڕ ناوئەبات. زۆرێک لەم شۆڕشانە بێجگە لە کۆنەپەرستییەکی پوخت شتێکی تر نین. "شۆڕشی ئیسلامی" نمونەیەکی زیندوی بەرچاومانە. دواکەوتووانەترین خورافات و ناهەموارترین بارودۆخیان بە شۆڕش ناوزەد کردووە. کۆنەپەرست ترین و پیسترین کەسانێک ناوی شۆڕشگێڕیان لە خۆیان ناوە. کرێکاری کۆمۆنیست سەرسەختترین دوژمنی ئەم جۆرە شۆڕش و شۆڕشگێڕیە درۆینانەیەیە.
هەندێکی تر لە شۆڕشەکان جگە لە هەندێ ڕیفۆرمی سنووردار لە هەلومەرجی باودا شتێکی تر نین. ڕزگار بوون لە سەرکوتگەریی، بەدەسهێنانی سەربەخۆیی ئابووری، بەرنامەڕێژی و باشتربوونی ئاستی بەرهەمهێنان، دابەشکردنی بەناو "عادلانەتری" سامان و شتی لەم جۆرە ناوەرۆکی بنەڕەتی زۆرێک لەو ئاڵوگۆڕانە بوون کە لە وولاتانی جۆراوجۆردا لەژێر ناوی شۆڕشدا پەیدا بوون. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا بناغەی پەیوەندیەکانی بارودۆخی باوی ناو کۆمەڵگا و تەواوی سیستمێک کە هۆکاری کوێرەوەری و بێبەشیەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشە بە دەستلێنەدراوی ماوەتەوە. دوو دەیەی ڕابردوو گەواهی کۆمەڵێک لەم جۆرە شۆڕشانە بووە لە

وولاتانی ژێردەستەدا. ئەمڕۆ کاتێک سەرنجی ئەم وولاتانە ئەدەین کە شۆڕشیان کردووە، ئەوە ئەبینین کە ئیتر تەنانەت ئاسەوارێک لە هەمان ئەو ئالوگۆڕە بەرتەسکانەی بەرەنجامی شۆڕشیش نەماونەتەوە و لۆژیکی سیستەمی سەرمایەداری جارێکی تریش ئەو ڕاستیەی نیشان داوەتەوە، کە مادام بناغەی سەرمایە و سەرمایەداری لەجێی خۆی ماوەتەوە، بەشی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش جگە لە هەژاری و بێمافی سیاسی و کۆمەڵایەتی هیچی تر نابێت.
نیشانەیەکی هاوبەشی هەموو ئەم شۆڕشە درۆیین و نیوەناچڵانە ئەوەیە کە بە تەواوی لەژێر کاریگەریی ئامانج و مەبەستی چەند بەشێک لە خودی چینە دەسەڵاتدارەکاندا بوون و ڕابەری سیاسی و عەمەلییەکەشیان هەر بە دەستی ئەم توێژانەوە بووە. هەمیشە کرێکاران وەکو هێزی زەخیرە و پارمەتیدەر پەلکێش کراونەتە مەیدان، جەنگاون و گیانبازی بێوێنەیان لە خۆیان نیشانداوە. بەڵام بەرهەمی ئەم کارە جگە لە دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە دەرونی خودی چینی سەرمایەداردا و جگە لە پەیدابوونی شکڵ و شێوەی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی ڕژێمی چەوسێنەرانەی حاکم شتێکی تر نەبووە. لە زۆرێک لەو حاڵەتانەدا یەکەمین کەسانێک کە کراونەتە ئامانجی هێرش و پەلاماردانی بەشە تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکانی چینی دەسەڵاتدار خودی کرێکاران بوون، وە خودی شۆڕش خۆی گۆڕاوە بۆ بەهانەیەکی نوێ بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی کرێکاری. لەبەرئەوە کاتێک کرێکار باس لە شۆڕش ئەکات دەبێ بە ووردی بزانێت کە چ شتێکی ئەوێت و چ شتێکی ناوێت. ئێمە خوازیاری شۆڕشی کرێکارین لە دژی سەرتاپای سیستەمی سەرمایەداری و تەواوی دەسەڵاتداریتی چینی سەرمایەدار. ئێمە خوازیاری شۆڕشی کۆمۆنیستین کە لە ڕیشەوە کۆمەڵگای ئێستا ژێرەوژوور ئەکات.
شۆڕشی کرێکاری بە شوێن چ ئامانجێکەوەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە ناوجەرگەی هەر ئەم کۆمەڵگای سەرمایەداریەدا خۆی حەشارداوە. هەر کرێکارێک کە تەنها دە خولەک بیر لە هەلومەرجی ژیانی خۆی بکاتەوە، ئەتوانێ ئەو گرفتە بنەڕەتیەی کە لەم دنیایەدا ئەبێ بیخاتە لاوە، دیاری بکات. ئەم کۆمەڵگایە لنگەوقووچە. بەرهەمهێنەرانی سامانی کۆمەڵگا، کە کرێکارانن، خاوەنی هیچ شتێک نین و کارنەکەرانیش دەوڵەمەندن. بەدترین ونزمترین کەسەکان نەجیبزادە و خانەدانی ئەم کۆمەڵگایەن، کەچی شەریفترین خەڵک جەماوەری زەحمەتکێشی ژێردەستە و بێبەشن. ئەوانەی کە تەمەنێک کاریان کردووە و سەروەت و سامانیان بەرهەمهێناوە، تەنانەت دوای سی ساڵیش ئەبێ سەرلەنوێ کڕیار بۆکارەکەیان پەیدابکەنەوە لەپێناو گوزەرانی ڕۆژانەی ژیانیاندا. توانایی داهێنان و بەرهەمهێنی کرێکار خۆی لەنێو دەسەڵات و توانایی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەموو ڕۆژەی سەرمایە و ژێردەستەیی هەرچی زیاتری کرێکاراندا نیشان ئەدات. لە پێناوی پارێزگاری کردن لەم کۆمەڵگا سەرەوخوارە دەوڵەتەکان هاتوونەتەئاراوە، سوپاکان پێکهێنراون، زیندانەکان و شکەنجەگاکان درووستکراون، خوداکان و ئایینەکان خولقێنراون. مەسەلەکە لە ڕۆژ ڕۆشنترە. ئەم کۆمەڵگایە لەسەر بنەمای کۆیلایەتی بنیاتنراوە، کۆیلایەتی کاری بەکرێ. هیچ ئاستێک لە گەشەی خزمەتگوزاری و بیمە کۆمەڵایەتیەکان و زیادبوونی دەرامەتی کرێکاران، کە هەموو ئەوانەش ئەبێ بە خەبات و بە زۆر لە قورگی چینە دەسەڵاتدارەکان دەربکێشرێ، ئەسڵەن لەم جێگاوڕێگای

کۆیلەیەتیەی کرێکاران ناگۆڕێت. منالێک کە هەر ئەمڕۆ لە ناو ئێمەدا لەدایک ئەبێت مۆری چەوساندنەوەی سەرمایەداری لە ناچەوانی دراوە.
سەرتاپای جیاکاری کۆمەلایەتی و سیاسی و تەواوی گەندەلی و دارمانی ئەخلاقی کۆمەلگای ئێستا، هەر لە ستەم لە دژی ژنان و جیاکاری نەژادیەوە بگرە تا ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان و لەشفرۆشی، لە ڕکابەری و قازانجپەرستی تاکە کەسیەوە کە لەنێو خوێنی کۆمەلدا دێت و ئەچێ تا ئەگات بە قاتوقڕی و برسێتی و نەخۆشی کە ڕۆژانە ملیۆنەها مرۆڤی بێبەش ئەکا بە گەرووی مەرگدا، هەر هەمووی ئاکامی ئەم لنگەوقووچیەی کۆمەلگایە. کۆمەلگایەک کە خاوەنە ڕاستەقینە و بنیاتنەرە واقعیەکانی ئەو، واتە کرێکاران، دیلی کۆیلەتی کرێن. شۆڕشی کرێکاری لەپێناوی هەلتەکاندنی بناغەی ئەم کۆمەلگا چینایەتیەدایە.
بناغەی ئەم ڕژێمە لەسەر خاوەندارێتی تایبەتی کەمایەتیەکی بچووک بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەلدا دامەزراوە. مادام مرۆڤەکان لەپێناو نانخواردن و لەپێناو بەهرەمەندبوون لە لانی کەمی خۆشگوزەرانیدا ناچارن بۆ کەسێکی تر کار بکەن کە هەموو هۆیەکانی بەرهەمهێنانی لە دەست گرتووە، مادام بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی و دابینکردنی پێداویستیەکانی مرۆڤایەتی تەنها لە ڕێگای سوودگەیاندن بە خاوەنانی تەوەزەلی هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە ئیمکانی هەیە، ناتوانرێ باسێک لە ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکان و لەناوبردنی بێبەشیەکان و جیاکاریەکان لە ئارادا بێت.
شۆڕشی کرێکاری لە بنەڕەتدا شۆڕشێکە لە دژی خاوەندارێتی تایبەتی چینی سەرمایەدار بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتیدا. شۆڕشی کرێکاری شۆڕشێکە لەپێناو دەستەبەرکردنی خاوەندارێتی و کۆنترۆلی سۆشیالیستیانە و بە کۆمەلی بەرهەمهێنەران بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتیدا. شۆڕشی کرێکاری شۆڕشێکە لە پێناو لەناوبردنی چینەکان و چەوسانەوەی چینایەتیدا.
بۆرژوازی بە قسەی خۆش دەست لە دەسەلات هەلناگرێت و دەورودوکانی چەوساندنەوەی ناپێچێتەوە. کەواتە دەبێ شۆڕش بەرپابکرێت، حکومەتی کرێکاری دابمەزرێ کە بەرگری چەوسێنەران تێکئەشکێنێ و ڕێگا خۆشئەکات بۆ بنیاتنانی کۆمەلگایەکی بێ چەوسانەوە و بە دلنیاییەوە کۆمەلگایەک کە پێویستی بە هیچ جۆرە حکومەت و ستەم و خورافەیەک نابێت.
بۆ کرێکارانی کۆمۆنیست شۆڕش بە واتای ڕاپەڕینی چینی کریکار دێت بە مەبەستی بەکردەوە دەرهێنانی سەراپای ئەم گۆڕانکاریە مەزنە کۆمەلایەتیە. خەبات لەپێناو ئازادی، یەکسانی و حکومەتی کرێکاری. ئەگەر کرێکار بێتە مەیدانی سیاسەتەوە، ئەبێ لە پێناوی ئەم ئامانجەدا بێت. ئەبێ بە وێنەی ڕابەری ڕزگاری تەواوی کۆمەلگا بێتە مەیدان. سەردەمی پەلکێشکردنی کرێکاران بە شوێن ئەم و ئەودا بەسەرچووە. ڕەوتی کۆمۆنیستی لە نێو دەروونی چینی کرێکاردا ئامانجی خۆی بەوە داناوە کە کرێکاران بۆ ئەم ئاسۆیە ئامادە بکات و جوولانەوەی سەربەخۆی کرێکاران لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەلاتی سیاسی و ئەنجامدانی شۆڕشی کرێکاریدا ڕێکبخات.
شتێک کە مەیلی کۆمۆنیستی لە گشت مەیلەکانی تری نێو دەروونی جوولانەوەی کرێکاری جیائەکاتەوە، هەر ئەو کۆششەیە بۆ جێگیرکردنی ئاسۆ و ئامانجی شۆڕشی کرێکاری لە دەروونی

## کرێکاران و شۆڕش

چینی کرێکار و ڕێکخستنی هێزی ئەم شۆڕشە. کرێکاری کۆمۆنیست لە ڕیزی پێشەوەی هەر خەباتێکدایە لەپێناو باشترکردنی هەلومەرجی کارو ژیانی کرێکاراندا. بەڵام ئەو لەم خەباتەدا بەشوێن ئامانجێکی باڵاتریشەوەیە. لە ڕوانگەی ئێمەوە لەنێو دڵی ئەم خەبات و تێکۆشانەدایە کە کرێکار وەکو چینێک خۆی ئەناسێتەوە، بە هێز و توانای خۆیەوە ڕائەوەستێ و بە ڕێبازی ڕزگاری خۆی کە شۆڕشی کرێکاریە لە بەرامبەر تەواوی ڕژێمی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێستادا، ئاشنا ئەبێت. ڕێکخستنی شۆڕشی کرێکاری مەسەلەیەکی پەیوەست بە ئایندەیەکی دوورەوە نییە. ئەم تێکۆشانە هەر ئێستا لە ئارادایە. لە هەر شوێنێک یەکێتی کرێکاران و ئاگاییان سەبارەت بەوەی کە ئەندامانی چینێکی جیهانین بەهێز بێت، لە هەر شوێنێک کۆمۆنیزم وەکو ئاسۆی شۆڕشی کرێکاری لە دەروونی کرێکاراندا ڕیشە دابکوتێت، وە کە هەر هاوڕێیەکی کرێکار لە کۆمۆنیزم و ناوەند و تۆڕە کۆمۆنیستیەکانی کرێکاران نزیک ئەبێتەوە، مانای وایە کە هەنگاوێک لە شۆڕشی کرێکاری نزیک بووینەتەوە. ئەو تۆڕ و کۆڕوکۆمەڵە کۆمۆنیستیە کرێکاریانەی کە ئەمڕۆ پێکئەهێنرێن، سبەینێ ناوەندەکانی ڕابەری شۆڕشی کرێکاری و پایەکانی دەسەڵاتداریتیی حکومەتی کرێکاران پێکئەهێنن.

هیچ کەس گومانی لەوە نیە کە حکومەت و ئابوری سەرمایەداری لە ئێران دووچاری قەیرانێکی قووڵ بووە و کۆمەڵگای ئێران لە لێواری گۆڕانکاری چارەنووسسازدا ڕاوەستاوە. درەنگ یان زوو ململانێی چینە کۆمەڵایەتیەکان لە ئێران ئەگاتە لوتکە. حزب و هێزە بۆرژواییەکان، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی حکومەتی ئیسلامیدا، ئەیانەوێ خۆیان بۆ کێشمەکێشی کۆتایی ئامادەبکەن. ئەم جارەیان ئێمە ئەبێ ئەوە زامن بکەین کە چینی کرێکار وەکوهێزێکی سەربەخۆ، لەژێر ئاڵای خۆیدا و بە ئامانجی شۆڕشی کرێکاریەوە بێتەمەیدان. ئەم کارە کردەنیە. ڕەوتی کۆمۆنیستی لە دەروونی چینی کرێکاردا ڕەوتێکی بەهێزە. حزبی کۆمۆنیستی ئێران گۆشەیەکە لە حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری زۆر بەهێزتر کە هەر ئێستا ڕەگ و ڕیشەی خۆی لە دەروونی چینی کرێکار و بزووتنەوە ناڕەزایەتیە کرێکاریەکاندا پتەوکردووە. دروشمەکان و ئاسۆکانی ئێمە هەر ئێستا جێی خۆیان لە نێو دڵی جەماوەری فراوانی چینی کرێکاردا خۆشکردوە. حکومەتی ئیسلامی هەر ئێستا گوشاری ئەم حزبە بەرفراوان و ڕانەگەیەنراوە کرێکاریە بەتوندی بەسەر پەیکەری خۆیەوە هەست پێئەکات. سەیری چارەنوسی یاسای کاری ئیسلامی بکەن، تەماشای دۆخ و ڕۆژگاری شورا ئیسلامیەکان بکەن، کۆبوونەوە گشتیەکانی کرێکاران و داخوازیەکانیان ببینن، هەموویان گەواهی بۆ ڕادیکالیزمێکی بەهێزی کرێکاری ئەدەن کە بە درێژایی دەورانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێران خۆی گرتووە. ئەگەر بڕیارە چینی کرێکاری ئێران لە ئاڵوگۆڕەکانی ئاییندەدا جارێکی تریش نەبێتەوە قوربانی، ئەبێ ئەم حزبە مەزن و ڕانەگەیەنراوە سەرو سامان بەخۆی بدات. بەشە جیاجیاکانی ئەو، واتە حزبی کۆمۆنیستی ئێران، تۆڕە بەرفراوانەکانی کرێکارانی کۆمۆنیست، جووڵانەوەی کۆبوونەوە گشتیەکان و تۆڕەکانی ڕابەری ناڕەزایەتیە کرێکاریەکان ئەبێ لەناو جووڵانەوەیەکی یەکگرتووی کرێکاریدا لێکهەڵپێکرێن. ئەمە دەستبەجێترین کارێکە کە لە بەردەم کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئێراندایە. بەرنامەی ئێمە بۆ کۆمەڵگا، ڕێگاچارەکانی ئێمە بۆ هەڵگرتنی ئەو

مەنسور حكمەت

سەختیانەی بەربینی بە جەماوەری فراوانی زەحمەتکێشان گرتووە، درووشم و خواستەکانی ئێمە هەموویان ڕۆشنن. دروشمی ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری، واتە پوختەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکاران، هەر ئێستا لە نێو دڵی جەماوەری فراوانی چینی ئێمەدا جێگای گرتووە. گۆڕینی هەموو ئەم ماتریاڵ و ئیمکاناتە بە حزبێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی کە توانای ڕێنوێنی تەواوی چینی کرێکاری هەبێت لە نەبەردە چارەنووس سازەکانی داهاتوودا، کاری ئێمەیە. ئەمە ئەولەویاتە بنەڕەتیەکانی کرێکارانی کۆمۆنیستە لە ئێران.

* لە کۆمۆنیست، ئۆرگانی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئێران ژمارە ٥٣ ، لە ساڵی ١٩٨٩ دا بڵاوکراوەتەوە.

هەرچەندە مێژووی نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم ووتارە ئەگەڕێتەوە بۆ نزیک بە ٢٦ ساڵ لەمەوبەر، بەڵام گرنگیەکەی لەوەدایە بە زمانێکی سادە و ڕۆشن پێویستی شۆڕشی کرێکاری بە شێوەیەکی گشتی ئەخاتە بەردەم چینی کرێکار. لە کاتێکدا کە چینی کرێکاران و خەڵکی دەستەنگی کوردستان لە مێژووی نزیک بە ١٠٠ ساڵی پێشوویدا بە ناوی شۆڕشی جیاجیاوە هێنراوە و براوە و ژیانی ڕۆژانەشی هەر لە کولەمەرگیدا ماوەتەوە، هەرچەندە بۆرژوازی کورد دەسەڵاتی ٢٤ ساڵەی خۆشی بە ناوی بەرهەمی "شۆڕش" ەوە دەرخواردی خەڵک داوە، بەشی ئەم چینە تەنها ناچارکردنی بووە بە فرۆشتنی هێزی کاری خۆی و تەنها لە پێناو زیندوو مانەوە و بژێوی نانەسکیدا. ئەم چینە هەمیشە مەقاشی دەستی بۆرژوازی کورد بووە بۆ گەیشتن بە مەرام و دەسەڵاتی چینایەتی سەرمایەداری و هێشتنەوەی کرێکاران و زەحەمتکێشانیش لە ژێردەستیی و کۆیلەتی بە کرێدا. بۆیە باسکردن لە شۆڕش (شۆڕشی کۆمۆنیستی) کە لەم ووتارەدا هاتووە و پێویستی هەبوونی حزبێکی سیاسی بەهێزی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێکخستنی کرێکاران بۆ ئەم شۆڕشە، نەک تەنها بۆ کۆمەڵگای کوردستان و ئێران، بگرە بۆ تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە لە ژێر دەستی سیستمی سەرمایەداری، سیستمی چەوسانەوەی مرۆڤ لە ژێر کاری بەکرێدا ئەناڵێنێ، دروستە. بۆیە بە پێویستم زانی بە زمانی کوردیش بخرێتە بەردەم خەڵکی کرێکار و بێبەشی کوردستانەوە و لەم گۆڤارەدا بڵاوبکرێتەوە (وەرگێڕ).

# مەسەلەی ژنان، ڕوانگەو نەریتە جیاوازەکان

ئەم ووتارە بە بۆنەی ٨ ی مارسی ٢٠١٢ ەوە نووسراوە. بەو پێیەی کە ئەو مەسەلانەی لەوێدا دراونەتە بەر باس تاوەکو ئێستا لە بزووتنەوەی ژناندا بە سەنگ و بایەخی خۆیانەوە ماونەتەوە، جارێکی تردەیخەینەوە بەردەست و سەرنجی خوێنەران و بە تایبەتی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی ژنان بۆ خوێندنەوەی ڕائەکێشینەوە. ئەکرێ باس و مەسەلەکانی ناو ئەم ووتارە جێی قسەوباسی زیاتر و مشتومڕ بێت و ئەمە دەروازەیەك بەو ڕووەدا بکاتەوە.

## ڕێبوار ئەحمەد

کۆمۆنیزم لە کوردستان کێشەی ژنانی کرد بەمەسەلەیەکی سیاسی گەورەو گرنگ، بۆ ماوەیەک ڕابەری ئەم مەیدانەی بەدەستەوە گرتو دەسکەوتو پێشرەوی گرنگی بۆی تۆمارکرد. بەداخەوە ئێستا وانیە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەکو حیزبی سیاسی چینی کرێکار دەبێ جارێکی تر ڕابەری ئەم مەیدانە گرنگە لە ئاستی کۆمەڵگادا بگێڕێتەوە بۆ دەستی کۆمۆنیزم. ئەمە مەیدانێکی ڕاستەخۆی کاری کۆمۆنیزمو خەباتی چینایەتیەو هەر کۆمۆنیزمیش دەتوانێ وەڵامی کارسازو ڕیشەیی بەم مەسەلەیە بداتەوە. ئەمە چوارچێوەو میحوەری باسێکە کە لەم نوسراوەدا دەیخەمەڕوو. لە ئێستادا کە پێشوازی لە ڕۆژی جیهانی ژنان دەکەین، جێگای خۆیەتی ئەم مەسەلەیە بەرجەستە بکەین‌و وەکو یەکێک لە مەیدانە گرنگەکانی خەباتو هەڵسوڕانی حیزب بیخەینە سەرمێز .ئەوەی کە کۆنگرەی سێیەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانیش بەڕێوەیە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی پێداگری لەسەر ئەم مەسەلەیە بکرێتو هەنگاوی پێویست لەو

بارەیەوە بخرێتە دەستورەوە.
کۆمەڵگای کوردستان یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کە تیایدا ستەمکێشی ژنانو هەڵاواردن لە دژی ئەم بەشەی هاوڵاتیان بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. ئاستەکەی زۆر لەوە زیاترە کە هەر بە هەڵاواردنو ستەمو پێشێلکردنی مافە ئینسانیەکانی ژنان پێناسەبکرێت. کار گەیشتوە بەوەی کە قوربانیەکانی توندوتیژیو بەربەریەت لە دژی ژنان زۆر زیاترە لە قوربانیەکانی کارەساتی هەڵەبجەو کیمیاباران. تەنانەت ئەگەر لە رووی درندەیی شێوەی توندوتیژیەکەشەوە چاوی لێبکرێت لەو کارەساتانە کەمتر نیە. تیرۆرو کوشتنو تەنانەت بەردباران کردنی ژنان، یان پەنابردنی ناچاری بۆ خۆکوژی، ئەو دیاردە قێزەوێنانەن کە ڕۆژانە ویژدانی کۆمەڵگا ڕادەچڵەکێنێنن، دادوبێدادی قوربانیەکان کۆمەڵگای داگرتوە بەڵام فریاگوزارێک پەیدا نابێت. لەم ساڵانەیی دوایشدا ئامارو ڕاپۆرتەکان گوزارشت لە پەرەسەندنێکی کارەساتباری تۆڕەکانی بازرگانی بە جەستەی ژنانەوە دەکەن، ئەویش لە هەلومەرجێکی یەکجار ڕاچڵەکێنەردا. ئەم دیاردەیە زۆر لەوە واوەتر رۆیشتوە کە کاسانێک بە ناچاری بۆ دابینکردنی بژێو پەنا بۆ لەشفرۆشی بەرن، ئەمە تۆڕی بازرگانی کردنی زۆرەملێیە کە بەپلانو شێوازی جۆراوجۆر ژنانی لێقەوماوو قوربانیەکانی هەڵاواردنو توندوتیژی ناچاردەکەن بە ملدان بەم کارەو بازرگانی بە جەستەیانەوە دەکەن.
تا پێش ئەوەی کۆمۆنیزم بە وێنەی بزووتنەوەیەکی سیاسیو هێزیکی دەخاڵەتگەر لە مەیدانی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستاندا خۆی بنوێنێ، ستەمکێشی هەمەجۆرەی ژنانو تەنانەت تیرۆرو کوشتنی ژنان بە بەهانەی پوچی ناموسپەرستی، هەتا ئەگەر ویژدانی زۆر کەسی ئازاردابێت، بەڵام وەکو دیاردەیەکی ئاساییو کارێکی پێویست چاوی لێکراوەو دەنگی نارەزایەتیەکی راشکاو لەبەرامبەریدا بەدینەدەکرا. بۆ یەکەمینجار لە مێژووی ئەم کۆمەڵگایەدا بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری پەیگیرو راشکاو بەگژی ئەم بەربەریەتەدا وەستایەوەو سەنگەرێکی لەدژی لێداو خەباتێکی هەمەلایەنەی بەڕێخست. لە درێژەی ئەمەدا ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بە دەستپێشخەری هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی ئەم مەیدانە سەریهەڵداو دەوری ڕابەری بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانی گێڕاو مێژویەکی پرشنگداری لەو بوارەدا تۆمارکرد. سەرئەنجام جەنگێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەدژی ستەمکێشی ژنان بەرپابوو، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەسەنگەری پێشەوەی ئەم جەنگە سیاسیو کۆمەڵایەتیە ڕاوەستاو ڕۆڵی ڕابەریکردنی گێڕاو هیچ کات دەوری خۆی بە یاریدەدانو هاوکاری پشتی بەرەی جەنگ بەرتەسک نەکردەوە. لەسەر مەسەلەی ژنان ڕاستەوخۆ چوە مەیدانی جەنگ لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامیو ناسیونالیستیە کۆنەپەرستەکانو یاساو نەریتە کۆنو پرتوکاوەکانو لەو پێناوەدا بەرجەستەترین ڕابەرانو هەڵسوڕاوانی وەکو شاپور عەبدلقادرو قابیل عادل گیانیان بەخت کرد.
ئەم خەباتەی کۆمۆنیزم لە کوردستان چ لە قاڵبی ڕێکخراوەی جەماوەری بەڕابەری کۆمۆنیستەکان یان ڕاستەوخۆ لە قاڵبی حیزبو ڕێکخراوە سیاسیە کۆمۆنیستەکانی پێشوتر بوبێت، سەنگەرێکی بەهێزی بۆ بەرگری لە مافەکانی ژنان لێدا، خواستی یەکسانی مافی ژنو پیاوی لە ئاستێکی فراواندا کرد بە خواستێکی کۆمەڵایەتیو مەیدانی لەبەردەم نەرێتو هێزە کۆنەپەرستو ژن کوژەکاندا

بەرتەسک کردەوەو گوشارێکی زۆری لەسەریان دانا. نەریتی ناموسپەرستی لە ئاستێکی فرواندا سوکو ڕیسوا کرد تا ئەو ڕادەیەی کە ئەمڕۆش کۆنەپەرسترین هێزی سیاسی جەسارەت ناکات ڕاشکاوانەو بەوجۆرەی پێشتر باوو جێگای شانازیان بوو، بەرگری لە کوشتنی ناموسی بکات. خەباتو هەڵسوڕانی بەرینو فراوانی کۆمۆنیستەکان لەم مەیدانە هاندەرێکی گەورەبوو بۆ ئەوەی بزوتنەوەی ژنان لە ئاستێکی زۆر فرواندا پەرەبگرێتو هەڵسوڕاوانو ڕێکخراوەکانی تری ژنانیش، بەوانەشیانەوە کە بەشێک بوون لە پاساودەرانی ستەمو هەڵاواردن لە دژی ژنان، تا ڕادەیەکی بەرچاو بکەونە ژێر گوشاری ئەم ڕەوەندەو خۆیان بخەنە پاڵ بەشێک لەو دروشمو داخوازیانە کە کۆمۆنیزم بۆ یەکەمجار لەم کۆمەڵگایەدا بەرزی کردەوە. سەرجەم ئەمانە دەسەڵاتدارانی خستە ژێرگوشاری توندەوەو ناچاریکردن بکەونە ڕیاکاری بۆ مافەکانی ژنانو داننان بەو بەربەریەتەی لە سایەی دەسەڵاتی ئەواندا بەڕێوەدەچێتو بەڵێندان بە "چاکسازی" و تەنانەت دەرکردنی بڕیار لەم بارەیەوە. ئەمڕۆ دەبینین کە "ناموسی پیرۆز" دەستەواژەیەکی سوکو ڕیسوایەو خاوەنەکانیشی جەسارەتی بەرگری کردنی ڕاشکاوانەیان لێی نیە. کوشتنی ژنان کە وەکو دیاردەیەکی ئاساییو پەسەند چاوی لێدەکرا، ئێستا هەرچەندە دیاردەکە بە فراوانی ماوەتەوە بەڵام لەبەرچاوی ڕای گشتی کۆمەڵگادا ڕیسواو تاوانێکی نەفرەت لێکراوەو دەسەڵات لە ژێر گوشاردا ناچاربوە وەکو تاوانێکی پاساو هەڵنەگر دانیپێدابنێت. پیاوسالاریو پلەدوویی ژنانو توندوتیژی بەرامبەر ژنان هەرچەندە هێشتا دیاردەیەکی هەتا بڵێی فراوانە بەڵام نەک وەکو مێژووی پێشوتر بە وێنەی نەرێتێکی پیرۆز چاوی لێناکریت، بەڵکو هوشیاریەکی بەرز لە بەرامبەریدا هەیەو لە ئاستێکی فراواندا مایەی شەرمو نفرەت لێکردنە...و...من بە دڵنیایەوە دەتوانم بڵێم ئەمانە بەشێک لە دەسکەوتە گرنگەکانی کۆمۆنیزمن لەم بوارەدا، بە دیاری کراوی ئەوانەی باسکران بەرهەمی خەباتو نەرێتی کۆمۆنیستین نەک هیچ بزووتنەوەو نەرێتێکی تر، کۆمۆنیزم ئەوانەی لەم کۆمەڵگایەدا چەسپاند، ئەمانە بەشیکن لە مۆرو شوێنپەنجە دیارەکانی کۆمۆنیزم بە کۆمەڵگای کوردستانەوە.

دیارە کۆمۆنیزم لەم مەیدانەدا وەکو هەر مەیدانێکی تر کەمو کوڕیو ئاستتەنگیو خاڵی لاوازیشی هەبووەو هەیە. هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنە لەم بارەیەوە کارێکی پێویستەو کۆمەکی زۆر دەکات بە کاری لێرە بەداو بەرچاوڕۆشنیو ئاسۆیەکی ڕوناکتری پێدەبەخشێت. من لەم باسەی ئێستادا کە ئامانجێکی دیاریکرام بۆی داناوە ناچمە سەر ئەو مەسەلەیە جگە لەوەی لە پەیوەند بە ئامانجی دیاریکراوی باسەکەوە لەو جێگایەی پێویست بکات بە کورتیو گشتی ئاماژە بۆ هەندێک لایەن دەکەم. گرفتێکی سەرەکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەوە بوو کە لە هەموو ئەو دەرفەتەی لەبەردەستی بوو کەڵکی تەواوی وەرنەگرت بۆ خۆبەهێزکردنو ڕیشەداکوتان لە کۆمەڵگاو بە تایبەتی لەناو چینی کرێکاردا، بەم جۆرەش چونەپێش لە حیزبێکی بە ناوبانگو خۆشەویستو خەباتکارێکی لێبراو لە ڕێگای ئازادیو یەکسانیو ڕزگاری چینی کرێکارو ستەمکێشاندا، بۆ حیزبێکی کۆمەڵایەتی ڕیشەدارو کرێکاری بەهێز کە لە شکان نەیاتو لە سەنتەری کێشمەکێشی سیاسی لەسەر چارەنوسی کۆمەڵگا ئاڵای کۆمۆنیزم بەرزو بەهێز ڕاگرێت.....بۆیە لە یەکەمین

دەرفەتی گونجاودا بۆ بورژوازی، کەوتە بەرپەلاماری بۆرژوا ناسیۆنالیزمی کورد. لە پێشدا پاشەکشەیەکی گەورەی بەسەردا سەپێنراو بەرەبەرە بە تەواوی خرایە پەراوێزەوە. ئەمە تەنها فاکتەر نەبوو بەڵام فاکتەرێکی زۆر کاریگەربوو بۆ لاوازبونی جێگاو ڕێگای کۆمۆنیزمو حیزبەکەی لە بزوتنەوەی ژناندا هەروەکو لە هەموو مەیدانەکانی تریشدا. بە لەمەیداندەرکردنی کۆمۆنیزم، بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بە گشتیو نەریتی سۆسیالیستیش لە ناو ئەو بزووتنەوەیە بە تایبەتی گورزێکی زۆر گەورەیان بەرکەوت. تا ئەو ڕادەیەی کە لە ماوەیەکی کورتدا نیشانەکانی دەکرا بە توندبونەوەی گوشار لەسەر مافەکانی ژنان، بەرینبونەوەی کوشتاری ژنان، توندبونەوەی فەزای پیاوسالاریو کۆنەپەرستی، خۆدەرکێشانەوەی بەکردەوەی دەسەڵات لەژێر ئەو بەڵێنو بڕیارانەی پێشتر لە ژێر گوشاری بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانو کۆمۆنیزمدا دابووی..هەروەها ڕەواج پەیداکردنی نەریتو ڕوانگەی دواکەوتوانەو محافەزەکارو پاساودەری پلەدوویی لە بزوتنەوەی ژناندا، بەدی بکرێت .

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەم ساڵانەی دوایدا توانیویێتی جارێکی تر تا ئاستێک لە مەیدانی سیاسی کۆمەڵگادا دەربکەوێتەوە. بە دیاریکراویش لە بزووتنە جەماوەریەکەی ١٧ی شوباتدا خۆی وەکو هێزێکی سیاسی خاوەن ڕۆڵ نیشانبداتو لە هێزهاوسەنگی دوای ئەوەشدا مەیدانێکی فراوانتر بەڕوویدا بکرێتەوە. بەڵام هێشتا دەکرێت یەکێک لە خاڵە هەرە لاوەزەکانی ڕۆڵو هەڵسوڕانی ئەم حیزبە لە پەیوەست بە مەسەلەو مەیدانی ژنانەوە بە ئاشکرا ببینرێت. هەرچەندە کۆمۆنیزم لەم بارەیەوە گرفتو ئاستەنگی واقعی بۆ وەڵامدانەوەو وەلانانی ئەم خاڵە لاوازە هەیە، بەڵام لە جیاتی بیرکردنەوەو هەوڵدان بۆ چۆنیەتی هەڵتەکاندنی کۆسپو ڕێگریو ئاستەنگیەکان، جۆرێک لە دەستەوەستانی بەدیدەکرێتو ئاستەنگیەکان خەریکن دەبن بە پاساو بۆ دریژەپەیدا کردنی ئەم بارەی ئێستا. لەم ڕووەوە ئەوەی وەکو گرفتی سەرەکی بەرجەستە دەکرێت، نەبونی هەڵسوڕاوانو ڕابەرانێکە کە ئەم مەیدانە ڕاستەوخۆ بەدەستەوە بگرن .

من دەمەوێ لێرەدا بە دیاریکراوی لەسەر ئەم مەسەلەیە هەم وەکو گرفتێکی واقعیو هەم وەکو پاساوێک بۆچونی خۆم بۆ هەڵتەکاندنی باس بکەم. بێگومان ئەو بۆشاییە ئاشکراو بەرجەستەیە کە لە نەهاتنەپێشەوەی هەڵسوڕاوانو ڕابەرانێکی کۆمۆنیستی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژناندا پێکهاتووە کە ئامادەبن بۆ بەدەستەوە گرتنی ڕاستەوخۆی ئەم مەیدانە لە ئاستی سەراسەریدا. هەڵبەت کەم نین ئەو هەڵسوڕاوە ژنانەی کە ئێستاو لەم چەند ساڵەشدا هەریەک لە گۆشەیەکەوە کاری زۆریان کردوەو زەحمەتی زۆریان بۆ بەرگری لە مافی ژنان کێشاوە، یان سەرقاڵی چارەسەری کێشە جۆراوجۆرەکانی ژنانو فریاکەوتنی قوربانیەکان بوون، تەنانەت لە ئاستی ماکرۆی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژناندا هەوڵیانداوەو کاریان کردوە. بەڵام گرفتی سەرەکی لەم بارەیەوە ئەوەیە کە لەو بۆشایەی لە ئاکامی لاوازی ڕوانگەی سۆسیالیستیو نەریتی خەباتکارانەی ڕادیکاڵو کۆمۆنیستی لە ئاست مەسەلەی ژنان پێکهاتوە، ڕوانگەو نەریتی تر باڵی کێشاوە بەسەر ئەم بزووتنەوەیەدا. ئەو ڕوانگەو نەریتانەی کە ئاسۆی یەکسانیخوازیو لێدان لە پایەکانو سەرچاوەکانی ستەمکێشیو هەڵاواردن لە دژی ژنانیان نیە. بەم پێیەش مەسەلەو بزوتنەوەی

ژنانیان لە شارێی خۆی وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی یەکسانیخواز دژی ستەمو هەڵاواردنو سیستەمو دەسەڵاتو دەستورو یاساو نەریتەکانی ڕاوەستاو لە پشتی ئەم ستەمکێشیو هەڵاواردنەوە دورخستوەتەوەو لە باشترین حالەتیدا گۆڕیویانە بۆ بزووتنەوە یان هەوڵێکی لێرەو لەوێ بە مەبەستی فریاکەوتنی بەشێک لە قوربانیەکان، ئەویش زۆرتر قوربانیەکانی بواری توندوتیژی یان دەستبردن بۆ هەندێک پرۆژەو کاری خێرخوازیو ڕۆشنگەری دەربارەی هەندێک ڕیفۆرمی زۆر کەمو کورتو کرچ وکاڵو ڕواڵەتی لە پەیوەند بە مەسەلەی ژنانەوە.
جگە لەو نەریتە ئیسلامیو ناسیونالیستو دیموکراتیکو ڕیفۆرمیستانەی کە پێشتریش لە بزووتنەوەی ژناندا سەنگی خۆیان هەبووەو هەمیشە بە دوەری خۆیان ڕێگری بەردەم پێشڕەوویو خاڵی لاوازی ئەم بزووتنەوەیە بوون، یەکێک لەو ڕوانگەو نەریتانەی لە بۆشایی مەیداندار نەبونی ڕوانگەی سۆسیالیستیو نەریتی کۆمۆنیستیو خەباتکارانەدا، بە تایبەت لەم ساڵانەی دوییدا باڵادەستی پەیداکردوە، ڕوانگەو نەریتی کاری "ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی"ە. ئەمە ڕوانگەو نەریتێکی بورژوازیە کە لە باشترین حاڵەتدا کاردانەوەیەکی بەرامبەر دیوە زۆر زەقو ڕەقەکانی ئەم ستەمو هەڵاواردنە هەیە نەک خودی ستەمو هەڵاواردنەکە. ئاسۆکەیشی ئەوەیە کە ئەم ستەمو هەڵاواردنە قابیل تەحەمول بکات نەک لەبەینی بەرێت. ئەم نەریتە داهاتو توانایەکی یەکجار زۆرو لەڕادەبەدەری بۆ خەرج دەکرێت لەلایەن دەوڵەتانی بورژوازیەوە، بەمەبەستی ئەوەی لە هەموو مەیدانێکدا لە جیاتی خەباتی شۆڕشگێرانەو جەماوەری لە دژی ستەمو زۆرداری، قاڵبێکی زۆر تەسکو ڕیفۆرمیزمێکی ڕواڵەتی بکەن بەبەر بزووتنەوەکانداو لە واقعدا لەباریان بەرن. هەوڵی هەڵسوڕاوان بخرێتە چوارچێوەیەکەوە کە لەلایەکەوە دەست هەڵگرن لە خەبات دژی سەرچاوەو بنەماکانی ستەمگەریو هەڵاواردنو لە جیاتی ئەمە ببنە ڕاوێژکارو هاوکاری دەزگا دەوڵەتیەکان کە گوایە ئەوان مەبەستیانەو دەیانەوێت کێشەکانی ژنانو جەماورەی ستمەدیدە چارەسەربکەنو لەم بارەیەوە پێویستیان بە هاوکاریو ڕاوێژی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەیە. لەلایەکی تریشەوە نوقمی دروستکردنی ڕێکخراوەی خێرخوازیو فریاگوزارییبن بۆ فریاکەوتنی قوربانیەکان.
ئەم نەریتە لە ئێستادا باڵادەستی پەیداکردوەو دەورێکی زۆر دەگێڕێ بۆ لەباربردنی بزوتنەوە ڕادیکاڵو شۆڕشگێڕانەکان لەوانەش بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان. بەشێکی زۆر لە توانایییەکانی هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی ژنان لە جیاتی سازدانو ڕابەری کردنی خەباتێکی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی بۆ لێدان لە سەرچاوەو کۆڵەکەکانی ستەمگەریو ئەوهۆکارانەی ژنان دەکەن بە قوربانی، لەلایەک ئەلگۆی کاری بووە بە هاوکاری دەزگاکانی وەکو پەرلەمانو وەزارەتخانەکانو تەنانەت ئاسایشو پۆلیسو ..هتد بۆ بەرگرتن لەو دیاردانەی کە خۆیان سەرچاوەو توانا لە دەستورو یاساو بڕیارو پشتیوانی جۆراوجۆری دەسەڵاتەوە وەردەگرن، لەلایەکی تریشەوە لە ڕێگای پێدانی بەشێک لەو داهاتەی بۆ ڕەوانجدانی ئەم نەریتە تەرخان کراوە، لێشاوێک لە هەڵسوڕاوانی ژنان سەرقاڵکراون بۆ ئەوەی چۆن پزیشکانی بێسنور فریای نەخۆشە بێ بەریەکان لە دکتۆرو دەرمان دەکەون، یان چۆن کۆمیسیونی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران فریای قوربانیەکانی جەنگو ئاوارەیی دەکەون تا خۆراکو کەمپی ئاوارەییان بۆ

## مەسەلەی ژنان، ڕوانگەو نەریتە جیاوازەکان

دابینبکەن، دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش لە بواری مەسەلەی ژناندا فریای قوربانیەکانی توندوتیژیو ستەمگەریو هەڵاواردنی دژی ژنان بکەونو بەشێوەی دیموکراتیکو لە چوارچێوەی سیستەمی ئێستادا پڕۆژە بدەن بەدەوڵەتو کار بۆ چاکسازیو چارەسەری کێشەکانی ژنان بکەن. ئەمانەش بە تایبەتی بە ناوی پڕۆژەی عەمەلیو واقعبینانەوە دەرخوارد دەدرێن.

بێگومان کاری پزیشکانی بێسنورو فریاکەوتنی ئاوارەکانو قوربانیەکانی جەنگو توندوتیژی دژی ژنان کارێکی ئینسانیو پیرۆزەو زۆر پێویستەو دەبێ بکرێت، بەڵام سیاسەتو ڕێگاچارەی کارساز کە دەبێ لەو بوارانەدا بخرێنەروو، هاوکات لەگەڵ فریاکەوتنی قوربانیەکان، لە بنەڕەتدا لێدانو هەڵتەکاندنی ئەو هۆکارو سەرچاوانەیە کە بەردەوام قوربانیەکانی ئەو بوارانە بەرهەمدەهێننەوە.

مەسەلەی ژنان مەسەلەیەکی سیاسیەو ڕیشەیەکی ئابوری و چینایەتی هەیە، ستەمو هەڵاواردن لە دژی ژنانو سەپاندنی پلەدوویی بەسەر ئەم بەشەی کۆمەڵدا، هەروەها بەردەوام بەرهەمهێنانەوەی ئەم دیاردەیە، لە ئێستادا یەکێکە لە پێداویستیەکانی سیستەمی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریو مسۆگەر کردنی قازانجی زیاتر بۆ سەرمایە، لەسەر ئەم بناغەیەش لەلایەن دەوڵەتی بورژوازیەوە داسەپاوەو پارێزگاری دەکرێت و وەکو نەریت بەرهەمدەهێنرێتەوە. بۆیە ستەم لەسەر ژنان ڕاستەوخۆ پشتی بە دەوڵەتو زاڵکردنی ئەو یاساو دەستورانە بەستوە کە لە نەریتە دژی ژنەکانەوە سەرچاوە دەگرن. نە تەنیا کۆتایی هێنانی یەکجاری بە ستەمو هەڵاواردن لە دژی ژنان، بەڵکو تەنانەت پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە هەلومەرجی ژیانو مافەکانیاندا بە تەواوی گرێ خواردوە بە بەرێخستنی خەباتێکی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنەی فکریو سیاسیو عەمەلیو ڕێکخراوەیی دژی سیستەمو دەسەڵاتی ئێستای بورژوازیو دەستورو یاساو نەریتەکانی پشتی ئەو ستەمکاریەوە. بە مانایەکی تر هەر ڕادەیەک لە بەدەست هێنانی مافەکانی ژنان بەشێکە لە خەباتی چینایەتی دژی سیستەمی ئێستاو سەپاندنی پاشەکشێ بەسەر دەوڵەتی بورژوازیو قازانجپەرستی سەرمایەدا. سەپاندنی مافی زیاتر بۆ ژنان مانای سەپاندنی قازانجی کەمترە بۆ سەرمایە، هەلو مەرجی باشتر بۆ ژیانی ژنان هاوتایە لەگەڵ هەلو مەرجی خراپتر بۆ قازانجی سەرمایە. بۆیە ڕێگای ئەم کارە ڕاوێژ نیە لەگەل دەوڵەتی پارێزەری قازانجی سەرمایە، بەڵکو خەباتە لە دژی.

لەم بەشە لە باسەکەدا دەمەوێ ئەو ئەنجامە بگرم کە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی ژنان کەم نینو تەنانەت ڕەنگە لە ڕووی چەندایەتیەوە لە ١٠–١٥ ساڵ لەمەبەر زۆر زیاتربن، بەڵام کێشەکە باڵادەستی ڕوانگەو نەریتی کۆنەپارێزو پاساودەری ستەمگەریە کە فکرو ئاسۆو هەوڵو پراتیکو شێوەکاری هەڵسوڕاوانی لە چوارچێوەیەکی دابڕاو لە نەریتی ڕادیکاڵو خەباتکارانەو یەکسانیخوازاندا لە قاڵبداوە. تا کاتێک کە ڕوانگەی سۆسیالیستیو نەریتی کۆمۆنیستی بەهەر گرفتو کەمو کوڕیەکیەوە مەیداندرابوو، هەرکەس باسی مافی ژنانی بکردایە بە حەقو ناحەق بە کۆمۆنیست لەقەڵەم دەدرا، وەکو ئاکامی ئەمەش بەشی زۆری ئەوانەی کە تازە پێیان دەنایە مەیدانی خەبات دژی ستەمکێشی ژنانەوە، ڕویان دەکردە کۆمۆنیزمو دەبون بە هەڵسوراوی کۆمۆنیستی ئەم مەیدانە. ئەمە لەو دەورانەدا پرۆسەی بەرهەمهاتنەوەی بەردەوامی جیلی تازەی هەڵسوراوانی کۆمۆنیستی مەیدانی ژنان بوو. ئێستا لەو بۆشاییەدا کە لە مەیداندارنەبونو

دەخالەتگەرنەبونی ڕوانگەو نەریتی کۆمۆنیستیدا پێکهاتوە، دەبینین جیلە تازەکانی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی ژنان لەگەڵ پێدەنێنە ئەم مەیدانەوە یەکسەر خۆیان لە ناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبیننەوەو ڕودەکەنە (ۆرکشۆپ)ەکانی ئەم نەریتەو بە ڕوانگەکانی باردەهێنرێن. ئەم ڕوانگەو نەریتە تەنانەت باڵی بەسەر کاری جیلەکانی پێشوتری هەڵسوارِوانی کۆمۆنیستی ئەم مەیدانەشدا کێشاوە. لەم بارەیەوە خەباتو ڕۆشنگەریو بەرێخستنی کارێکی ڕەخنەگرانەی سۆسیالیستی پێویستە، بەرجەستەکردنی ڕوانگەی سۆسیالیستی دەربارەی ڕیشەو سەرچاوەو کۆڵەکەکانی ستەمکێشی ژنانو ڕەخنەیەکی سۆسیالیستی لەم دیاردەیە، هەر بەم پێیەش ڕەخنەگرتن لە ڕوانگەو نەریتە محافەزەکارو پاساودەرەکانی پلەدوویی، بەدیاریکراویش ئەو نەریتەی کە پێشتر باسکرا، مەیدانێکی گرنگی ئەمڕۆی کۆمۆنیزمە لە پەیوەست بەمەسەلەی ژنانەوە. لە ئێستادا هاتنەپێشەوەی ڕیزێک لە هەڵسوڕاوانی ڕادیکاڵو خەباتکاری بزووتنەوەی ژنانیش لەم ڕێگایەوە دەرگای بۆ ئاوەڵا دەکرێتو مەیسەردەبێت.

لایەنیکی تری گرفتەکە ئەوەیە کە کۆمۆنیزمو حیزبەکەی دەخاڵەتی خۆی لەم مەیدانەدا بخاتە گرەوی ئەوەوە کە لە پێشدا هەڵسوڕاوانو ڕابەرانێکی ژن ئامادەیی بۆ بەدەستەوەگرتنی ئەم مەیدانە نیشانبدەن و دەستبەکاربن، ئەوکات حیزب وەکو هاوکارو پشتیوانی ئەوان ڕۆڵ بگێرِێت. گومان لەوەدا نیە بە پیِی میکانیزمی کۆمەڵگا کەسایەتەکانی ژنان دەبێ ڕابەرانی ڕاستەوخۆی بزوتنەوەی ژنانو ڕێکخراوە خەباتکارەکانی لە ئەستۆبگرن. بەڵام ئەنجامگیری لەمە ناتوانێت ئەوەبێت کە حیزبی چینی کرێکار دەستەوەستانو چاوەڕان بمێنێ بەدیار پرۆسەی هاتنەبەرەوەی ڕابەرانو هەڵسوڕاوانیکی ژنەوە. مەسەلەی ژنان مەسەلەی کرێکارانە. ئەمە تەنها لەو ڕووەوە نیە کە چینی کریکاری بەپێی پەیامی مێژوویی خۆی دەبێ لەگەڵ خۆیدا هەموو کۆمەڵگا لە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک ڕزگار بکات، بەڵکو مەسەلەی ژنان زۆر ڕاستەوخۆتر پەیوەست دەبێتەوە هەم بە چەسانەوەو هەم بە خەباتی چینی کرێکارەوە. ستەم لەسەر ژنان ڕاستەوخۆ بەشێکە لە ستەم لەسەر چینی کرێکار، بەشێکە لە سیاسەتو پلانی بۆرژوازی بۆ کۆیلە ڕاگرتنی چینی کرێکار. هەڵاواردن لە دژی ژنان بەشێکە لە پلانی پەرتەوازەکردن و پارچە پارچە ڕاگرتنی ریزی چینی کرێکار، کرێی کەمتر بۆ ژنانی کرێکارو سەپاندنی کاری ناوماڵو منداڵداریو بەرهەم هینانی جیلی تازەی کرێکاران بەسەر ژناندا، کارێکی بە خۆڕاییە بۆ چینی بورژوازیو یەکێکە لە سەرچاوەکانی قازانجی زیاتر بۆ سەرمایە..... بۆیە خەبات دژی ستەم لەسەر ژنان ڕاستەوخۆ بەشێکە لە خەباتی چینی کرێکار دژی سەرمایەداری. چینی کرێکار هەر چۆن ناتوانێ لە ئاست ستەمکاری سەرمایە بەگشتی دەستەوەستان بێت، ناشتوانێ لە ئاست ئەو ستەمو هەڵاواردنەی لەدژی ژنان بەرێوەدەچێت بە هیچ هۆیەکەوە دەستەوئەژنۆ بێت.. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش وەکو حیزبی چینی کرێکارو ئامرازێکی کارای خەباتی چینایەتی ناتوانێت بە هیچ پاساوو هۆیەکەوە بۆ هیچ ساتێک ئەم مەیدانەی خەباتی چینایەتی فەرامۆش بکات.

لە ڕووی تاقیکردنەوەی بەکردەوەی خۆشمانەوە کاتێک لە ناو بزووتنەوەی شورایی ئازارەوە مەسەلەی وەستانەوە دژی ستەمکێشی ژنان هاتەدەستورەوەو چەندین داخوازی لەو بارەوە

## مەسەلەی ژنان، ڕوانگەو نەریتە جیاوازەکان

بەرزکرایەوە، هەروەها کاتێک لە یەکساڵی دوای ڕاپەریندا بزوتنەوەی کۆمۆنیستی شێلگیرانە بەرامبەر شەپۆلی ڕەشەکوژی ژنان ڕاوەستاو بە دوای ئەوەدا خەباتێکی هەمەلایەنەتر لە پێناو مافەکانی ژنان بەڕێخرا، هیچ کات ئەوە نەبوو بە مەرجو بنەما کە ڕابەرانو هەڵسوڕاوانێکی ژن لە پێشەوەی ئەو خەباتە ڕاوەستاون یان نا. ئێستاش هەر دەبێ وا بکرێت، ڕێکخراوێکی خەباتکاری ژنان لە مەیدان ببێت یان نا، هەڵسوڕاوانو ڕابەرانێکی خەباتکارو ڕادیکاڵو کۆمۆنیستی ژن لە مەیدان ببن یان نا، بەڕێخستنی خەباتێکی هەمەلایەنەی سیاسیو کۆمەڵایەتی دژی ستەم لەسەر ژنان، ڕەخنەگرتنو پەردەهەڵماڵین لەسەر ئەو ستەمکاریەو ئەو دەسەڵاتو یاساو ڕێساو دەستورو نەریتو هێزانەی لە پشتەوەی ڕاوەستاون، هەروەها بەرپەرچدانەوەو بەگژەچونەوەی ئەو نەریتو هێزو بزوتنەوانە لە هەموو بوارەکاندا، هەڵخراندنی ڕای گشتی ناوخۆییو جیهانی دژی ستەمکێشی ژنان، ڕونکردنەوەو ناساندنی ئاستەنگیەکانی بزووتنەوەی ژنانو بەهرەمەندکردنی ئەو بزوتنەوەیەو هەڵسوارانی لە ئاسۆو خواستو شێوازی ڕادیکاڵو خەباتکارانە، خستنەڕوی پلاتفۆرمو هاوکاری کردنی هەمەلایەنە بۆ شکڵگرتنی ڕێکخراوەی ڕادیکاڵو خەباتکارانەی بەرگری لە مافەکانی ژنان، ئەرکێکی ڕاستەوخۆو بێ ئەماو ئەگەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریو تەنانەت بەپێی بەرنامەکەی "دنیایەکی باشتر" بەشێکە لە بەرپرسیارێتیەک کە ئەم حیزبە ڕاستەوخۆ لە ئەستۆی گرتوەو دەبێ بە کردەوە ئەنجامی بدات. ئەم دەستپێشخەریەی کۆمۆنیزم دەتوانێ دەرگایەکی فراوان بۆ هاتنەبەرەوەی ڕابەرانو هەڵسوڕاوانی ژنانی کۆمۆنیست بکاتەوە نەک بە پێچەوانەوە.

سەرەتای مارسی ٢٠١٢

# بەڵگەنامەکان

# ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی ئەم دواییانەی عێراقو کوردستان و شەڕ بە دژی داعش وهێڵی سیاسیو پراتیکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست :

ئەم بەڵگەنامەیە کەلەلایەن کۆمیتەی ناوەندی حزبەوە لەسەر ڕاسپاردەی کۆنگرەی چوارەمی حیزب ئامادەکراوە، ئاکامی قسەو باسی بەشداربوانی کۆنگرەبوو لەسەر بەڵگەنامەی "ئاڵوگۆڕە سیاسەکانی ئەم دواییانەی عێراقو کوردستان و پلاتفۆرمی هەر دوو حیزب.." کە لە کۆنگرەدا بڕیاردرا لە سەر بنەمای سەرنجو تێبینی و پێشنیارەکان سەرلەنوێ ئەو بەڵگەنامەیە دابڕێژێتەوە. بەڵام ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدەین بە هەڵە لەڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەدا نوسرابوو کە ئەو بەڵگەنامەیە لەلایەن کۆنگرەی چوارەوە پەسەندکراوە.

لەگەل کەوتنی شاری موسڵ بۆ ژێر دەستی داعشوگروپە چەکدارە ئیسلامیو ناسیۆنالیستە هاوکارەکانی، بارودۆخی سیاسی عیراق پێینایە قۆناغیکی تازەوە، کەخۆی لەگۆڕانێکی چۆنایەتی لەهاوکێشەی هێزی نێوان لایەنە دژ بەیەکەکانی ناو بارودۆخی سیاسی عێراق نیشان دەدات. قۆناغێکی تازە کەدەرگای ئاڵوگۆڕێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی گەورەی خستۆتە سەرپشت

وبۆتەمایەی توندبوونەوەی ناکۆکیە سیاسیەکانو تێکچوونی لەرادەبەدەری بارودۆخی ئەمنیولەگەڵ خۆشیدا کوێرەوەریوبێدەرەتانی بۆسەر خەڵکی عیراق زیادکردووە.
هەڵکشانوبەرجەستەبونی ڕۆڵی سەربازیو سیاسی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش) لە عێراقدا بەرەنجامی شکستی ستراتیژی سیاسی ئەمریکاو ڕۆژئاوابوو لە جەنگی ناوخۆی سوریادا، کە ئامانجەکەی وەشاندنی گوزری کاریگەر بوو لە جێگاورێگای روسیاو چین وەکو دوو گەورەهێزی ئابوری-سیاسی لەئاستی جیهانیدا لەرێگای روخاندنی رژێمی سوریاو لە ئاکامی ئەویشەوە تەنگەبەرکردنەوەی نفوزی سیاسی ئێران وەکو یاریزانێکی ناوچەییو هاوپەیمانی روسیاو چین. ئەم سیاسەتەشیان لەرێگای هاوکاریکردنو بەهێزکردنی رەوتە ئیسلامیەکانی دژ بە دەوڵەتی سوریا دەبردەپێشەوە کە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاو سعودیەو قەتەرەوە وەکو هاوپەیمانە ناوچەییەکانی رۆژئاوە جێبەجێ دەکرا.
دروستبوونو گەشەکردنی(داعش)و گروپە تیرۆریستە ئیسلامیەکانی دیکەی ناوچەکەلەهەناوی قەیرانێکی خنکێنەرو لە کەشوهەوایەکی سیاسیدایە کەگشت هێزەکانی بۆرژواناسیونالیستی عەرەبی، لە هەوڵدان بۆ دابینکردنی سەقامگیری دەسەڵاتی بۆرژوازیوجێگیرکردنی سیستەمێکی دژە شۆڕشی بۆرژوازی لایەنگر بۆ ئەمریکاو ئەوروپا لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا. ئەمەش بۆ خۆی قەیران و کارەساتێکە کەبەدوای هەلومەرجەکانی پاش شۆڕشەکانی تونسومیسر، قوڵتربۆتەوە.
ئەوەی ئیستا لەئارادایە هەوڵێکە بە ئاراستەی بەئەنجام گەیاندنی گۆرانکاری لەعیراقدا بە ئامانجی قەرەبووکردنەوەی شکستی ئەمریکا لەسوریاو جێگیرکردنی دەوری هاوپەیمانە ناوچەییەکانیەتی.بەمجۆرەش ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی عێراق دەرگایەکی تازە لەبەردەم دەستێوەردانو کایەی سیاسی ئەمریکاو هاوپەیمانە ناوچەییەکانی دەکاتەوە، بۆ گۆرانکاری تازە لەهاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکەدا.
هاوکیشە سیاسیەکان لەعێراق گۆڕانی بەسەرداهاتووە. لەگەڵ گۆرانکاریەکانی ئەمدوایانەدا کێشمەکێشی نێوان هیزە ئیسلامیو قەومیەکانو ئەوانەی بوونەتە هاوپەیمانی داعش، لەسەر دەسەلاتو دابەشکردنی سامان، گۆڕدراوە بۆ قۆناغیکی تازە کەناتوانرێ بۆسەردەمانی پێشوو بگێردرێتەوە.بەم پێیەش مەسەلەی ئەوەی کەچ لایەنێک لەرەوتە سیاسیەکانی ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزمی عەرەبی دەسەلاتی عیراق بەدەستەوە دەگرێ، جێگایەکی سەرەکی لەو کێشمەکێشە سیاسیەدا گرتووە کەئیستا لەناوخۆی عێراقدا، بەشیوازێکی ئەوپەڕی خوێناویوئاڵۆز بەرێوەدەچیوکۆمەڵگای لەبەردەم هەڵدێرێکی سیاسیو ئەمنی مەترسیداردا راگرتووە.ئەم قۆناغە تازەیە نەک تەنها بەم گۆرانکاریانەوە، بەڵکو بەبالادەستی کۆنەپەرستی سیاسیو سەربازیوهەمەگیربوونی کێشمەکێشەکانی نیوان هێزە جیاوازە بۆرژوازیە ئیسلامیو قەومیەکانیش دەناسرێتەوە.
رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە و حکومەتەکەی، لە گەڵ ئەم ئاڵوگۆرە تازانەدا، دەستیانداوەتە سوود وەرگرتن لە بارودۆخەکە بۆ میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگە و توندوتیژکردنەوەی رەوەندی سەرکوتگەرانەو خنکاندنی زیاتری ئازادیەکان و جێگیرکردنی کۆنترۆلی میلیشیا چەکدارەکانی،

هەروەها بە سیاسەت و کردەوەکانی هەردەم ئاگری تایفەگەری و رقوکینەی نەتەوەیی خۆش دەکەن. لەوبەریشەوە دەرکەوتنی داعش لەچەقی رووداوەکانی ئەم دواییانەدا وەک هێزێکی کاریگەری ئیسلامی سیاسی سونە، هەموو ئەو سنورانەی سڕیەوە کەپێشتر لەگەڵ گروپو تاقمە چەکدارەکانی تری ئەم ناوچانەداهەبوو وە وایان نیشان دەدا نوێنەرایەتی بەرژەوەندی دانیشتوانی ئەم ناوچانە دەکەن لەبەرامبەر سەرکوتگەریەکانی حکومەتی مالیکیدا.
لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئەمدواییانەدا، عێراق پێی ناوەتە قۆناغیکی تازەوەو چەندین مەسەلەو گرفتی تازە زیادبووە بۆ گرفتو کێشە کۆنەکانوهەموو بەدیلە بۆرژوازیەکان لەیەکەمیانەوە بۆ ئاخریان ڕەشو تاریکن.ڕیزەکانی چینی بۆرژوازی پەرشوبڵاوەودەسەڵادارانیش گیرۆدەی قەیرانن‌وبێتوانان لەدۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەو قەیرانەی کەعێراق‌وناوچەکە لەگەڵیدا دەژی.کوردستانیشبوەتە مەیدانێکی شەڕی نێودەوڵەتی و ناوچەیی دژ بەداعش . دەور و سیاسەتی یەکێتی و پارتی وەک هەمیشە پاشکۆیەتی سیاسەتی باڵادەستی ئەمریکا ویاریکردن لەسەر پەتی شەڕی دوو قوتبی نێوان دەوڵەتەکانی ناوچەکەیە.ناسیونالیزمی کوردوحزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەم بزوتنەوەیە، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەمەنتقی بەرژەوەندیەکانیانەوە چوونەتە نێو ئەم دۆخەوە.ئەم هێزانە بەمەبەستی سود وەرگرتن وەکو فرسەتێک بۆ بەدیهینانی بەرژەوەندیە نەتەوەیی‌وحزبیەکانیان‌وبۆ فراوانکردنەوەی پێگەی دەسەڵات‌و سەرچاوەی دارایی خۆیان، بۆ ڕاکێشانی خەڵکی کوردستان بەدوای ئاسۆو سیاسەت‌و ستراتیژ‌وبۆ برەودان بە خۆشباوەڕی لەنیو دانیشتوانی کوردستاندا سەبارەت بەوەی کەکێشەی ناوچە لەسەرەکان بەقازانجی خەڵک کۆتایی پێدێنن، دەخاڵەتیان لەم دۆخەدا کرد.
ئیسلامی سیاسیش لە کوردستان خۆی بەهاوبەشی ستراتیژی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و خەلافەتەکەی دەزانێ بەڵام هاوسەنگی هێز و بەرژەوەندیە سیاسیەکانی بەشداری لە حکومەتی هەرێمدا ڕێگای ئەم هەڵبژاردنەی لێ بەرتەسک کردۆتەوە کە لە پێش لە ۱۱سێپتەمبەری ۲۰۰۱دا بۆ پشتیوانی تیرۆریزمی ئیسلامی گرتبویەبەر.هەربۆیە هەمیشە وەک خەتەری داعشی نوستو لە کوردستان لەئارادایە.
لە دۆخێکی ئاوادا هیچ ڕێگایەک لەبەردەم چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان‌وجەماوەری بێبەش‌و سەرجەم ئازادیخوازاندا نەماوەتەوە، جگەلەوەی جڵەوی دەستپێشخەری بەدەستەوە بگرن‌و کاربکەن بۆ بەهێزکردنی ڕیزی خەباتیان بۆ کۆتاییهێنان بەم بنبەستەی ئیستاوداسەپاندنی پاشەکشەیەک بەسەر گشت هێزەکانی بۆرژوازی بە ئیسلامی‌وناسیۆنالیستیەوە، کەخۆیان بەسەر جەماوەردا داسەپاندووە.
بەدیلیحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان وڕیگاچارەی بۆ گشت گرفتەکان‌و کوێرەوەریەکانی جەماوەرودامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسانو ئارام، بریتیەلە پەرەدان بەخەباتی ڕزگاریخوازانەویەکگرتوانەی چینی کرێکار لەعێراق‌وکوردستان، بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵات‌و باڵادەستی ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی‌ودامەزراندنی حکومەتی کرێکاری.چینی کرێکارو جەماوەری بێبەشی عێراق‌و کوردستان هیچ دوژمنایەتیەکیان لەگەڵیەکدا نییە، بەڵکو لەدەرەوەی

ناسنامەی دروستکراوی نەتەوەییو دینیان، یەک چارەنوس‌ویەک بەرژەوەندییان هەیە؛ ئەویش لەهاوپشتی‌ویەکگرتوویی ڕیزەکانی خەباتیاندایە.بەڵام لەئێستاداو لە جەرگەی شەڕ دژی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش)دا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ بۆ بەرێخستنی بزوتنەوەیەکی سیاسی جەماوەریی چەکداری بۆ بەرەنگاربوونەوەو تێکشکاندنی داعش بە هاوکاری لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو سەرجەم هێزە سیاسیە چەپو کرێکاریەکانو جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشو ئازادیخوازی عێراقو سەرەنجام جێگیرکردنی سەرکەوتن بەسەر داعشدا لەبەرژەوەندی ئازادیو خۆشگوزەرانیو دەستبەربوونی مافە سەرەتاییەکانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانو عەمەلیکردنەوەی ئیرادەی سیاسی و دەسەڵاتی شۆرشگێرانەی خۆیان.
بەرەنگاریو شەڕ لەدژی داعش لە کوردستانی سوریاو بەتایبەتی لە کوبانی نمونەیەکی سەرکەوتوی لە سیاسەتی پشتبەستن بەبەرگری جەماوەری و شەڕ دژی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی نیشان داوەو وەکو ئەزمونێکی سیاسی لە هۆشو بیرکردنەوەو میزاجی خەڵکی کوردستانو ناوچەکەدا جێگای گرتوە.پەسەندکردنی مەرسومی مافەکانی ژنان لە کانتۆنی جەزیرە وەکو بەرهەمێکی بەرەنگاری جەماوەریو نەخشی ژنان لەو بەرەنگاریەدا رەسمیەتی دا بە تایبەتمەندی ئازادیخوازانەی ئەو بەرگریە جەماوەریە . پشتیوانیەکیجیهانیش کە خەڵکو جەنگی بەرگری ژنانو پیاوانی کوبانی کرا نیشانەی ئامادەیی بەرەی ئازادیخوازی دنیایە بۆ راوەستان لەپاڵ هەر بزوتنەوەیەکی چەکدرای جەماوەری بە دژی داعشو تیرۆریزمی ئیسلامیو ئەم بەدیلە فاشیستیەی ئیسلامی سیاسی.
لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەوانەی خرانەڕوو، حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان بەرامبەر بەدۆخی ئێستا، هەلدەستێ بەپەیرەویکردن لەم سیاسەتو هەنگاوانەی خوارەوە. بێگومان کردنی ئەم سیاسەتە گشتیانە بەنەخشەیەکی عەمەلی کامڵودەرکێشانی سیاسەتو تاکتیکی دیاریکراو بۆ قۆناغی ئیستای خەباتی شۆڕشگێرانە، لەچوارچێوەی ئاراستە گشتیەکاندا دەبێت بەرووی دۆخی ئێستادا:
١/ حزبی کۆمۆنستی کرێکاری تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە یەکێک لە ئامانجە سیاسیەکانی خۆی دەزانێت بە ئاقاری دابینکردنی ئازادیو ئارامیو خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان. لەو روەوە کارکردن بۆ بەرێخستنو پێکهێنانی هێزی بەرگری جەماوەری لەژنانو پیاوانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز بۆ بەرەنگاربوونەوەو جەنگ لە دژی داعش بە ئەرکی سەرەکی ئەم دەورەیەی خۆی دەزانێت.لەو روەوە جەنگی بەرەنگاری خەڵکی کوبانیو سەرکەوتنیان بەسەر داعشدا وەکو ئەزمونێکی سەرکەوتووی بەرگری جەماوەریو شۆرشگێرانە تەماشادەکات کە هەوڵ دەدات بۆ دوبارەکردنەوەی لە جەنگی دژی داعش لە کوردستانو عێراقدا.
٢/ ڕیسواکردنو ناساندنی هەر دەوڵەتو لایەنێکی سیاسی کەپشتیوانی لەداعش دەکات یان بەندوبەستی سیاسی لەگەڵ دەکات، وەکو دوژمنی خەڵکی کوردستانو عێراقو ناوچەکەو دوژمنی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی.هەوڵدان بۆ هەڵخراندنی هێزی جەماوەری لەدژیانو

پاشەكشەپێكردن‌و شكستپێهێنانیان. بەرپەچدانەوەوراوەستانەوە بەرووی دەستێوەردانیوولاتانی ناوچەكەو دەوڵەتانی ئیمپریالیست‌و پەیمانی ناتۆ لە كوردستان‌و عێراق، ریسواكردنی سیاسەتی سازشكارانەو بەرژەوەندخوازانەو جەنگی ناشێلگیرانەیان لەدژی داعش‌و درێژكردنەوەی بارودۆخی كارەساتباری عێراق و ناوچەكە بەمەبەستی جێبەجێبوونی سیاسەت‌و بەرژەوەندیەكانی خۆیان، لەرێگای هەڵخراندن‌و بەرێخستنی بزوتنەوەی جەماوەری لەسەر ئاستی كوردستان‌و ناوچەكەو جیهاندا بەهاوپشتی لەگەڵ بزوتنەوەی كرێكاری‌و هێزولایەنە چەپ‌و پێشكەوتوخوازەكان.

٣/ خەباتێكی سیاسی جەماوەری لەشارەكانی كوردستان بەرێ دەخا دژ بە بنەماكانی دەسەلات و دەستور و یاساكان و تاوانەكانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش دژ بە خەڵكی كوردستان و عێراق و سوریا و دژ بە ژنان و پەیرەوانی ئاینەكانی تر و سەرجەم ناوچەكە. حزب ئەم خەباتە ئاراستە دەكا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی لە شەریعەتی ئیسلامەوە سەرچاوەیان گرتوە،لابردنی هەموو كاریگەریەكانی ئاینی ئیسلام‌و ئاینەكان بەسەر سیستەمی خوێندنەوە.زیادكردنی مادەكانی یەكسانی ژن و پیاو و مافە سەرەتایی و جیهانیەكانی مرۆڤ لە خوێندن و پەروەردەدا...تاد.

٤/ راوەستانەوە لە بەرامبەر هەوڵەكانی داعشی نوستو و ئیسلامی سیاسی لە كوردستان كە هاوكاری سیاسی و مەعنەوی داعش و ئامانجە سیاسی و كۆمەلایەتیەكانی دەكا و رێگەگرتن لە مەلا و ناوەندە ئیسلامیەكان لە هاندان و توندوتیژی دژ بە مافە مەدەنیەكانی خەلكی كوردستان.

٥/ خەباتی پەیگیرانە دەكەین لەدژی ئاگری رقەبەری‌ودوژمانكارانەی قەومی، كەلەلایەن حزب‌و رەوتە ناسیونالیستەكانی كوردو عەرەبەوە دەبزوێندرێ.حزبی كۆمۆنیستی كریكاری تیدەكۆشێ وبازنگەوازدەكات بۆ دابینكردنی فراوانترین پەیوەندی خەباتكارانەی نیوان چینی كرێكارو جەماوەری زەحمەتكێشی كوردستان‌وعێراق، لەپێناو بەرژەوەندی‌و چارەنوسی هاوبەشیان‌وسنوركێشانیان لەگەڵ رەوتە بۆرژوا ناسیونالیستەكاندا.

٦/ خەبات دژی سەپاندنی فەزای جەنگی بەسەر كۆمەڵگەداو میلیتاریزەكردنی لەبەرژەوەندی هێزەكانی دەسەلات لەعێراق و كوردستاندا، رێكخستنی نارەزایەتیە جەماوەریەكان بەرووی سیاسەتە جەنگی و ئیجرائاتە سەركوتگەرانەكانی دەسەلات لە عێراق و كوردستان و پێشێلكردنی ماف وئازادیە سیاسی و مەدەنیەكان‌و هێرش بۆسەر ئاستی ژیان‌و گوزەرانیان بەبیانوی جەنگەوە.

٧/هەوڵدان بۆ بەرێخستنی بزوتنەوەیەكی سیكولاریستی بە مەبەستی پشتیوانی لە خەبات و شەرِی رزگاریخوازانەی جەماوەری دژی دەولەتی ئیسلامی داعش و سیاسەت و تاوانەكانی دژ بە خەڵكی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست و دژ بە مرۆڤایەتی‌و كۆمەک كردن بە بەهێزكردنی سكولاریزم و جیاكردنەوەی دین لەدەوڵەت لە كوردستان و ناوچەكەدا.

٨/ حزب هەڵدەستێ بەفریاكەوتنی ئاوارەو زیانلیكەوتوانی ئەو ناوچانەی كەگیرۆدەی جەنگن‌و گەیاندنی كۆمەک پێیان‌وبەرپەچدانەوەی هەر دەنگو كردەوەیەكی شۆڤێنیستانەی قەومی‌وتیرەگەری كە لەمامەلەكردن لەگەڵ ئاوارەكاندا بەكاردەبرێت.

٩/ خەباتی بەردەوام بۆ جیاكردنەوەی ریزەكانی كریكاران‌وزەحمەتكێشان لەنفوزی رەوتە قەومی‌و ئیسلامی‌وتایەفەگەریەكان‌ورزگاركردنیان لە ئاسۆی سیاسی ئەم هێزانە.ریسواكردنی سیاسەتە

## ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی ئەم دواییانەی عێراقو کوردستان و ..

بۆرژواییەکان لەچەشنی "بەرگری لەنیشتیمان" کەلەلایەن ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی شیعەوە بانگەشەی بۆدەکرێ. ریسواکردنی پڕوپاگەندەی ناسیونالیزمی کوردوحزبە دەسەڵاتدارەکان بۆ گەیشتن بەتموحەکانیان سەبارەت بەوەی کەروداوەکانی ئێستا هەلکەوتنی "فرسەتێکە".هەروەها ئاشکراکردنی بەرژەوەندیە شاراوەکانی ناسیونالیزمی عەرەبیو ئیسلامی سیاسی سونەگەرا، کەلەژێر پەردەی بەرگریکردن لەزوڵمو بەرژەوەندیەکانی خەڵکی ناوچە سوننیەکاندا کەئیستا گیرۆدەی جەنگن، دەخرێتە روو.

١٠/ کارکردن بۆ بەهێزکردنو یەکگرتووکردنی خەباتی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان لەئاست ناوچەکەو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستوکردنی بەهێزیکی کاریگەر بەئاراستەی سەپاندنی پاشەکشە بەسەر قوتبە ناوچەیىو ئیمپریالیستیەکانداوشکستپێهێنانی نەخشەو سیاسەتو ستراتیژیە کۆنەپەرستیەکانیان لەئاست عێراقوناوچەکەدا.

کارکردنی هاوبەش لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا لەشەڕی دژی داعشدا و بۆ پاراستنی ڕیزی ئەنتەرناسیونالی وهاوخەباتی کرێکاران و ئازادیخوازانی عێراق و کوردستان دژ بە شەڕی قەومی و مەزهەبی هێزە ناسیونالیست و ئیسلامیەکان.

ئێمە بانگەوازی چینی کریکار، کۆمۆنیستەکانو سۆسیالیستەکان، چەپو ئازادیخوازو ئینسان دۆستانی جیهان دەکەین بۆ هاوپشتیکردن لەگەل خەباتی چینی کرێکارو زەحمەتکێشانوهەردووحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقوکوردستان، بۆ رزگارکردنی عێراقوکوردستان لەم تەنگانەیەی ئێستاوبۆ بەدیهێنانی ئازادیو یەکسانیو دوارۆژێکی باشتر.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**کانونی دووەم ٢٠١٥**

# بنەماکان و شێوەکانی ڕابەری کۆمۆنیستی

## لە پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی چوارەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان

**١/ بنەما ئایدیۆلۆژی ومیتۆدۆلۆژیەکانی ڕابەری کۆمۆنیستی:**

ئەلف: ڕابەری کۆمۆنیستی، ڕێبەری کردنی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا وەک چینێکی جیهانی لەتەواوی قۆناغو شێوەکانیدا، بەئەرکی خۆی دەزانێ. لەم ڕووەوە:

یەکەم: لەژێر فشاری پێداویستیە دەورەییەکانی بزوتنەوە عەمەلیەکاندا، ئاسۆ و دورنمای کاری سیاسی وئەرکەکانی خۆی سنوردار ناکاتەوە ولەهەر ساتێکدا خەباتی گشتی پرۆلیتاریا لەدژی بۆرژوازی لەبەرچاو دەگرێ ولەپێناو وەلامدانەوە بەمەسەلە جۆراوجۆرەکانی ئەم خەباتەدا، لەهەموو لایەنە سیاسی و ئابوری و ئایدیۆلۆژیەکانەوە تێدەکۆشێ.

دووەم: بەم پێیەش بەتەواوی بنەما تیۆری و عەمەلی و ئایدیۆلۆژیە شۆڕشگێڕیەکانی چینەکەی، واتە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، پشت دەبەستێ و خەباتی چینایەتی وەک بنەمایەکی مارکسیستی، بەئسولی و عەمەلی وکارساز دەزانی، کەدەبێ جێبەجێ بکرێ. ڕابەری کۆمۆنیستی لەبەرامبەر هەر مەیل ورەوتێکدا، کەبەپاساوی تایبەتمەندیەکانی ئەم یان ئەو قۆناغە، جولانەوەی عەمەلی پەکدەخات وەیا پروپاگەندە بۆ دەست شۆرینەوە لەم بنەمایە دەکا ومەوعیزەی بۆ دێنێتەوە، پەیگیرانە ڕادەوەستێتەوە.

سێهەم: ڕابەری کۆمۆنیستی، بەتەنها ڕابەریەکی ڕوتی ڕیکخراوەیی نیە ودامێنی هەڵسورانی ڕابەرانی کۆمۆنیست، ناتوانێ و نابێ لەچوارچێوەی ڕێکخستنەکانی خۆدا، قەتیس بمێنێ.

## بنەماکان و شێوەکانی ڕابەری کۆمۆنیستی

دابینکردنی ڕابەریەکی شایستە بەسەر ڕیکخستنەکانی خۆوەوە، خۆی ڕەنگدانەوەی توانایەکانی ڕابەری کردنە لەبەرەوپێشەوە بردنی گشت جولاَنەوەی چینایەتیدا ولەتەواوی ڕوەجۆراوجۆرەکانیدا.

چوارەم: ڕابەری کۆمۆنیستی، پێشرەوی وسەرکەوتن لەم یان لەو مەیدانی دیاریکراوی خەباتی چینایەتی وشۆڕشگێرانەدا، بەکۆتایی ئەرکەکانی خۆی وەرناگرێ وخوازیاری بەدیهاتنی گشت بەرنامەی کۆمۆنیستیە لەبەرامبەر سەرمایەداری و ڕژێمە جیهانیەکەیدا. لەمڕووەوە ڕابەری کۆمۆنیستی ئەرکیەتی لەهەر قۆناغێکی جوَلانەوەی عەمەلی چینایەتیدا، پێویست بوون وشێوەکانی بەردەوامی، گەشەو کامڵ بوونەکەی بەهەڵسوڕوانی حزبی و پێشڕەوان وجەماوەری چینی کریکار بناسێنێ و ئەوان بۆ پێشرەویەکانی داهاتوو ئامادەبکات. تەنها یەک ڕابەری بەبڕواو ڕاستگۆ بەکۆمۆنیزم و ئەنتەرناسیونالیزم دەتوانێ ڕابەری کردنی ئسولی بۆ هەموو قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی چینایەتی، دابینبکات.

با: پەیگیری ڕابەری کۆمۆنیستی، بەرئەنجامی دەرکی مارکسیانەی ئەوە لەپەیوەندی نیوان تێوەرو پراتیک و لایەنگریەتی بۆ ئایدیۆلۆژیەکەی. ڕابەری کۆمۆنیستی خۆی بەمولزەم دەزانی لەبەرەو پێشبردنی بەردەوامی جولاَنەوەو ڕێکخستنە حزبیەکان وناکام کردنەوەی تەواوی مەیل و سیاسەتە ناپرۆلیتیریەکان لەئاست بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنستیدا وبەم پێیەش ئەرکیەتی لەهەر ساتێک ولەبەرامبەر هەر ڕێگری ومەسەلەیەکدا کەلەسەر ڕێگەی پێشرەوی جولاَنەوەی چینایەتیدا دێتەئاراوە، لەسەربنەمای زانیاری ئایدیۆلۆژی تائیستای خۆی لەئامانجەکان وپێداویستیەکانی جولاَنەوەکەی وهەروەها لەڕێگای شیکردنەوەی دیاریکراو بۆ هەلومەرجی دیاریکراوەوە، بەخێرایی وپەیگیرانە هەنگاو هەڵگرێ.

ڕابەری کۆمۆنیستی لەپلەی یەکەمدا ڕابەریەکی سیاسیە، نەک ڕابەریەکی بەتەنهای تیوەری. ناسینەوەی تیوەریانەی مەسەلەکانی خەباتی چینایەتی هەموو کات ڕێژەییە. لەکاتێکدا خەباتی عەمەلی، بڕیار وهەنگاوی پیگیرانەو پتەوی گەرەکە، لەمڕووەوە ڕابەری کۆمۆنیستی ئەرکیەتی هوشیاری تیوەریکی خۆی، لەهەر ساتێکدا ولەبەرامبەر هەر گرێ وگوڵ و هەر مەسەلەیەکی جولانەوەی چینایەتیدا، لەسەر بنەمای پتەوی ئایدیۆلۆژی وپشت بەستنی بەپرەنسیپە بنەرەتیەکان و ئامانجەکانی مارکسیزمی شۆڕشگیر، بەردەوام بەرەوسەرەوە بەرێت. وەهەروەها بەلێکدانەوەی خۆی لەسەر پیداویستە تایبەتیەکانی خەباتی چینایەتی وشۆڕشگێرانە، بڕیارو هەنگاوی کۆتایی بگریتەبەرو بەکردەوە دەریان بهێنێ.

جیم: ڕابەری کۆمۆنیستی ئەرکیەتی کەڕۆڵی پێشرەوانە بگێڕێ. ڕابەرانی کۆمۆنیست بڕیارەکانی خۆیان لەسەر بنەمای میانجی گەری، وەیا تێکەلاوکردنی بۆچونە جۆراوجۆرەکانی ناو حزبو بزوتنەوەی چینایەتی، ناگرنەبەر، بەڵکو لەسەر بنەمای پێشرەوترین بۆچونی مەوجود، بڕیاردەدەن. ڕابەری کۆمۆنیستی، ڕابەریەکی ناوبژیوان نییە، بەڵکو ڕابەریەکی لایەنگر وپەیگیرە و لەسەر بنەمای ئسوڵو پایە ئایدیۆلۆژیەکانو لێکدانەوە تایبەتیەکانی خۆی لەهەلومەرجەکان، بڕیار دەدات و بەرپرسیارێتی ئاکامەکانی هەر

بڕیارێکیش لەئەستۆدەگرێ. بەمجۆرەش ڕابەری کۆمۆنیستی ئەرکیەتی هەڵوێستی پێشڕەوانە لەبەرامبەر هەر مەسەلەیەکدا بەخێرایی دەستنیشان بکاو هەڵیان بژێرێ، وەفاداری بەکردەوەش بۆ ئەم هەڵوێستانەو لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیش، لەبردنە پێشەوەی هەلوێستەکاندایە.

دال: ڕابەری کۆمۆنیستی، ڕابەریەکە چاوی لەئاییندە بڕیوە ولێرەشەوە بەرەوپیری مەسەلەکانی داهاتوی جوڵانەوەو ڕێکخستنەکانی خۆی دەڕوا ولەپێشەوە ڕێکخراوە حزبیەکانی خۆی وچینی کرێکار بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ڕێگریەکانی داهاتووی بەردەم خەبات، ئامادەدەکا. ڕابەریەک کەتەنها بەهێنان وبردنی مەسەلەکانی ئێستاو ڕابردوی تەشکیلاتەوە سنوردار بێت، نەتەنها توانای ڕۆڵ گێرانی ڕابەری کردنی نابێت، بەڵکو بەکردەوە لەچارەسەرکردنی شۆڕشگێرانەو لێبڕاوانەی ئەو مەسەلانەی کەهەن و لەئاست وەڵامدانەوە بەپێداویستیەکانی ئێستای جوڵانەوەکەش بێتوانا دەمێنێتەوە.

**٢/ ئەو لادانە بنەڕەتیانەی کەبەرئەنجامی سەرپێچی کردنە لەبنەما ئایدیۆلۆژی و میتۆدۆلۆژیەکانی ڕابەری کۆمۆنیستی.**

١/ کەم ڕەنگ بوونەوەی کۆمۆنیزم و ئەنتەرناسیونالیزم لەکردەوەدا وقەتیسمانەوەی ئاسۆی سیاسی وچینایەتی ڕابەری لەمەسەلەو پێداویستیە دەستبەجێ وقۆناغی وبرگەییەکانی جوڵانەوەدا، هاوکات بڕوا نەبوونێکی قوڵ بەهەقانیەتی ئوسوڵی بون وعەمەلی بوونی پرەنسیپە مارکسیستیەکان، سەرەنجام بەناپەیگیری، بەرژەوەندیخوازی، ڕاڕایی وسازشکاری لەڕابەریدا دەگات. تێگەیشتنی ئەکادیمیانە لەتیوەری مارکسیزم، کاملْ گەرایی لەمامەلەکردن بەتیوەری ومەمەڵەی ناوبژیکەرانە بەهێڵە سیاسیە عەمەلیە جیاوازەکان، کەلە نێودەرونی حزب وبزوتنەوەی چینایەتیدا دێنەڕوو، بەخۆلادان لەئەرکی ڕابەریکردن وناشێلگیری لەوەرگرتنی بڕیاری پەیگیرانە ولەدەستدانی لێبڕاوێتی لەساتەکانی بڕیاردەردا، بە بەرژەوەندی خوازی و پاشکەوتوویی بۆ بەشە دواکەوتوەکانی جوڵانەوەو ڕێکخستنەکان وناڕاستگۆیی لەبەرمبەر ڕێکخستن وجوڵانەوەدا، دەگات. نەگێرانی ڕۆڵی پێشڕەوی و لەدەستدانی خەسڵەتی داهاتوو بینین ودەرک نەکردنی مەسەلەکانی ئایندەی جوڵانەوەی چینی کرێکار ونقومبوون لەڕابەریکردنی مەسەلەکانی ئێستای جوڵانەوە وڕێکخستنەکاندا، دیسانەوە بەدەوری خۆی، چەقین لەشوینی خۆدا، لەخۆدا نوقمبوونی ڕێکخستنەکان وهەڵسوڕاوانی حزبی، لێک دوورکەوتنەوەی شێنەیی ڕیکخستنەکان لەگێرانی ڕۆڵی ڕابەریکردنی خۆیان لەجوڵانەوەدا، بەشیوەیەکی گشتی و بێتوانایی ڕیکخراوی کۆمۆنیستی لەوەلامدانەوە بەپێداویستیەکانی جۆلانەوەی ڕولەگەشەی چینایەتی، دەگات.

٢/ ئەو لادانە بنەڕەتیانەی کەبەرئەنجامی سەرپێچی کردنە لەبنەما ئایدیۆلۆژیو میتۆدۆلۆژیەکانی ڕابەری کۆمۆنیستی.

کەم رەنگبوونەوەی کۆمۆنیزم و ئەنتەرناسیونالیزم لەکردەوەدا وقەتیسمانەوەی ئاسۆی

سیاسی وچینایەتی ڕابەری لەمەسەلەو پێداویستیە دەستبەجی وقۆناغی وبرگەییەكانی جولانەوەدا، هاوكات بروا نەبوونیكی قوڵ بەهەقانیەتی ئسولی بون وعەمەلی بوونی پرەنسیپە ماركسیستیەكان، سەرەنجام بەناپەیگیری، بەرژەوەندیخوازی، ڕارایی وسازشكاری لەرابەریدا دەگات. تێگەیشتنی ئەكادیمیانە لەتیوەری ماركسیزم، كامڵ گەرایی لەمامەلەكردن بەتیوەری ومەمەڵەی ناوبژیكەرانە بەهێڵە سیاسیە عەمەلیە جیاوازەكان، كەلە نێودەرونی حزب وبزوتنەوەی چینایەتیدا دێنەروو، بەخۆلادان لەئەركی ڕابەریكردن وناشێڵگیری لەوەرگرتنی بریاری پەیگیرانە ولەدەستدانی لیبراوێتی لەساتەكانی بریاردەردا،بە بەرژەوەندی خوازی و پاشكەوتوویی بۆ بەشە دواكەوتوەكانی جولانەوەو ڕیكخستنەكان وناڕاستگۆیی لەبەرمبەر ریكخستون جولانەوەدا، دەگات. نەگێرانی ڕۆڵی پێشرەوی و لەدەستدانی خەسڵەتی داهاتوو بینین ودەرك نەكردنی مەسەلەكانی ئایندەی جولانەوەی چینی كریكار ونقومبوون لەرابەریكردنی مەسەلەكانی ئیستای جولانەوە وریكخستنەكاندا، دیسانەوە بەدەوری خۆی، چەقین لەشوینی خۆدا، لەخۆدا نوقمبوونی ریكخستنەكان وهەڵسوراوانی حزبی، لێك دووركەوتنەوەی شێنەیی ڕیكخستنەكان لەگێرانی ڕۆڵی رابەریكردنی خۆیان لەجولانەوەدا بەشیوەیەكی گشتی و بێتوانایی ڕیكخراوی كۆمۆنیستی لەوەلامدانەوە بەپێداویستیەكانی جۆلانەوەی ڕولەگەشەی چینایەتی، دەگات.

**٣/ شێوەكان وئامرازە سەرەكی و تایبەتیەكانی ڕابەری.**

ڕابەری كۆمۆنیستی لەپێناو بردنەپێشەوەی ئەركەكانی سەرشانی، پێویستە پشت ببەستێت بەرێسا وشێوەكان و ئامرازی گونجاو لەگەڵ ئەم ئەركانەدا، لەوانە:

١/ لەژێرسایەی هەر جۆرە هەلومەرجێكدا، ڕابەریەكی موتەمەركز، بەردەوامو هەمیشەیی، لەهەموناكاتدا فرەلایەن بۆ جولانەوەكەو هەڵسوڕانی ڕیكخراوەیی دابین بكات. تەمەركوزو بەردەوامی لەكاردا، یەك بنەمای شێوەكاری ڕابەری كۆمۆنیستیە.

٢/ ڕێكخستنی كۆمۆنیستی، سەرەڕای زنجیرەی پۆستە تەشكیلاتیەكان وئۆرگانە جانبی و تایبەتەكان، خۆی یەكێكە لەئامرازە سەرەكیەكانی دەستی ڕابەری، لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا كەلەبەردەم خۆی داناوە. بەلام لەهەمانكاتدا ڕابەری ئەركیەتی، هەم بۆ بەرەو پێشەوە بردنی هەڵسوڕانی ڕیكخراوەیی وهەم بۆ ڕابەریكردنی ڕاستەوخۆی پێشرەوانو جەماوەری چینی كرێكار، لانی زۆر لەئۆرگانە سەراسەری و تایبەتیەكان بۆكاری ڕابەریكردن، سود وەرگرێ، لەوانە ڕادیۆ، بلاوكراوەی سەراسەریو ناوخۆیی حزب، هەروەها دەزگای میدایی و خەبەری وراگەیاندنی ناحزبی، ووتاردان لەمیتینگ وكۆبوونەوە جەماوەریەكانو ئامادەبوون لە ناوەندە جیهانیەكاندا.

٣/ ڕابەری دەبێ، بەشێوەیەكی ڕێكخراو مەسەلەكانی داهاتووی بزوتنەوە و ڕێكخستنەكان شیبكاتەوەو لەبارەیانەوە هەنگاوی پێویست هەڵگرێ وهێزەكان وهەڵسوراوانی حزبی و جەماوەری لەدەور هەڵخڕێنێ.

٤/ ڕابەری دەبێ بۆچون وبریارەكانی خۆی بەشێوەی بریارنامە، ئاگاداری وبەیاننامەی

ڕۆشن، گەڵاڵە بکاو بیخاتە بەردەم ڕێکخستنەکان و جەماوەرەوە، هاوکات لەڕیگای ئامرازە سەراسەریەکانەوە، بۆ ڕای گشتی، ڕۆشنگەری وتوێژینەوەی سیاسەتەکان بگریتەبەر.

٥/ ڕابەری دەبێ لەبردنە پێشەوەی سیاسەتەکانی خۆیدا، بەتایبەتی پشت بەکادرانی پێشڕەو و هوشیاری ڕێکخستنەکان ببەستێ. لەم ڕوانگەیەوە پێویستەکە:

یەکەم: باشترین وپێشڕەوترین هاوڕیانی ڕیکخستنەکان، لەئاستە جیاوازەکان ولەشوێنە هەستیار وڕابەریەکانی هەیکەلەی ڕیکخستنەکاندا، دابنێ وجیگیریان بکا، هاوکات بەهرەمەندیان کات لەئیختیاراتی پێویست بۆ بردنە پێشەوەی ئەرکەکانی سەرشانیان.

دووەم: بەشێوەیەکی سیتماتیک وبەپێی نەخشە، مەسەلەی پەروەردەی کادران بەشێوازی جۆراوجۆر لەناوخۆی ڕێکخستنەکاندا، بباتە پێشەوە.

٦/ سیاسەتەکانی ڕابەری ناکرێ و نابێ لەئاستی خستنەڕووی ئامانجی گشتیدا بمێنێتەوە. ڕابەری (وە هەر ئۆرگانێکی بریار بەدەستی ڕێکخراوەیی) دەبێ سیاسەتەکانی خۆی لەشێوەی نەخشە کاری ڕۆشندا داڕێژێ ولەبەرامبەریدا، چاودیری کردن ولێپرسینەوە بگریتەبەر. ڕێکخستنی هەر هەنگاوێکی تەشکیلاتی پێناسەی وردو بەڕیوەبردنی ئەم قۆناغانە لەخۆدەگرێ:

پێناسەی ئامانج، گۆڕینی ئامانج بۆ نەخشەکار، پێکهێنانی کاردابەشکردنی پێویست لەنێوان ئۆرگانەکانی ڕێکخستندا، بەپێی ئەم نەخشەکارەو دیاریکردنی شێوازی هاوئاهەنگی نێوان ئۆرگانەکان، دیاریکردنی هێزی تایبەت وئیمکاناتی تەواو بۆ بەشە جیاوازەکانی تەشکیلات، بەمەبەستی بردنەپێشەوەی ئەرکەکانیان لەو نەخشەکارەدا، دیاریکردنی شێوەو میکانیزمی چاودێری ولێپرسینەوە لەبارەی ڕەوشی بەرەوپێشەوە چونی کار ..

٧/ ڕابەری کۆمۆنیستی پێویستی بەپاراستنی پەیوەندی قوڵی مەعنەوی، سیاسی وعەمەلیە لەگەڵ هەڵسوراوانی ڕێکخستنەکان وپێشڕەوان و جەماوەری چینی کرێکاردا. لەمڕووەوە ئەرکیەتی کە:

ئەلف/ بەشیوەی جۆراوجۆر وسیستماتیک و بەوردی لەهەموو ڕوە جیاوازەکانی هەڵسوڕانی ڕیکخستنەکان ئاگادار بێت. لەم ڕوانگەیەوە ڕیکخستنی بەردەوامی دانی ڕاپۆرت، لەخوارەوە بۆ سەرەوە. هەروەها لێپرسینەوەی بەردەوام و وورد لەگشت ئۆرگانە ڕێکخراوەییەکان، یەکێک لەئەرکە بنەرەتیەکانی ڕابەریە.

با/ بەشێوەیەکی ڕیکخراو تەشکیلاتەکان لەهەر ماوەیەکی دیاریکراودا، لەڕەوتی گشتی هەڵسورانە ڕیکخراوەییەکان، ئاگاداربکاتەوە.

جیم/ پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەڵسوراوان وڕابەرانی پێشرەو وبەئاگای خەباتی جەماوەری و کرێکاران وزەحمەتکێشان، بەشێوەی دیدار وەیا بەنامە، دامەزرێنێ.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کانونی دووەم ٢٠١٥

# مافە گەردونیەکانی ئینسان

ڕونکردنەوەیەك بۆ چاپی ئەم بەڵگەنامەیە:
بەڵگەنامەی "مافە گەردونەیەکانی ئینسان" لەلایەن کۆڕشی مودەڕەسیەوە نوسراوە، پاشان لەیەکەمین کونفرانسی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران-حکمەتیستدا وەك یەکێك لەبەڵگەنامەکانی ئەم حزبە پەسەندکراوە. دواتر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەساڵی ٢٠٠٤دا پەسەندی کردووە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان ئەم بەڵگەنامەیەی لەکۆنگرەی یەکەمی خۆیدا بەهەندێ دەستکاریەوە، پەسەندکردووە.

پێشەکی:
کۆمەڵگا دەبێ ئازادی ئینسان زامن بکات. ئازادی بەمانای ئازادی لەدەست سەرکوتو ئیستبدادی سیاسی، ئازادی لەکۆتو یەخسیریی ئابووری، ئازادی لەئەسارەتی فیکریی، ئازادی بۆ ومارەسەکردنی ئەبعادە جیاجیاکانی ژیانی ئینسانی، ئازادی بۆ شکۆفایی توانای داهێنەرانەی ئینسانو ئازادی لەمومارەسەرکردنی ئەبعادە مەزنەکانی سۆزی ئینسانی.
کۆمەڵگا دەبێ زامنکەری یەکسانی ئینسانەکان بێت. یەکسانی نەک تەنها بەمانای یەکسانی لەبەرامبەر یاسادا بەڵکو بەمانای یەکسانی لەبەهرەمەندبوون لەئیمکاناتو نیعمەتە ماددیو مەعنەوییەکانی کۆمەڵگا، یەکسانی لەحورمەتو بەهای هەموو ئینسانەکان لەچاوی کۆمەڵگادا.
بەڵام زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی جیهان نەلەئازادی بەهرەمەندنو نەدەستیان بە ئیمکاناتو

## مافە گەردونیەکانی ئینسان

نیعمەتە ماددیو مەعنەوییەکانی کۆمەڵگا دەگات کەهەر خۆیان خوڵقێنەرین. چارەنووسی ژیانی ماددیو مەعنەوی ئینسان بەستراوەتەوە بە بەرهەمهێنانی قازانجەوە. چەوسانەوەو کۆیلایەتی ئابووری جەماوەری فراوانی ئینسانەکان یاسای زاڵە بەسەر جیهانداو پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانی قازانجو هێشتنەوەی سەدان ملیۆن ئینسان لەوەزعێکدا کەبتوانێت قازانج بۆ سەرمایە بەدەستبێنێ، مەنتقی نیزامی سەرمایەدارییە. هەژاریو نەداری، هەڵاواردنو نایەکسانی، ئیستبدادو سەرکوتی سیاسی، نەزانیو خورافەو دواکەوتوویی کەلتووری، بێکاری، بێخانەولانەیی، نائەمنیی ئابووریو سیاسی، فەسادو تاوانکاری، ئەمانە هەموویان ئەو موسیبەتو بێبەشییانەن کە هەموو رۆژێک سەرلەنوێ لە جەرگەی سەرمایەداری مۆدێرنی ئەمڕۆدا، وەکو بەشێکی دانەبڕاوی ئەم نیزامە، دەمەزەرد دەبنەوەو بەرهەم دەهێنرێنەوە.

ئازادی ئینسان لەروانگەی بۆرژوازییەوە، لەبنەڕەتدا، ئازادی چەوساندنەوەو چەوساوەبوونە. لەو جێگایەشدا کەباسی مافی مرۆڤ دەهێنرێتە ئاراوە لەباشترین حاڵەتدا کۆمەڵێک مافی سیاسی مەرجدارو بەرتەسک وێنا دەکرێت کە بەهرەمەندبوون لێیان بۆ زۆربەی ئەو کەسانەش کەدەیانگرێتەوە ئیمکانی نییە. ئازادیو یەکسانی ناکۆکە لەگەڵ یەخسیریی ئابووریدا. مافەکانی مرۆڤی نیزامی سەرمایەداری بەبێدەنگەکردن لەم ڕاستییە ناتوانێت وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ئینسان بێت. جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ زامنکەری ئازادیو یەکسانی ئینسانەکان نییە. ئامرازی بەرگرتن بە یاخیبوونی خەڵکی ئازادیخوازو یەکسانیخوازە. ئامرازێکە بۆ بەرگرتن لەرۆچوونی سەرنجی خەڵکو بیرمەندانو ئازادیخوازان بەلای ڕەهەندە قووڵترەکانی مافەکانی مرۆڤو دەرک کردنی ناکۆکی نێوان مافەکانی ئینسان لەگەڵ ناوەرۆکی نیزامی سەرمایەداریدا.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کوردستان بەبڵاوکردنەوەی بەیاننامەی مافە جیهانداگرەکانی ئینسان دیدێکی رۆشن لەبارەی بنەمای مافەکانی ئینسانەوە دەخاتە ڕوو. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کوردستان ئەم مافانە بە مافی هەموو ئینسانەکان دەزانێت لە هەموو گۆشەیەکی جیهانداو لەپێناوی وەدیهێنانیاندا تێدەکۆشێت.

لەئیستادا کەکۆمەڵگای کوردستان وناوچەکە بەقۆناغێکی سەخت و پرئالوگوردا تێدەپەڕێتو جەنگ و نائارامی، ماڵ وێرانی و ئاوارەیی بەکۆمەڵ وگێژاوی سیاسی باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کێشاوە، لەدۆخێکی ئاواشدا تێکرای مافە سەرەکییەکانی ئینسان ڕووبەڕووی هێرشێکی درندانە بۆتەوەو تەنانەت خودی ئینسانیش بەردەوام لەمەترسیدایە. دوای ٣٥ ساڵ لەدەسەلاتی خوێناوی نیزامی بەعسو دەستورو یاسا دژە ئینسانیەکانی، هاوکات بەدوای جەنگی دوومی کەنداو وپێکهاتنەوەی دەوڵەتی تازەی عێراق وداسەپاندنی دەستورێکی قەومیو ئیسلامی وپێوە لکاندنەوەی کوردستان بەم دەوڵەتەوە، لەسەرو ئیرادەو بڕیاری خەڵکی کوردستانەوە، لەکاتێکدا کەحزبە بۆرژوا قەومی وئیسلامیەکانیش لەهەوڵی داڕشتنەوەو ئامادەکردنەوەی دووبارەی ڕەشنوسی دەستوری هەرێمدا، مەسەلەی مافو ئازادیەکانی ئینسان لەکوردستان لەڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی کرێکاران و زۆرینەی هاولاتیانەوە، هێناوەتە ڕیزی پێشەوە، ڕاگەیاندنی مافە سەرەکییەکانی ئینسان لە هەلومەرجی ئیستای کوردستانو ناوچەکەدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە و بەڵگەنامەیەکی گرنگە بۆ بەهێز کردنی

خەباتی جەماوەری ئازادیخوازو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەپێناو کوتایی هێنان بەم هەلومەرجەو دامەزراندنی دەوڵەت و سیستمێک کە تیایدا ئازادیو یەکسانی لەقووڵترین‌و فراوانترین ئاستی فەردیو کۆمەڵایەتیدا بەدیبێنێت.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کەبەندەکانی مافە گەردونیەکانی ئینسان بەمافی حاشاهەڵنەگری خەڵک دەزانێت‌و بە بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسیو ڕاگەیاندنی جمهوری سۆسیالیستی هەموو ئەم مافانە وەکو بناغەی یاساو سیاسەتەکانی کۆمەڵگا پەیڕەوی لێدەکات.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هەموو حیزبە سیاسیەکان‌و هەموو خەڵکی کوردستان و جیهان بۆ پشتیوانی جدیی لەم بەیاننامەیە بانگەواز دەکات.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

١٥/٥/٢٠١٥

# بەیاننامەی مافە گەردونیەکانی ئینسان

ئەم خالانەی لای خوارەوە مافە گەردونی و حاشاهەڵنەگرەکانی ئینسانە. هیچ یاسا، سیاسەت‌و ڕێوشوێنێکی کۆمەڵگا نابێت مافو بەندەکانی ئەم بەیاننامەیە پێشل بکات. نابێت هیچ کەسێک یان بەشێکی کۆمەڵگا لەهیچ یەکێک لە مافەکانی نێو ئەم بەڵگەنامەیە مەحروم یان هەلاواردە بکرێت. دەوڵەت‌و ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لەسەریانە کەوەدیهاتنی مافو بەندەکانی ئەم بەیاننامەیە زامن بکەن.

١/ -ژیان سەرەتاییترین مافی ئینسانە. دەبێ لەش‌و گیانی ئینسانەکان لە هەرجۆرە دەستدرێژییەک پارێزراوبێت .

٢/ چەوساندنەوەی ئینسان قەدەغەیە. کاری بەکرێ، کەبناغەی چەوساندنەوەی ئینسانە لەدنیای ئەمڕۆدا، وە هەر جۆرە یەخسیریو کۆیلایەتیو بێگارییەک لەهەر بەرگێکدا بێت‌و بەهەر بیانوویەکەوە بێت قەدەغەیە.

٣/ کار چالاکی ئازادانەو داهێنەرانەی ئینسانە. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کەتوانای داهێنەرانەی فیکریو عەمەلی خۆی پەرەپێبدات‌و بیخاتەگەڕ.

٤/ هەموو کەسێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی دەوری ئەو لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا بۆی هەیە لەو نیعمەتە مادديو مەعنەوییانە بەهەرمەند بێت کەلە کۆمەڵگادا هەیە. هەموو ئینسانەکان مافی یەکسانیان هەیە بۆ بەهرەمەند بوون لەو نیعمەتە مادديو مەعنەوییانەی کەلە کۆمەڵگادا هەیە.

٥/ هەموو ئینسانەکان مافی بەهرەمەند بوون لەکاتی پشوو، ڕابواردن، ئاسایش‌و ئەمنیەتیان هەیە.

## مافە گەردونیەکانی ئینسان

هەموو کەسێک مافی هەیە کەلە خانەولانەی گونجاوو لەپێویستییەکانی ژیانێکی نۆرماڵی کۆمەڵگای ئەم سەردەمە بەهرەمەندبێت.

٦/ هەموو منداڵێک مافی ژیانێکی بەختەوەر، ئاسوودەو داهێنەرانەی هەیە. زامنکردنی خۆشگوزەرانیو بەختەوەریی هەر منالێک، بەدەر لەوەزعی خێزانەکەی، لەئەستۆی کۆمەڵگایە. هەموو منالانو تازەلاوان دەبێ لەستاندارديکی چونیەکی خۆشگوزەرانیو ئیمکاناتی گەشەی ماددی، لەبەرزترین ئاستدا، بەهرەمەندبن.

٧/ هەموو کەسێک، بەبێ قەیدوشەرت، ئازادە لەوەی کەهەر بیروباوەڕێکی هەبێت، وە ئازادە لەوەی کەئەم بیروباوەڕەی بەشێوەی نووسین، شەفەهی، هونەری، یان هەر شێوەیەکی دیکە، چ بەشێوەی فەردی بێت یان دەستەجەمعی، دەرببڕێت. ڕەخنەگرتن لە هەموو شتێکو هەموو لایەنە سیاسی، کلتوریو ئەخلاقیو ئایدۆلۆژییەکانی کۆمەڵگا، هەروەها نارەزایەتی دەربڕینو مانگرتن بەشێوەی فەردی بێت یان بەکۆمەڵ مافی بێقەیدوشەرتی هەموو کەسێکە. هەموو کەسێک دەتوانێت هەر حیزبو ڕێکخراوێک پێک بهێنێت وە یان بچێتە ناو ئەم دامەزراوانەوە.

٨/ هەموو ئینسانێک مافی خۆیەتی کەحورمەتو شەخسییەتی هەبێت. هەرجۆرە تۆمەتبارکردنو بێحورمەتیەک بەئینسانەکان قەدەغەیە. هەرجۆرە بانگەشەکردنێک بۆ بەسووک تەماشاکردن یان پایە بەرزکردنی دینێک، نەتەوەیەک، قەومێک، نەژادێکو جنسێک قەدەغەیە.

٩/ پشکنینی بیروباوەڕو سەپاندنی بیروباوەڕ قەدەغەیە. هەموو کەسێک ئازادە لەوەی کەبۆچوونو بیروباوەڕەکانی خۆی ڕانەگەیەنێت. هەرجۆرە هاندانێکی خەڵکیو هەڕەشەکردنێک لەدژی دەربڕینی ئازادانەی بۆچوونی کەسەکان قەدەغەیە .

١٠/ بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ وبەردەوام لەمەسەلەی حوکمڕانیدا مافی هەموو کەسێکە. بەرپرسو دەزگا دەوڵەتیەکانو دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان هەرلەسەرەوە تاخوارەوە دەبێ هەڵبژێردراوی دەستی خەڵکی بن. خەڵکی مافی هەڵبژاردنو وەلانانی هەموو بەرپرسو پۆستێکی سیاسیو ئیدارییان هەیە لەولاتدا. هەموو کەسانی گەورەساڵ لەمافی دەنگدانی گشتی بەهرەمەندنو مافی ئەوەیان هەیە کەخۆیان بۆ هەر دەزگاو ئۆرگانێکی نوێنەرایەتی وەیان گرتنەدەستی هەر پۆستو پلەیەک هەڵبژێرن.

١١/ دەوڵەتو ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردنی کاروبار یان بەپرسە جیاجیاکان، خۆبەخۆ هیچ مافێکیان لەبەرامبەر خەڵکیدا، چ وەک تاک یان وەک کۆمەڵ نییە، مەگەر ئەوەی کەخەڵکی ڕاشکاوانە ئەم مافەیان بەوان دابێت.

١٢/ دەوڵەتو نیزامی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەبێ بەتەواوی غەیرە دینیو غەیرە قەومی بێت. هەرجۆرە یارمەتیدانێکی دەوڵەت بە بڵاوبوونەوەی هەر دینێک یان بەخشینی هەرجۆرە ناوەڕۆک یان سەرچاوەیەکی دینی، قەومی، یان نەتەوەیی بەیاساکان قەدەغەیە. هەرجۆرە ئاماژەکردنێک بۆ دین، قەوم یان نەتەوەی تاکەکان لەیاساکاندا وەیان لەبەڵگەنامە ناسنامەییو ئیداریەکانی پەیوەست بەوانەوە قەدەغەیە.

١٣/ دیندار بوون یان بێدینی، بەبێ هیچ قەیدو شەرتێک ئازادە. دین لەدەوڵەتو پەروەردەو

فێرکردن جیایە. هەرجۆرە گوشارێکی فیزیکیو نەفسی بۆ قبوولکردنی دین قەدەغەیە. هەڵبژاردن یان هەڵنەبژاردنی دین مەسەلەی گەورەساڵانە. منالانو تازەلاوان دەبێ پارێزراوبن لەهەرجۆرە دەستدرێژیەکی ماددیو مەعنەوی دینو دامەزراوە دینیەکان. ڕاکێشانی کەسانی غەیرە گەورەساڵ بۆ ناو گروپە دینیو ڕێوڕەسمو شوێنە دینیەکان قەدەغەیە. وتنەوەی وانە دینیەکان، ئەحکامە دینیەکان وەیان لێکدانەوەی دینی مەسەلەکان لەخوێندنگاو دامەزراوە تەعلیمیەکاندا قەدەغەیە .

١٤/ دیاریکردنی دینی ڕەسمی، وە زمانی ڕەسمیی ئیجباری، قەدەغەیە.

١٥/ لەش ساغیی، مافی هەموو تاکێکەو هەرکەسێک مافی ئەوەی هەیە کەلە هەموو ئیمکاناتەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆ بۆ پاراستنی خۆی لەزیانو نەخۆشیەکان بەهرەمەندبێتو سود لەئیمکاناتی کۆمەڵگا لەبواری تەندروستیو چارەسەردا وەربگرێت.

١٦/ بەهرەمەند بوون لە ژینگەیەکی پاکو ئاسوودە مافی هەموو ئینسانێکە.

١٧/ تێکەلاوبوونو ژیانی کۆمەلایەتی مافی هەموو ئینسانێکە. هەرجۆرە جیاکاریو مەحرومکردنێکی تاکەکان لەژینگەی کۆمەلایەتیو دەرفەتی تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا قەدەغەیە.

١٨/ لێکۆڵینەوەو ئاگاداربوون لە راستیەکان لەبارەی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەلایەتیەوە مافی هەموو کەسێکە. سانسۆرکردنو کۆنترۆڵکردنی ئەو زانیاریانەی کە دەخرێتە بەردەستی هاوولاتیان قەدەغەیە .

١٩/ خوێندن مافی هەموو کەسێکە. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کەلە ئیمکاناتەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆ بۆ بردنەسەری ئاستی زانستو شارەزایی خۆی وەیان ئاشنابوون بەدەسکەوتە فیکریو عەمەلیەکانی مرۆڤایەتی سەردەمی خۆی بەهرەمەندبێت. دەستڕاگەیشتن بە هەموو ئەو ئیمکاناتە تەعلیمیانەی کەلە کۆمەڵگادا هەیەو سوودوەرگرتن لێیان مافی هەموو کەسێکە.

٢٠/ هەموو ساڵمەندێک، مافی ژیانێکی بەختەوەر، داهێنەرانەو ئاسوودەی هەیە. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کەلە قۆناغی ساڵمەندیدا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی ماددی خۆی، لەباشترین ئیمکانی مەعیشی، تەندروستیو عیلاج بەهرەمەند بێت. زامنکردنی ئەم مافانە بۆ ساڵمەندان لەئەستۆی کۆمەڵگایە.

٢١/ ئازادی بێقەیدوشەرتی نیشتەجێبوون، سەفەرکردنو شوێن گۆڕکێ مافی هەموو کەسێکی گەورەساڵە. هەموو کەسێک بەبێ هیچ قەیدوشەرتێک مافی ئەوەی هەیە کە بۆ هەر ولاتێک سەفەر بکات وەیان لە هەر ولاتێک ئیقامە وەربگرێت.

٢٢/ هەموو کەسێک دەتوانێ بە قبوولکردنی ئەرکە حقوقیەکانی هاوولاتی، ببێتە هاوولاتی کۆمەڵگا.

٢٣/ ژیانی تایبەتی تاکەکان، شوێنی ژیان، نامەو نووسراوو موکالەماتی تاکەکان پارێزراوە لە هەر جۆرە دەخالەتێک لەلایەن هەر دەسەلاتێکەوە بێت.

٢٤/ هەموو کەسێک لەهەڵبژاردنی جلوبەرگیدا بێقەیدوشەرت ئازادە. دانانی هەرجۆرە شەرتو شروتێکی رەسمیی یان تەلمیحی لەسەر جلوبەرگ پۆشینی خەڵکی لە شوێنە گشتیەکاندا، چ ژنو چ پیاو، قەدەغەیە.

## مافە گەردونیەکانی ئینسان

٢٥/ هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە بەشداری شەڕ یان هەر کردەیەکی سەربازی نەکات کە لەگەڵ مەبدەئو بیروباوەڕی ئەودا ناکۆک بێت .

٢٦/ بەرقەرارکردنی پەیوەندی ئازادو دڵخوازانەی جنسی مافی حاشا هەڵنەگری هەموو ئەو کەسانەیە کە گەیشتوونەتە تەمەنی کامڵبوونی جنسی. پەیوەندی جنسی دڵخوازانەی کەسانی گەورەساڵ لەگەڵ یەکتردا، مەسەلەی تایبەتی خۆیانەو هیچ کەسو هیچ دەسەڵاتێک مافی لێوردبوونەوەو دەخالەتکردن وەیان ئاشکراکردنی گشتیی ئەم مەسەلەیەی نییە.

٢٧/ پەیوەندی جنسیی کەسانی گەورەساڵ (سەرووی تەمەنی قانوونی کامڵبوون)، لەگەڵ کەسانی ژێر تەمەنی قانوونی، ئەگەر بە ڕەزامەندی خۆشیان بێت قەدەغەیە.

٢٨/ قازیەکانو دادگاکانو سیستمی قەزایی لەڕووی حقوقیەوە سەربەخۆن. هەڵبژاردنو لابردنی قازیەکانو ئەودوای بەرپرسانی قەزایی مافی خەڵکە.

٢٩/ بەرپاکردنی دادگا تایبەتەکان قەدەغەیە. دەبێ هەموو دادگاییکردنەکان بەشێوەی ئاشکرا بەرپا بکرێن.

٣٠/ هەموو تاکەکان لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن. هیچ بەرپرسو کەسێک حەصانەی قانوونی نییە. هەموو کەسێک بەبێ هیچ قەیدوشەرتێک مافی ئەوەی هەیە کە لە دادگا ئاساییەکاندا داوا لەدژی هەر بەرپرسێکی دەوڵەتی تۆمار بکات.

٣١/ هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە شایەتی لەدژی خۆی نەدات وەیان ئیعتراف نەکات.

٣٢/ لەهەموو دادگاییکردنەکاندا فەرز لەسەر بێتاوانیی تۆمەتبارە. بەهرەمەندبوون لە ئیمکاناتی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنی مونسیفانە مافی هەموو کەسێکە. هەر جۆرە ئەشکەنجە، ترساندن، سووکایەتیو گوشار دانانێکی فیکریو نەفسی لەسەر کەسانی دەستگیرکراو، تۆمەتبارانو حوکمدراوان بەتەواوی قەدەغەیەو پەنابردن بۆ ئەم کارانە بە تاوانی جینائی دەژمێردرێت. بەدەستهێنانی ئیعتراف لە ڕێگەی هەڕەشەو تەماح پێدانەوە قەدەغەیە.

٣٣/ سزای ئیعدامو بەندی هەمیشەیی یان هەر جۆرە سزایەک کە دەستدرێژی تیا بێت بۆ سەر جەستەی تاکەکان لە هەموو هەلومەرجێکدا قەدەغەیە.

# Socialist Outlook

A political intellectual quarterly issued by
Worker-communist Party of Kurdistan

First Issue, June 2015